
KURDISTAN


KURDISTAN
كاف
J-K
ژێ
کۆمەڵەی
ژیانەوەی کورد
COUNCIL OF KURDISH RESURRECTION
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست


١- کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (کۆمەڵەی ژ - ک) ........................................................ د. قاسملوو ...... ٤

٢- دامەزراندنی کۆمەڵەی  ژ - ک ...................................................................... جەلیل گادانی ....... ٩

٣- کۆمەڵەی ژ - ک ................................................................................ نەوشیروان مستەفا ئەمین ........ ١٣

٤- ناساندنی نێوی ڕاسەقینەی نووسەر و ئەندامانی کۆمەڵەی (ژ - ک) ........................... س. چ. هێرش ...... ١٩

٥- ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف لە بۆکان ...................................................... ئەنوەر سوڵتانی ........ ٢٦

٦- لە پەراوێزی بەپاشکۆبوونی پرسی کورد بە کێشەی دیمۆکراسی لە ئێران ......................... شەماڵ کاوە ..... ٣٦

٧- ژێ - کاف، مێژوو، بیرو بۆچوون و ئامانجەکانی ...... دیمانە ................................. ڕوانگە .......... ٣٨

٨- نوێنەرانی کۆمەڵەی هیوا و کۆمەڵەی ژێکاف لە کاتی کۆنفرانسی پەیمانی سێ سنوور ......... حەسەن قازی ...... ٥٥

٩- بۆچوونێک سەبارەت بە تاریخی دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانی کورد .............................. حەسەن قازی ....... ٦٣

١٠- سەبارەت بە نێوی کۆمەڵەی ژ - ک ....................................................................... حەسەن قازی ....... ٧٠

١١- کۆمەڵەی ژێکاف و کاردانەوەی لەسەر کۆماری کوردستان .................................... محەمەد حەکیمی ........ ٧٥

١٢- کۆمەڵەو ڕێکخراوی سیاسی لە کوردستانی ئێران (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) ... ئەحمەد حەمەئەمین (ڕەنجبار) .... ٧٧

١٣- پیرۆزبێ ٢٥ی گەلاوێژ ڕۆژی دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف و جێژنی ٧١ ساڵەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان .......... ٨٥

١٤- مێژووی کۆمەڵەی ژ - ک و کۆماری کوردستان و ڕۆڵی کەلۆرەکان ........................... ئێقباڵ سەفەری ....... ٩١

١٥- کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژێ - کاف) ......................................................... ناسر قادرپوور ...... ٩٤

١٦- مێژووی دروست بوون و ئەرکەکانی کۆمەڵەی ژێ کاف .............. و: جەعفەر کەریمی و سەرکەوت کەریمی ...... ٩٧

١٧- کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ............................................................................ حامید درودی .......  ١٠٠

١٨- شێوازی جلو بەرگی ئەندامانی کۆمەڵەی ژ - ک ............................................... سۆران یاهو ...... ١٠٦

١٩- کۆمەڵەی "ژ - ک" ناسنامەی کۆمار و دیمۆکراتە ..................................... ئەرسەلان یار ئەحمەدی ........ ١٠٧




سەرچاوە
Serchawe

٢٠- دامەزراندنی کۆمەڵەی ژێ - کاف ........................................................ ئا. سۆران ب ........ ١١٠

٢١- ئایین و سیاسەت لە سەردەمی کۆمەڵەی ژ - ک و کۆماری کوردستاندا ..................... د. سەباح موفیدی ..... ١٢٢

٢٢- چاوخشاندنێکی کورت بە رۆڵی کۆمەڵەی ژێکاف لە دەرکەوتنی بیری ناسیۆنالیزمی کوردی .. ئا: سۆران باریکە ... ١٣٠

٢٣- یادگاری ژێکاف، لە ژیانەوە دەدەوێت" مامۆستا عووبەیدوڵڵا ئەیوبیان ........................ شێرکۆ جیهانی ..... ١٣٥

٢٤- کۆمەڵەی ژێکاف، لە دامەزرانەوە تا تێکچوون ............................ دیمانە ....... کەریم مەرەسەنە ....... ١٤٠

٢٥- کومەلەی ژیانی کورد ................................ نووسینی: ڕەحمان حەلەوی ......... و: حەسەن قازی ....... ١٦٤

٢٦- بەڵگەیەکی مێژوویی کۆمەڵەی ژ.ک کە بۆ جاری یەکەم بە زمانی کوردی بڵاو دەبێتەوە ....... حەسەن قازی .... ١٦٨

٢٧- دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف .................................................... ڕەحیم ڕەشیدی ...... ١٧٨

٢٨- یادی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ..................................... ژێکاف(فەیس بووک ....... ١٨٣

٢٩- زەبیحی و کۆمەڵەی ژێ - کاف ........................................................ پەیسەر پرێس ....... ١٨٧

٣٠- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ........................................................ ویکیپیدیا .......... ١٩٥


٣١- جمعیت احیای کرد ............................................................... ویکی‌پدیا .......... ١٩٨

٣٢- جمعیت احیای کرد (کومەلە ژیانە وە ی کورد) نویسندە: نوشیروان مصطفی امین - ترجمە: سمایل بختیاری ....... ٢٠٠

٣٣- Komeley Jiyanewey Kurdistan .......... 200...................................................



# کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (کۆمەڵەی ژ- ک)



**نووسینی: د. قاسملوو**

که شەری دووهەمی جیهانی دەستی پێ کرد، رەزاشا بەرەبەرە خۆی لە ئاڵمانی نازی نیزێک کردەوەو وەزعێکی ئەوتۆ پێک هات کە ئێران بوو بە مەیدانی هاتوچۆ و نفووزی جاسووس و پیاوەکانی ئاڵمانی هیتلەری. پاش ئەوە کە ئاڵمان لە هاوینی ساڵی ١٩٤١ زایینی دا هێرشی کردە سەر یەکیەتیی سۆڤیەتی، بەکردەوە جەبهەیەکی گەورە لە دەوڵەتە گەورەکان، لە یەکیەتیی سۆڤیەتی و ئەمریکا و ئینگلیستان دژی ئاڵمان و ئیتالیا و ژاپۆن کە وڵاتەکانی میحوەر بوون پێک هات. پاش وتووێژ ئەم سێ دەوڵەتە ئێرانیان بۆ ئەوە هەڵبژارد کە هەم نفووزی ئاڵمانی نازی لەم وڵاتە خاشەبڕ بکەن و هەم لەوێ را بتوانن یارمەتی چەک و تەقەمەنی بۆ یەکیەتیی سۆڤیەتی بنێرن. بۆ ئەوە بڕیاریان دا کە لە رۆژی ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠ ( ٢٥ی ئووتی ١٩٤١) دا لەشکری سوور لە شیمالەوە و لەشکری ئەمریکا و ئینگلیس لە جنووبەوە ئێران داگیر بکەن. رێژیمی دیکتاتۆری رەزاشا نەیتوانی چووکترین بەربەرەکانی یەک بەرامبەر بە هاتنی لەشکری هاوپەیمانەکان بکاو تێک رووخا. کونترۆڵی جنووبی وڵات کەوتە دەست ئینگلیس و ئەمەیکا و کونترۆڵی شیمال کەوتە دەست یەکیەتیی سۆڤیەتی. بە تێکچوونی دیکتاتۆریی رەزاشا هێندێک ئازادیی دێموکراتی لە ئێران دا پەیدا بوو و حیزب و رێکخراوە سیاسی یەکان بووژانەوە و پەرەیان گرت. پاش بیست ساڵ دیکتاتۆری، ئێران رووی ئازادیی بە خۆیەوە دی.

لە کاتێک دا بەشی جنووبی کوردستانی ئێران لە لایەن لەشکری ئەمریکا و ئینگلیسەوە داگیر کرابوو، لە بەشی شیمالی تا شاری ورمێ لەشکری سوور جێگیر ببوو.

ناوچەی مەهاباد لەو وەزعە دوور بوو، واتە نە وڵاتە رۆژئاوایی یەکان لەشکریان تێدا جێگیر کردبوو و نە لەشکری سوور. بەم شێوەیە وەزعێکی تایبەتی لە ناوچەی مەهاباد خوڵقابوو. لە لایەکی دیکەوە مەهاباد و دەوروبەری رابردوویەکی

دووروودرێژیان لە جووڵانەوەی نەتەوەی کورد دا هەبوو. ئەوە بوو کە یەکەم ڕێکخراوی بەهێزی سیاسیی کوردی بە ناوی (کۆمەڵەی ژ - ک) یان (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) لە ناوچەی مەهاباد پێک هات. دامەزرێنەرانی کۆمەڵە یازدە کەس بوون کە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ ( ١٦ی ئووتی ١٩٤٢) لە مەهاباد کۆبوونەوە و کۆمەڵەی ژ - ک یان پێک هێنا کە ئامانجی ڕزگاریی نەتەوەی کورد بوو. (١)

دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ - ک ئەم یازدە کەسە بوون:

١- حوسێنی فرووهەر
٢- عبدالرحمن زەبیحی
٣- عبدالرحمن ئیمامی
٤- عەبدولقادر مودەریسی
٥- نجم الدین توحیدی
٦- معەممەدی نانەوازادە
٧- عەلی مەحموودی
٨- معەممەدی ئەسحابی
٩- عبدالرحمن کیانی
١٠- سەدیقی حەیدەری
١١- قاسمی قادری

کۆمەڵە ڕێکخراوێکی نهێنی بوو و وادیارە هەر لە سەرەتاوە لە دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە دا کوردی عێراق بەشدار بوون و نوێنەرانی ئەوان "میرحاج ئەحمەد" کە ئەفسەرێکی لەشکری عێراق بوو لە لایەن حیزبی هیواوە لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمەڵەی ژ - ک دا ئامادە بووە. حیزبی هیوا ساڵی ١٩٣٩ لە لایەن چەند ڕووناکبیری کوردی خەڵکی سلێمانی بە سەرۆکایەتیی ڕەفیق حیلمی و مەحموود جەودەتەوە دامەزرابوو. دامەزرانی کۆمەڵە لە مێژووی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا دیارەیەکی نوێ بوو. چونکە یەکەم ڕێکخراوی سیاسی بوو کە لە لایەن جەڵکی ئاسایی یەوە پێک دەهات. دامەزرێنەرانی کۆمەڵە لە چین و توێژەکانی نێونجیی مەهاباد بوون کە دەکرێ پێیان بگەترێ وردە بورژوازی. ئەوان بە دامەزراندنی کۆمەڵە، ڕێ ورەسمی کۆنیان شکاندو ئەم جارە سەرۆکایەتی یا بەڕێوەبەریی جووڵانەوەیان نەدایە دەست شێخێک و ئاغایەک و دەرەبەگێک.

بەڵام هەرکەس کە دەبوو بە ئەندامی کۆمەڵە، دەبوا سوێندی خواردبا کە خەیانەت بە نەتەوەی کورد ناکا، بۆ ڕزگاریی



سەرچاوە Serchawe

نەتەوەی کورد تێ بکۆشی و نهێنی یەکانی کۆمەڵە نەباتە دەرێ، هەموو کوردێک بە ژن و پیاوەوە بە خوشک و برای خۆی بزانی و بە بێ بڕیاری کۆمەڵە نەچێتە هیچ رێکخراو و حیزبێکی دیکەوە. تێکۆشانی کۆمەڵەی ژ - ک تەرکیبی ئەو کاتەی و هەروەها بەرنامەکەی (دیارە بەرنامەیەکی رێک و پێکی نەبوو، بەڵام هێندێک مەبەستی بۆخۆی دانابوو) و شێوەی رێکخستنی هەموو نیشانەی ئەوەن کە کۆمەڵە لە لایەکەوە رێکخراوێکی ناسیۆنالیست بوو، واتە بۆ کوردایەتیی رووت هەوڵی دەداو، لەلایەکی دیکەشەوە رێکخراوێکی سیکتیر و داخراو بوو. هەربۆیە نەی دەتوانی کۆمەڵانی بەرینی خەڵک بۆ لای خۆی رابکێشێ. بەڵکوو وەک رێکخراوێکی نهێنی لە چوارچێوەیەکی تەسکی چەند کەسی یان چەند سەد کەسی دا مایەوە.

لە مانگی بانەمەڕی ١٣٢٢ (ئاوریلی ١٩٤٣)دا کۆبوونەوەیەکی بەرین لە ئەندامان پێک هات، کە وەک کۆنگرەی کۆمەڵەی ژ - ک دەچوو. لەم کۆنگرەیەدا کە لە شاخی خودا پەرست کۆبۆوە و نیزیکەی سەد کەسی تێدا بەشدار بوون، بڕیار درا کە کۆمەڵە بیروڕای خۆی لە گۆڤاتێک دا بڵاو بکاتەوە. ئەوە بوو کە دەست کرا بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری " نیشتمان " کە سەیری نووسراوەکانی گۆڤاری " نیشتمان " دەکەین، هێندی شت نیشانەی ئەوەیە کە کەسانێک کەلە سەرەتاوە کۆمەڵەی ژ - ک یان پێک هێناو بەڕێوەیان برد، بەباشی لە وەزعی نێونەتەوەیی، سیاسەتی دەوڵەتان و تەنانەت لە خەباتی گەلان بۆ رزگاری ئاگادار نەبوون.

لە گۆڤاری "نیشتمان" دا دەوڵەتی بریتانیا نەک هەر بە دۆستی کورد دادەنێن بەڵکوو بە ئاڵاهەڵگری ئازادیی هەموو گەلان و هەرەها گەلی کورد دەناسێنن. دیارە بەڕێوەبەری یەکی سیاسی کە داوای رزگاریی نەتەوەی کورد دەکا.بەڵام دەیهەوێ ئەم داوایە بە یارمەتیی بریتانیای گەورە جێ بە جێ بکا کە گەورەترین دەوڵەتی ئیستیعماری بوو، هیچ نەبێ سەری لێ لێ شێواوە. بێجگە لەوە، هەموو کەس دەزانی و مێژووش ئەوەی ئیسپات کردوە کە بەرپرسی زۆربەی ئەو ژێردەستی و کوێرەوەری یە کە نەتەوەی کورد تووشی هاتوە بە تایبەتی لە سەرەتای چەرخی بیستەمەوە تا شەڕی یەکەمی جیهانی و تا کاتی دامەزراندنی کۆمەڵە. دەوڵوتی بریتانیا بووە. تەنانەت ئەوەش کەلە زۆر کۆبوونەوەی نێونەتەویی دا نەتەوەی کورد بە رەسمی ناسراو پەیمانی "سیور" ئیعترافی بە سەربەخۆییشی کرد، بەڵام نەی توانی حەقی خۆی وەربگرێ، تاوانی هەر دەگەڕێتەوە سەر بریتانیای مەزن. ئەوەش کە بریتانیا لەو وەختە دا لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتیی و ئەمریکا لە بەرەی دژی فاشیستی دابوو، بە هیچ جۆرێک ناتوانی بۆ ئەوە پاکانە بێ و حیزبی سیاسیی گەلی زۆرلێکراوی کورد کە بۆ رزگاریی نەتەوە و نیشتمان پێک هاتووە راست لەو دەوڵەتە داوای ئازادی بکا کە تووشی ژێردەستی و زۆرلێکراویی کردوە. لەگەڵ هەمووی ئەوانەش دا کۆمەڵەی ژ - ک توانی هەستی نەتەوەیی لە نێو خەڵکی کوردستانی ئێران دا بڵاو بکاتەوە. توانی لە ناوچەی مەهاباد و هێندێک ناوچەی دیکە ریشە داکوتێ و لە راستی دا وەک یەکەم رێکخراوی بەهێزی سیاسیی گەلی کورد لە کەردستانی ئێران ببێ بە سەرەتا و بناخەیەک بۆ دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

ئەوکاتە کە کۆمەڵەی ژ - ک پێک هاتبوو و تێکۆشانی سیاسیی خۆی دەست پێ کردبوو، سەرانسەری جیهانی تووشی شەڕێکی

گەورە بە دژی فاشیزم بوو. لە ئورووپا و ئاسیاو ئەفریقا شەڕ بەردەوام بوو. هەرچەند ئەوكاتە وا دەهاتە بەرچاو كە ئاڵمانی هیتلەری و ئیتالیای موسولینی و ژاپۆنی هیروهیتو لە شەڕ دا سەركەوتوون، بەڵام نەک هەر دەوڵەتە هاوپەیمانەكان هێزێكی نیزامیی زۆریان دژی وڵاتەكانی میحوەر رێک خستبوو، بەڵكوو خەباتی گەلانی ژێر دەستی نازیسم لە ئورووپا و ژاپۆن لە ئاسیاو، ئیتالیا لە ئەفریقا، رۆژ بە رۆژ پەرەی دەستاند. رووخانی رێژیمی دیكتاتۆریی رەزاخان لە لایەكەوەو پەرە ئەستاندنی خەباتی دژی فاشیشتیی گەلانی دنیا لە لایەكی دیكەوە مەیدانێكی زۆر بەرینیان بۆ خەباتی گەلی كورد لە كوردستانی ئێران پێک هێنابوو.

بەڵام كۆمەڵەی ژ - ک كە لە لایەكەوە رێكخراوێكی ناسیۆنالیست و لە لایەكی دیكەوە رێكخراوێكی داخراو و نهێنی بوو كە رووی لە كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان نەدەكرد، وەڵامدەری وەزعی تازەی كوردستانی ئێران نەبوو. پەرە ستاندنی بێ وێنەی جووڵانەوە لە كوردستانی ئێران كە دیارە پێوەندی یەكی ئۆرگانیكی لەگەڵ هەموو جووڵانەوەی ئێران هەبوو كە بە شێوەیەكی نەدیتراو پەرەی گرتبوو، نیازی بە رێكخراوێكی یەكگرتوو، دێموكرات و ئاواڵە بۆ كۆمەڵانی خەڵک لەگەڵ بەرنامەیەكی روون و رێک و پێک هەبوو، بۆیە لە ماوەی بەینی ۱۳۲۲ كە كۆمەڵە دەستی بە بڵاوكردنەوەی بیروباوەڕی خۆی لە گۆڤاری " نیشتمان " دا كرد تا ساڵی ۱۳۲٤ (۱۹٤٥) بەرە بەرە بە تەواوی دەركەوت كە كۆمەڵەی ژ - ک ئیدی ئەو رێكخراوە نیە كە بتوانی جووڵانەوەی رۆژ بە رۆژ پەرەگرتووی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستانی ئێران رێبەری بكا. تەنانەت تەركیبی ئەو كەسانەش كە لە كۆبوونەوەی بانەمەڕی ۱۳۲۲ دا بەرێوەبەریی كۆمەڵەیان هەڵبژاردبوو یان بۆ بەرێوەبەریی كۆمەڵە هەڵبژێرابوون بە شێوەیەک بوو كە رێگا نەدەدا ئەو روانینە بەرینەیان هەبێ كە خەباتی گەلی كورد لە كوردستانی ئێران لە گەڵ جووڵانەوەی هەموو گەلانی ئێران لێک گرێ بدەن و هەر لەو كاتەش دا هەڵسەگاندنی هەل و مەرجی راستەقینەی وڵاتەكە بەرنامە و دروشم بۆ رێكخرای خۆیان دابنێن.

هەموو ئەوانە لە لایەكەوە لە لایەكی دیكەوە جێگیر بوونی ئازادی یە دێموكراتی یەكان لە ئێران و چوونە پێشی جووڵانەوەی دێموكراتیكی گشتی لە سەرانسەری ئێران دا، هەروەها تێک شكانی ئاڵمانی هیتلەری و سەركەوتنی خەباتی گەلان بەسەر فاشیزم دا زەمینەی بۆ ئەوە ئامادە كرد كە حیزبێكی پێشەنگ و وەڵامدەری رۆژگاری نوێ بۆ یەكەم جار لە مێژووی نەتەوەی كورد دا بۆ وەدی هێنانی ئامانجە لە مێژینەكانی پێک بێ، حیزبێكی ئەوتۆ هەم پێویستی یەكی مێژوویی بوو و هەم زەمینەی دامەزرانی ئامادە ببوو.

سەرچاوە: كتێبی چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی. نووسینی دوكتور قاسملوو. لاپەڕەكانی : ١٤، ١٥ و ١٦،

تایپ كردنەوەی: رەحمان نەقشی

-------------------------------------------------------

## دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ-ک



جەلیل گادانی

لە کۆی ئەم هەلە رەخساو و بارودۆخە ئاڵۆز و نالەبارە دابوو کە "کۆمەڵەی ژ - ک" رۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١ هەتاوی لە شاری مەهاباد پێکهات و دەستی بە تێکۆشانی یەگجار نهێنی کرد. " کۆمەڵەی ژ - ک" ریکخراوێکی بە تەواوی نهێنی بوو و بەهۆی ژمارەیەک لە رۆشنبیرانی کوردی دانیشتووی شاری مەهاباد و لەسەر بناخەی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات و حاکمییەتی کورد بە دەستی کورد دامەزراوە.

دامەزرێنەر و کارگێرە سەرەکییەکانیشی بریتی بوون لە:

١- مەلا عەبدوڵڵا داودی.
٢- حسێن فروهەر.
٢- عەبدولرەحمان زەبیحی.
٣- عەبدولرەحمان ئیمامی.
٤- مەلا عەبدولقادر مودەریسی.
٥- ئەجمەدین تەوحیدی.
٦- محەممەد نانەوازادە.
٧- عەلی مەحموودی.
٨- محەممەد ئەسحابی.
٩- عەبدولرەحمان کیانی.

١٠- سەدیق حەیدەری.

١١- قاسم قادری.

١٢- عەزیز زەندی.

١٣- محەممەد یاهو.

١٤- ئەحمەد عیلمی.

١٥- میرحاج و

١٦- مستەفا خۆشناویش بە نوێنەری حیزبی هیوای کوردستانی عێراق بەشداری کۆبوونەوەی ئەسلی بوون کە ڕێبەری کۆمەڵەی تێدا هەڵبژێردراوە و لە بانەمەری ساڵی ١٣٢٢ی هەتاویدا بەستراوە. هەر چەند زۆرتر باسی یازدە کەس دەکرێ کە پێکهێنەری کۆمەڵە بوون.

دامەزرانی "کۆمەڵەی ژ - ک" لە لایەکەوە لەسەر کۆمەڵی تینوی ئازادی و کوردەواری کە بۆماوەیەکی دوور و درێژ چەوسابووەوە، شوێنەواری دانا و بەرەو خەبات کردن هانی دان، لە لایەکی دیکەوە دەستی کرد بە نزیکایەتی کردن و پێکهێنانی دۆستایەتی لەگەڵ هێزەکانی دیکەی کوردستان و بە تایبەت لەو سەردەمەدا لە گەڵ حیزبی هیوا لە کوردستانی عێراق کە پێشتر بە هۆی چەند کەس وەک ڕەفیق حیلمی و مەحموود جەودەت لە کوردە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستانی عێراق دامەزرابوو. ئەم حیزبە بە شێوەیەکی جیددی تاوی دایە هاوکاری کردن لە گەڵ کۆمەڵە و بەشداری کردنی میرحاج و مستەفا خۆشناویش لە کۆبوونەوەی سەرەکیی دامەزرانی کۆمەڵە دا هەر لەم پێوەندییەدا بوو. میرحاج و مستەفا خۆشناو لە ئەفسەرەکانی ئەرتەشی عێراق بوون کە دوایەش لە ڕاپەڕینی بارزانییەکاندا بەشدارییان کرد و لە کۆماری کوردستانیشدا بەرپرسایەتییان هەبوو و داوی ڕووخانی کۆماری کوردستان سەرۆک مستەفا بارزانییدا مەهابادیان بەجێ هێشت. میرحاج دەگەڵ بارزانییەکانی چووە سۆڤیەت و دوایش لەگەڵ وان گەڕاوە، مستەفا خۆشناو گەڕایەوە عێراق و لەگەڵ سێ ئەفسەری دیکە بەو ناوانە ئیعدام کران : عیزەت عەبدولعەزیز، محەممەد مەحموود قودسی و خەیروڵڵا عەبدولکەریم.

کۆمەڵەی ژ - ک، ڕێکخراوێکی داخراو بوو، بۆ غەیرە کورد و هەر کوردێکیش کە خوازیاری چوون بۆ ناو ڕیزەکانی کۆمەڵە بووایە دەبوو تاقی کارییەکی دژوار تێپەڕ بکات و لە هەموو بارێکەوە جێی دڵنیایی بوایە. پاشانیش بە قورئان سوێند دەدرا. ئەم شێوە وەرگرتنەی ئەندام و لایەنگر لە لایەن کۆمەڵەوە بە سەرنجدان بە هەل و مەرجی ئەو کاتی خەبات لە پێناو وەدیهێنانی مافی نەتەوایەتییەوە، شتێکی گونجاو لەگەڵ ئەو سەردەمە بوو، سەرەڕای ئەم نهێنی کاری و بەر تەسک بوونەی ئیمکانی تێکۆشانی بەربلاو، کۆمەڵەی ژ - ک توانیویەتی لە ڕوونکردنەوە و ڕاپەڕاندنی خەڵکی کوردستان دا دەوری بەرچاوی هەبێ. بەم هۆیەشە کە زۆربەی هاوڕێیانی حیزبی و مێژوونووسەکان لەسەر ئەو بڕاوین کە پایە و بناغەی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر " کۆمەڵەی ژ - ک "ە. ڕەنگە بە بۆچوونێکی ئاوا ناسیۆنالیستییەوە کۆمەڵەی ژ - ک نەیتوانیبی زۆربەی ڕووناکبیرانی ئەودەم بۆلای خۆی رابکێشێ، بەڵام لە کۆمەڵی کوردەواریی ئەوکاتی کوردستانی ناوەندیدا

بە تایبەت و تا رادەیەکیش لە سەقز و بانە و هەروەها لە باکووری کوردستانی ئێران پەرەی ئەستاند و توانی ببێتە هێزێکی زۆر فەعال و تێکۆشەر. کۆمەڵە هەستی کوردایەتی تا رادەیەکی زۆر لە نێو خەڵکدا زیندوو کردەوە و بەهۆی پێوەندی لەگەڵ کوردستانی عێراق و هێنانی بڵاوکراوەکانی ئەوێ وردە وردە خەڵکی لەگەڵ ئەدەبیاتی کوردیش ئاشنا کرد. هەروەها بۆ بڵاو کردنەوەی بۆچوون و سیاسەتی کۆمەڵە، یەکەم گۆڤاری کوردی لە کوردستانی ئێران بە ناوی "نیشتمان" لە لایەن ئەم رێکخراوە چاپ و بڵاو کرایەوە. دەرکردنی ئەو گۆڤارە هەتا ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی درێژە کێشا.

لە دووبین ساڵی تێکۆشانی کۆمەڵە و هەروەها لە کاتی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، دوو قوتابخانەی کوردیی شەوانە، یەکیان بە ناوی " گەلاوێژ " لە گەرەکی قوولە قەبرانی مەهاباد بە بەرپرسایەتیی مەلا عبداللە داودی کە بە مەلای حەجۆکی بەناوبانگ بوو و لە پێشدا لە ماڵی حاجی ئەحمەدی گادانی دامەزراوە و دوایەش گوێزراوەتەوە بۆ ماڵی حاجی سەید عبداللە تەهازادە هەر لەو گەرەکەو، دووهەمیان بە ناوی " ئازادی " لە گەرەکی ئەرمەنیان لە نزیک ماڵی حەمەدی مەولوودی، دامەزراوە. لە پێشدا هێندێک لاوی خوێندەوار لـو قوتابخانەی گەلاوێژ فێری کوردی بوون، دوایەش قوتابییەکانی خاوەن هەست و رۆڵەکانی ئەندامانی جێ باوەڕی ژ - ک بە نیوە نهێنی شەوانە لە دوو قوتابخانە دەیاخوێند. ※

کۆمەڵەی ژ - ک ماوەی سێ ساڵ تێکۆشانی بەردەوام و نهێنی خۆی درێژە پێ دەدا و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی پەیدا دەکا. بەڵام لە راستیدا لەبەر ئەوەی ئامانجەکانی خۆی بە شێوەیەکی زانستییانە نە هێنابووە گۆڕێ و باسێکی ئەوتۆیان لە دێموکراسی و خودموختاری بۆ خەڵک پێ نەبوو، نەیتوانی بە تەواوی گەشە بستێنێ، بەتایبەت لەبەر ئەوەی کە فەزای سیاسی ئێران بەرەو دێموکراتیزە بوون دەرۆیشت و لە زۆر شوێن حیزب و رێکخراوی نوێ پێکهاتبوو لە کوردستاندا کە ئەو کات بە تایبەتی دانیشتووی زۆری غەیرە کوردی وەک ئازەری، ئەرمەنی و ئاسوری و کەلیمی لێ بوو، بۆچوونەکانی ژ - ک لە پێوەندی لەگەڵ ئەم کەمایەسییانە دا ناسیۆنالیستانە بوو، پێویست بوو کە ئاڵ و گۆڕێک لە وەزعی کۆمەڵە دا بێتە پێشێ و بەرنامەیەکی نوێ بۆ کارو تێکۆشانی دوا رۆژی دیاری بکرێت. لەو ماوەدا کە کۆمەڵەی ژ - ک خەریکی تێکۆشان بوو، ژمارەیەک لە پیاوانی ناسراوی ئەو کاتە هێندێک سەفەریان بۆ دەرەوەی کوردستان کرد. دووجار هەیئەتی کورد چوونە تەورێز کە لەو سەردەمەدا فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لەوێ تێکۆشانی زۆری هەبوو و، لەوێشەوە بۆ باکۆ دەعوەت کران. ئەو سەفەرانە دوو شوێنەواری جیاوازی لەسەر ئەفرادی هەیئەتەکان دانا، دیارە بەشی زۆری بەشدارانی ئەو هەیئەتانە لە مالیکە گەورەکان بوون و تەنیا ژمارەیەکی کەمیان رووناکبیری وەک قازی محەممەد لەگەڵ بوو. ئەو دوو تیپە لە سەفەرەکەیاندا دوو روانگەی جۆراوجۆریان هەبوو. ئەوەی رووناکبیرێکی دێموکرات و بە بیروباوەڕ بوو، رزگاری و بەختیاریی گەلەکەی بەلاوە مەبەست بوو و ئاواتی ئەوە بوو کە رۆژێک لە رۆژان لە کوردستانیش دامەزراوی سەنعەتی گەورە و کارخانەی بە سوود دابمەزرێ و ژیانێکی پڕ لە خۆشی و کامەرانی بۆ گەلەکەی وەدی بێت و بۆ گەیشتن بەم ئامانجانەش بەرنامەی کاری خۆیان لەسەر بنچینە دابرێژن. بەڵام بۆ مالیک و دەرەبەگەکان کە دەسەڵاتی سەرەکیی کۆمەڵیشیان لەدەست



سەرچاوە
Serchawe

دابوو، هیوا خواستن بە بوونی وەزعێکی ئەوتۆ بە مانای نەمانی دەسەڵاتیان و لە ئاکامدا رووخانی سیستمەکەیان بوو. هەر بۆیەش لەم سەفەرانەدا جیاوازیی بیروبۆچوون پەیدا دەبێ، روانگەی قازی محەممەد و هاوبیرەکانی لە حاست ئیسلاح و بەرەو پێش بردن و دێموکراتیزە کردنی کوردستان، دەچووە پێشێ و، روانگەی ئەوانی دیکە لە چوارچێوەیەکی وشکی کوردایەتی داو تەنیا لەبەر ئەوەی کە بارودۆخی کۆمەڵ لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا رابگرێ و حاکمییەتی خۆی لە قاڵبی ئەم بۆچوونەدا دابین بکات. ئەو سەفەرانە و گێڕانەوەی باسی چاوپێکەوتنەکان لە راستیدا شوێنەوای زۆر بەرچاوی لەسەر کۆمەڵی رۆشنبیرانی ئەو دەمی کوردستان دا هەبوو. ئەو کەسانەی کە بە بیروباوەڕ بوون زیاتر شتەکانیان وەردەگرت و بەرەو دێموکراتیزە کردنی و پەرەپێدانی ژیانی هاوبەش و پێشکەوتووانە لەگەڵ سەرجەمی دانیشتیوانی کوردستان و هاوکاری کردنی گەلانی دیکەی ئێران و ئەو رێکخراو و حیزبانەی کە تازە پێکهاتبوون، هەنگاویان دەنا، وەک باس دەکرێ هێندێک لە ئەفرادی کۆمەڵە، کەسانی بەرچاو تەنگ بوون و لە چوونی کەسایەتیی وەک قازی محەممەد کە خاونی ئەو بیروبۆچوونە بوو و خۆشەویستیی تایبەتیشی لە نێو خەڵک دا هەبوو، دەترسان.

لە ئاخروئۆخرەکانی تێکۆشانی کۆمەڵە دا کە تارادەیەک زەمینەی فیکری لە نێو خەڵکی کوردستاندا پێکهاتبوو و رۆژنامەو گۆڤار بڵاو دەبوونەوە و، بیروباوەڕی چەپ لە نێو بەشێک لەو روناکبیرانەدا برەوی پەیدا کردبوو، بۆچوونی دامەزرانی رێکخراوێکی نوێ و گونجاو لەگەڵ هەلومەرج دا، هاتە ئاراوە. ئەم بۆچوونە پێی وابوو دەبێ بۆ پێکهێنانی حتزبێک کە لەلایەک هەموو ویست و داخوازی خەڵکی کوردستان وەدی بێنێ و لە لایەکی دیکەوە هاوکاری هەمەلایەنەی هەبێ لەگەڵ گەلی ئازەربایجان کە ئەو کات خەریکی تێکۆشانی زۆر بەرچاو و خەریکی پێکهێنانی کۆماری خۆیان بوون و، هەروەها بۆ هاوکاری کردنی گەلانی دیکەی ئێران بۆ وەرگرتنی دەسەڵات هەوڵ بدرێ. ئەرکێکی دیکەش کە دەکەوتە ئەستۆی ئەو شێوە بۆچوونە، پەرەپێدانی دۆستایەتی و ئاڵ و گۆڕی بیروڕا بوو لەگەڵ هێزەکانی دیکەی کوردستانی لەبەشە جیاجیاکانی کوردستاندا.

سەبارەت بە چوونی قازی محەممەد بۆ نێو ریزەکانی کۆمەڵەی ژ - ک هێندێک دەڵێن کە خۆی بەوە رازی نەدەبوو کە لە چوارچێوە بەرتەسکەدا تێکۆشانی هەبێ. لەبەر ئەوەی کە بۆچوونی دێموکارتێکی کەم تێدا بووە. بەڵام بەهۆی پێکهاتنی ئەو زەمینەیە کە باس کرا، سەرەنجام قازی محەممەد بڕیا دەدا کە بچێتە نێا کۆمەڵەوە.

بەداوی وەرگیرانی وەک ئەندامی کۆمەڵەی ژ - ک کە هێندێک پێیان وایە لە ماڵی مام ئەحمەدی ئیلاهی و هێندێکێش دەڵێن لە ماڵی کاک دڵشاد رەسووڵی بووە. هەروەک ژمارەیەک لە ئەندامی ناوەندی کۆمەڵەش پێشبینییان کردبوو، وەزعی کۆمەڵەی ژ - ک بەرەو دێموکراتیزە بوون دەڕوا و باسی پەرەپێدانی دێموکراسی و پاراستنی بە توندی دێتە ئاراوە. قازی محەممەد لە کۆبوونەوەکاندا بیروبۆچوونی خۆی باس دەکا و ئەو بۆچوونانە لەسەر بەشێکی زۆر لە ئەفرادی رێبەرایەتی ژ - ک شوێنەوار دادەنی. بە تایبەت ئەم باسە دێتە گۆڕێ کە ئەگەر مافی ئەو خەڵکە غەیرە کوردەی کە لە کوردستان دەژین و

فەرهەنگ و داب و نەریت و مافی جیاوازیان هەیە. لەبەرچاو نەگیری و بفەوتێ، ئەوکات جیاوازیمان لەگەڵ رێژیمی پاسایەتی چییە؟ بۆیە ئێمە نەتەنیا دەبێ وەک کورد مەسەلەی خۆمان لەبەر چاو بێ. بەڵکوو دەبێ بۆ راکێشانی نەزەر و پشتیوانی گەلانی دیکەی ئێرانیش هەوڵ بدەین. لەم پێوەندییەدا دەبێ بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ سەرجەم هێزە شۆڕشگێڕەکانی ئێرانی هەنگاو هەڵبێنینەوە. لە لایەکی دیکەوە دوای پێکهاتنی کۆمەڵەی ژ - ک هێندێک لە ڕێبەرانی ئەو رێکخراوە لەگەڵ نوێنەرانی ئەو هێزانەی کە ئێرانیان داگیر کردبوو، وتووێژیان کردووە، تەنانەت ئەو نوێنەرانە چەند جار هاتوونەتە کوردستان و لەگەڵ ئەوەی کە قازی محەممەد ئەندامی کۆمەڵەش نەبووە، تەنیا وەک کەسایەتییەکی ناسراو خاوەن نەزەر چاویان پێکەوتووە و نەزەر خوازییان لێکردووە. بۆ وێنە یەکەمین چاوپێکەوتنی پێشەوا لەگەڵ نوێنەرانی ئەمریکا و ئینگلیس رۆژی ٢٥ی سیپتامبری ١٩٤١ و لە مەهاباد بووە. ئەوان نەیان دەتوانی هەروا بە سووک وئاسانی بەوە رازی بن کۆمەڵەی ژ - ک بەو بۆچوونە غەیرە دێموکراتیکییەوە بنێنێ و بەنێوی کورد دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ. لەم کاتەشدا خەبات دژی رێژیمی پاشایەتی بۆ سۆڤیەت گرینگ بووە و بۆ سەرجەم وڵاتانی داگیرکەری ئێرانیش لاواز راگرتنی دەسەڵاتی ناوەندی، وەک مەبەستێک لە ئارا دابووە. بۆ ئەم مەبەستەش گەلی کورد، بەهۆی هێندێک تایبەتمەندی دەیتوانی دەوری بەرچاوی هەبێ. لەم پێناوەدا پێکهێنانی ئاڵ و گۆڕ لە بەرنامە سیاسەتی رێکخراوی کوردیدا بەشێکی پێویست دەژمێردرا.

دوای هاتنە گۆڕی ئەو بیروبۆچوونانە لە لایە قازی محەممەدوە لە هاوینی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی دا کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی هێندێک کەسایەتی ناسراوی وەک قازی محەممەد و بەشێک لە ئەفرادی بەناوبانگی کۆمەڵەی ژ – ک کە قەناعەتیان بە بۆچوونەکانی ناوبراو هێنابوو پێکهات کە لەو کۆبوونەوە دا هاتنە سەر ئەو براویە کە پێویستە لەسەر ئەساسی رێزگرتن لە دێموکراتیەت و پاراستنی مافی گەلانی دیکەی ئێران رێک بکەون و بناخەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دابرێژن، بۆ ئەم مەبەستە تۆمارێکی گەورەی پارچەیی لە ئەندامانی کۆمەڵە کۆدەکرێتەوە کە داوای بوونی کۆمەڵە بە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەن.

سەرچاوە: کتێبی ٥٠ ساڵ خەبات نووسینی کاک جەلیل گادانی. لاپەرەکانی ١٨. ١٩. ٢٠، ٢١، ٢٢ ، ٢٣ و ٢٤

تایپ کردنەوە رەحمان نەقشی

-----------------------------------------

# کۆمەڵەی ژ - ک



نەوشیروان مستەفا ئەمین

**٢. کۆمەڵەی ژ - ک**

**٢. ١. چوارچێوەی گشتی**

**٢. ١ . ١. زەمینەی دامەزرانی**

**دامەزرێنەرەکانی:**

لە گێڕانەوەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵە دا هەندێ لە یەکنەچون هەیە.
زەبیحی کە سکرتێری کۆمەڵەکە بوە، هەروەها د. قاسملوو کە پیاوێکی شارەزای روداوەکانی کوردستانی ئێرانە بەم جۆرە ناویان ئەبەن:

**دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ - ک ئەم یازدە کەسە بوون:**

١- حوسێنی فرووهەر
٢- عبدالرحمن زەبیحی
٣- عبدالرحمن ئیمامی
٤- عەبدولقادر مودەریسی
٥- نجم الدین توحیدی
٦- معەممەدی نانەوازادە
٧- عەلی مەحموودی
٨- معەممەدی ئەسحابی



سەرچاوە
Serchawe

٩- عبدالرحمن كیانی

١٠- سەدیقی حەندەری

١١- قاسمی قادری (٣)

مەلا قادری مودەڕیسی، كە خۆی یەكێ لە دامەزرێنەرانی ژ - ك بوە، لە گفتوگۆیەكی تایبەتی دا ئەڵێ:

بناغەدانەرەكانی ئەوانە بون:

١- محەمەدی نانەوازادە

٢- رەحمانی زەبیحی

٣- حوسێنی فروهەر

٤- عەبدوڕەحمانی ئیمامی

٥- قاسمی قادری

٦- مەلا عەبدوڵا داودی

٧- محەمەدی یاهو

٨- عەبدولقادری مودەڕیسی

٩- سەدیقی حەیدەری

١٠- عەبدڕەحمانی كەیانی

١١- میرحاج

بەقسەی مەلا قادر ماوەی دوو ساڵ حسێنی فروهەر(حسێنی زێڕینگەران) سەرۆكی كۆمەڵە بوە.(٤)

ئیگلتن، ناوی هەندی لەمانە نابا، بەڵام لە باتی ئەوان ناوی هەندێ كەسی تر ئەبا. ئەویش بەم جۆرەیان باس ئەكات:

١- رەحمانی حەلەوی

٢- محەمەد ئەمین شەرەفی

٣- محەمەد نانەوازادە

٤- رەحمانی زەبیحی

٥- حسێنی فروهەر(زەڕگەری)

٦- عەبدوڕەحمانی ئیمامی

٧- قاسمی قادری

٨- مەلا عەبدوڵای داودی

٩- قادری مودەڕیسی

١٠- ئەحمەد عیلمی

١١- عەزیزی زەندی

١٢- محەمەد یاهوو

١٣- میرحاج لە عێراق (٥)

ڕەنگە هەندێ لە مانە لە دامەزرێنەرانی كۆمەڵە نەبن، بەڵام ئەبێ هەموویان لە گەشەپێدان و بەهێز كردنی دا بەشدار بووبن.

## ٢- ١- ٣ - ئەندامەتی:

**بەقسەی مەلا قادری مودەڕیسی:**

"كەسێك كە دەبووە ئەندامانی ژێ - كاف هەوەڵی دەچووە حەمامێ وە لە ڕوانگەی ئاینی یەوە خۆی خاوێن دەكردەوە، ئەوجار دەهاتە لای سێ كەس، وە لەلای وان حەوت جاری بە قورئان سوێند، بۆ وەبەرچاو گرتنی ئەو شەش مەبەستانە، دەخوارد:

١- خەیانەت بە نەتەوەی كورد نەكات.

٢- كۆشش بۆ خودموختاری كوردان بكات.

٣- هیچ رازیكی ڕێكخراوە، نە بەزمان، نە بەقەڵەم، نە بەئیشارە، ئاشكرا نەكات.

٤- هەتا ئاخری عومری هەر ئەندام بێت.

٥- تەواوی پیاوانی كورد بە برای خۆی و تەواوی ژنانی كورد بە خوشكی خۆی بزانێ.

٦- بەبێ ئیزنی كۆمەڵەی ژێ - كاف نەبێتە ئەندامی هیچ ڕێكخراو و دەستەیەكی تر.

وە غەیری ئەو سێ كەسەش كەسێكی دیكەی نەدەناسی.(٦)

كۆمەڵە پێڕەوی ڕێكخستنی نهێنی شانەی پچوكی ئەكرد.

كۆمەڵەی ژ - ك وەكو ڕێكخراوێكی سیاسی بە نهێنی كەوتە چالاكی ڕێكخراوەیی و سیاسی. زۆری نەخایاند سەدان كەسی لە



سەرچاوە
Serchawe

موکریان ریک خست و پەلوپۆی بە زۆر لای کوردستانی ئێران دا هاویشت.

### ۲- ۱ - ۴ ئامانجەکانی

کۆمەلەی ژ - ک رێکخراوێکی نهێنی بۆ پرۆگرامێکی نوسراوی لەبەر دەست دا نییە ئامانجەکانی بە رونی دیاری بکا. بۆ خوێندنەوەی بیری کۆمەڵەی ژ - ک ئەبێ لە دوو توێ ی یادداستەکانی دا بۆ حکومەتی ئێران و، وتارەکانی ناو ۹ ژمارەکەی گۆڤاری " نیشتمان"ی "بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ - ک" و، لەوانەش ڕونتر لەو نامە تایبەتی یەی دا کە بۆ مەلا مستەفای بارزانی نوسیوە، بگەڕیین.

لە یەکەمین ژمارەی "نیشتمان"ی "بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ - ک" دا لە ژێر سەردێری "ئامانجی ئێمە" دا نوسیوێتی:

ئەی برای کوردی خۆشەیست!

کۆمەڵەی ژ - ک بەپێچەوانەی هەموو بەرهەڵست و قۆرت و چەڵەمەیەکی وەکو دوژمنایەتی خۆبەخۆ، دووبەرەکی و خۆخۆری، پولپەرەستی و بێگانە دۆستی، کە لە ڕێگای پێشکەوتن و سەرکەوتنی کورد دا هەیە بە هەموو هێزو توانای خۆی تێ ئەکۆشێت تا زنجیرو کەڵەمەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد دامالێ وە لەم کوردستانە لەت و کوتەی ئێستا کوردستانێکی گەورە و رێکوپێک بێنێتە بەرهەم کە هەموو کوردێک بە سەربەستی تیابژێت. ۆر کەس وای لێک ئەدەنەوە ئەبێ نەتەوەی کورد بە زۆر و نیروی چەک لە دیلی ڕزگار بکرێت بەڵام ئەوانە هەموو بە هەڵە چوون و ڕیگای ڕاستیان لێ ون بووە چونکو چەک و تفاقی شەڕ کە لە چەنگ کوردایە لە بەرانبەر چەک و تفاقی شەڕی ئەمانەی بوونە بەرهەڵستی سەربەستی ئێمە کار ناکات ئەبێ کورد بزانێت ئیمرۆ تفەنگ لە چاو گوللە پژین و تۆپ و تانگ و فرۆکەو... توفتوفەیەک زیاتر نییە تەنیا ڕێگایەکی ئەبێ کورد بەرەو سەربەستی پێ یا بڕوا شەقامی شارستانێتی یە، ئەم ڕێگایە ڕاست و ڕەوان ئەچێتە ناو مێرگی ئازادی و سەربەستی.

کۆمەڵەی ژ - ک بڕیاری داوە بۆ ڕوناک کردنەوەی بیری نەتەوەی کورد و دۆزینەوەی هۆی چارەڕەشی و دواکەوتنی ئەم میللەتە بەستەزمان و بێدەسەلاتە لە هیچ فیداکاری یەکی ڕو وەرنەگێڕێت ئەوا لەسەر بڕیاری هەیئەتی ناوەندی ئەم گۆڤارە دەرئەچێت تا بەرە بەرە هەر چەوتی و ناڕەوایی یەکی لە ژیانی کورد دا هەیە پیشانی بدا و ببێتە شارەزای نەتەوەی کورد لە ڕێگای سەربەستی و سەربەخۆیی دا. (۷)

#### لە ژمارەی پێنجەمی دا نوسیوێتی:

"بۆ وەڵامی هێندێک لە نەفام و تێ نەگەیشتوەکان مەرامنامەی کۆمەڵە دەنوسین:

كۆمەڵەی ژ - ك لەسەر چوار كۆڵەكەی ئیسلامەتی، كوردایەتی، مەدەنییەت، سولح و ئاشتیخوازی داندراوە و هەموو قانون و نیزامنامەكانی لە گەڵ شەریعەتی موقەدەسی ئیسلام تەتبیق ئەكرێ و ئینجا ئەخرێتە كار."(٨)

لە ژمارەی شەشەمی دا نوسیویتی:

"چەند بەندێك لە مەرامنامەی كۆمەڵە:

٧- بۆنەی موتەدەین بوونی بەشی زۆری نەتەوەی كورد بە دینی ئیسلام كۆمەڵە لە كوردستان تەنیا دینی موقەدەسی ئیسلام بە ڕەسمی دەناسێ و بۆ تەرویجی شەریعەتی خاوێنی ئیسلام و بەجێ گەیشتنی هەموو ڕێوشوێنێكی ئیسلامەتی تێ دەكۆشێ و لە گەڵ موناڤیقان بەربەرەكانی بە شیدەت ئەكا.

٨- مەسلەكی كۆمەڵە دێموكراتی یە و لەم ڕێناوە دا بۆ خۆشی ژیانی بەشەرییەت كۆشش ئەكرێت.

١١- كۆمەڵە هەموو قەبیلە و عەشیرەتەكانی كورد بە چاوێك تەماشا دەكا و بۆ برایەتی هەمووان كۆشش ئەكا، ڕەخنەگری و ئینتیقاداتی كۆمەڵە لە ئاكاری ئەوان تەنیا لە ڕوی كوردایەتی یەوەیە كە حەز بە لە ناوچوونی ئاكارە و ئەو ڕەفتاری ناشیرین لە ناو كوردەواری دا دەكا." (٩)

بە پێ ی گێرانەوەی گۆڤاری "ڕۆژی نوێ" بەرنامەی كۆمەڵەی ژ - ك ئەبێ بەمجۆرە بۆبێ:

لەساڵی ١٩٤٤ دا كە شەڕی جیهانگیری بەرەو بڕانەوە ئەچوو كۆمیتەی ناوەندی كۆمەڵەی ژ - ك كۆبونەوەیەكی كرد بۆ ڕێوشوێن دانان بۆ دواڕۆژی كورد، لەو كۆبەنەوەیە دا سكرتێری كۆمیتەی ناوەندی ڕاپۆرتێكی بە نرخی پێشكەش كرد، وە لە ئەنجامی لێدوان و لێكۆڵینەوەیەكی ورد دا كۆمیتەی ناوەندی ئەم بڕیارە مێژوویی یانەی دا:

١- هەر كە شەڕ كۆتایی هات دەوڵەتی كوردستان ئیعلان ئەكرێ.

٢- خاكی ئەم دەوڵەتە لە ناوچەی ژووی عیراقەوە دەس پێ ئەكا بە بانە دا ئینجا سەقز و هەموو ناوچەكانی لای سنووری ڕۆژهەڵاتی عێراق تا شاخەكانی دالانپەڕ لەسەر سنووری توركیا،وە خواروی ئەم سنوورە وە لە ڕۆژئاوای ماكۆ وە بە كەناری ڕۆژئاوای گۆمی ورمێ دا بەرەو خوارو بۆ ناوچەی ئەفشار.

٣- ڕژێمی ئەم دەوڵەتە كۆماری ئەبێ.

٤- بۆ پاراستنی دەوڵەت كۆمەڵەی ژ - ك لەشكرێكی بەرگری پێك دێنێت كە پی ی ئەوترێ "میلیشیا".

٥- پێویستە لەسەر كۆمەڵە كە بەشەكانی تری كوردستان ڕزگار بكا. وە ئەو ناوچانەی كە لەسەر كۆمەڵە بۆ هەوڵی ڕزگاری كردنی بدا، هەمووی دیاری كرابوو وە بڕیاریان لەسەر دابوو."(١٠)

هەر بە پێ ی گێڕانەوەی گۆڤاری "ڕۆژی نوێ" ئەبێ کۆمەڵەی ژ - ک یادداشتێکی دابێ بە حکومەتی ئێران بەمجۆرەی خوارێ:

"... حکومەتی تاران، خەلیل فەهمیی " فەهیمولمولک"ی نارد کە وەزیری ڕاوێژ بوو، بۆ کوردستان، کاتێ کە ئەم وەزیرە گەیشتە مەهاباد کۆمەڵەی ژ - ک یادداشتێکی پێشکەش کرد کە ئەمە کورت کراوەی ئەو یادداشتەیە لە خوارەوە ئەینوسین:

١- لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە زمانی کوردی بە "رەسم" دابنرێ بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان کە ژمارەی دانیشتوانی ٣ میلۆن پترە.
٢- زمانی کورد ببێت بە زمانی خوێندن و بەڕێوەبەریتی و دادگەری لە کوردستان دا.
٣- فەرمانبەران لە هەموو کوردستان دا کورد بن.
٤- ئەو باجەی "زەوییە" لە کوردستان دا کۆ ئەکرێتەوە ئەبێ بۆ کوردستانیش بەکار بهێنرێتەوە، بۆ دروستکردنی خەستەخانە و قوتابخانە و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، نەک بۆ رازاندنەوەی تاران.
٥- ئەبێ ئەم داخوازای یانە لە پەرلەمانا باس بکرێن وە قانونێک دەربارەیان دابنرێت تا کورد دڵنیا بێ.
٦- ئەمانە داخوازی ئێستامانن بەلام کۆمەڵەکەمان ژ - ک بڕوای تەواوی هەیە بەوەی کە "هەقی دواڕۆژ دانان - حق تقریر المصیر" مافێکی ئاسایی و سروشتی یە بۆ هەموو نەتەوەیەک، لە بەر ئەوە پێویستە دوای کۆتایی شەڕی جیهانگیری دووەم لەم لایەنەوە گفتوگۆ بکرێ، وە هیچ گومانی تیا نییە کە کورد خۆی دوا ڕۆژی خۆی دا ئەنێ.
٧- کۆمەڵە ئەم یادداشتە بلاو ئەکاتەوە، وە نەتەوەی کورد کە "چارەنوسی خۆی - حق تقریر المصیر "دانا حکومەتی ئێران ئەوسا بە دراوسێ یەکی باش و بێ وەزن دا ئەنێ" (١١)

## ٢ - ٢ چالاکی ڕۆشنبیریی ژ- ک

چەرخی رابردوو تا پێش هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی یەکەم چەندین شاعیری گەورەی وەکو وەفایی، ئەدەب (١٨٥٩ - ١٩١٢)، حەریق (١٨٥١ - ١٩٠٧) لە کوردستانی ئێران بە تایبەتی لە موکریان هەڵ کەوتن، کە بە پێڕەوی لە قوتابخانەی بابان شیعریان ئەهۆنییەوە و. لەو مەیدانە دا شانیان لە شانی شاعیرەکانی کوردستانی جنووبی ئەدا. هاتنی رەزاشا بۆ سەرکار، هەروەکو کارەساتێکی سیاسی و ئابووری بوو بۆ کوردستان، هەروەها کارەساتێکی گەورەش بوو بۆ زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی. لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستەم دا کوردی تووشی سەرکوت کردن بوو.


سەرچاوە: کتێبی حکومەتی کوردستان - نووسینی: نەوشیروان مستەفا ئەمین

تایپ کردنەوەی: رەحمان نەقشی



سەرچاوە
Serchawe

## ناساندنی نێوی ڕاسەقینەی نووسەر و ئەندامانی کۆمەڵەی (ژ- ک) لە گۆواری «نیشتمان»دا




**س. چ. هێرش**

یەکێک لە خاڵە هەرە درەوشاوەکانی مێژووی خەڵکی کورد و بەتایبەت مێژووی هاوچەرخی کوردستان لە بەشی ڕۆژهەڵات، پێکهاتنی کۆمەڵەی (ژ - ک) و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری «نیشتمان»(١٩٤٣) وەک زمانحاڵی ئەو ڕێکخراوە سیاسییە بووە و، دواتریش کە یەکەم کۆماری کۆردستان(١٩٤٦) لە شاری مهاباد دادەمەزرێ، بەشێکی زۆر لە ئەندامان و چالاکانی سیاسیی کۆمەڵەی (ژ - ک) تێیدا بەشدار دەبن.

هەرچەند لە سەر کۆمەڵەی (ژ - ک) و چۆنیەتی دامەزران و بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێکخراوەیە گەلێک کتێب و ناملکە و بیرەوەری نووسراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا گەلێک لایەنی لێڵ و ناڕوون، بەتایبەت سەبارەت بە ژمارەی کەسانی پێکهێنەر و دامەزرێنەری کۆمەڵەی (ژ - ک)، هەروەها نێوی ڕاستەقینەی گەلێک لە ئەندامان و ئەو کەسانەی نێوی ڕەمزییان هەبووە، بەرچاو دەکەوێ کە دەبێ بخرێنەڕوو.

بەر لەوەی لایەنی سەرەکیی ئەو باسە واتە هەڵنان و ناساندنی نێوی ڕاستەقینەی ئەندامانی کۆمەڵەی (ژ - ک) دەست پێبکەم، پێویستە ئەو خاڵە ڕوون بکەمەوە کە ژمارەی ڕەمزی (کۆد)ی ئەندامانی کۆمەڵەی(ژ - ک) و هەروەها ڕەمز(کۆد)ی شارەکان بۆ هەڵنان و دەستنیشانکردنی ژمارەی پێکهێنەر یان دامەزرێنەرانی ئەو ڕێکخراوەیە گەلێک گرینگ و شیاوی سەرنجدانن.

ئەگەر لە تەواوی ئەو نێوە ڕەمزییانەی چ لە توێی تەواوی ژمارە دەرچووەکانی گۆڤاری «نیشتمان»دا و، چ لە توێی کتێب و ناملکەگەلی پێوەندیدار بە کۆمەڵەوە خراونەتە ڕوو ورد بنینەوە، دەبینین بێژگە لە چەند کەس، بوواڵەتی ژمارەیەکی

زۆر لە کەسانی دامەزرێنەر یا نادیارن یان نێویان بە نەزانراوی ماوەتەوە. بۆنموونە، ئەگەر بە گوێرەی ژمارەی ڕەمز، «کاوە - ١» (حوسێنی زێڕینگەران - فروهەر) بەرپرسی یەکەمی کۆمەڵە، «ع. بیژەن - ٢»(عەبدولڕەحمانی زەبیحی) بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن و گۆواری «نیشتمان»، «ع. راد - ٥» (عەبدولڕەحمانی ئیمامی ئەقدەم) و، «م. ح. لاو - ١٠» (محەمەد سەدیقی حەیدەری)١ لە پێکهێنەران و دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بن، سەبارەت بە نێو و ژمارەی ڕەمزیی تەواوی«هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵە» زانیارییەکی ئەوتۆ لە بەر دەستدا نییە.

لە پاڵەوە ئەوەش بڵێم کە من خۆم لە سەر ئەو باوەڕەم جگە لە «بینایی - ژمارەی ڕەمزیی نەبووە» (پێشەوا قازی محەمەد)، کە ساڵێک دوای دامەزرانی کۆمەڵە بووەتە ئەندام و سوێندی خواردووە، پێکهاتەی «هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵە» یازدە کەس بوون و، دوایین کەسیش هەر ئەو نێوە ڕەمزییەی «م. فەرووخ - ١١» بووە کە بە بۆچوونی خۆم دەبێ یا «محەمەدی یاهوو» بووبێ یان «محەمەدی نانەوازادە». بەڵگەشم ئەوەیە کە لە ژمارە یازدە بەم لاوە، ئێمە دەگەڵ نێو و ژمارەی ڕەمزیی «م. س. توس - ١٣» و «م. م. هوشەنگ - ١٦» ڕووبەڕوودەبین کە بە گریمانەیەکی زۆر دەبێ ئەندامانی سەرەکیی «هەیئەتی لاوانی کۆمەڵە» بووبن - ٢ کەوابوو، پێکهاتەی «هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵە»، لە یازدە تا دوازدە کەس تێنە پەڕیون.

لێرەدا بۆ ئاگاداری خوێنەرەوان، تەواوی ئەو کەسانەی کە لە گۆڤاری «نیشتمان»دا نێویان هاتووە دەنووسرێن و هەر لە پاڵ نێوە ڕەمزییەکانیشدا، نێوی ڕاستەقینەی ئەو کەسانەی تائێستە زانراون ٣ لە ژێرەوە و لە ناو کەوانەدا دەخرێنەڕوو:

(١ ژمارەی ١، ساڵی یەکەم، پووشپەڕی ١٣٢٢، جولای ١٩٤٣

- ع. بیژەن (عەبدولڕەحمانی زەبیحی)

- م.م. هوشەنگ ـ ١٦ (محەمەدی مەجدی - کوڕی زانای ئایینی مامۆستا مەلا حوسێنی مەجدی سەرۆکی عەدلییەی کۆماری کوردستان - نێوبراو هێشتا لە ژیاندا ماوە)

- ع. ساسان (هەرچەند زۆر سوور نیم، بەڵام وابزانم دەبێ نێوی ڕاستەقینەی «عەلی ڕیحانی» بێ)

- م. فەڕڕوخ (م. فەڕووخ ـ ١١، وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێکردووە، لە نێوان ئەو دوو نێوانەدا: «محەمەدی یاهوو» و «محەمەدی نانەوازادە«دا دڕدۆنگم. شیاوی گوتنە کە نێوی ئەو دووکەسە لە نووسراوەی زۆر کەساندا وەک دامەزرێنەر هاتوون)

* هێندێک لە ئەندامەکان کە دەسیاوی سندوقی کۆمەڵەیان کردووە:

١- کاوە (میرزا حوسێنی زێڕینگەران - فروهەر، خەڵکی مهاباد)

٢- سام (نەزاندرا)

٣- جاهد (نەزاندرا)



سەرچاوە Serchawe

٤- فەڕووخ (بڕوانە سەرەوە)

٥- ڕەوادی (ق. م. ڕەوادی: قادری موددەریسی، خەڵكی مهاباد)

٦- نەریمان (نەزاندرا)

( ٢ ژمارەی ٢، ساڵی یەكەم، خەزەڵوەری ١٣٢٢

- زۆراب . ٣٧ (عەلی خوسرەوەی، خەڵكی مهاباد - نێوبراو هێشتا لە ژیاندا ماوە)٤

- بیژەن . ٢

- م. ش. هێمن (بە ژمارەی ٥٥، محەممەد ئەمینی شێخولئیسلامی موكری، خەڵكی شیلاناوێ)

- م. ش. هێمن

- گیوی موكریانی . هەولێر (ئەندامی كۆمەڵەی ژ. ك نەبووە)

- م. ش. هێمن

- م. حەریق (م. ا. حەریق: محەممەدی ئەسحابی، خەڵكی مهاباد)

- م. ئاریا . ٢٧ (مەنافی كەریمی، خەڵكی مهاباد، دواتر لە كۆماری كوردستاندا دەبێتە وەزیری فەرهەنگ)

- م. فەڕڕوخ

- ئەو ئەندامانەی نێویان هاتووە:

١- ڕووناك . ٥٢، لە شاری ش .) SH واوێدەچێ ڕووناك - ٥٢، یەكەم ئەندامی كارای ژنی كۆمیتەی شاری شنۆ بووبێ لە كۆمەڵەی ژ - ك دا، كە بەداخەوە زانیاریم لە سەری نییە!)

٢- بارزانی (م. خ)، لە شاری غ . G (مستەفا خۆشناو، خەڵكی كوردستانی گەرمێن(باشوور، ئەفسەری كۆماری كوردستان بوو كە دواتر دەگەڵ سێ هاوڕێی دیكەی لە عێراق ئیعدام كرا)



باغی سیسەی مهاباد ـ بەهاری ١٩٤٢ز(دیاریی دوكتور عەزیزی فەیزنەژاد)

ڕیزی یەکەم لە ڕاستەوە: ١- عەلی ڕیحانی ٢- ئەحمەدی ئیلاهی ٣- محەمەد سەدیقی حەیدەری ٤- ؟ ٥- ؟

ڕیزی دووهەم لە ڕاستەوە: ١- ؟ ٢- عەبدولڕەحمانی موهتەدی ٣- محەمەد سەعیدی کانی مارانی

ڕێزی سێهەم لە ڕاستەوە: ١- محەمەدی ڕەسووڵی(دڵشاد) ٢- عەلی خوسرەوی ٣ -؟ ٤-؟ ٥-؟ ٦- سەید تەها ئەیووبی ٧- هاشم خەلیل زادە (سوهەیلی) ٨-؟

ڕیزی پشتەوە: ١- ؟ ٢- عەبدولڕەحمانی زەبیحی ٣- سمایل خانی فەڕووخی ٤-؟ ٥- عەبدولڕەحمانی شەرەفکەندی (هەژار(

(٣ ژمارەی ٣ و ٤، ساڵی یەکەم، سەرماوەز - ڕێبەدانی ١٣٢٢

- م. ناردی - ٧٦ (محەمەدی ڕەسووڵی . دڵشاد، باوکی خەڵکی مهاباد بووە ودواتر چوونەتە کوردستانی باشوور و، لەوێ دڵشاد ڕەسووڵی خوێندوویە و لە سەردەمی چالاکیی کۆمەڵەی ژ. ک و دیمۆکراتدا هاتووەتە مهاباد)

- برای ڕاست - ٧٦ (عەبدولڕەحمانی موهتەدی، خەڵکی بۆکان)

- قانع (شاعیری ناوداری کورد، ئەندامی ژ. ک نەبووە، لە سەردەمی کۆماردا لە گوندی کەلبی ڕەزاخان مامۆستا بووە)

- فانی (شاعیری کورد، خەڵکی کوردستانی باشوور، وابزانم ئەندامی کۆمەڵەی ژ. ک نەبووە بەڵام هەروەک لە«نیشتمان» دا ئاماژەی پێکراوە، بە وەسیلەی ئەندامی ژمارە ٢٠٠ پێوەندی بە کۆمەڵەوە هەبووە)

- شاعیرێکی بە ناوبانگ (مەلا مارفی کۆکەیی، خەڵکی مهاباد)

- ع. هەژار . ٢٠ (عەبدولڕەحمانی شەرەفکەندی، خەڵکی مهاباد، شوێنی کارکردن بۆکان)

- م. ش. هێمن

- ع. بیژەن . ٢

- م. بەیان . ٧١ (محەمەدی خاتەمی، خەڵکی مهاباد

- م. لاو . ١٠ (محەمەد سەدیقی حەیدەری، خەڵکی مهاباد، دواتر لە کۆماری کوردستاندا وەزیری تەبلیغات بووە

- م. فەڕڕوخ . ١١

(٤ ژمارەی ٥، ساڵی یەکەم، ڕێبەدانی ١٣٢٢

- نێوی ئەو ئەندامانەی پووڵ(دراو)یان داوە بۆ پەدان بە ئینتیشاراتی کۆمەڵە:

١- ع. هەژار (بڕوانە سەرەوە)

٢- م. خ. بارزانی (بڕوانە سەرەوە)

٣- م. ح. لاو (بڕوانە سەرەوە)

٤- ق. م. ڕەوادی (بڕوانە سەرەوە)

٥- ع. زۆراب (بڕوانە سەرەوە)

٦- هـ . ئاریز (وابزانم نێوی ڕاستەقینەی شاعیری ناوداری کورد سەید تاهیری هاشمی خەڵکی کرماشان بووبێ، دیارە تەواو ئەرخەیان نیم)

٧- ا. ا. ڕژدی (مام ئەحمەدی ئیلاهی خەڵکی مهاباد کە دواتر لە کۆماری کوردستاندا دەبێتە وەزیری ئیقتیساد)

٨- م. ا. حەریق (بڕوانە سەرەوە)

- ع. بیژەن ـ ٢

- م. نادری ـ ٧٦

- سیامەک ـ ٥٧ (عەبدولقادری دەبباغی، خەڵکی سەقز، نێوبراو لە ژیاندا ماوە و لە شاری لەندەن - ئینگلیس نیشتەجێ یە)

- م. ش. هێمن ـ ٥٥

- ع. بیژەن ـ ٢

ـ م. ش. هێمن ـ ٥٥

- مەلا حەسەنی قازی هەڵەبجە (ئەندامی کۆمەڵەی ژ. ک نەبووە)

- قانع (بڕوانە سەرەوە)

- شاعیرێکی بە ناوبانگ (مەلا مارفی کۆکەیی)

- هەژار ـ ٢٠

- م. ش. هێمن

- م. فەڕڕوخ ـ ١١

(٥ ژمارەی ٥، ساڵی یەکەم، ڕەشەمەی ١٣٢٢

- نێوی ئەو ئەندامانەی یارمەتی سەندوقی کۆمەڵەیان کردووە:

١- ع. فەرزانە (نەزاندرا)

٢- خ. م. شاباز (خەلیلی مووەفەقی خەڵکی مهاباد و خاوەنی چاپخانە و کتێبفرۆشی)

٣- ع. بیژەن

٤- ح. ر. سەخی (نەزاندرا)

٥- ا. ئازاد (نەزاندرا)

٦- ا. ا. ئازا (نەزاندرا)

٧- ق. چووبینە (قاسمی قادری قازی، خەڵکی مهاباد)

٨- ر. برای راست (بڕوانە سەرەوە)

- ع. بیژەن ـ ٢

- م. ش. هێمن ـ ٥٥

- م. ش. ئازەر ـ ٨٢١ (محەمەدی شاپەسنەندی، خەڵكی مهاباد، نێوبراو لە ژیاندا ماوە و، ئێستە لە شاری سلێمانی ژیان ڕادەبوێرێ)

- پشتیوان ـ ١٠٤٢ (نەزاندرا)

- م. نادری ـ ٧٦ (بڕوانە سەرەوە)

- ع. راد ـ ٥ (عەبدولڕەحمانی ئیمامی ئەقدەم، خەڵكی مهاباد، یەكەم كەسە لە دامەزرێنەرانی كۆمەڵەی ژ. ك كە دوای دامەزرانی كۆماری كوردستان پلەی حیزبایەتی نامێنێ، وابزانم بە دڵخوازی خۆی واز لە چالاكی دەهێنێ)

- قانع

- هەژار

- ع. هۆنەر (شاعیری ناوداری كورد عەبباسی حەقیقی، خەڵكی مهاباد)

- م. ئیرەج ـ ٢١٥ (محەمەد سەعید حافیدی، خەڵكی كرماشان)

(٦ ژمارەی ٧ ، ٨ و ٩)، ساڵی یەكەم، بەهاری ١٣٢٣

- ع. بیژەن ـ ٢

- م. نادری ـ ٧٦

- م. لاو ـ ١٠

- ئاواڵ (نەزاندرا)

- ك. ع. مرۆ ـ ٦٧ (نەزاندرا)

- م. ش. هێمن ـ ٥٥

- م. ئاریا ـ ٢٦ (بڕوانە سەرەوە)

- م. ش. ئازەر ـ ٨٢١ (بڕوانە سەرەوە)

- ا. ا. ڕژدی ـ ٢٤ (بڕوانە سەرەوە)

- م. فەڕڕوخ ـ ١١

- م. نادری ـ ٧٦

- بێستوون (نەزاندرا)

- ع. هۆنەر (بڕوانە سەرەوە)

- م. ش. هێمن ـ ٥٥

- م. م. عیشقی (وابزانم هەر محەمەدی مەجدی یە)

- ع. هەژار



سەرچاوە
Serchawe

- م. نادری . ٧٦
- هێمن . ٥٥
- س. م. ح. گرشاسب (سەید محەمەدی حەمیدی سەرنووسەری ڕۆژنامەی كوردستان)
- م. ئیرەج . ٢١٥ (بڕوانە سەرەوە).

س. چ. هێرش، دێسامبری ٢٠٠٥

**پەراوێزەكان:**

١- بۆ ئەوەی لایەنی ئەمانەت و دەستپاكی پارێزراو بێ، پێویستە بگوترێ كە بەشێك لە هەڵنانی ئەم نێوانە لە كتێبی: (نگاهی به تاریخ مهاباد، سید محمد صمدی، انتشارات رهرو، ص ١١٩) وەرگیراون.
٢- نێوی ڕاستەقینەی «محەمەد سەلیمی»یە، كە لە »دیاریی كۆمەڵەی ژ - ك بۆ لاوەكانی كورد ١٣٢٢ - ١٩٤٣» دا بەمجۆرە یادی لێكراوە: »هەیئەتی ناوەندی(مەركزی) كۆمەڵەی ژ - ك ئەم سپیارەیە پێشكەشی گیانی (روح) لاوی رەحمەتی م. س. توس ئەندامی ژمارە ١٣ی كۆمەڵە ئەكات.»
٣- دیارە هەروەك دەزانین، بەشێكی زۆر لە نێوەكان هەروا بە نادیاری و نەزانراوی ماونەتەوە، بۆیە لەم بارەیەوە پێوەندی بە ماڵپەڕی گزینگ و دانی هەر چەشنە زانیارییەك جێگەی ئەوپەڕی ڕێز و پێزانینە.
٤- لە دانیشتنێكی خۆمانەدا، هەڵنانی ئەو ڕەمزەم لە لایەن كاك «زاگرۆسی خوسرەوی»یەوە دەستكەوت، سپاسی دەكەم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گزینگ - ڕێكەوتی: دیسەمبەری ٢٠٠٥

---------------------------------------------------

# ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف لە بۆکان



**ئەنوەر سوڵتانی**

ئەندامێکی بنەماڵەی بەرێزی نەمر مەلا ئەمجەدی عوسمانی لە پرس و جۆی ئەوەدا بوو ئایا بۆچی ناوی مەلا ئەمجەد لە ڕیزی ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف دا نابرێت و لە وتاری باسکار و نووسەرانی بابەتی پێوەندیدار بەو ساڵانەدا چاوپۆشی لێدەکرێت؟!

ئەم پرسیارە گەرای پرسیارێکی هەراوتری لە مێشکمدا گووراند، کاتێ نەمر ماۆستا هەژار لە شێعری (بەرەو موکریان)دا دەڵێ:

«ئەمجەد و قازی، مەلا ریشی حەسار
کێ بەداخ و کوڵە بۆ ڕەنجی خەسار؟»

ئایا بە هەڵکەوت ناوی مەلا ئەمجەد و قازی کاکە حەمەی قزڵجی و مەلا عەبدوڵڵای حەسار پێکەوە دەهێنێت؟ ئایا ئەو سێ کەسە لە کامە خەباتدا رەنجیان کێشاوە و پاشان رەنجیان بە خەسار چووە؟

گومان نییە ئەو ڕەنجە بەباچووە، ساڵانی کۆماری کوردستان و چالاکیی ژێکاف دەگرێتەوە و لەو سێ کەسەش، قازی کاکە حەمە - قازی بۆکان، مەلا عەبدوڵای حەسار خەڵکی گوندی حەساری باشووری شار و دانیشتووی بۆکان و، مەلا ئەمجەدی عوسمانیش خەڵکی قەڵای رەسووڵەسیتی سەرچۆمی مەجیدخان لە نێوان بۆکان و میاندواو بوون. مەلا ئەمجەد بە «کاک» دەناسرا کە دەکرێ ناوی نهێنیی کۆمەڵەی بووبێت. لەو سەردەمانەدا مامۆستا هەژار لە بۆکان دەژیا و لە پێوەندی نزیکی ئەوکەسانەدا بوو.(١)

ئەو مەجلیسەی ڕاست لە ساڵانی چالاکیی ژێکاف و دامەزرانی کۆمار(١٩٤٦)دا بە بەشداریی هەژار بەسترابێت دەبێ جگە بۆ باسی سیاسی و نەتەوایەتی چیدیکە بووبێت؟ پێوەندی هەژار و مامۆستا مەلا حەسەنی قەزڵجی لەگەڵ ژێکاف دا جێگەی گومان نییە، هەردووکیان پێکەوە چاپخانەی «هەڵاڵە»ی بۆکانیان بەڕێوەدەبرد. قازی کاکە حەمەش کە لەگەڵ ئەندامێکی بنەماڵەی قزڵجی واتە مەلا سدیقی قزڵجی دوابەدوای هەرەسی کۆمار هەڵاتن و لە باشووری کوردستان لە ژێر چاوەدێریی شێخ لەتیفی حەفیددا بوون (٢) و، پاشان «ئەمان»یان وەرگرت و گەڕانەوە بۆکان.(٣)

کەوابێ، گومانێکی کەم لەوەدا هەیە کە ئەو تاقمە هەموویان لە پێوەندی «کێشە»ی ئەو ساڵانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوون، بەڵام:

١) ئایا «کێشە»کە، کێشەی کۆمەڵەی ژێکاف بووە یاخود کۆماری کوردستان؟
٢) ئایا جگە لەو چەند کەسە، کێی تر لە خەڵکی بۆکان و دەوروبەری ئەندامی کۆمەڵە یاخود پێوەندیدار بەو کێشەیەوە بوون؟

سەرەتا، پرسیاری دووهەم: بۆکان شاری دوهەمی کۆمار بوو، لە دوو چاپخانەی کۆماری کوردستان یەکیان لە بۆکان دامەزرابوو و ئاڵای کوردستان بە ڕێ و ڕەسمی تەواو، جارێک لە سەر قەڵای بۆکان و جارێکیش لە گوندی یەکشەوە لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان هەڵکرابوو؛ هەر دوو هۆزی فەیزوڵڵابەگی و دێبۆکری، بە شێوەیەک لە شێوەکان لە پێوەندی کۆماردابوون (گەرچی شێوازی ئەو تێکەڵاوییە وەک یەکتر نەبوو)؛ وەزیری ڕێگاوبانی کۆمار (حاجی سمایل ئاغای ئێلخانی زادە) و وەزیری ڕاوێژکاری پێشەوا قازی محەمەد (حاجی ڕەحمان ئاغای ئێلخانی زادە - پاشان «موهتەدی») خەڵکی بۆکان بوون؛ خوالێخۆشبوو حاجی بابە شێخ خەڵکی گوندی تورجان ئەودەم سەر بە بۆکان بوو؛(٤) حاجی بابە شێخ پێوەندی نزیکی خزمایەتی لەگەڵ بنەماڵەی قازی کاکە حەمەی بۆکان و شێخانی زەمبیل دا هەبوو، بەم پێیە، نەمر «سەید کامیل ئیمامی (ئاوات)»یش کە شاعیرێکی دڵسۆز و خەمخۆری گەلی کورد بوو، دەبێ لە هەمان جوغزدا سەیر بکرێت.

کاتێ هەودای ئەم ڕووداو و پێوەندییانەم دەهۆندەوە بیرم لەوە دەکردەوە باشە لە بارودۆخی سیاسی ئەو ساڵانە، شل و شەوێقی دامودەزگای حکوومەتی ئێران و ئازادی و دیموکراسی ئەو بەشەی کوردستان لەو سەردەمە تایبەتەدا، بە گوێرەی «مەنتیق» دەبێ خەلکانێکی زیاتر لە بۆکان تێکەڵاوی چالاکییە سیاسی - نەتەوایەتییەکانی ئەو ساڵانە بووبێتن بۆنموونە، مامۆستا هەژار و خوالێخۆشبوو میرزا حەسەنی عەلیزادە (کوتاڵفرۆشی بۆکانی) پێکەوە بە نوێنەرایەتی خەڵکی بۆکان بەشداریی کۆبوونەوەی حیزبییان کردووە لە مهاباد. واتە دەبێ گەلێک سەربازی ونی دیکەش هەبن کە ناویان لە ئارادا نەماوە و ئەگەر هەوڵی ڕوونکردنەوەی کێشە و کەسەکان نەدەین ئیتر بۆ نەوەکانی دوای ئێمە گەلێک ئەستەمتر دەبێت ڕووناکی بخەنەسەر ئەو گێژوگومی و تاریکییانەی مێژوو.

بیرم لە خوالێخۆشبوو حوسەین فاتیحی کردەوە کە ساڵانێکی درەنگتر دوای کودیتای ١٩٥٣ وەک بەرپرسی حیزبی دیموکرات گیرا و خرایە زیندانەوە، یا محەمەدی شاقوڵی کە هەر لەوسەردەمانەدا کەوتە زیندانەوە. لەوانە زیاتر، بزووتنەوەی وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگیی ساڵی ١٩٥٣ و ڕاپەڕینی شکۆداری خەڵکی بۆکان بە ڕێبەرایەتی حاجی قاسم کەریمی (١٩٥٣) نابێ بەبێ بنەمای پێشوو هاتبنە کایەوە و چالاکانی ئەو ساڵانە هەمووشیان نەبووبێتن، بەشێکیان لە ساڵانی کۆمار و کۆمەڵەشدا (٧ ساڵ پێشتر) چالاکییان نواندبێت.

بەڵام ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتانە و ناسین و ناساندنی ئەو خەڵکانە لە وزەی مندا نەبوو. دەبوایە دەراوێکی دیکە بدۆزمەوە و یارمەتی لە بیرەوەریی چالاکانی ئەو ڕۆژانە وەربگرم. بەڕێز مامۆستا قادر دەبباغی (مامە قالە)، یەک لە ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکافە کە بەختەوەرانە لە ژیاندایە، بیری بە باشی کاردەکات  و لە لەندەن دەژی.

سەعات ٨.٣٠ی ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ١٢- ٠٢ - ٢٠٠٦ تەلەفۆنم بۆ مامە قالە کرد و پرسیاری مەلا ئەمجەدم ئاراستە کرد. ئەوانەی خوارەوە وەڵام و بۆچوونی بەڕێز مامەقالەن:

«مەلا ئەمجەدی قەڵای ڕەسووڵەسیت بە دڵنیایی ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف بوو و ناوی نهێنیشی «کاک» بوو. مەلا ئەمجەد شاعیرێکی باشیش بوو، دوای کۆچی دوایی مەرحوومی سەیفولقوزات پارچە شێعرێکی بەرزی بۆ گوت، هەروەها پارچە شێعرێکی باشی عەرەبی کردە کوردی و بڵاوی کردەوە. مەلا ئەمجەد مەسئوولی سەرچۆمی مەجیدخان بوو. من لە گەڵیدا هاوڕێ بووم و لەگەڵ کاک ساڵحی موفتەدیر دا دەچووومە ماڵی لە قەڵایە...»

من شێعرەکەی هەژارم بۆ مامەقالە خوێندەوە: «ئەمجەد و قازی، مەلا ریشی حەسار..،» مامەقالە دەستبەجێ گوتی: هەرسێک ئەوانە ئەندامی ژێکاف بوون، سەید کامیلی ئیمامیش (ئاوات) ئەندامی بێگومانی ژێکاف بوو و ناوی نهێنییەکەی «زرنگ» بوو، لەگەڵیدا لە زیندانیش بووم... هەروەها مەلا حەسەنی قزڵجی ئەندامێکی کارای کۆمەڵەی ژێکاف و ناوی نهێنی «ژیر» بوو. خاڵەمینی شاعیر - کە ئەویش خۆی ئەندامی ژێکاف بوو، لە شێعرێکدا دەڵێ: «... کاک و ژیر و زرنگ» واتە مەلا ئەمجەد و مەلا حەسەن و  سەید کامیل هەرسێکیان.

پرسیاری بەڕێز محەممەدی نووری (عەتری گڵۆڵانی)م لێکرد، مامەقالە فەرمووی «ئەویش هەر ئەندامی ژێکاف بوو و «مەلا ساڵحی گوێگجەلی»یش ئەندام بوو. کۆمەڵە بە هۆی ئەندامەتی مەلاکانەوە دەیویست پروپاگەندەی دوژمنان و جاسووسەکانی ئێران پووچەڵ بکاتەوە کە دەیانگوت ڕێکخراوەیەکی کومۆنیستی یە... زۆربەی ئەندامانی ژێکاف موسوڵمان و ئەهلی نوێژ و ڕۆژوو بوون...»

دوای تەلەفۆنی مامەقالە، بە (چێشتی مجێور)ی مامۆستا هەژاردا چوومەوە و لە شوێنێكی دی، باسی مەلا عەولاَی حەسارم دۆزییەوە:

«... ناوبەناو، كاك هەمزەی كۆنەشەریكم و مەلا عەولاَی حەساریش بوونە پەنابەر...»(٥)

كەوابوو مەلا عەولاَی حەساریش هەڵاتوو و پەرەوازەی باشووری كوردستان بووە و بەم پێیە، مۆرێكی پەسندی دیكە لە ناسنامەی سیاسی ناوبراو دەدرێت بەوەی كە لە هەمان ئەو ساڵانەیدا كە هەژار و قازی و مەلا حەسەن بە پەنابەری چووبوونە باشووری كوردستان ئەویش لەگەڵیاندا بوو و كەوابوو، دور لە هەمان كێشەی ئەوان نەبووە.

بەو یەك دێرە نووسینەی مامۆستا هەژار و ناوهێنانی «هەمزەی شەریكم» (هەمان لاپەڕە) بەری مەسەلەكە فراوانتر بووەوە و دەبوایە بزانم هەمزەی شەریكی مامۆستا كێیە؟ هەمزاغای حەمیدی كوڕی سلێماناغا لە ئاغاوەتی دێبۆكری هەر لە سەردەمی مێرمنداڵییەوە لە بۆكان ژیاوە و تێكەڵاوی كار و باری سیاسی بووە و گەلێك ڕەنجی لە پێناو كوردایەتی كێشاوە، دووجار پەرەوازەی باشووری كوردستان بووە و لە ئەنجامیشدا چوار پێنج ساڵێك پێش ئێستا كۆچی دوایی كرد. هەژار لە سێ شوێنی (چێشتی مجێور)دا باسی هەمزاغا دەكات(٦) و خۆی لەوە دەبوێرێت كە بە هەمزاغا ناوی بەرێت. لە سەردەمی ژیانی هەژاردا شەریكە كاسبی بووە و لە تێكشكانی كۆمار و هاتنی هێزەكانی ئەهریمەن بۆ بۆكان، قاسم ئاغای ئێلخانی زادە (موهتەدی)، هەژار لە ماڵی میرزا عەبلای بەهرامی لە بۆكان ڕادەگرێت و بە گوێرەی «چێشتی مجێور» خەیاڵی ئەوەی دەبێت بیكاتە قۆچی قوربان و بە فەرماندەی سوپای ئێرانی تەحویل بدات. هەمزاغا بەرپرسایەتی پاراستنی دەگرێتە ئەستۆ و دەیباتە ماڵی خۆی، لەوێ هەوڵی زۆری لەگەڵ دەدات هەڵێ و خۆی بە دەستەوە نەدات. بەڵام هەژاری بەجەرگ نایەوێ تەنگ و چەڵەمە بۆ برادەرەكەی بخوڵقێنێ و هەڵنایەت.(٧) هەمزاغایەكی ئەوتۆ ئایا نابێ ئەندامی ژێكاف بووبێت
- بەڵام كوا ناوی؟

ئێوارەی ڕۆژی یەكشەممە ١٩ - ٠٢ - ٢٠٠٦ لە هۆڵی كینزنیگتن لە لەندەن و لە كاتی پشووی سیمیناری بەڕێز دوكتۆر نوری تاڵەبانی دا، چوومە خزمەت مامە قالە و بۆ دڵنیا بوونی یەكجاری، پرسیارم سەبارەت بە هەمزاغای حەمیدی و مەلا عەبدوڵلای حەسار لێكرد، بەڕێزان كاك سەباحی غالب و كاك خانی هەژاریش لە گەڵماندا وەستابوون، مامە قالە گوتی بە دڵنیایی ئەوانیش لەگەڵدا بوون. گوتم ئایا كەسی دیكەشت لە بیرە؟ گوتی ئەگەر ناوی هەموو خەڵكی بۆكانی ئەندامی ژێكاف ببەین دەبێتە قامووسێك! بۆنموونە باوكیشت لەگەڵدا بوو. ئەوەم پێ سەیر هات و پرسیم ئایا باوكی جەنابتان یا باوكی من؟ گوتیان باوكی تۆ - میرزا عەبدوڵلا(٨) و دەزانم كێ سوێندیشی دا، مامۆستا هەژار سوێندی دا، حەمە ساڵحی حاجی سوورەی ئامۆزای باوكیشت(٩) هەر سوێندی خواردبوو، باوكی منیش(واتە باوكی مامەقالە) سوێنی خواردبوو.

من پێشتر بە هەواڵی چالاکییەکی وا بەربڵاوی کۆمەڵەی ژێکافم نەزانیبوو و لام وابوو ڕێکخراوەیەکی نهێنیی ئەوتۆ بووە کە ژمارەی ئەندامان گەیشتبێتە سەد یا دووسەد کەس، بەڵام لە قسەکانی مامەقالە وا دەردەکەوێت کە ئەگەر ئەندامانی چالاکی ڕێکخراوەکە هەر ئەو ژمارانەش بووبێتن، بە باشی ڕەگی لە ناو کۆمەڵانی بەرینی خەڵکدا داکوتاوە و لایەنگرییەکی زۆری لێکراوە، بە ڕەسمی سەردەمیش سوێندخواردن لە جیاتی پڕکردنەوەی فۆڕمی ئەندامەتی بووە.

ڕۆژی یەکشەممە ٢٦ - ٠٢ - ٢٠٠٦ تەلەفۆنم بۆ دایکم ئامینەخانمی محەممەدیان کرد کە لە لە بۆکان دەژیت.(١٠) پرسیاری ئەندامەتی باوکم لە کۆمەڵەدا ئاراستەی خزمەتی کرد، لە وەڵامدا گوتی هیچ ئاگایەکم لەم مەسەلەیە نییە، باوکت زۆر کەم قسەبوو و شتی وای لای کەس نەدەدرکاند.

لە مەسەلەی ژمارەی زۆری ئەندامان یا سوێند خواردنی کۆمەڵە نەمدەتوانی دڵنیا بم و بیرم لەوە دەکردەوە وا هەیە مامە قالە مەسەلەی کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی لێ شێوابێت، واتە ئەوانەی سوێندیان خواردووە بۆ حیزبی دیموکراتیان خواردبێت نەک بۆ کۆمەڵە.

ڕۆژی سێ شەممە ٧ - ٠٣ - ٢٠٠٦، بە تەلەفۆن سەرلەنوێ زەحمەتم دایە بەر مامەقالە و پرسیارەکەم ئاراستە کرد، لە وەڵامدا گوتی نەخێر، سوێندەکان تەنیا بۆ کۆمەڵەی ژێکاف خوراون - کە ڕێکخراوەیەکی نهێنی بوو، دەنا حیزبی دیموکرات سوێندخواردنی تێدا نەبوو، لەبەر ئەوەی حزبێکی ئاشکرا بوو. مەسەلەی ئەندامەتی باوکیشم لێ پرسیەوە، گوتی بەڵێ وابوو، من باوکت و ئامینە خانمی خیزانیم دەناسی و لە ڕێگەی ماڵی «هۆشمەند»ەوە لە سەقز پێوەندیم هەبوو.(١١)

لێرەدا، من نوسخەی ئەم وتارەم لە ڕێگەی برای بەڕێزم کاک هاشم کەریمی یەوە ناردە خزمەت مامەقالە بۆ ئەوەی هەرچەشنە ساغکردنەوە یا خود زیاد و کەم یان بۆچوونێکی هەبوو بیخاتە دەم وتارەکەی من، بۆ ئەم کارەش سپاسی زۆری دەکەم.

یادداشتی بەڕێز مامەقالەی دەبباغی:

«بەڕێز و خۆشەویستم کاک ئەنوەر سوڵتانی

لەوەیکە هەستێکی نیشتمانپەرەوەری و نەتەوایەتی سەرنجی ڕاکێشاوی، هۆیەکی دڵشادی یە و، هیوام وایە بەو مەبەستە پڕ بایەخە درێژە بدەی، لە وەڵامی پرسارەکان بە کورتی و بە کوردی عەرزت بکەم:

١- کۆمەڵەی ژێکاف، خزمەتە بەنرخ و هەرگیز لەبیرنەچووەکەی بە کوردایەتی لە هەلومەرجێ دامەزرا کە بۆ بەرەی ئێستای

کورد «قەبوڵ کردن»ەکەی زەحمەتە و پێویستی بە شیکردنەوەیەکی تایبەتی هەیە. بەڵام بەش بەحاڵی خۆم ناتوانم خزمەتە بەنرخەکانی تایفەی ئێلخانی بەتایبەتی حاجی رەحمان ئاغا، قاسم ئاغا و کاک ئەبوبەکر لە ماڵی حاجی بایزئاغا و، حاجی سمایل ئاغا، حەمەدەمین ئاغا و جەعفەرئاغا لە ماڵی مەحمودئاغا هەرگیز لە بیر بکەم، کە بۆ پەرەپێدانی ئامانجی کۆمەڵە ڕەنجیان کێشاوە.

٢- ئێمە (کۆمیتەی ناوەندی بۆکان) کۆمەڵانی خەڵکمان بەم شێوەیە دابەش کردبوو:

١- سوێندخۆران

٢- پڕباوەڕان

٣- بێ لایەنەکان.

سوێندخۆران، جێگەی متمانە و ئامادەی گشت کارێ بوون (بە پێی توانا)؛ پڕ باوەڕان، زیاتر موریدانی بنەماڵەی پیرۆزی سەید تەها و شێخی شەهید (شێخ عەبدولقادری شەمزینی) بوون، کە بە غەوسی سانی سوێندیان پێ دەخورا؛ بێ لایەنەکانیش زیاتر کاسبکاری بازاڕ بوون بەڵام جێگەی مەترسی نەبوون. چونکە لەو سەردەمەدا جاسووس بە شۆڤار ناودەبرا و کارێکی بێزراو بوو. وەک عەرزم کردیت کەش و هەوای لەبار و زوڵم و زۆریی پەهلەوی بەڕادەیەک لەبەرچاو بوو، کە هەر کوردێکی پاک بەڕاستی تامەزرۆی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بوو.

٣- شێعرەکەی بەهەشتی مامۆستا هەژار، سەبارەت بە قازی کاکەحەمە و مەلا ئەمجەد و مەلا عەوڵا و ئەو چاخانە کە بڕێ شەوێ دادەنیشتن، ئەو مەجلیسە جگە لەو سێ کەسە بەهەشتییان میرزا موستەفا موفتەدیری و جاروبار میرزا عەبدولکەریم هەمزەیی و حوسەینە سووری خەیات و... چەند کەسێکی دیکە بوون و قاوەچییەکەش (حەمە حوسەینی خات سافیە) کە دەنگە خۆشە بێ وێنەکەی بەڕاستی بێ وێنە بوو. سەرەڕای ئەوانە لەو سەردەمەدا ڕۆژانە سەدان کەس سەردەشتیی و بانەیی و سەقزیی و پێنجوێنیی و سلێمانییەیی دەهاتنە بۆکان و شەوانە، دەوروبەری حەوزە گەورە جێژوان و سەیرانگایان بوو، دوای نیوەشەو کە قاوەخانە دادەخرا، دەنگخۆشانی وەک : عەلی کاک حوسەین و سەید عەفوور و... تا مەلابانگدان بە کووچە و کۆڵاندا دەگەڕان و گۆرانیان دەگوت. بەڵام ڕەنجی خەساری ئەوان ئەوەبوو کە پاش گەڕانەوەیان قازی و قزڵجی و مەلا ڕیش تەواو خۆپارێز و مات و دوورەپەرێز بوون و مەلا ئەمجەد لە داخ و حەسرەتی ڕووخانی کۆماری ئازیز و پێشەوای زانا و خۆشەویست و بەهەشتی ئاغای سەیف(حەسەنی سەیفولقوزات) کە وەک مورشیدی بوو لە ژین بێزار و بێ هیوا و، بێ هۆمێدانە دەژیا.

ئەوە شینەکەی (مەلا ئەمجەد بۆ) ئاغای سەیف و وەرگێڕاوی چوارینە عەرەبییەکەیم بۆ نووسی (کە پێشتر بە تەلەفۆن



سەرچاوە Serchawe

باسم کردبوو) و پێشکەشی دەکەم...

پرسیارەکانت بۆ من زۆرن و برینەکانم دەکولێننەوە، بۆیە بەو کورتە وەڵامە قنیاتم کرد و ئەگەر تەمەن مەودا بدا و هەلم بۆ هەڵکەوێ، دیسان هەڵەسوون دێننمەوە».(١٢)

هەر بژیت بە شادی، عەبدولقادری دەبباغی (ئیمزا) ١- ٢ - ٨٥ (٢٢ - ٠٤ - ٢٠٠٦)

وەک لە یادداشتەکەی بەڕێز مامەقالە دەردەکەوێت، جەنابی هەموو ئەو ٧ لاپەڕە نووسراوەی منی بینیوە و خوێندوویەتەوە و ئەو بابەتانەی وا لە زمان ئەوەوە نووسیومن کەوتوونەتە بەرچاوی. جا ئەگەر هەموو یا بەشێکی قسەکانی نەداوەتە دواوە و بەرپەرچی نەداوەتەوە دەتوانین بگەینە ئەو ئامانجەی کە من بۆچوونەکانی ئەوم بە بێ هەڵە ڕاگواستووە و هەموویان جێگەی پەسندی ئەون.

بەم پێیە کۆتایی بە وتارەکە دەهێنم و زۆر سوپاسی جەنابی مامەقالە، کاک هاشمی کەریمی و هەروەها کاک «س. چ. هێرش» سەرنووسەری گۆڤار و سایتی گزینگ دەکەم کە وتارێکی گەلێک بە ڕێ و جێی لەمەڕ (ناوی ڕاستەقینەی نووسەر و ئەندامانی کۆمەڵەی ژ.ک) لە سایتەکەیدا بڵاوکردەوە، وتاری کاک هێرش لە بابەتی ئەندامانی ژ - ک لە گۆڤاری «نیشتمان» دا نووسرابوو.

مامەقالە هاوڕێ لەگەڵ یادداشتەکانیدا، پارچەیەک شێعری کوردی نەمر مەلا ئەمجەی عوسمانی، وێڕای چوارینەیەکی عەرەبی و وەرگێڕاوی کوردی هەمان چوارینە لەلایەن مەلا ئەمجەدەوە بۆ ناردبووم، گەرچی نازانم چوارینە عەرەبییەکە هی چ شاعیرێکە، بەڵام وەرگێڕاوە کوردییەکەی مەلا ئەمجەد لەوپەڕی ڕازاوەییدایە و من لێرەدا هەرسێ پارچە شێعرەکە دەهێنمەوە:

یەکەم: شینی ئاغای سەیف

وەرن هاوارە کوردان! شینی (...؟) گەورە قەوماوە
چرای وەک حەزرەتی سەیفولقوزات هەر لێمە کوژاوە
کە زاتێکی وەک ئاغای سەیف وەفاتی کرد، بە مەعلوومی
بناغەی دین و زانین نەقسی هێنا، پاکی رووخاوە
نەمانی پیاوی گەورە پشت شکێنی میللەت و دینە

لە دنیادا کە مەعلوومە (کە) هەر پیاوێ بە سەد پیاوە
بە فەوتی پیاوی وا ناقیس دەکا حەق ئەم کورەی خاکە
بۆ خۆی فەرموویە (ناتی الارض تنقسها) لە هەرلاوە
بە نووسین وەسفی چاکەی ئەو تەواو نابێ بە تۆ «ئەمجەد»!
ئەگەر سەد دەفتەری گەورە بنووسی و بەیت و ئینشاوە
وجوودی ئەو کەسانەی لێی بەجێ ماون سەلامەت بێ
بەڵێ دنیا بەقای بۆ کەس نەبووە و نابێ لەمەو دواوە
هەزار رەحمەت لە جێگە و مەرقەدی ئەو بێ هەتا مەحشەر
بۆ ئەو ئەولادە چاکانە و بۆ تەرتیباتێ رۆی ناوە
بەڵێ، بابی وەها ئەڵبەت، دەبێ ئەولادی وای لێ بێ
لە جێگەی پیاوی چاک، چاکتر لەوانە کوا بە جێ ماوە؟
غروبی حەوتی بەهمەن١٣ ڕۆحی پاکی ڕۆیی بۆ جەننەت
غروبی ڕۆژ هەمیشە بۆ بەشەر تاریکی هێناوە
بە خوێنی چاوی کوردان نوقتەداربوو حەرفی تاریخی
لە پاش ئەو عەیشی کوردان بو بەغەم، ئازاری بۆ ماوە

٧ - ١١ - ١٣٢٣ (٢٧ - ١ - ١٩٤٥)١٤

**دووهەم**: چوارینەی عەرەبی

ذکرتک و الرماح نواهل
منی و بیض الهند تقطرمن دمی
وددت تقبیل السیوف لانها
لمست کبارق ثغر المتبسم ١٥

**سێهەم**: وەرگێڕاوی کوردی چوارینەکە

کە نووکی ڕم لە مەیدانا لە سینەم چەسپ و جێگیربوو
کە قەترەی خوێنی من دەتکا لە شمشیر، یادی تۆم بیر بوو
وەکو بەرقی ددانی پێکەنینت شوعلەیەک لێی دام
تەواو پێم خۆشبوو ماچی کەم، کە ڕوانیم بەرقی شمشیر بوو



سەرچاوە Serchawe

پەراوێزەکان:

١) شەوانە لە بۆکان لە بن دیواری قاوەخانەیەک بەرانبەر بە حەوز، دەگەڵ «قازی کاکە حەمە» و «حەسەنی قزڵجی» و «مەلا ئەمجەدی قەڵایە» و «مەلا عەوڵای حەساری» تا نیوە شەو مەجلیسمان دەگرت، کە زۆر یادگارێکی خۆشە و لە بیر ناکرێ...» (هەژار، چێشتی مجێور، ل ٨٤)

٢) «هە رلە سیتەک، قازی کاکە حەمەی بۆکانیشمان هاتە لا، لە ئێران ڕای کردبوو. تەواو پێی حەسابینەوە. زۆر زانا و قسەخۆش، تا خواش حەزکا ترسەنۆک. بەگشتی، بەرەماڵەی قزڵجی هەر سەریان لە هێلکە جولایەوە عالمن، هەموویان زیرەکی بێ هاوتان...» (هەمان.، ل ١٠٧)

٣) من خۆم ئەو ڕۆژەم لە بیرە کە »مامە قازی» و خوالێخۆشبوو مەلا سدیقی قزڵجی (گرۆێ) گەڕانەوە بۆکان. ئێمە منداڵ بووین و لەگەڵ کوڕانی خاڵمدا لە حەوش و بەردەرگای ماڵی قازی کایەمان دەکرد. ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی جەژن وابوو.

٤) گوند و دێهستانی تورجان لە ساڵی ١٩٦٣ (١٣٤٢) لە بۆکان جیا کرایەوە و کەوتە سەر سەقز من ئەوەدەم مامۆستای گوندی «باغڵووجە» بووم و منیش لە بۆکانەوە کەوتمە بەشی سەقز لە ئوستانی کوردستان.

٥) چێشتی مجێور، هەژار، ل ١٠٣.

٦) هەمان، ل ٤١ ، ٨٥ ، ١٠٣.

٧) هەمان، ل ٨٥.

٨) باوکم ناوی میرزا عەبدوڵڵای حاجی ئەحمەدی خەیات بوو لە بەهاری ساڵی ١٣٤٦ (١٩٦٧)دا لە تەمەنی ٥٣ ساڵی کۆچی دوایی کرد و لە نزیک گومبەزی سەردار لە بۆکان بە خاک سپێرا. وابزانم عەجەمی دەسەڵاتدار هەموو شوێنی گۆڕستانەکەیان کردە پارک و گڵکۆی مردووەکانیان لە ناو برد. بەوەیدا کە لە ڕۆژی گیرانی حاجی محەمەدی شاقوڵی لە ساڵی ١٣٣٣ گەلێک لە خۆی دەترسا و لە دوای ڕاپەڕینی شکۆداری ساڵی ١٣٣٢ش لە لایەن نۆکەر و گزیری ئاغاکانی بۆکانەوە هەڕەشەی گیرانی لێکرابوو، بۆچوونەکەی مامە قالە بە ڕاست دەگەڕێت.

٩) مەرحوومی حاجی محەمەد ساڵحی محەمەدی کوڕی حەبیبوڵڵای ناسراو بە حاجی سوورە، گەورە پیاوی تایفەی ئێمە و مرۆڤێکی تێگەیشتووی بە مشوور بوو.

١٠) بەداخەوە دایکم سەعات 8ی ئێوارەی ڕۆژی سێ شەممە ١٥- ٠٣ - ٢٠٠٦ و ئێوارەی ساڵرۆژی هەڵەبجە لە ماڵی خۆی لە بۆکان کۆچی دوایی کرد و من جارێکی دیکەش هەتیو مامەوە، یادی بەخێر بێت.

١١) هۆشمەندەکانی سەقز خوشکەزای دایکمن.

١٢) لە یادداشتەکەی بەڕێز مامەقالەدا ناوی چەند کەسێک هاتووە کە پێم باشە زانیارییەکیان لە سەر بنووسم:

- میرزا مستەفای موفتەدیر، باوکی کاک عەزیزی موفتەدیری بوو کە لە بۆکان مامۆستای قوتابخانە بوو. درەنگتر ماڵی چوو بۆ تاران. میرزا ساڵەش برای میرزا مستەفا بووە.



سەرچاوە Serchawe

- میرزا عەبدولكەریمی خات شەوكەوت (هەمزەیی) بازرگانێكی دەوڵەمەندی بۆكان بـوو. مامۆستا هەژار لە لاپەڕەی ٤٠ و ٤١ ی (چێشتی مجێور) دا باسی ئەوە دەكات كە میرزا عەبدولكەریم پارەی بە قەرز داوەتێ و ئەویش قازانج بە نیوەیی كاسپی پێوە كردووە.

- حوسەینە سووری خەیات، كوڕی كوێخا كوێرەی كوێخای سەردارەكانی بۆكان بوو، كوڕێكی نابینا بەڵام قسەخۆشی هەیە بە ناوی مەلا رەحمان. ماڵی حوسەینە سوور لە تەنیشت ماڵی «كامەلایی» و «حاجی بابەخانی كەریمی» بوو، خەیاتی دەكرد و وابزانم لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٣٢(١٩٥٣) دا لەگەڵ ڕاپەڕیوەكانی شار بوو.

- حەمە حوسەینی خات سافیە (رەوشەن فیكر) قاوەچی بوو، قاوەخانەكەی ڕووبەڕووی حەوزی گەورە و خورێنك بوو لەو ساڵانەدا. كا حەمە حوسەین دەنگخۆش و گۆرانیبێژیش بوو و دەگوترا كە حەسەن زیرەك هەندێ گۆرانی لەو فێر بووە، لە دەوروبەری ساڵی ١٣٥٢(١٩٧٣) دا لە بۆكان كۆچی دوایی كرد. كاك حەسەنی كوڕی برینپێچ بوو لە دەوروبەری نەغەدە و پیرانشار.

- بەداخەوە لەمەڕ «عەلی كا حوسەین» و «سەید غەفوور» هیچ نازانم. لە كۆتاییدا ئەوە بڵێم كە لە ناو دەستنووسی برای مەلا ئەمجەدی عوسمانی دا، دوو پارچە شێعری درێژی مەرحوومی مەلا ئەمجەدم دۆزیوەتەوە و بە تەمام لەگەڵ وتارێكدا بڵاویان بكەمەوە. هەر دوو شێعرەكە سیاسین و یەكیان ئەوەیە كە نەمر كەریمی حیسامی لە بیرەوەرییەكانی (ل ١٥٤ی بەرگی یەكەم) دا باسی لێوە دەكات. هەمان كەشكۆڵ پارچەشێعرێكی قازی كاكە حەمەی قزڵجیشی تێدایە كە بۆ مەرگی سەیفولقوزاتی گوتووە و ئەویش بڵاودەكەمەوە.

١٣) مانگی بەهمەنی ئێرانی بەرانبەرە لەگەڵ مانگی ڕێبەندانی كوردی.

١٤) بەم پێیە، دەبێ نەمر سەیفولقوزات 5 ڕۆژ دوای ڕێبەندان كۆچی دوایی كردبێت و سەردەمی سەرووەری كوردی بە ڕێبەرایەتی پێشەوا قازی محەممەدی برازای خۆی نەبینیبێت.

١٥) ناوی شاعیری شێعرە عەرەبییەكە نەزاندرا.

**سەرچاوەكان:**


- هەژار، چێشتی مجێور، ئامادەكردنی خانی شەرەفكەندی، چاپی یەكەم، پاریس ١٩٩٧.
- كەریمی حسامی، لە بیرەوەریەكانم، بەرگی یەكەم، لە منداڵیەوە تا ساڵی ١٩٥٧، وەشانێن ژینا نوێ، سوید ١٩٨٦.
- س. چ. هێرش، ناساندنی نێوی ڕاسەقینەی نووسەر و ئەندامانی كۆمەڵەی ژ- ك لە گۆڤاری نیشتمان دا، دیسامبری ٢٠٠٥.
- دەستنووسی كەشكۆڵی مەلا بابەوەیسی عوسمانی كە لە لای كاك حەسەنی قازی پارێزراوە و بەسپاسەوە ئێستا لە بەردەستی مندایە.

ئەم بابەتە بۆ یەکەم جار لە ماڵپەڕی گزینگ دا بڵاو بۆتەوە.

www.gzing.org

بە سپاسی زۆرەوە بۆ بەرز کاک هێرش - سەرنووسەری ماڵپەڕی کە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی بۆکان - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠٠٦

----------------------------------------------------

## لە پەراوێزی بەپاشکۆبوونی پرسی کورد بە کێشەی دیمۆکراسی لە ئێران



**شەماڵ کاوە**

با ئێمە لە "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد"وە دەست پێبکەین. کۆمەڵەی ژێکاف لەسەر ویستی سەربەخۆیی و بڕوا بە کوردستانی گەورە دامەزرابوو. بەڵام بە پێچەوانەی هەندێ بۆچوون، ژێکاڤ بۆ ئەو مەبەستە خاوەنی بەرنامەیەکی ڕۆشن و گەڵاڵەکراو نەبوو. بەرنامە و هەولی کۆمەڵەی ژێکاف لە ژێرتاوی خوێندنەوەیەک لە بارودۆخی جیهانیدا بوو کە تایبەتی نێوان دوو شەڕی جیهانی بوو؛ تەفسیرێک لە مافی دیاریکردنی چارەنووس کە بۆ ئەو کات، تەفسیرێکی خۆشبینانە و تا ڕادەیەکی زۆر نابابەتیانە بوو.

لەو تەفسیرە لە بارودۆخی جیهان، ژێکاڤ، بە گوێرەی ئەزموونەکانی هەندێ نەتەوە و وڵاتی دیکە، پێی وابوو کێشە نەتەوەییی کورد دەتوانێ لە چوارچێوەی هەندێ پەیمان و یاسای نێونەتەوەیی لە مەڕ مافی دیاریکردنی چارەنووسدا چارەسەر بێت. بە مانایەک کۆمەڵە کەمتر سەرنجی ئابستراکتبوونی ئەو مافەی دابوو و، لە کردەوەدا تا ڕادەیەکی زۆر هیوای بە سیاسەتی دۆخێک بوو کە هەندێ جار بە قۆناغی ویلسۆن ناوزەد کراوە، دۆخێک کە لە ڕاستیدا لەسەربەندی

چالاكییەكانی ژێكاف بە كۆتایی خۆی گەیشتبوو و بەر لەمەش هیچ بەرهەمێكی بۆ نەتەوە بێدەوڵەتەكان لێ نەكەوتبووەوە. بۆ ئەو مەبەستە كافییە سەیرێكی ناوەرۆك و ئەنجامەكانی پرینسیپە چواردە خاڵییەكەی ویلسن بكەین كە ڕەنگبێ باشترین هێمای ئە قۆناغە بێت. ویلسن لەو خاڵانەدا باسی چەمكی مافی دیاریكردنی چارەنووسی ناكات، بەڵكو باسی دوو چەشنە تەفسیری ناوەكی و دەرەكی لەو مافە دەكا. لایەنی ناوەكی باسەكەی بریتییە لەوە كە هەموو خەڵكێك دەبێ سەربەست بن لە دیاریكردنی شێوەی حكومەت و دەوڵەتی خۆیاندا، بەبێ ئەوەی گوشاری ولاتانی دەرەكیان لەسەر بێت. ئەو لایەنە ناسی دەستێوەرنەدانی ولاتانی بیانییە. لایەنی دەرەكی كە هەڵبەت ویلسن خۆی زۆر بە دەگمەن باسی لێوە دەكا، پێوەندی بە مافی پێكهێنانی دەوڵەتی تازەوە هەبوو. هەر بۆیەش وەك زۆر كەس ئاماژەی پێدەكەن، ئەو مافە بۆ ویلسن مافێكی ڕەها نەبوو و زیاتر مەبەست دابینكردنی مافێكی ناوەكی بوو بۆ پاراستنی ئاشتی. هەر وەك دەشزانین، تا ساڵی ١٩٦٠ و گونجاندنی خاڵێك سەبارەت بە مافی وڵاتانی كۆلۆنیكراو، هیچ مادەیەك كە بە ڕاشكاوی باسی مافی پێكهێنانی دەوڵەتی نوێ بكات، نەكەوتە ناو پەیمان یان گرێبەستە نێونەتەوەییەكان.

كە وایە ئێمە دەتوانین بڵێین كە لێكدانەوەی كۆمەڵەی ژێكاف لە بارودۆخی ئەو سەردەم، لێكدانەوەیەكی بابەتیانە نەبوو. ئەوە بەو مانایە نییە كە هەڵگرتنی درووشمی سەربەخۆیی درووست نەبوو، بەڵكو لێرەدا تەئكیدی من لەسەر ئەوەیە كە ئەو درووشمە بەر لەوەی ئەنجامی لەباربوون یان ئەنجامی شیكارییەكی فكری و سیاسی بێت، ئەنجامی خوێندەوەیەكی هەڵە بوو لە بارودۆخەكە. ئەوە ئەنجامی بۆرە خۆشبینییەیەكی كۆمەڵە بوو بە ئینگلستان و دواتریش بە سۆڤیەت؛ ئەوە ئەنجامی تێگەیشتنی كۆمەڵە لە چەمكی شارستانیەت و هەروەها تەگەرەكانی سەر ڕێگای دەوڵەتێكی سەربەخۆ بوو. واتە لە ڕووی ئاستی مومكینبوونی سیاسەتەكە، سەربەخۆیی نە بنەمایەكی چاوێنی هەبوو و نە زەمینەی بەدیهاتنیشی لە بارتر بوو لە خودموختاری. هەر بۆیەش ئێمە دەتوانین بڵێین كە داواكاری سەربەخۆیی ژێكاڤ بەر لەوەی ئەنجامی هەڵسەنگاندنێكی بابەتی بارودۆخی سیاسی بێت، ئەنجامی ویست و خەون و ئارەزووەكانی ئێلیتێكی سیاسی بوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێكەوتی: مانگی جانێویری ٢٠٠٧

-----------------------------------------------

## ژێ - کاف ، مێژوو، بیرو بۆچوون و ئامانجەکانی



حوسێنی زێڕینگەران (فرووهەر) یەکەم سەرۆکی کۆمەڵەی ژێ.کاف، لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان

### ژێ.کاف، مێژوو، بیر و بۆچوون و ئامانجەکانی

گۆڤاری دوومانگانەی ڕوانگە کە لە لایەن کۆمەڵێک لە خوێندکارانی کوردی زانستە پزیشکییەکانی زانکۆی تەورێز دەردەچوو لە ژمارەی ١١ی خۆیدا (ڕەزبەری ١٣٨١ی هەتاوی - ئۆکتۆبری ٢٠٠٢ی زایینی) هاوپرسەکییەکی لە گەڵ مەنافی کەریمی لە ئەندامە پلە بەرزەکانی حکوومەتی کوردستان، سەعیدی همایوون ئەندامی دەفتەری پێشەوا قازی محەمەد و لێکۆلەرەوەی کورد سەید محەمەدی سەمەدی سەبارەت بە کارو چالاکی کۆمەڵەی ژیانی کورد بڵاو کردووتەوە. ئەو زانیارییانەی لەو هاوپرسەکییە دا باس کراون، هێندێکیان بۆ یەکەم جار هاتوونەتە گۆڕێ و لە هیچ سەرچاوەیەکی نووسراو دا پێشتر باسیان لێوە نەکراوە، بۆ ئاگاداری هۆگرانی مێژووی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێک لەو هاوپرسەکییە جارێکی دیکە لە وێبنووسی ڕوانگە دا بڵاو دەکەینەوە.

مەنافی کەریمی لە ٣١ - ٧ - ٢٠٠٣ و سەعیدی همایوون لە ٢١ - ٥ - ٢٠٠٤ ماڵاواییان لە ژیان کردووە بەشێک لە بیرەوەرییەکانی مەنافی کەریمی لە پاڵ بیرەوەرییەکانی سەعیدی هۆمایوون "پیشوای بیداری خاطرات سعید همایون بە کوشش هاشم سلیمی" دا لە ساڵی ٢٠٠٤ لە لایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس لە هەولێر بە زمانی فارسی بڵاو کراوەتەوە.

"بە مەبەستی ڕوون کردنەوەی هێندێک پرس و لایەنی تاریک و نادیاری کۆمەڵەی ژێ - کاف لە ڕێکەوتی ٩ - ٦ - ٨١ لە

شاری مەهاباد زێدی ژێ - کاف مێزگردێکمان پێک هێنا و تێکۆشاین بۆ تێگەیشتن بەو ئامانجەی کە لە پێش دا باسمان کرد، جەخت بخەینە سەر چەن پرسیاری مێژوویی لەو بارەیەوە کە بە تایبەت تا ئێستا وڵامێکی ئەوتۆیان بۆ نەدۆزراوەتەوە. ئەو هەوڵەش سەرەڕای هەموو کەم و کووڕییەکانی بە کارێکی ناتەواو دەزانین کە شیاوی ڕەخنە و ڕاوەیەکی زۆرترە. مێز گردەکەمان بە ئامادە بوونی ئەو چەن ئازیزە پێک هێنا کە لێرەدا جێگای خۆیەتی سپاسی بەشدارییان بکەین و ماندوو نەبوونیان پێبڵێین.

**میرزا مەنافی کەریمی** - ئەندامی کۆنی ژێ کاف و وەزیری فەرهەنگی کۆماری کوردستان (١٩٤٦)

**سەعیدخانی هومایوون** - ئەندامی کۆنی ژێ.کاف و ئاجودانی پێشەوا قازی محەمەد

**سەید موحەممەدی سەمەدی** - مێژوونووس و توێژکار کە زۆر کاری مێژوویی لە سەر کۆمەڵەی ژێ.کاف و کۆماری کوردستان ئەنجام داوە.

**ڕوانگە**: وەک یەکەم پرسیار،لە کاک مەناف دەپرسین چۆن و لە چ کاتێکدا بوونە ئەندامی ژێ.کاف؟

**کەریمی**: ئەمن لە بازاڕ دا دراوسێی حوجرەی حاجی ساڵحی شاتری بووم. "زەبیحی" ش وەک شاگرد لە حوجرەی حاجی دا کاری دەکرد.هەموو ڕۆژێ پاش تەواو بوونی کار لە پێش دەرکی دووکان دا دادەنیشتین و قسەمان دەکرد. ڕۆژێکی زەبیحی پێی گوتم، ئەگەر ئەمن ئەتۆ بەرم بۆ جێگایەک لە گەڵم دێی؟ ئەمنیش لە وەڵام دا گوتم، ئێمە هەموو ڕۆژێ پێکەوەین، بۆ ئەو جێگایەش لە خزمەتت دام. گوتی بە مەرجێک بە کەس نەڵێی و هەر بەیەکەوەش بچین. سەرئەنجام لە ڕۆژی دیاریکراو دا ڕۆیشتین و لە چەن کۆڵانان تێپەڕین هەتا گەیشتینە کۆڵانێکی بەرتەسک و لەماڵێک وەژوور کەوتین. زانیم کە ماڵی حوسێنی فروهێرە.پاش وەی کە دانیشتین،زەبیحی گوتی، ئەو جێگایەی دەمگوت ئێرەیە.ئێمە چەن نەفەرێکین کە ماوەیەکە حیزبێکمان داناوە، پێمان خۆشە ئەتۆش لە گەڵمان بی و پاشان کورتەیەکی سەبارەت بە حیزبەکەیان بۆ باس کردم. زۆریشی جەخت لە سەر کاری نهێنی و باس نەکردنی ڕووداوی ئەو ڕۆژە کرد. لە وەڵام دا گوتم: ئەمن زۆر لەو جۆرە مەسەلانە ئاگادار نیم، بەڵام چونکە هەمیشە لە گەڵتم،لە حیزبەکەشدا هەر لە گەڵت دەبم. زەبیحی گوتی، زۆر باشە، بەڵام ئێمە تەشریفات و مەراسیمێکمان هەیە کە ئەتۆ دەبێ بۆ هاتن بۆ نێو ئەو حیزبە بە جێیان بێنی. بەڵێ، هەستاین چووینە دیوێکی دیکە کە مێزێکی لێ بوو و لە سەر مێزەکەش قورئانێک و چەن لاپەڕە کاغەزی لێ داندرابوو.زەبیحی گوتی بەو قورئانە سوێند بخۆ کە تا دوایین دڵۆپی خوێن بە بیر و بڕوای ئەم حیزبە وەفادار بی و قەت خەیانەت نەکەی و سوڕی حیزبیش بە کەس نەڵێی. ئەمن ئەو کارانەم هەموو کرد و لە پاشان هاتینەوە دیوەکەی دیکە و فروهێر و کەسێکی دیکەش کە نێوەکەیم لە بیر نەماوە، هاتن دانیشتن و چامان خواردەوە. پاشان فروهێر گوتی، ئەمڕۆ ئەتۆ بە ڕەسمی بوویە

ئەندامی حیزبی ئێمە و ناوی نهێنیت ئاریا یە و ژمارەکەشت "٢١" ە کە وابوو بووم بە "ئاریا - ٢١". ئەو جۆرەی لە بیرم بێ ئەو جەرەیانە لە سەرەتای ساڵی ١٣٢٢ دا بوو.

**ڕوانگە:** کاک سەعید نێوی نهێنی و ژمارەی ئەندامەتی ئێوە چەند بوو؟ کێ بە کۆمەڵەی ناساندن؟

**هومایوون:** ژمارەی ئەندامەتیم لە بیر نەماوە. بەڵام نێوە نهێنییەکەم ئاگر بوو. نێوی ڕەحیمی سەیفی قازی ش هۆگر بوو. ناشزانم کێ بە کۆمەڵەی ناساندین. بەڵام لە بیرمە لەگەڵ ڕەحیم ئاغا لەو ماڵەی کە ئێستا کوڕی میرزا قادری کەریمی تێدایە و لە کن ئیدارەی موخابەراتە، سوێندمان خوارد.

**ڕوانگە:** تاقمێک پێیان وایە کە ژێ - کاف، لقی مەهابادی حیزبی هیوا بووە.هەڵبەت لە یادداشتەکانی مەلا قادری مودەڕیسی کە یەکێک لە دامەزرێنەرانی ژێ - کاف بووە، ئەو شتە حاشای لێکراوە، ڕای ئێوە چییە؟

**سەمەدی:** دەبێ لە پێشدا ئەوەتان عەرز کەم کە ئەگەر ئەمن شتێکم لەو بارەیەوە نووسیوە لە سەر بنەمای یادداشتەکانی خوالێخۆشبوو مەلا قادری مودەڕیسی و قسەکانی خوالێخۆشبوو سەدیقی حەیدەری و ئەو ئازیزانەیە کە ئێستا تەشریفیان لێرەیە. من لە ساڵی ١٣٦٠ هەستم بەوە کرد کە لە کتێبخانەی کوردیدا، سەبارەت بەو مەسەلەیە بۆشاییەکی گەورە هەیە و ئەگەر لە زانیاری ئەو کەسانەی کە ئەندام یا دامەزرێنەری ژێ.کاف بوون و ئەو دەم هەر مابوون، کەلک وەرنەگرین، ئەو دەرفەتە بە فیرۆ دەچێ و پێوەندی ئێمە لە گەڵ ئەو سەردەمە بە تەواوی دەپچڕێ.بۆیە لەو بارەیەوە هەوڵم دا و بە تایبەت زۆر جاران بە خزمەت مەلا قادر گەیشتم و کەلکم لێ وەرگرت. ئەو نامیلکە نیوەچڵ و کرچ و کاڵەی کە لە ساڵی ١٣٦٠ دا نووسیم، تەنیا بە مەبەستی زیندوو کردنەوە و پەرەپێدانی ئەو باسە بوو.

لە وڵامی پرسیارەکەتاندا، دەبێ بڵێم بە پێی یادداشتەکان و قسەکانی مەلا قادر، گۆیا ئەو چەن کەسەی لە عێراقەوە هاتبوون (میر حاج، خۆشناو و...) زۆریان پێخۆش بووە کە ئەو شتەی لێرە پێک دێ سەر بە حیزبی هیوا بێ، بەڵام دامەزرێنەرانی ژێ.کاف دژ بەو بۆچوونە بوونە و پێیان وابوو دەبێ سەربەخۆ بن و لە هەمان کاتیشدا، کەلک لە ئەزموونەکانی وان وەرگرن، چونکە بە بڕوای وان ئەو بار و دۆخەی کە لێرە هەیە، لە گەڵ عێراق جیاوازی زۆرە.

**ڕوانگە:** لە ژمارەکانی سەرەتایی گۆڤاری نیشتمان دا، دروشمی "بژی سەرۆک" دەبینرێ. مەبەستی ئەو دروشمە کێ بووە؟

**کەریمی:** سەرۆکی کۆمەڵەی ژێ.کاف حوسێنی فروهێر بوو، بەڵام مەبەستی ئەو دروشمە ئەو نەبووە. ئەگەر لە ژمارەکانی دواییدا با، دەکرا بڵێین مەبەست قازی محەمەد بووە... ئەمن هیچ زانیارییەکم سەبارەت بەو مەسەلە نییە.



**مەنافی کەریمی ئەندامی کۆمیتەی نێوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و وەزیری فەرهەنگ لە کۆماری کوردستان دا**

**هومایوون**: ئەمنیش نازانم. ئەو دەم کە بوومە ئەندامی ژێ - کاف فروهێر سەرۆک بوو. بەڵام بەو جۆرەی کە دەیانگوت جێگای نەفەری هەوەڵیان بۆ مەرحوومی قازی بەتاڵ هێشتبۆوە.هەتا ئەو کاتەی کە قازی لە ماڵی مام ئەحمەدی ئیلاهی بە ڕەسمی بوو بە ئەندام و نێوی نهێنی "بینایی"یان بۆ دانا و هەر وەک لە دەرەوە ڕێبەری خەڵک بوو، لە ناو کۆمەڵەش دا بوو بە سەرۆک.

**سەمەدی**: ئەمن ئەو شتەم لە زۆر کەسان پرسیوە،بەڵام جوابێکی ئەتۆم وەدەست نەکەوتووە. تاقمێک دەڵێن ڕەنگە مەبەستی سەرۆکی ژێ - کاف بووبێ.

**ڕوانگە**: هەڵبەت زۆر وێدەچێ کە دانانی مەلا مستەفا بە سەرۆکی ژێ - کاف و هیوا دوور لە راستی بێ. لەو سەردەمە دا مەلا مستەفا هێشتا خاوەنی ئەو کەسێتییە نەبووە کە لە دواییدا ناوی پێ دەرکرد. قورسایی و کەسێتی مەلا مستەفا لە نێو جووڵانەوەی کورددا، زۆرتر لە دوای ڕێپێوانی مێژوویی بۆ سۆڤیەت و پەڕینەوە لە ئاراز و پاشانیش شۆڕشی ئەیلوول کەوتە بەر دەنگ و باس و مێدیای جیهانی. بیری کوردایەتی مەلا مستەفا زۆرتر لە قۆناخی دوورخرانەوەی لە سلێمانی دا و بە هات و چۆ لە گەڵ ڕۆشنبیرانی ئەو شارە دا پێک هات. سەرەڕای ئەوانەش پەیوەندی مەلا مستافا لە گەڵ حیزبی هیوا تەم و مژاوییە. لەو سەردەمە دا مەلا مستەفا زۆرتر بە لایەنگری ئینگلیس دەناسرا، لە کاتێکدا باڵێکی حیزبی هیوا بە تەواوی کۆمۆنیست و لایەنگری سۆڤیەت بوون... هێندێک کەس لە سەر ئەو رایەن کە مەبەستی دروشمی "بژی سەرۆک" ڕەفیق حیلمی بووە. وا وێدەچێ کە ژێ.کاف لە سەرەتادا لە ژێر کاریگەریی حیزبی هیوا دا بووبێ. بەڵام لە دواییدا زێتر سەربەخۆ بووە و تەنانەت لە کوردستانی ئەو دیو لق و سازمانیشی داناوە.

**هومایوون**: ئەمن ئەودەمی قەت نەم نیستووە کە ڕەفیق حیلمی سەرۆکی ژێ - کاف بێ. بەڵام لە بیرمە کە چەن کەس لە حیزبی هیوا وەک کاک میرحاج و کاک مستەفا خۆشناو و... هاتبوونە مەهاباد و لە ماڵێک نزیک نەخۆشخانەی قەدیم دەبوون و بۆ خۆم چەن جار چوومە خزمەتیان.

**ڕوانگە:** لە یادداشتەکانی مەلا قادری مودەریسی دا هاتووە کە کاتێک لە ڕێکەوتی ٢٢ - ٥ - ١٣٢١ وەفدە عێراقییەکە هەوەڵ کۆبوونەوە لە گەڵ وەفدی مەهابادی پێک دێنن، پێیان دەڵێن کە قازی محەمەد پیاوی ژمارە یەکی مەهابادە و پێویستە بەر لە هەموو شتێک لە گەڵ ئەو ڕاڤە بکەن. بەڵام عێراقییەکان دەڵێن؛ نا کارتان بە ئەو نەبێ. - مەلا قادر وای بۆ دەچێ کە قازی لە هاتنی ئەوانە ئاگادارە و تەنانەت ئەو، ئەوانی بە میوانەکان ناساندووە. ئێوە ئەو مەسەلەیە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**کەریمی:** لەو سەردەمە دا هەموو خەڵک دەیانزانی کە حیزبێک بە نێوی کۆمەڵەی ژێ - کاف هەیە و چالاکی دەکات.بەڵام چونکە نهێنی بوو، کەس ئەندامەکانی نەدەناسی. ئەمن بۆ خۆم لە بیرمە چەن جاران لە دانیشتنەکانی حیزبی دا کە باسی مەرحوومی پێشەوا و ئەندامەتی ئەو لە کۆمەڵە دا دەکرا،لە لایەن هێندێک کەس وەک فروهێر و زەبیحی نەختێک موخالەفەت نیشان دەدرا. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە بە هاتنی قازی، ئاڵوگۆڕ بە سەر کۆمەڵە دا دەهات و کار دەکەوتە دەست ئەو.بەڵام تاقمێکی دیکە بوون پێیان وابوو کە قازی خاوەن دەسەڵاتە و نفووزی لە نێو خەڵک دا زۆرە و بە بێ ئەو، ئێمە ناتوانین کارێک بکەین. ئەو باسە لە نێو کۆمەڵە دا هەبوو،

**ڕوانگە:** لە هێندێک سەرچاوە دا، عەزیزی زەندی وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی ژێ - کاف باسی لێوە کراوە. ئێوەچ ڕایەکتان هەیە؟

**کەریمی:** ئەمڕۆکە، زۆرکەس خۆیان بە دامەزرێنەر یان ئەندامی ژێ.کاف لە قەڵەم دەدەن، چونکە ژێ.کاف ڕێکخراوەیەکی نهێنی بوو، قسەکردن لە سەر ڕاست بوون یا درۆ بوونی ئەو ئیدیعایانە کارێکی دژوارە. ئەمن بەش بە حاڵی خۆم قەت عەزیزی زەندیم نەناسیوە و لە هیچ دانیشتنێکی حیزبی دا نەمدیوە. عەزیزی زەندی لە گەڵ حەبیبە زەرد و چەن کەسی تر، مەڕامی کۆمۆنیستییان هەبوو.

**سەمەدی:** ئەمن ئەو بۆچوونانەی ئاغای کەریمیم پێ دروستە و بە ڕاستی جوان بۆ مەسەلەکەی چووە. چونکە بە هەر حاڵ نە تەنیا تەمەنی لە ئێمە زۆرترە، بەڵکوو بۆ خۆی لە ناو جەرگەی مەسەلەکەش دا بووە. ئەمن کە چەن جاران لەگەڵ مەرحوومی مەلا قادر قسەم دەکرد، دەیگوت چونکە ژێ - کاف نهێنی بووە و هەر کەسەی نەفەرێک بە کۆمەڵەی ناساندووە و بۆخۆشی دووکەسی دیکەی هێناوە، پێیان وابووە، هەر ئەوەندە کەسەن و تەنانەت تاقمێک کە سوێندیان خواردووە وەیان زانیوە دامەزرێنەریشن! ویلیام ئیگلتۆن نێوی چەن نەفەر وەک دامەزرێنەر دێنێ. مەلا قادر چەن نەفەری دیکە دەڵێ و لە ئاخریانەشدا، خوالێخۆشبوو دوکتور شیرازی ش پاش وەی کە ئەوانەی کە ئەمن لە زمان مەلا قادری نووسیبووم، ڕەت دەکاتەوە، دیسان و لە سەرڕا هەر ئەوانە دەنووسێتەوە و لە ئاخریش دا نێوی خۆی لە گەڵ دەخا! هەڵبەت هەر وەک جارێکی دیکەش عەرزی جەنابتم کرد، لە نێو ئێمە دا ئەو گرفتە هەیە کە زۆربەی ئەو کەسانەی مێژووی ئەو سەردەمە

دەگێڕنەوە، هەوڵ دەدەن شتەکەی بڕێک بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و دەوری خۆیان گرینگتر نیشان دەن. بە سەرنج دان بە هەمووی ئەوانە. ئەمن ئەو لیستەی ئاغای مودەڕیسیم پێ لە هەموان ڕاست ترە. قەتیش عەزیزی زەندیم بە ئەندامی ژێ - کاف نەزانیوە.

**کەریمی**: دوکتور شیرازی بۆ خۆی قەت ئەندامی ژێ - کاف نەبووە. ئەمن لە هیچ کۆبوونەوە یان جەلەسەیەکی حیزبی دا نەمدیوە. شیرازی مونشی فروهێر بوو. فروهێر کارمەندی دارایی بوو. ئەو دەم چونکە قەند و شەکر گران بوو، فروهێر و سێ چوار نەفەری دیکە تەشکیلاتێکیان ساخ کردبوو و قەند و شەکریان بە خەڵکی شارودێ و عەشیرەت دەدا. شیرازی هەر لە بەر ئەو مەسەلەیە، دایمە لە گەڵ فروهێر بوو، بەڵام ئەندامی کۆمەڵە نەبوو. لە بیرمە کە لەو سەردەمەی دا کە قازی ئەندامی ژێ - کاف نەبوو، ئێمە پێویستیمان بە کتێبی کوردی بوو. داوامان لە فکرد. ئەویش سەرەڕای ئەوەی کە ئەندامی ژێ - کاف نەبوو، کتێبەکەی ئەمین زەکی بەگی بە نهێنی داینێ و لە پاشانیش دامانەوە.

**ڕوانگە**: باسی بیروگرووپی کۆمۆنیستی ئەو سەر دەمە هاتە گۆڕێ. ئایا ئەو جۆرە کەسانە لە مەهاباد زۆر بوون و یان ڕێکخراوەیەکیان هەبوو؟

**کەریمی**: نەخێر، زۆر کەم بوون. چوارپێنج نەفەر زیاتر نەبوون. جگە لە عەزیز زەندی، ئارام و حەبیبە زەرد و ماڵە حەسەنە شێتی و... بوون. سەید محەممەدی سەیدیشیان لە گەڵ بوو. زۆرتر ئاژاوەچی بوون و پێیان خۆش نەبوو، قەت لە شاری دا هێمنایەتی هەبێ. بەڵام زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ساباڵغ لە گەڵ کۆمەڵەی ژێ - کاف بوون و سوێندیان بۆ خواردبوو. ژێ - کاف حیزبێکی میللی - ئیسلامی بوو و باوەڕی بە دینی ئیسلام هەبوو و چونکە ئەندامەکانی سوێندیان بە قورئان خواردبوو، خەڵک خۆشیان دەویست. ژێ - کاف نە ماڵی کەسی خوارد و نە ماڵی کەسیشی داگیر کرد.

**هومایوون**: لە دواییش دا حیزبی دێمۆکڕات و کۆماری کوردستانیش هەر لە سەر ئەو بنەما و بیروباوەڕی ژێ - کاف دامەزران؟

**ڕوانگە**: ئاماژەتان بەو ئاڵ و گۆڕەی کرد کە بە سەر ژێ - کاف دا هات و بوو بە حیزبی دێمۆکڕات. ئێستاکە هێندێک هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە کە ئەو ئاڵ و گۆڕە شتێکی ئاسایی نەبووە و ئەو حیزبەی کە لە دوایی دا پێک هات، درێژەدەری ڕێگای کۆمەڵەی ژێ - کاف نەبووە ڕاتان سەبارەت بەو مەسەلە چۆنە؟

**هومایوون**: حیزب هەر هەمان کۆمەڵە بوو و ئاڵ و گۆڕەکەش تەواو ئاسایی بوو، تەنیا بەو جیاوازییە کە ژێ - کاف داوای کوردستانی گەورەی دەکرد، بەڵام حیزبی دێمۆکڕات بە سەرنج دان بە بارودۆخی نێوخۆیی و دەرەوە و بەرهەڵستکاری ئەمریکا



سەرچاوە
Serchawe

و ئینگلیس و پشتیوانی سارد و سوڕی (سڕی) سۆڤیەت لە کوردان بەو ئاکامە گەیشت کە لە چوارچێوەی ئێران دا و بۆ کوردستانی ئێران تێبکۆشێ یانی دروشمەکەی ببێتە دێمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان.

**کەریمی**: حیزبی دێمۆکرات تەواوی لایەنەکانی کاری لە بەرچاو گرتبوو. سەدی نەوەدی خەڵکی کوردستان موسوڵمان بوون.ئەو خەڵکە و بە تایبەت عەشایر ئەگەر زانیبایان، حیزب مەرامی کۆمۆنیستی هەیە، لە گەڵی نەدەکەوتن.تەنانەت ئەگەر ستالینیش هاتبا مەهاباد.خەڵک ئەوەی قبووڵ نەدەکرد، بەڵام چونکە دەیانزانی حیزبێکی ئیسلامی و میللی یە، هەموو خۆشیان دەویست. ئێمە ئاغای زۆر گەورەمان هەبوو کە لە گەڵ حیزب کەوتبوو.

**ڕوانگە**: ئەو کەسانەی کە ئەو بۆچوونەیان هەیە، ئاماژە بەو خاڵە دەکەن کە کەسانێکی وەک زەبیحی و فروهێر کە دامەزرێنەری ژێ - کاف بوون، لە پاشان لە کۆمار دا دەورێکی گرینگیان نەبوو، بە پێچەوانە کەسانێک کە هەتا دوێنێ هیچکارە نەبوون، دە سەر کەوتبوون و بە پلە و پایە گەیشتبوون.

**کەریمی**: هەر وەک لە پێش دا عەرزم کردی پاش هاتنی قازی بۆ نێو ژێ - کاف، تاقمێک کە ئەویان بە بەرهەڵستی خۆیان دەزانی و بە تەمای پلەو پایەی گەورەتر بوون، کۆمەڵەیان بە جێهێشت و نێویشیان دەزانی و پێویست ناکا بیڵێم،بەڵام زەبیحی هەر وەک چۆن لە ژێ - کاف دا سکرتێر بوو،لە حیزبی دێمۆکراتیش دا هەر وابوو.هەر وەها یەکێکی وەک حوسێنی فروهێر هەبوو کە لە ئیدارەی دارایی دا بوو و قەند و شەکری دەدا بە خەڵک. ناوبراو لەو کارە دا حیساب و کیتابێکی ڕاست و دروستی نەبوو، هەر بۆیەش لە شارەوانی دا پەروەندەیان بۆ ساز کردبوو. فرۆهێر بۆ فەوتاندن و لە ناو بردنی ئەو پەروەندانە لە گەڵ چەند نەفەری دیکە کە لە گەڵی بوون، خەڵکیان هان دا کە شارەوانی بگرن.خەڵک هێرشیان بردە سەر شارەوانی و ٧ کەسیان لە پاسەبانەکان کوشت و پەروەندەکانیان لە نێوە ڕاست شەقام دا سووتاند.کەسێکیش لە خەڵکەکە کووژرا. ئەو ڕووداوە لە زۆر سەرچاوەی نێوخۆیی و بیانی دا وەک بزاڤێکی سیاسی و ناسیۆنالیستی سەیری کراوە لە حاڵێک دا بە پێچەوانە نە تەنیا سیاسی نەبووە، بەڵکوو قازانج و بەرژەوەندی ئابووری و تاکە کەسی تێدا بووە.

**هومایوون**: هۆی ئەوەی کە هێندێک کەس لە دوایی دا وەلاندران و یان پێشڕەفتیان نەکرد ئەوە بوو کە بڕێک دزی و فزی کرابوو ئەوانەش دەستیان تێیدا هەبوو.بەڵێ ڕوون نەبوون و پەڵەدار بوونی ڕابردوو و پەروەندەکان هۆی سەرەکی ئەو شتە بوو.

**کەریمی**: ئەمن لە بیرمە کە بۆخۆم مەلا قادری "مودەرسیی"م بە کاک سەید موحەمەد ناساند کە دیمانەی لە گەڵ ساز بکات. ئەمن ئەو دەمی نەمدەتوانی قسان بکەم.دەلیلێکی دیکەی ئەو شتەی باستان کرد ئەوە بوو کە ئەو کەسانە کارمەند

بوون و مووچە خۆری دەوڵەت و ئەو جۆرەی پێویستە نەیاندەتوانی چالاکی بکەن. ئەوکەسانەی دوایە هاتن هیچیان کارمەند نەبوون و بە شیوەی تەواو وەخت چالاکییان دەکرد و دەچوونە شار و دێ و خەڵک لە گەڵیان ئاشنا دەبوون.

**ڕوانگە**: حوسێنی فروهێر لە باری سەواد و مەعلووماتەوە چۆن بوو؟

**کەریمی**: سەوادێکی وای نەبوو. لە شەشومی سەرەتایی کەمتر خوێندبوو.بەڵام سەوادی ئیداری هەبوو. زەبیحی پیاوێکی بە زانست و مەعلوومات بوو، لە هەمووان باسەوادتر بوو. سەدی نەوەدی بابەتەکانی "نیشتمان" بۆ خۆی دە(ی) نووسی. بۆ کاری سیاسی سەواد زۆر پێویست نییە. هەر وەکوو ڕەزاشاش بێسەواد بوو و یان مارشاڵ تیتۆ و هیتلێریش سەوادێکی ئەوتۆیان نەبوو.

**ڕوانگە**: دەگەڕێینەوە سەر پرسیاری پێشوومان. کاک سەید موحەمەد ئێوە گۆڕانی ژێ - کاف و بوون بە حیزبی دێمۆکڕات چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**سەمەدی**: ئەمن لە کتێبی "نگاهی بە تاریخ مهاباد" دا دەقی یادداشتەکانی مەلا قادر و هەر وەها ڕا و بیر و بۆچوونی لایەنگران و موخالیفانی ئەو ئاڵوگۆڕەم هێناوە. پێم وایە هەر ئەوەش دروستە. ئەگەر بمانهەوێ حەقیقەت بزانین ڕێگایەکەی هەر ئەوەیە. بەڵام بۆچوونی خۆم ئەوەیە کە وەنەبوو کە دامەزرێنەران و ئەندامان دابنیشن و بە ئیشتیا ئەو ئاڵ و گۆڕەی پێک بێنن. بە یەقینی وا نەبووە.

**ڕوانگە**: تاقمێک دەڵێن لە کاتی گۆڕانی ژێ - کاف بە حیزبی دێمۆکڕات زەبیحی لە گەڵ دوو کەسی دیکە؛ دڵشادی ڕەسووڵی و قاسمی قادری لە زیندان دا بووە و ئاگای لە مەسائیلی دەرەوە نەبووە.

**کەریمی**: نا وانەبوو. ئێمە لەو کاتە دا لە گەڵ قازی و سەیفی قازی و چەند نەفەری دیکە چووبووینە باکۆیە. لەوێ کێشە و هەرایەکی زۆر لە سەر ئەو مەسەلە ساز بوو. باقرۆف دەیگوت، دەبێ نێوی کۆمەڵە بگۆڕن. بەڵام ئێمە حازر نەبووین بچینە ژێر بار. لە پاشان دا باقرۆف گوتی، ئەوەی ژێ - کاف دەیهەوێ کوردستانی گەورەیە و ئەو داواکارییەش مەترسی شەڕ لە گەڵ ئێران و عێراق و سووریا و تورکیای بە دواوەیە و بە واتە شەڕی سێهەمی جیهانی ڕوو دەدا و ئێمەش کە تازە شەڕی دووهەممان تەواو کردووە و هێشتا ڕۆنی چەکەکانمان خاوێن نەکردۆتەوە، حازر نابین بکەوینە نێو گێژاوی شەڕێکی گەورە. بەڵام ئەگەر ئێوە نێوی کۆمەڵە بگۆڕن و داوای خودموختاری لە چوارچێوەی ئێران دا بکەن، ئێمە وەک یەکێتی سۆڤیەت پشتیوانیتان لێدەکەین. پاش چەن ڕۆژێ کە لە باکۆیە بووین، بڕیار درا بچینە تفلیس پێتەختی گورجستان. بەڵام شەوی ئەو ڕۆژەی کە بڕیار بوو لە ئێرەوانەوە سەفەرەکەمان درێژە پێ بدەین، جێگری جەعفەر باقرۆف

هات و پێیگوتین بەرنامەکە هەڵوەشاوەتەوە و ئێوە هەرچی زووتر دەبێ بگەڕێنەوە بۆ ئێران، چونکە مەلا مستەفای بارزانی سنووری بەزاندووە و هاتۆتە نێو خاکی ئێران و بە مەعلوومی ئینگلیس ناردوویانە. ئێوە بچنەوە و ئاگاتان لە بارودۆخەکە بێ.رووسان پێیان وابوو کە مەلا مستەفا پیاوی ئینگلیسیانە.پاش وەی کە هاتینەوە بۆ مەهاباد، قازی ئاکامی ئەو سەفەرەی لە کۆبوونەوەی حیزب دا، دایە بەر باس و لێکۆڵینەوە و گوتی، ئێمە هیچ چارەیەکمان نییە و بۆ وەی یەکیەتی سۆڤیەت یارمەتیمان بدات دەبێ ناوی کۆمەڵە بگۆڕین و بیکەین بە حیزبی دێمۆکرات. ئەو بڕیارە پەسند کرا و پاشانیش لە باغی عەزیزئاغا بە بەشداری بەربڵاوی خەڵک ڕاگەیەندرا. لە بیرمە لە سەرەتای پاییز بوو و بە قەرتاڵە ترێیان دەهێنا. مەرحوومی قازی قسەی بۆ خەڵک کرد و تەواوی لایەنە جۆربەجۆرەکانی بۆ روون کردنەوە و دوایەش ئەو بڕیارەی ڕاگەیاند.خەڵکیش هەموو پێشوازیان کرد و گوتیان، ئێمە هەرچی پێشەوا بڵێ، ڕازین.

**ڕوانگە**: ئەو کۆبوونەوەیە هەر بە مەبەستی ڕاگەیاندنی ئەو مەسەلە پێک هاتبوو؟

**کەریمی**: بەڵێ، هەر بۆ ئەوە پێک هاتبوو



سەعیدی هومایوون ناجودانی پێشەوا قازی محەمەد

**ڕوانگە**: ئاغای هومایوون ئێوەش لەو کۆبوونەوەدا بەشداریتان هەبوو؟

**هومایوون**: نەخێر.ئەمن بەشداریم نەبوو. وەبیریشم نایە، پێم وایە لە سەفەری تاران بووم.

**ڕوانگە**: کاک سەید موحەمەد ئێوە لە هیچ سەرچاوەیەک دا ئەو شتەتان دیوە یان بیستووتانە؟

**سەمەدی**: ئەمن مەسەلەی گیرانی زەبیحیم لە یەکێک لە خوشکەکانی بیست. بەڵام نازانم هاوکات بووە لە گەڵ ئەو مەسەلە

یان نا. ڕەنگە لە کتێبەکەی عەلی کەریمی دا "ژیان و بەسەرهاتی زەبیحی" باس کرابێ.

**ڕوانگە:** ئەدی ئەو کۆبوونەوەی باغی عەزیزئاغا کە میرزا مەناف باسیان کرد...

**سەمەدی:** نەخێر ئەوەشم نەبیستووە.

**کەریمی:** قاسمی قادری کە لەگەڵ زەبیحی و دڵشادی ڕەسووڵی گیرابوو، پاش گۆڕانی کۆمەڵە و دامەزرانی حیزب، وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوچەیی هەڵبژێردرا. ئەوە نیشان دەدا کە لەو دەمە دا نەگیراوە و لە دەرێ بووە. بەڵێ قاسمی قادری و وەهابی بلووریان و مەلا قادری مودەریسی و مینەی شەڕەفی و محەممەدی یاهوو کۆمیتەی ناوچەیی بوون و بە کاروباری شار ڕادەگەیشتن.

**هومایوون:** ئەمن لە ساڵی ١٣٢٤ دا لە گەڵ ماڵی خودالێخۆشبوو سەدری قازی چووبوومە تاران و ئەو کاتەی کە کۆمار ڕاگەیەندرا، لە تاران بووم. لەو دەمە دا ئاغای زەبیحی و میرزا قادری قاسمی قازی و کاک دڵشادی ڕەسووڵی لەوێ لە زیندان دا بوون. لە تاران سەدری قازی هەوڵی ئازاد کردنیانی دا و ئازاد بوون. دوای ڕاگەیاندنی کۆمار هەموو پێکەوە هاتینەوە بۆ مەهاباد. ئەمن و دڵشاد و دایکی لە ماشێنێک دا بووین، ئەوانی دیکەش لە ماشێنێکی دیکە دا بوون. زەبیحی بە هەواپەیما هاتەوە. لەو دەمە دا پێشەوا لە تەورێز بوو.

**ڕوانگە:** لە کتێبەکەی عەلی کەریمی دا (ژیان و بەسەرهاتی زەبیحی) باسی گیرانی زەبیحی لە سەردەمی پێش ڕاگەیاندنی کۆمار و لەو کاتە دا کە قازی دەسەلاتی شاری بە دەستەوە بووە کراوە. لەو بارەیەوە چ زانیارییەکتان هەیە؟

**کەریمی:** بەڵێ ئەوە ڕاستە. کاتی هەڵبژاردنی مەرحوومی سەدرولئیسلام (سەدری قازی) بۆ نوێنەرایەتی مەجلیس بوو. لە هەیوانی شارەداری ئێستا دا خەڵک دەنگیان دەدا. زەبیحی و قادری کەریمی ئامۆزام لە گەڵ کەسێکی دیکە بەوێدا دەڕۆن و پێدەکەنن و گاڵتە بە هەڵبژاردنەکە دەکەن. دوو ئاغای مامەش کە لەوێ بوون پێیان ناخۆش دەبێ و تەلەیفوون بۆ شارەوانی دەکەن. لەوێڕا دێن و دەیان گرن. هەڵبەت دوای ڕۆژێک ئازاد کران.

**ڕوانگە:** لە ژمارەکانی سەرەتایی گۆڤاری نیشتمان دا دەبینین کە زۆر تاریفی دەوڵەتی بریتانیا کراوە. لە ژمارەکانی دواتر دا بە سەر دەوڵەتی سۆڤیەت دا هەڵگوتراوە. هۆی ئەو وەرچەرخانانە چ بووە؟

**کەریمی:** ئەمن لە گەڵ زەبیحی دۆست و هاواڵی زۆر نزیک بووم. زەبیحی ئینسانێکی سەر بە گێچەڵ بوو. سەدی نەوەدی

بابەتاکانی نیشتمانی بۆ خۆی دەنووسی. لە گەڵ هەموو جۆرە سیاسەتێکیش بوو.زەبیحی یادی بە خێر بێ لە گەڵ ئینگلیسییان نێوانی هەبوو.لە گەڵ ڕووسانیش هەر کەینە و بەینەی هەبوو، لە گەڵ حیزبی هیوا پێوەندی هەبوو و تەنانەت لەو دواییانەدا لە گەڵ حیزبی بەعسیش نێوانی هەبوو. دەکرێ بڵێین ئەو جۆرە کەسانە پێیان خۆشە لە هەموو شتێک دا بن و دەست لە هەموو شتێک وەردەن.

**هومایوون**: هەر لەکۆنەوە وا باو بوو، هەموو مەسەلەیەکی سیاسی بە دەوڵەتی ئینگلیس پەیوەست بکەن. کوردیش کە بێکەس و بێ دەرەتان بوو، هەوڵی دەدا سەرنجی دەوڵەتی گەورە وەک ئیبگلیس یان سۆڤیەت بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. ئێمە زۆرمان هەوڵ دا کە پشتیوانی ئینگلیس بۆ مەسەلەی کورد ڕابکێشین. تەنانەت چەن جار پێوەندیمان بە کۆنسوولی ئینگلیس لە تەورێزەوە گرت، بەڵام سەرنەکەوتین.پاشان ڕوومان لە سۆڤیەت کرد.ئەوانیش لە بەر بەرژەوەندی خۆیان و هەر وەها بەرهەڵستکاری ئەمریکا و ئینگلیس حازر بوون پشتیوانییەکی سارد و سڕ لە ئێمە بکەن. هەڵبەت لە پێش دا هەوڵیان بۆ ئەوە دەدا کە ئێمە بەشێک لە کۆماری ئازەربایجان بین. هەر وەک لە پێش دا لە دانیشتنەکەی پێشوومان دا عەرزم کردی لە کۆبوونەوەی "مدنیت ایوی" لە تەورێز کێشە و هەرایەکی زۆر ساز بوو.

**سەمەدی**: ئەمن ئەو مەسەلەیە و چەن نموونەی دیکەی ئاوام دیت و پێم سەیر بوو.هەر بۆیە لە ئاغای مودەرەسیم پرسیار کرد.ئەویش فەرمووی لە هەل و مەرجی ئەو دەم دا، ڕووس و ئینگلیس وەک دوو بەرداش وابوون و کوردیش وەک گەنم لە نێوانیان دا.جا بۆیە ئێمە ئەگەر تاریفێکمان لە یەکیان دەکرد، لە ژمارەی داهاتوو دا قەرەبووومان دەکردەوە و باسی ئەوی دیکەمان دەکرد. بۆ ئەوەی کە ئەو دوو دەوڵەتە گەورە هیچیان وا نەزانن کە ئێمە سەر بەیەکێک لەوان و دوژمنی ئەوی تر یانین و ئەگەر ئاوامان نەکردبا، گیرو گرفتمان بۆ ساز دەبوو. ئامانجی ئێمە ئەوە بوو کە بڵێین ئێمە سەربەخۆین و سەر بە هیچ لایەنێک نین و لە گەڵ هەر دوولاش دۆستین.

**ڕوانگە**: هۆی پێوەندی و نامەنووسینی زەبیحی بۆ کۆنسوولی سۆڤیەت لە تەورێز دا چ بووە؟ تەنانەت لە یەکێک لەو نامانەدا کە لە ٢٣ - ١٢ - ١٩٤٤ نووسیویەتی، ئەندامانی کارای ژێ - کافی بە نێو پێدەناسێنێ.

**کەریمی**: زەبیحی بە هۆی کارەکەی هەمیشە لە تەورێز دەبوو. ئەو پێوەندییانەی لە گەڵ بیانییانی گرتووە، هیچیان بە بڕیاری ژێ - کاف نەبووە. یانی ئەوانە قەت لە ژێ - کاف دا باس نەکراون. هەر وەک مەسەلەکەی پێشوو کە باسمان کرد، ئەوەش هەر کارێکی سەربەخۆ و تاکەکەسی بووە. هەر وەک مەتەڵێکی مەشهوور دەڵێ: "الغریق یتشبث بکل حشیس" هەڵبەت دەبێ ئەوەشمان لە بەرچاو بێ کە مەبەستی ئەو جاسووسی یا خودای نەخواستە خەیانەت نەبووە. پێی وابووە بەو کارە شتێک یان بەرژەوەندییەکی لە ڕووسان بۆ کورد دەست دەکەوێ. زەبیحی هەر عادەتی وابوو کە لە گەڵ بیانییان زوو پێوەندی دۆستانەی ساز دەکرد. بۆ وێنە جارێک ڕووسان لە کافە نەوینی تەورێز دەبینن کە لە گەڵ ئەمریکایی و

ئینگلیسییان دانیشتووە و خەریکی باس و خواسە.هەر بۆیە لێی وەگومان دەکەون و بە مەرحوومی پێشەوا دەسپێرن کە وشیاری بێ. یەکێک لەو هۆیانەی کە زەبیحی لە کۆمار دا دەورێکی گرینگی نەبوو، هەر ئەو مەسەلەیە بوو. لە حاڵێک دا کافەی نەوین جێگایەکی گشتی بوو و هەموو بۆ چێشت خواردن دەچوونە ئەوێ.

**هومایوون**: هەر لە قەدیمەوە وابوو هەموو جووڵانەوەیەکی کوردیان بە نەخشە و پیلانی ئینگلیس دا دەنا. وێدەچی زەبیحیش بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەو بۆچوونە نارەوایەی ڕووسان ئەو کارەی کردبێ.

بۆ وێنە ڕووسان، مەلا مستەفا و شێخ ئەحمەدی بارزانیشیان بە پیاوی ئینگلیس دەزانی و پێیان خۆش نەبوو بێن بۆ کوردستانی ئێران و هەر لەو بارەوە زۆریان فشار بۆ قازی دەهێنا کە پێشوازی لە مەلا مستەفا و هاوڕێیانی نەکا. بەڵام قازی دەیگوت کوردستان ملکی هەموو کوردانە و ئەوەی قبووڵ نەدەکرد و تا ماوەیەک کێشە و هەرایەکی زۆر لە سەر ئەو مەسەلەیە هەبوو.

**کەریمی**: ڕووسان ئەو دەم کە مەلا مستەفا هاتە ئێران، خەریکی ساز کردنی فیرقەی دێمۆکڕات و کۆماری ئازەربایجان بوون و نیازیان وابوو کوردستانیش هەر لە گەڵ ئازەربایجان بخەن و پێیان وابوو کە ئینگلیسی مەلا مستەفایان ناردووە هەتا ئەو پلانەیان لێ پووچەڵ بکاتەوە.

**ڕوانگە**: شانۆی "دایکی نیشتمان" لەو چاخانە دا دەورێکی گرینگی هەبوو لە بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتی و بە تایبەت گەشاندنەوەی ژیلەمۆی بیری ناسیونالیزم لە ناخی خەڵکدا.بەڵام پاش تێپەڕ بوونی زیاتر لە نیو سەدە هێشتا نووسەری ئەو شانۆیە نە ناسراوە. ڕای ئێوە چییە؟

**کەریمی**: وەڵڵا ئەمن بۆ خۆم ئەو شانۆیەم دیت.بەڵام نازانم نووسەرەکەی کێ بوو. سەید عوبەیدوڵڵای ئەیووبیان دەڵێ ئەمن نووسیومە، بەڵام باوەڕ ناکەم...

**هومایوون**: نەخێر، ئەو دەم تەمەنی سەید عوبەید زۆر لەوە کەمتر بووە کە بتوانێ شتێکی ئاوا بنووسێ.

**سەمەدی**: لە بارەی شانۆی دایکی نیشتمان دا دەبێ بڵێم ئەمن ئەو شانسەم هەبوو لە گەڵ مەرحوومی عەبدوڵڵای برایم شەمزینی (نەهری) کە لەو شانۆیە دا دەوری دایکی نیشتمانی دەگێڕا، قسان بکەم. هەڵبەت ئەمن دووجار چوومە خزمەتی، کە بەداخەوە جاری دووهەم زۆر نەخۆش بوو و دوای ئەو نەخۆشییەش هەڵنەستاوە. ئەو شتانەی کە ئەو بە منی گوت، لە پەراوێزی وەرگێراوی ئیگلتۆن دا بە کوردی هەمووم هێناوە. بە قسە کردن لە گەڵ زۆر کەسان و هەر وەها بەخوێندنەوەی

کتێبی ئاڵەکۆکی غەنی بلووریان بەو ئاکامە گەیشتم کە زیاتر وێدەچێ دەقی شانۆیەکە لە عێراق ڕا هاتبێ بۆ ئێرە. کاک غەنی چونکە بۆخۆی یەکێک لە دەورگێڕانی ئەو شانۆیە بووە، دەبێ بایەخ بۆ بیروڕاکانی دابندرێ. کاک غەنی پاش گێڕانەوەی زۆر وردیلە شتی وەک ژمارەی پەردەکان و دەورگێڕەکان و تەنانەت نێوی خودالێخۆشبوو مارف حەسەنی نەججارێش دەبا کە گۆیا سەکۆکەی ساز کردووە، دەڵێ بە داخەوە نەمتوانیوە نێوی نووسەرەکەی بدۆزمەوە، بەڵام لە بیرمە کە میرحاج لە عێراق ڕا هێنای و دای بە زەبیحی و دڵشاد تا کاری لە سەر بکەن. هەڵبەت ئەمن جارێکیش لەو بارەیە دا لە گەڵ کاک سیرووسی حەبیبی قسەم کرد. کاک سیرووس بە ڕاستی یەکێک لە کەسێتییە باسەواد و گەورەکانی کوردە. لە "شانۆی دایکی نیشتمان" یش دا دەوری فریشتەی هەبووە.کاک سیرووس دەیگوت: "نازانم نووسەرەکەی کێ بووە، بەڵام بە سەرنج دان بەوەی کە لەو سەردەمە دا لە مەهاباد شانۆ و نومایشنامە و تیاتر باوی نەبووە، پێم وانییە لە مەهاباد نووسرابێ و بە تایبەتی کە ئێستاش ئێمە لەو بوارانەدا هێز و توانایەکی ئەوتۆمان نییە. کارێکی ئاوا، میزانسێنی دەوێ، پشتی سەحنەی دەوێ و زۆر وردەکاری دیکەشی پێویستە. کاک عەبدوڵای نەهریش کە دەوری دایکی نیشتمانی گێڕاوە و تائاخری عومریشی خەڵک هەر بەو نێوە بانگیان دەکرد، ئەویش نەیگوت نووسەرەکەی کێ بووە. هەر وەک باسیشتان کرد کاک عوبەیدوڵڵای ئەیووبییانیش دەڵێ ئەمن نووسیومە. بەڵام بە بەراورد کردنی هەموو ئەوانە، ئەمن بۆچوونی کاک غەنیم پێ دروستترە.

**کەریمی**: سیرووسی حەبیبی کە یادی بەخێر بێ و ئێستا لە دەرەوەی وڵاتە، دۆست و هاوڕێی نزیکم بوو. سیرووس بابی سابڵاغی و دایکی ئەمریکایی (نۆروێژی) بوو، و بەڕاسی زۆری خزمەت بە کورد کرد. لە شانۆی دایکی نیشتمان دا دەوری فریشتەی دەگێڕا. لە بیرمە کاتی بردنە سەر سەحنەی ئەو شانۆیە خەڵک پێشوازییەکی بێوێنەیان لێکرد. سەربانی گاراژی موعینی پڕ بوو لە ژن و منداڵ. کاتێک سیرووس کە جلوبەرگی پەپوولەی دەبەر دابوو و دەنگیشی زۆر خۆش بوو، شێعرە بەرزەکەی حاجی قادری "ئەی بێ نەزیر و هەمتا، هەر تۆی کە بەرقەراری" خوێندەوە، ژن و پیاو تێکڕا لە پڕمەی گریانیان دا. بە ڕاستی وەک ڕۆژی حەشرێ دەچوو. سیرووس دەبیری کۆنسوولگەری ئەمریکا لە تەورێز بوو. بۆ نووسینی کتێبی "کۆماری کوردستان" زۆری یارمەتی ویلیام ئیگلتۆن دا. ئەگەر ئەو کتێبە نەبا زۆربەی ئەو شتانەی کە ئەمڕۆ دەیانزانین، لە ناو دەچوون. ماڵی بابی سیرووس وەک هۆتێلی خاریجیان وابوو. میوانی بیانی دەچوونە ماڵی ئەوان. ویلیام ئیگلتۆن چەن جاران هاتە مەهاباد و لە ماڵی سیرووس دەبوو. ئەمن شەوانە لە سەعاتی ١٢ی نیوەشەو بەولاوە دەچوومە ئەوێ و لە گەڵ ئیگلتۆن دا دەنیشتم و زانیارییەکانی منی لە سەر کۆمەڵە و حیزب و کۆمار تۆمار دەکرد. ئەو دەم چونکە مەترسی ساواک هەبوو، بە نهێنی ئەو کارەم دەکرد. ئیگلتۆن لە پێش دا کۆنسوولی ئەمریکا لە کەرکووک بوو وکەمێکی کوردی دەزانی و زۆریشی لایەنگری لە کوردان دەکرد. لە پێشەکی کتێبەکەی دا باسی سیرووس و کە سێکی دیکە دەکا کە نێوی ناهێنێ. ئەو کەسە ئەمنم کە ئەو دەم لە بەر ساواک نەدەکرا نێوم بڵێ.

**ڕوانگە**: هێندێک کەس مێژووی دامەزرانی ژێ - کاف دەگەڕێننەوە بۆ سەر ساڵی ١٩٣٨ و کاتی دامەزرانی حیزبی ئازادیخوازی کورد کە گۆیا عەزیزی زەندی سەرۆکی بووە و زانیارییەکی کەم لە بارەی دا هەیە.

**سەمەدی:** کاک غەنی بلووریان لە ئاڵە کۆک دا دەڵێ کە ژێ - کاف لە ساڵی ١٣١٧ دا دامەزرا و ئەندامانی ناوەندی لە ٢٥ - ٥ - ١٣٢١ لە باغی حاجی داودی لە داوێنی کێوی خەزایی دانیشتن و چەن بڕیارێکیان بۆ بەهێز کردن و پەرەپێدانی چالاکی ئەو ڕێکخراوەیە پەسند کرد. هەلبەت ئەمن هەوەڵ جارە ئەوەی دەبیسم کە مێژووی دامەزرانی ژێ - کاف بکێشنەوە بۆ ساڵی ١٣١٧. بەڵام لەو ساڵە دا دیارە شتێک هەبووە.

**کەریمی:** لە پێش دا ئەوەی ڕوون کەمەوە کە باغی ئەمینولئیسلام دروستە، نەک باغی حاجی داودی. بەڵام لە سەر مەسەلەی دووژەم دا ئەمن ئەو دەم منداڵ بووم، بەڵام لە بیرمە دەیانگوت ڕەحمانی سەدیقی و حوسێنی لبادی و... لە سەر کوردایەتی گیراون. دەیانگوت کە کاغەزی سووریان بۆ ڕەزا شا ناردووە و ڕاپۆرتیان لە سەر داون. سەرۆکی ئەمنیە لە تاران ڕا هات و لە ماڵی میرزا ڕەحمەتی شافیعی نیشتەجێ بوو. چەن کەسێکیان گرت کە پاشان ئازاد بوون، ڕەحمانی سەدیقی هەڵات بۆ دیوی عێراق و هەر لەوێش مرد.

**ڕوانگە:** ئایا ئەو ڕووداوە هەر حیزبی ئازادیخوازی کورد نەبووە؟

**سەمەدی:** ئەمن پێم وایە هەوڵی تاکە کەسی بۆ کوردایەتی هەمیشە بووە و لەوانەشە ئەو کەسانە دانیشتن و کۆبوونەوەیان بەیەکەوە بووبێ،بەڵام بە مانای ئەوڕۆ تەنیا ژێ - کاف دەکرێ وەک حیزب و ڕێکخراوە چاوی لێبکرێ. لە بارەی ڕێکەوتی دامەزرانی ژێ - کاف دا هەموو لە سەر ئەو باوەڕن کە ٢٥ - ٥ - ١٣٢١ دروستە، تەنیا سەید عوبەیدوڵڵای ئەیووبیان نەبێ کە دەڵێ ١٥ - ٥ - ١٣٢١ دروستە.

**کەریمی:** گیرانی ئەو تاقمە بە یەقین لە سەر کوردایەتی بوو، بەڵام ژێ - کاف نەبوون.

**ڕوانگە:** لێرە دا باسەکەمان لە سەر ژێ - کاف کۆتایی پێدێنین و دێینە سەر دەورانی کۆمار و چەن پرسیاری تایبەتی ئاراستەی کاک مەناف دەکەین.چۆن بوو کە لە لایەن پێشەواوە وەک وەزیری فەرهەنگی کوردستان دیاری کران؟ شێوەی هەڵبژاردنی وەزیر و بەرپرسەکان لە سەر چ بنەمایەک بوو؟

**کەریمی:** ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە بنەڕەت دا دژکردەوەیەک بوو لە بەرانبەری کۆماری ئازەربایجان دا. پاش ئەوەی کە ئەوان دەوڵەتی خۆیان ڕاگەیاند و کابینەیان بە مەجلیسی ئەیالەتی ناساند، لە سەر ئەو بۆچوونە کە پێیان وابوو کوردستان بەشێک لە ئازەربایجانە. دەستوور و فەرمانی حکوومەتییان بۆ ئیداراتی کوردستان نارد. ئێمەش بە پەلە لە حیزب دا بە سەرۆکایەتی پێشەوا کۆبوونەوەمان ساز کرد و مەسەلەکەمان دایە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لە پاشان دا پێشەوا فەرمووی بۆ پووچەڵ کردنەوەی ئەو پلانە و هەر وەها پێش گرتن لە دەستێوەردانی دەوڵەتی سۆڤیەت وا باشە ئێمەش


سەرچاوە Serchawe

وەزیرەکانی کابینە هەڵبژێرین و دەوڵەتی خۆمان ڕابگەیەنین. پێشەوا لە درێژە دا گوتی ئەمن لیستێک لەو کەسانە دەنووسم کە ئەندامی حیزبن و دەوڵەتی سۆڤیەتیش ناخۆشی ناوێن. بەڵام لەو کۆبوونەوە دا ئێمە نەمانزانی چ کەسانێکی هەڵبژاردووە، هەتاکوو لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمار دا ئەندامانی هەیئەتی وەزیرانیشی بە خەڵک ناساند. یانی ئەگەر ئەو کارە نەکرابایە، لەوانەبوو پلانی کۆماری ئازەربایجان سەربگرێ. بە سەرنج دان بەو ڕاستییە کە ناوچەی موکریان لە دابەش کراوە ڕەسمییەکانی وڵات دا بەشێک لە ئازەربایجان بوو.

**ڕوانگە:** ئێوە وەک وەزیری فەرهەنگ لەو ماوە کورتەی تەمەنی کۆمار دا چ هەنگاوێکتان بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگ و کەلەپووری کوردی هەڵێنا؟

**کەریمی:** ئێمە لەو ماوە کەمەدا سەرەڕای ئەو پەڕی بێ بەشی و بێدەرەتانی چ لە باری ئابوورییەوە و چ لە باری فەرهەنگییەوە هەنگاوی زۆر گەورەمان هەڵگرت. بۆ وێنە تەنانەت کتێبێکی کوردیمان نەبوو. چەن نەفەرمان نارد بۆ عێراق و کتێبی کوردییان بۆ هێناین. بۆ بەربەرەکانێ لە گەڵ بێسەوادی کلاسی شەوانەمان بۆ ئەکابیر دانا و چەن قوتابخانەی دیکەمان کردەوە. هەر وەها تاقمێکمان مامۆستا لە عێراق ڕا بۆ فێر کردن و ڕاهێنانی کوردی هێنا مەهاباد و بە سەر قوتابخانەکانمان دا دابەش کردن. بەرنامەیەکی دیکە کە پیادەمان کرد، جل و بەرگی فۆرم (متحد الشکل) بۆ قوتانییەکان بوو. هەر وەها منداڵە ڕووت و ڕەجاڵەکانمان کۆ کردەوە و بە سەر ماڵە دەوڵەمەندەکان دا دابەشمان کردن. هەڵبەت دەوڵەت خەرجی ژیان و خوێندنی هەموویانی دەکێشا. لەو ماوە کورتە دا فەرهەنگی مەهاباد گەشەی ئەستاند و لە حاڵێک دا کەمتر لە ساڵێک لەمەوبەر کەس خوێندن و نووسینی کوردی نەدەزانی، ئەوڕۆ هەموو فێرە کوردی ببوون.

**ڕوانگە:** جگە لەو مامۆستایانەی کە لەو دیو ڕا هاتبوون، لە مەهاباد کەس کوردی نەدەزانی؟

**کەریمی:** زۆر بە دەگمەن.زەبیحی دەیزانی. مەلای داودیش هەبوو کە کوردی زان بوو، بەڵام بە کاری فێر کردن و ڕاهێنان نەدەهات.

**ڕوانگە:** جێگای کارو تێکۆشانی وەزیرەکان لە کوێ بوو؟ ئایا جێگایەکی تایبەتییان هەبوو؟

**کەریمی:** نەخێر. هەر کەس لە ئیدارەی پێشوو جێگیر ببوو. بۆ وێنە وەزیری فەرهەنگ لە ئیدارەی فەرهەنگی پێشوو.

**ڕوانگە:** سەرۆک وەزیران کێ بوو؟

**کەریمی:** حاجی بابەشێخی سیادەت.

ڕوانگە: واتە جەلەسەکان بە سەروکایەتی ئەو پێک دەهات؟

کەریمی: بەڵێ. بەڵام زۆرتری دانیشتنەکان لە مەقەڕی کۆمیتەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکڕات پێک دەهاتن و کۆمیتە بڕیاری دەدا، چونکە وەزیرەکان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیش بوون.

ڕوانگە: بۆچی حاجی بابەشێخ لە وێنە ڕەسمییەکانی دەورانی کۆمار دا نابیندرێ؟

کەریمی: ئێمە هەموو لاو و تەمەنمان نزیکەی ٢٥ - ٢٤ ساڵ بوو. بەڵام حاجی بابەشێخ نزیک پەنجا ساڵی تەمەن بوو. لە کۆبوونەوە حیزبییەکان دا بەشداری نە دەکرد و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیش نەبوو. هەڵبەت دڵنیا بە کە لە وێنەکان دا هەبوو، بەڵام ئێستا فەوتاون. ئەمن بۆ خۆم زیاتر لە سەد وێنەم هەبوو کە دوای ڕووخانی کۆمار هەمووم سووتاندن.

هومایوون: ئەمن پێم وایە حاجی بابەشێخ زۆرتر دەورێکی تەشریفاتی هەبوو و زۆر لە جەرەیانی کارەکان دا نەبوو. هەڵبژاردنی ئەو بۆ ئەو پۆستە زۆرتر بە لە بەرچاوگرتنی ڕادەی سەواد و مەعلووماتی وەهەر وەها گرینگی بنەماڵەکەی بوو.

کەریمی: هەڵبەت ئێمە "هەیئەتی ڕەئیسەی میللی" شمان هەبوو، کە زۆربەی ئەندامانی بریتی بوون لە ئاغا و دەرەبەگەکان. تا ئەو جێگایەی لە بیرمە، حاجی بابەشێخ، شێخ حەسەنی شەمسی بورهان، کەریم ئاغای قونقەلا، هاشمی یۆسفی، نەجمەدینی تەوحیدی، عەلی ئاغا نەوزەڕی و... ئەندامی بوون. ئەو هەیئەتە زۆرتر بە کاری عەشایر و گوندنشینەکان ڕا دەگەیشت و سەدی نەوەدی ئەندامەکانیشی دەرەبەگ بوون، کۆمیتەی ناوچەییش بە کاروباری نێو شارەکان ڕادەگەیشت. بەڵام دەسەڵات لە دەست کۆمیتەی ناوەندی دا بوو کە ئەندامەکانی هەموو مەهابادی بوون و مەڕحوومی پێشەواش لە دانیشتنەکانی دا بەشداری دەکرد.

ڕوانگە: ئایا لە کابینەی کۆماری کوردستان دا وەزیری کاروباری دەرەوە هەبوو؟

کەریمی: نەخێر، نەبوو.

ڕوانگە: لە هێندێک سەرچاوە دا، حاجی ڕەحمانی ئێلخانی زادە وەک وەزیری کاروباری دەرەوە ناودێر کراوە!

کەریمی: بەڵێ، ئەو هەڵەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمار دا حاجی ڕەحمان وەک وەزیری کاروباری دەرەوە دیاری کرا، بەڵام بۆ ئەوەی کە ئەو گومانە ساز نەبێ کە کۆماری کوردستان سەربەخۆیی خوازە و بە تەمای جیابوونەوە لە ئێرانە، لە زووترین کات دا لایان برد و کردیان بە وەزیری ڕاوێژکار.

**سەمەدی:** تاقمێک لە مێژوو نووسان و چاودێرانی سیاسی کاتێک کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان بە یەکەوە هەڵدەسەنگێنن، هەر ئەو شتە وەک نموونە دێننەوە و دەڵێن کۆماری ئازەربایجان وەزیری شەڕ و وەزیری کاروباری دەرەوەی نەبووە، لە حاڵێک دا کۆماری کوردستان هەر دووکیانی هەبووە و هەر لەوەش ڕا بەو ئاکامە دەگەن کە کوردستان سەربەخۆیی خواز و ئازەربایجان خودموختاری خواز بووە.

**ڕوانگە:** یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی حکوومەتی ئازەربایجان بوونی پۆلیسی نهێنی بوو. ئەو دیاردەیە لە کوردستان دا چۆن بوو؟

**کەریمی:** ئێمە پێویستیمان بەو شتانە نەبوو. کۆمەڵەی ژێ - کاف فەزایەکی لە شار دا پێک هێنابوو لە ئەوپەڕی هێمنی و برایەتی دا. هەموو خەڵک سوێندیان خواردبوو و برای یەکتر بوون. دزی و قومار و ئارەق خواردنەوە و خوو و خدەی خراپ و بەدڕەوشت لە هیچ کوێ نەمابوو.تەنانەت دووکانیش دانەدەخران. لە بیرمە سەید قادری سەید جامی لە بازاڕ دا سەعاتێکی زێڕی لێ ون بوو. دوای چوا ڕۆژان دیتیانەوە و بۆیان بردەوە.

**ڕوانگە:** دوای ڕووخانی کۆمار هەیئەتی وەزیران چییان بە سەر هات و لە لایەن ڕژێمەوە چۆن ڕەفتاریان لە گەڵ کرا، بۆ وێنە لە گەڵ جەنابتان

**کەریمی:** دوای گەڕانەوەی ئەرتەش بۆ مەهاباد ئێمە هەموو گیراین. ٤٢ کەس لە زیندانی شارەوانی ئێستا دا بوون و ١٠ کەسیش کە ئەمنیش لە گەڵ وان بووم لە زیندانی سەربازخانە دا بووین. تاوانی ئێمە قورستر بوو و بە ئیعدامی دەژمێردراین. دوای یەک مانگ و نیو دادگایی کران ٦ ساڵ زیندانم بۆ بڕایەوە. بەڵام دادستان نارەزایەتی لە سەر ئەو ڕایە دەربڕی و بۆ دادگایی کردنی دووبارە ناردیانینە تەورێز. لەوێ هەموومان لە زیندانی ئەو شارە دا بووین. پاش دادگایی کردنەوە، حوکمی من بوو بە ٦ ساڵ زیندانی هاوڕێ لە گەڵ بێگاری ( اعمال شاقه) لە شاری دێزفوول. دوای وە کە داوای ئیستینافم کرد، بردیانمە زیندانی ورمێ. پاش ماوەیەک لێبوردنی گشتی ڕاگەیەندرا و هەموومان ئازاد بووین. ئەمن سەرجەم ١٩ مانگ لە زیندان دا بووم.پیاو حەق بڵێ نە دەستیان بەستین و نە ئەشکەنجەیان کردین. چاوپێکەوتنیشمان لە گەڵ بنەماڵەکانمان هەبوو.

**ڕوانگە:** زۆر سپاس بۆ بەشداریتان و هەر وەها بۆ ئەو زانیارییە بە نرخانەی کە پێتان داین

سەرچاوە: وێبنووسێ ڕوانگە - ڕێکەوتی: ٣ی ئەپریلی ٢٠٠٨

**نوێنەرانی كۆمەلەی هیوا و كۆمەڵەی ژێكاف لە كاتنی كۆنفڕانسی پەیمانی سێ سنوور**



لەڕاستەوە بۆ چەپ: شێخ عوبەیدیلای زینوێ (ع. هووشەنگ ئەندامی ژمارە ٧٥، یان ع.جانگیر ئەندامی ژمارە ٧١٦)، محەمەد سەعیدی كانی مارانی(م.س.خوێنین ١٠٦٠)، عەبدولرەحمانی شەڕەفكەندی (ع.هەژار ئەندامی ژمارە ٢٠)، سەید عەزیزی شەمزینی( ع.هووشونگ ئەندامی ژمارە ٧٥، یان ع. جانگیر ئەندامی ژمارە ٧١٦)، عەبدولرەحمانی زەبیحی (ع.بێژون ئەندامی ژمارە ٢)، قسمی قادریی قازی ( ق.ق.ق. پیاو ئەندامی ژمارە ١٠٥٣ سەرۆكی نوێنەرانی كۆمەڵەی ژێكاف)



لە ڕاستەوە بۆ چەپ: ق.ق.ق. پیاوئەندامی ژمارە ١٠٥٣،ع.هەژار ئەندامی ژمارە ٢٠،ع. بێژەن ئەندامی ژمارە ٢، ع.هووشەنگ ئەندامی ژمارە ٧٥ یان ع.جانگیر ئەندامی ژمارە ٧١٦، م.س.خوێنین ئەندامی ژمارە ١٠٦٠،ع. هووشەنگ ئەندامی ژمارە ٧٥ یان ع،جانگیر ئەندامی ژمارە ٧١٦



شێخ عوبەیدیلای زێنوێ و سەید عەزیزی شەمزینی نوێنەرانی کۆمەڵەی هیوا لە کۆنفڕانسی سێ سنوور عەبدولڕەحمانی شەڕەفکەندی، عەبدولڕەحمانی زەبیحی، قاسمی قادریی قازی نوێنەرانی کۆمەڵەی ژێکاف لە کۆنفرانسی پەیمانی سێ سنوور و محەمەد سەعیدی کانی مارانی ڕابطی هیوا و ژێکاف بۆ پێک هاتنی ئەو کۆنفڕانسە.



تێبینی: ئەم وێنانە یەکەمجار لە کتێبی "سێبەری ئازادی" لە نووسینی کەماڵ عەبدوڵاهی، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین لە ساڵی ٢٠٠٨ دا بڵاو کراونەتەوە. بە سپاسەوە ئەو وێنانە لەو کتێبە وەرگیراون

لاپەڕەی ١٠، ڕاستیی پەیمانی سێ سنوور
حەسەنی قازی

لەوانەیە باسی مێژووی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی لە دوای خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاوی تا پێکهاتن و ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مهاباد، بە دووپاتە و قسەی گوتراو دابندرێ و هەبن پێیان وابێ سەبارەت بە چالاکی حیزبی ئازادیی کوردستان، کۆمەڵەی ژیانی کورد، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان کەمتازۆر شت نووسراوە و ئەوەی دەبێ باسی لێوە بکرێ و ڕوون بکرێتەوە تا ئێستا کراوە. بەڵام ئەگەر مرۆ لە مێژووی سیاسی ٦٠ - ٧٠ ساڵی ڕابردوو ورد بێتەوە بۆی دەردەکەوێ لە بەر هۆکاری جیاواز و یەک لەوانە دەستوێڕانەگەیشتن بە بەڵگەی نووسراو، هێندێک شت گوتراوە و نووسراوە و وەک مێژووی ڕاستەقینە پیشان دراوە کەچی بە دەرکەوتنی سەنەد و بەڵگەی نوێ ڕوون دەبێتەوە ڕاستی ڕووداو یان بەسەرهاتەکە جۆرێکی دی بووە. بۆیە بە باوەڕی من لایەنە جۆربەجۆرەکانی ئەو ئەزموونانە هێشتا شیاوی لێکۆڵینەوە و لە سەر نووسینن و دۆزینەوەی سەنەد و بەڵگە و تێخوێندنەوەی ئۆبژێکتیڤ و بە دوور لە بەسترانەوەی سیاسی و سۆزی عاتیفی یارمەتییەکی گەورە دەکەن بۆ ئەوەی وەجی ئێستا و داهاتووی گەلی کورد وەکوو خەڵکی دی لە سەر مێژووی ڕاستەقینەی خۆیان بەو جۆرەی کە بووە ئاگادار بن.

یەک لەو ڕووداوە مێژووییانەی کە تائێستا بە شێوەی جۆر بە جۆر قسەی لێوە کراوە مەسەلەی "پەیمانی سێ سنوور"، و تەنانەت بوون و نەبوونێتی. بە ئەو پەڕی خۆشییەوە بە بڵاو بوونەوەی دووبارەی گشت ژمارەکانی بەردەستی گۆواری " نیشتمان " بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ - ک، لە ئامادەکردنی بەڕێز عەلی کەریمی، کە لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٨ لە لایەن بنکەی ژین لە سلێمانی بڵاو کراوەتەوە ، چلۆنایەتی دیداری نوێنەرانی ژ. ک. و کۆمەڵەی هێوا، لە لاپەڕەی ١٠ی ژمارەکانی هاوکاتی ٧، ٨ ، ٩، نیشتمان دا بڵاو بووەتەوە و تا ئەو دواییانە پێی نەزاندراوە و بە لەبەر ڕۆنانی لاپەڕەی ١٠ لە گەڵ ئەو باسەی مامۆستا هەژار لە "چێشتی مجێور" دا لەمەڕ "پەیمانی سێ سنوور" ی نووسیووە زۆر زانیاری تازەمان دەست دەکەوێ و ئەو هەڵە و زانیارییە چلو نیوەچڵ یان هەڵبەستراوانەی لەوبارەیە بڵاو کراونەتەوە بەتەواوی ڕوون دەبنەوە.

برای بەڕێز عەلی کەریمی سەبارەت بە دۆزینەوەی لاپەڕەی دڕاوی نیشتمان دەنووسێ: "نیشتمان" لە ژێر چاپ دابوو کە لە لایەن دڵسۆزێکەوە ٣ لاپەڕەی "نیشتمانمان بۆ هات (ڕووبەرگێکی تازە و لاپەڕەی ٩ و ١٠ - دەکرێ ئەو ڕووبەرگە بەرگی ئاخریش بێ.)، ئێمە تا ئێستا بە هەموو لایەک دەمانزانی لاپەڕەی ٩ و ١٠ لە " نیشتمان"ی ژمارە ( ٧ - ٨ - ٩ ) دیار نییە، واتا هەموو ئەو کۆپیانەی کە تائێستا دەست کەوتوون و منیش لە کتێبی" ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی" دا چاپم کردۆتەوە، بێ لاپەڕەی ٩ - ١٠ بووە. زۆر لێکۆڵینەوە و بەدوا داچوون کرا لە لایەن هەموو لایەکەوە، بە تایبەت کاک ئەمیر حەسەنپوور کە بۆ یەکەمجار ئەو ژمارانەی دەستکەوتبوو، کە بۆچی ئەم دوولاپەڕەیە لێ کراونەتەوە. داستانێک هەبوو لەملاوئەولا، دەبیسترا ئەم دوولاپەڕەیە بۆیە دیارە نەماوە چونکە لاپەڕەی ١٠ باسی پەیمانی سێ سنووری تێدایە و ئەم ڕۆژە کە قەرار بووە "نیشتمان" لە مەهاباد بڵاو بکرێتەوە، سەرکردایەتی کۆمەڵە بەلەبەرچاوگرتنی چەند شتێک، لەوانە فشاری باقرۆف بۆ خودموختاری لە ناو ئێران و هەر وەتر کوردستانی گەورە داوا کردن و پەیوەندی لەناو ژ

- ک. و پارچەکانی تری کوردستان دا و حەساسیەتی حکوومەتی مەرکەزی لە تاران، بە باشیان زانیوە خەبەری پەیمانی سێ سنوور جارێ بڵاو نەکرێتەوە. هەرچەند "نیشتمان" لە چاپ هاتبووە دەر و ئەم خەبەرەش لە لاپەڕەی ١٠ دا لە ژێر ناوی " لە ناو کۆمەڵە دا" چاپ کرابوو، هیچ چاریان نامێنێ ئەم لاپەڕەیەی لێ بکرێتەوە و فڕێ بدرێ، کە زانراوە لاپەڕەی ٩ ش لەگەڵیدا کە لە پشت لاپەڕەی ١٠ یە دەفەوتێ - ئێمە بە هەموو لایەک تاچەند ڕۆژ لەمەوپێش وەک تیئۆری و داستانێک ئەم باسەمان وەردەگرت، بەڵام بە خۆشییەوە بە هیممەتی دڵسۆزێک وەڕاست گەڕا. ئێمە لاپەڕەی ٩ - ١٠ مان بۆ پەیدا بوو، ئەم جۆرەی بوو کە بیستبوومان لاپەڕەی ١٠ بە تەواوی و بە ڕوونی باسی پەیمانی سێ سنووری تێدایە.

پەیمانی سێ سنوور هێشتا لە زۆر لایەنەوە زۆری داستان بۆ ڕیز کرابوو، لە مەڕ چۆنیەتی کۆبوونەوەکە و بەشداران و شوێنی کۆبوونەوەکە، چەندین شتی جیاواز گوتراوە و نووسراوە. بەڵام ئێتر ئێستا دوای دیتنەوەی لاپەڕەی ١٠ی "نیشتمان"ی ٧ - ٨ - ٩ شک و گومان بۆهیچ لایەک ناهێڵێتەوە کە بەڵێ پەیمانی سێ سنوور ئەوە نییە کە تا ئێستا زۆر نووسەر گوتوویانە لە نێوان هەموو پارچەکانی کوردستان، بە تایبەتی تورکیا و ئێران و عێراق دا بەسترابێ، بەڵکوو ڕاستیی پەیمانی سێ سنوور ئەمەیە کە "نیشتمان" خۆی بە ناوی "هەیئەتی ئیستیشاریی ئیدارەی ناوەندیی ژ - ک. "ەوە ئاوای باس دەکا"(نیشتمان، بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ - ک ئامادە کردنی عەلی کەریمی، بنکەی ژین، ساڵی ٢٠٠٨، ل ١٦ و ١٧). دوایە بەڕێز کەریمی ئەو دەقەی لاپەڕەی ١٠ی بە تەواوی هێناوەتەوە و لە پەراوێزدا نووسیویە ق ق ق پیاو - ١٠٥٣، دەبێ قاسمی قادری قازی بێت"

بەر لەوەی ئێمەش لێرە دا لاپەڕەی ١٠ وەکوو خۆی بنووسینەوە، پێویستە بگوترێ، نووسینەکەی مامۆستا هەژار وێڕای تەئییدی زۆربەی ئەو شتانەی لە ڕاگەیاندنەکەی کۆمەڵە لە لاپەڕەی ١٠ی گۆڕین دا هاتوون، هێندێک زانیاری زیاترمان دەداتێ وبە تایبەتی ئەو داستانەش بە تەواوی وە دوایە دەداتەوە کە "سەرکردایەتی کۆمەڵە بەلەبەر چاو گرتنی چەند شتێک، لەوانە فشاری باقرۆف بۆ خودموختاری لە ناو ئێران و هەروەتر کوردستانی گەورە داواکردن و پەیوەندی لە ناو ژ - ک. و پارچەکانی تری کوردستان دا و حەساسیەتی حکوومەتی مەرکەزی لە تاران، بە باشیان زانیوە خەبەری پەیمانی سێ سنوور بڵاو نەکرێتەوە". بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی هەژار بە پێی نووسراوەی "نیشتمان" یەک لە نوێنەرانی کۆمەڵە بووە لەو دیدارەی "سێ سنوور" دا و هەر وەها لە کاتی گەڵاڵەکردنی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی دا بەهیچ جۆر لە ڕێبازی شوورەوی چ لە زەمانی ستالین و باقرۆف و چ دوای ئەوان نەک هەر نزیک بەڵکوو زۆریش دوور بووە ئەوەی لە سەر هۆی دڕانی لاپەڕەی ٩ - ١٠ باسی لێوە دەکا دەبێ بە هێند بگیرێ.

"نیشتمان "ژمارەی (٧ ، ٨ ، ٩) بۆ مانگەکانی خاکەلێوە، بانەمەڕ و جۆزەردانی ١٣٢٣ی هەتاوی لە جۆزەردانی ئەوساڵە لە ٣٨ لاپەڕە دا بڵاو کراوەتەوە ، بەڵام لە بەر لێکردنەوەی لاپەڕەی ٩ ، ١٠ لە "فهرست"ی باسەکاندا کە لە ڕووی ناوەوەی بەرگەکەی دا چاپ کراوە بۆ "مطلب" ی لاپەڕەی ٩ هیچ نەنووسراوە و بۆ "مطلب"ی لاپەڕەی ١٠ ش نووسراوە

"دووكچه كورد له تركیه دا له داری سیاسه‌ت دران" و "نوسه‌ر" یش وه‌ك نیشتمان ناسێندراوه، و به لێكردنه‌وه‌ی لاپه‌ڕه‌ی ٩ و ١٠ جێگۆڕكێ به لاپه‌ڕه‌كان كراوه. به‌ڵام وه‌ك به‌ڕێز كه‌ریمی ڕوونی كردووه‌ته‌وه "مطلب" ی لاپه‌ڕه‌ی ١٠ كه ئێستا كه‌وتووه‌ته شوێنی خۆی ئاوا بووه:

"له ناو كومه‌له دا زور له میژ بوو بریار درابوو كونفرانسیك له نیوان ایمه و كومه‌لی "هیوا" دا بو هاوپرسه‌كی له بابه‌ت هیندیك مسائل ته‌شكیل بدریت. روژی ئه‌م اجتماعه ده‌بوو له لایه‌ن كه‌مه‌لی (كومه‌لی) هیوا مه‌علووم بكریت، هه‌ر كه نوینه‌رانی كومه‌لی ناوبراو آماده بوونی خویان به ایمه راگه‌یاند نوینه‌رانی ایمه‌ش ره‌وانه بوون؛ دوای ٣ روژ گوفتوگو و مذاكره له سه‌ر اقتراحی نوینه‌رانی ایمه په‌یمانیك به نیوی په‌یمانی "سیه سنوور" له لایه‌ن نوینه‌رانی هه‌ر دوو لا بو زیاد كردنی كوششت و ایجادی پیوه‌ندیكی وسیعی سیاسی امضا كرا.

نوینه‌ره‌كانی كومه‌له‌ی هیوا له‌م كونفرانسه دا عباره‌ت بوون:

١- ع. هووشه‌نگ ئه‌ندامی ژمار ٧٥

٢- ع. جانگیر ئه‌ندامی زماره ٧١٦

كومه‌له‌ی ایمه‌ش له لایه‌ن ئه‌و ئه‌ندامانه :

١- ق.ق.ق. پیاو ئه‌ندامی ژماره ١٠٥٣ سه‌روكی نوینه‌ران

٢- ع. هه‌ژار ئه‌ندامی ژماره ٢٠

٣- ع. بیژه‌ن ئه‌ندامی ژماره ٢

ته‌مثیل ده‌كرا؛ م.س. خوینین ١٠٦٠ رابطی نیوانی ایمه و هیوا بوو تا كونفرانس ته‌شكیل درا كومه‌له له كوششتی ئه‌م لاوه آزایه هه‌ر وه‌ها له گشت ئه‌ندامه‌كانی ئه‌م كونفرانسه گرینگه كه بی گومان له دوایی دا ده‌بیته فه‌سلیكی گه‌وره ده میژووی فه‌عالیه‌ت و كوششتی دوو كومه‌له دا، سوپاس و تشكر ده‌كا. (په‌یمانی سیه سنوور) له لایه‌ن هه‌یئه‌تی استشاره‌ی اداره‌ی ناوه‌ندی ی "ژ - ك" په‌سند كراوه به‌م زووانه ده‌گه‌ل نسخه‌ی په‌سندكراوی ناوچه‌ی (هیوا) مبادله ده‌كریت." هه‌ژار له چێشتی مجێور، پاریس - ١٩٩٧، لاپه‌ڕه‌ی ٦٤ و ٦٥) له بن سه‌ردێڕی " مه‌عمووریيه‌ت له "ژ - ك" دا" به‌م شێوه‌یه‌ی خواره‌وه باسی په‌یمانی سێ سنوور ده‌كا:

"مانگی جۆزه‌ردان بوو (ساڵی ١٣٢٣ی هه‌تاوی)، دروێنه‌ی جۆ له ده‌وری بۆكان ده‌ستی پێ كردبوو. حیزب (كومه‌له) ناردی چومه سابلاغ. ده‌گه‌ڵ میرزا قاسمی قادری و زه‌بیحی كه ده‌بوینه سێ كه‌س، گوتیان ده‌بێ بچنه (دزه‌ی مه‌رگه‌وه‌ڕ) ده‌گه‌ڵ

نوێنەرانی حیزبی هیوای کوردستانی عێراق گفتوگۆ بکەن و هەر قەرارێک ئێوە بیدەن ئێمە پێی رازین. بە سواری ترومبێل بەرەو ورمێ کەوتینە رێ کە لەوێوە فایتون هەیە و دەمان باتە مەرگەوەڕ. گەیشتینە گوندی (بالانیش)، شەڕ و هەرایەک بو سەگ ساحێبی خۆی نەدەناسی. زێرۆئاغای هەرکی و دەوڵەت شەریان بو.پۆستی ئەمنیە سوتابو، هەشت کەلاک درێژ کرابون. هەر وا کورد بون لە ورمێوە هەڵاتبون و دەهاتن. بە پەلە ترومبیلمان بە جێ هێشت و بەرەوچیا رەوین. چوینە گوندی (کوکێ) کە ماڵە زێرۆی لێ بو. ویستمان میوانی بین. کابرایەکی گەرمیانی کە کۆنە ئاشنای زەبیحی بو لە دەرگا گێڕاینەوە، گوتی: زێرۆ دوژمنی شێخ عەبدوڵای دزەیە، لەوانەیە روتتان بکا چونکە دەچنە ماڵی ئەو. لەوێش بێدەنگ خۆمان ڕزگار کرد و چوینە گوندی ( قاسملو) لە دۆڵی قاسملو لە بن چیای دمدم کە ئێستاش شوێنەواری خانی لەپ زێڕینی لێ دیارە. شەو لە ماڵی مستەفاغا ناو میوان بووین. کابرا دەیەویست روتمان کا، بەڵام کە زانی دەمانچەمان پێ یە وازی هێنا. بەیانی وڵاغمان لە سۆفی شێرە ناوێک بە کرێ گرت و چوینە دۆڵی دزە. بۆ نیوەرۆ لای عەبدولقادری کوڕی شێخ عەبدوڵا لە (گردوان) بوین و ئێوارە چوینە ڕەشماڵی ماڵی شێخ لە دزە.

نوێنەرانی هیوا: "شێخ عوبەیدیللای زینویێ"، "سەید عەزیزی شەمزینی" کە ئەفسەرێکی عراق بو، "سەعیدی کانی مارانی" ناوێکیش کە تازە لاوێک و خوارزای شێخ عوبەیدیللا بو دەگەڵیان هاتبو. چەندین کۆبونەوەمان پێکەوە کرد و لە سەر دوازدە نوختە پێک هاتین کە هەر دوک حیزب پێکەوە هاوکاری بکەن و مەعلومات پێک بگۆڕنەوە. جا چونکە لەو شوێنەی کە پێک هاتین بناری (داڵانپەڕ) و لایەکی شەمزینان و ئەم لایەی ئێران بو، ناومان نا: "پەیمانی سێ سنوور". بڕیار درا هەر دوکمان بێ خۆگرتن هەر کەسە لای خۆی بەیانەکە بڵاو بکاتەوە. دوای حەوت شەو لە دزە بە ڕێگەی شنۆ دا گەڕاینەوە. لە شنۆوە بە پێ هاتینە نەغەدە و لە نەغەدەوە بە سواری ترومبیلێکی سینمایی ئینگلیستان کە دەهاتە سابڵاغ هاتینەوە. ئێمە دەست بەجێ نوسخەی بەیانی خۆمان (دەبێ مەبەستی ڕاگەیاندنی خەبەری کۆبوونەکان لە "نیشتمان" دا بێ - نووسەری ئەم باسە) لە نیشتماندا چاپ کرد. هێشتا بڵاومان نەکردبۆوە خەبەریان داینێ کە حیزبی هیوا بەو پێک هاتنە ڕازی نەبوە و چاپی مەکەن. ڕوپەڕە چاپ کراوەکەی پێک هاتنەکەمان لە گۆڤارەکە دڕێ. خۆش ئەوە بو کە بەندێک لە پێکهاتنەکەدا دەڵێ:

"ئەگەر ئینگلیس لە عێراق بەشێ بدەن بە کورد، نابێ کوردی دەرەوەی عێراق هەڵاوێرێ، چونکە کوردستان یەکپارچەیە. بابڵێین ئێمە بەشی کورد بە هەق دەزانین و بە پێی توانا یاریدەی هەمو کوردێک دەدەین. کە ئێمەش دەگەڵ ڕووسان هەر ئەو حەولە دەدەین و موکوریان لە کوردی تورکیا و عیراق بە جیا نازانین".

حیزبی هیوا کە بە سەرۆکایەتی مامۆستا ڕەفیق حیلمی بو، لە مەسلەحەتی نەزانیبو کە هیچ ناوێک لە روس و کوردی ئێران و تورکیە هەبێ. باسی ئەو ڕێک کەوتن نامە مێژووییە تا ئێستا لەزۆر چاپەمەنی ناوخۆیی و لاوەکی دا کراوە، بەڵام سەیر لەوە دایە کە ناوی " هەژار" لە هەمواندا فڕێ دراوە و نوسیویانە: "زەبیحی" و "میرزا قاسم" لە ئێران و "شێخ عوبێدیللا" و

"سەید عەزیز "لە عێراق و" قازی خدر" (یان قازی مەلا خالید - جاری واش هەیە گوتویانە قازی عەبدول وەهاب) لە لایەن کوردی تورکیاوە ئەم پەیمانی سێ سنوورەیان پەسند کرد. هومێدەوارم ئەم گۆڕانی ڕاستی یە لە ڕووی هیچ غەرەزێکەوە نەبوبێ و هەڵەیەک بێ لە دڵپاکیەوە ڕوی دابێ" بە پێی ئەو گێڕانەوە بە وردەڕێشاڵەی نەمر هەژار و ڕۆنانی لەبەر ئەو باسەی وا کۆمەڵە لە لاپەڕەی ١٠ی ژمارە ٧- ٨ - ٩ ی "نیشتمان" دا بڵاوی کردووتەوە ئەم زانیارییانەی خوارەوەمان بە تەواوی بۆ ساخ دەبێتەوە.

١- ناوی تەواوی ئەندامانی نوێنەرانی کۆمەڵەی ژیانی کورد و نوێنەرانی کۆمەڵەی هیوا لەو کۆنفرانسە دا نوێنەرانی کۆمەڵە ژ - ک: قاسمی قادری قازی سەرۆکی دەستەی نوێنەرانی کۆمەڵە (ق.ق.ق پیاو - ١٠٥٣). عەبدولرەحمانی زەبیحی (ع. بیژەن ئەندامی ژمارە ٢)

عەبدەلرەحمانی شەرەفکەندی مەلای بۆر (ع. هەژار ئەندامی ژمارە ٢٠)

## نوێنەرانی کۆمەڵەی هیوا:

شێخ عوبەیدیللای زینوێ واتە شێخ عوبەیدیلای نەخشبەندی (ع. هووشەنگ ئەندامی ژمارە ٧٥، یان ع. جانگیر ئەندامی ژمارە ٧١٦) سەید عەزیزی شەمزینی (گەیلانی زادە) (ع. هووشەنگ ئەندامی ژمارە ٧٥، یان ع. جانگیر ئەندامی ژمارە٧١٦) رابطی نێوان کۆمەڵەی ژ - ک. و کۆمەڵەی هیوا تا بەستنی ئەو پەیمانە: محەمەد سەعیدی کانی مارانی (م.س. خوێنین ١٠٦٠)، ئەندامی کۆمەڵەی هیوا.

وادیارە محەمەد سەعیدی کانی مارانی لە ساڵانی دواتریشدا بە تایبەتی لە کاتی پاشەکشەی هێزی بارزانی لە کوردستانی ئێران دەوری ڕابطی لە نێوان ئەوان و تێکۆشەرانی نێوخۆی کوردستانی عێراق گێڕابێ. ئەبولحەسەنی تەفرەشیان لە کتێبەکەی دا "ڕاپەڕینی ئەفسەرانی خۆراسان" زۆر باسی چاکەی وی و هاتووچووی لە عێراقەوە بۆ شنۆ دەکا. بە خۆشییەوە بەهۆی چەند خزمی بەڕێزیان لە ئورووپا و دۆستێک کە هاوێنی ڕابردوو چاوی پێی کەوتووە ئاگادار کرام بەڕێزیان هێشتا لە ژیان دایە و لە شاری هەولێرە. حەق وایە بەڕێز کەریمی یان هەرکەسێکی دیکەی هۆگری مێژووی سیاسی کوردستان بیرەوەری بەڕێزیان کە تەنیا شاهیدی زیندووی "کۆبوونەوەی پەیمانی سێ سنوور"ە ئاستە بکەن.

٢- ناوی نهێنی لە کۆمەڵەی ژ - ک و کۆمەڵەی هیوا دا هەر نەبێ تا کاتی ئەو دیدارە لە جۆزەردانی ١٣٢٣ دا یەک شێوازی هەبووە، واتە تیپی یەکەمی ناوی ڕاستەقینەی پچووک + ناوی نهێنی + ژمارەی ئەندامەتی

٣- پەیمانەکە ١٢ خاڵ بووە.

٤- "فشاری باقرۆف و شوورەوی" هیچ دەورێکیان نەبووە لە پێشگرتن لە بڵاو بوونەوەی خەبەر یان نێوەرۆکی ئەو" پەیمانە"، بەڵکوو لاپەڕەی ١٠ی نیشتمان لە سەر داوای کۆمەڵەی هیوا لێکراوەتەوە.

٥- دەستەی نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە لایەن سەرکردایەتی کۆمەڵەی ژ - ک هەر وەک هەژار باس دەکا و خەبەری "لەناو کۆمەڵە دا "لە لاپەڕە ١٠ دەنووسێ "پەیمانی (سیە سنوور) لە لایەن هەیئەتی استشارەی ادارەی ناوەندی ی "ژ - ک" پەسند کراوە بەم زووانە دەگەڵ نسخەی پەسند کراوی ناوچەی (هیوا) مبادلە دەکرێ" سەلاحییەتی واژۆ کردن و پەسند کردنی نێوەرۆکی ئەو پەیمانەی هەبووە، بەڵام دەستەی نوێنەرایەتی کۆمەڵەی هیوا ئەو ئۆتۆریتەیەی نەبووە و بۆیە دوای کۆبوونەوەکە داوا لە ژ - ک کراوە ئەو لاپەڕەیە لە "نیشتمان" بدڕێنێ.

٦- ئەو ڕێکەوتنە دوازدە مادەییە بۆیە نێوی "پەیمانی سێ سنوور" بووە لە بەر ئەوەی لە بناری "دالانپەڕ" ئیمزا کراوە.

٧- پەیمانەکە وەک زۆر پەیمان و ڕێکەوتنی ناو کوردان لە ساڵانی دواتر و تائێستاش بە مەلۆتکەیی سەری ناوەتەوە.

ئەو پەیمانەی نێوان دوو لایەنی چالاکی خەباتی کوردایەتی لەو سەروبەندی دا، ئەگەرچی هەر بە سەرمقەستەکەی واتە "ایجادی پیوەندیکی وسیعی سیاسی" و ئەو مادەیەی دەزانین کە هەژار باسی دەکا، لە مێژووی سیاسی کوردستان دا گرینگی سەمبۆلیکی خۆی هەر دەپارێزێ.

وەک مامۆستا هەژار دەنووسێ زۆر سەرچاوەی کوردی و بیانی بە چڵ و نیوەچڵ باسیان لێوە کردووە، ڕەنگە لە سەرچاوەی ئینگلیسی دا ویلیام ئیگلتنی کوڕ یەکەم کەس بێ لە کتێبە بەنرخەکەی " کۆماری کوردی ساڵی ١٩٤٦ " دا باسی ئەو پەیمانەی کردبێ. زانیاریدەرەکانی ئیگلتن بە دەرەجەی یەکەم نەمران مەنافی کەریمی و سەید ئەحمەدی سەید تەهای شەمزینی بوون و تەنانەت لەوانەیە لە خوالێخۆشبوو سەید عەبدوڵای گەیلانیش باسی ئەو کۆبوونەوەی پرسیبێ. بە دوای ئیگلتن دا سەرچاوەی دیکەی ناکوردیش وەکوو ژەنەڕاڵ ئەرفەع و کریس کۆچێرا بە هێندێک ئەملاو ئەولا ئەوەیان دووپاتە کردووەتەوە.

تا ئەو جێیەی نووسەری ئەم دێڕانە بزانم خوالێخۆشبووان کەریمی حیسامی، فرانسوا حەریری سەبارەت بە پەیمانی "سێ سنوور" یان نووسیوە و لە ساڵی ٢٠٠٧ یشدا کە بیرەوەرییەکانی خوالێخۆشبوو محەممەدی شاپەسندی بڵاو بووەوە، هێما بە پەیمانی "سێ سنوور" کراوە. هەر وەها لێکۆڵەرەوەی کورد سەیید محەممەدی سەمەدیش ئاماژەی بەو پەیمانە کردووە. ئەگەر سێ نووسەری یەکەم مابان و زانیبایان دۆزرانەوەی لاپەڕەی ١٠ی ژمارەی ٧ ، ٨ ، ٩ ی نیشتمان چلۆنایەتی ئەو پەیمانە ئەو جۆرەی کە بووە روون دەکاتەوە بێ شک پێی دەگەشانەوە، و دۆزینەوەی لاپەڕەی ١٠ و نووسراوەی سەرەوەی مامۆستا هەژار دەکرێ یارمەتی بکا بۆ ئەوەی بەڕێز سەمەدیش لە چاپی تازەی "نگاهی بە تاریخ مهاباد" دا بەو باسە دا بێتەوە.

سەرچاوە: وێبنووسێ ڕوانگە - ڕێکەوتی: ٣ی ئەپریلی ٢٠٠٨



سەرچاوە Serchawe

# بۆچوونێک سەبارەت بە تاریخی دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانی کورد.

**گۆواری گزینگ ژمارە: ١٧، پاییزی ١٩٩٧**

**حەسەنی قازی**

لە کتێب و نووسراوەی کوردی، فارسی، عەرەبی، ئینگلیسی، فرانسەیی و رووسی دا لەمەڕ مێژووی بزووتنەوەی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، تاریخی دامەزران و نێوی کۆمەڵەی ژێکاف جۆر بە جۆر باسکراوە. بەڵام سەرچاوەی دەستی یەک و ئی هەرە باوەڕپێکراو چاپەمەنی کۆمەڵەیە ١ کە ئەو تاریخەمان بۆ ساغ دەکاتەوە: ئەویش ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاوی (١٦ی ئووتی ١٩٤٢) یە.

تەنانەت نووسەرێک ٢، کە لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەو رێکخراوەیەشدا بەشدار بووە ئەو تاریخەی دوو جۆر باسکردووە. دیارە زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کە پاش ساڵی ١٩٦٣ بڵاو کراونەتەوە بۆ زۆربەی زانیارییەکانیان پشتیان بە کتێبی ئیگلتن ی کوڕ ٣ بەستووە.

لەم نووسراوەیەی دا قسەی من ئەوەیە، ئەگەرچی لە زەمانی رەزا خان و بەر لە ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاوی (ئاخروئۆخری ئووتی ١٩٤١ی زایینی) بە پێی ئەو سەرچاوانەی لە خوارەوە باسیان دەکەین لە سابڵاغ و ناوچەی موکریان رێکخراوێکی سیاسی پێکهاتووە و لەو رێکخراوەیەدا چەندێک لە هەڵسووڕ و دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانی کورد بەشدار بوون، بەڵام تاریخی دامەزرانی رەسمی کۆمەڵە ناگەڕێتەوە بەر لە سەر دەمی ئووتی ١٩٤١، بەڵکوو کۆمەڵەی ژیانی کورد خەباتی خۆی بە درێژەی کار و چالاکی ئەو رێکخراوەیە داناوە و لە یەک لە سەنەدەکانیدا ئەوەی باس کردووە.

**د. رەحیمی قازی لە کتێبێکی دەستنووسدا: "قاضی محمد و جنبش رهائی بخش ملی خلق کرد ٤ دا دەڵێ:**

" کۆمەڵەی ژ - ک. لە مانگی ژووەنی ١٩٣٨ لە مهاباد لە لایەن چەند رووناکبیری نیشتمانپەروەر دامەزرابوو، بەڵام لە سەروبەندی دیکتاتۆری رەزاخان دا و لە هەلومەرجی تێرۆر و خەفەقان دا چالاکییەکانی کۆمەڵە بەرچاو نەبوو. لە مانگی مای ١٩٣٩، دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانی کورد پێوەندی لە گەڵ نیشتمانپەروەرانی کورد لە عێراق دەگرن و لە سنوور چاوپێکەوتنێک لە نێوان نوێنەرانی هەر دووک لا دەکرێ. لەو چاوپێکەوتنە دا بڕیاردەدرێ هەڵسووڕانی کۆمەڵە هەم لە ئێران و هەم لە عێراق پەرە پێبدرێ. یەکێک لە نوێنەرانی کوردی عێراق کە ئەفسەر بووە گوزاریشی بڕیارەکانی ئەو چاوپێکەوتنە دەدا بە کاربەدەستانی عێراق و لە ئاکامی ئەوە دا دەوڵەتی ئێران و عێراق بە پێی مادەکانی پەیمانی




سەرچاوە
Serchawe

سەعدآباد ٥ بە شێوەیەکی هەموو لایەنە هەڵسووڕانی کۆمەڵەی ژ - ک. دەخەنە ژێر چاوەدێری. لە ساڵانی ٤٠ - ١٩٤١دا کاربەدەستانی دەوڵەتی ڕەزا خان شێکیان لە هێندێک لە خەڵکی مهاباد کرد و دووریان خستنەوە..."

**هەرلەو بەشەی دەستنووسی کتێبەکەی دا قازی دەنووسێ:**

" لەمانگی ژووییەی ساڵی ١٩٤٣ یەکەم ژمارەی گۆڤاری "نیشتمان" کە بڵاوکەرەوەی بیر و ئۆرگانی نێوەندی کۆمەڵە بوو بڵاو کرایەوە. دوای ڕووخانی ڕێژیمی دیکتاتۆری ڕەزا شا ئەوە هەوەڵین بڵاوکراوەی کورد زمان بوو کە لە کوردستانی ئێران چاپ دەکرا... ئەو گۆڤارە بووە هۆی تووڕەیی و بێزاری کۆڕوکۆمەڵی شوڤێنیستی لە ئێران و ڕۆژنامەیەکی سەر بە وان " آینده ایران" لە نووسراوەیەکی خۆیدا بە نێوی " زبان رسمی ایران فقط یک زبان است" ( زمانی ڕەسمی ئێران تەنێ یەک زمانە) نووسیویە: " وەک دەرکەوتووە لە ئێران ڕۆژنامەیەک بە لەهجەی محەلی چاپ دەکرێ. شوکرانەبژێری خودام ئەو ڕۆژنامەیە نەگەیشتووەتە دەستی ئەم نووسەرە و هیوادارم لە ئایەندەش دا نەگاتە دەستی"(روزنامە آیندە ایران - ١٨ی دیسامبری ١٩٤٣)"



ڕەحیمی قازی دەڵێ ئەوەی لە کتێبەکەیدا لە سەر کۆمەڵەی نووسیوە بە پشت بەستن بە هێندێک دەستنووس لە بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەیە بە قەڵەمی ڕەحمانی زەبیحی یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە و بەرپرسی چاپەکانی ئەو ڕێکخراوەیە (دستنووسی فارسی کتێبی ر. قازی، ل ٧١ ، ٧٢ و ٧٣)

کاک غەنی بلووریان لە کتێبەکەیدا ٦ لە زمانی کاکەمین کە کارداری ماڵیان بووە دەگێڕێتەوە:

"لە زەمانی ڕەزا شا دا هەر چەشنە بزاڤێکی سیاسی لە ئێران و بە تایبەتی لە کوردستان دا بە توندی سەرکوت دەکرا. لەو هەلومەرجە دا ژمارەیەک ڕووناکبیری مهاباد بۆ ئەوەی هەستیان پێ نەکا (نەکرێ) دەستەیان ساز کردبوو و هەر شەوەی لە ماڵێک کۆ دەبوونەوە... لە نێو ئەو گرووپ و دەستانەی شەوانە دا ژمارەیەک ڕووناکبیری چالاک و بە کردەوە، دامەزرانی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد"یان هێناوەتە بەر باس. ئەوان شەوێک لە شەوانی ڕەمەزانی ١٣١٧ (١٩٣٨) باسی دامەزراندنی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" یان کردووە. لە نووسراوەیەکی تازە دا ٧، کاک حامیدی گەوهەری باسی ڕاپۆرتێکی گشتی دەکا و دەڵێ:

"ئیدارەی ناوەندی کۆمەڵە لە مەڕ چۆنیەتی دامەزراندنی ژ - ک.، مێژووی خەباتی، چونیەتی پێوەنیگرتن و دابینکردنی دۆستایەتی لە گەڵ یەکییەتی سۆڤییەت، قەوارەی تەشکیلاتی، پرۆگرام، شێوەی ئەندام وەرگرتن و ژمارەی ئەندام، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد و چەند بابەتی تر بە ژمارە نامەی ٤٤٤ ڕۆژی ٧ی بەفرانباری ساڵی ١٣٢٣ (٢٨ دیسامبری ١٩٤٤) بۆ مۆلۆتۆف وەزیری دەرەوەی سۆڤییەتی ناردووە لە مەڕ دامەزرانی ژ - ک. دەڵێ:

"حیزبی ئێمە لە مانگی یونی ساڵی ١٩٣٨ دامەزراوە. بەڵام بە هۆی کۆنترۆڵی توند و تیژی حکوومەتی ئێران چالاکییەکی زۆری نەبووە. تائەو جێیەی کەسێک بە تەواوی جێی متمانەی ئێمە نەبووبێ داوای ئەندامەتی لێنەکراوە و سیاسەتی ئێمە لەمبارە دا ئێستاش بەمجۆرییە. لە مانگی مای ساڵی ١٩٣٩، کوردەکانی عێراق داوای پێوەندییان بە حیزبی ئێمەوەکرد. هەر لەو مانگە دا ئەندامێکی نوێنەری حیزبی ئێمە چووە ناوچەی سەرسنووری عێراق و چاوی بە دوو ئەفسەری کوردی عێراقی کەوت. لەو چاوپێکەوتنە دا بڕیار درا هاوکاری دوولایەنە پەرەی پێبدرێ. دوو کوردی شەخسی (سوید)یش لەو کۆبوونەوەیەدا بوون. بە هۆی خیانەتی یەکێک لەو ئەفسەرانە بە ناوی "فایق ئەمین" حکوومەتی عێراق ئاگاداری بڕیارەکانی ئەو کۆبوونەوەیە بووە. عێراق چونکە لە پەیمانی "سەعداباد" ئەندام بوو، چونیەتی ئەم دیدارە و بڕیارەکانی بە ئێران ڕاگەیاند و ئێرانیش کوردستانی خستە ژێر کۆنترۆڵ و چاوەدێری توند." گەوهەری لە درێژەی ئەو نووسراوەیە دا دەڵێ: "بە پێی ئەو ڕاپۆرت و بەڵگانەی بە دەستەوەن کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە نێوان مانگەکانی جۆزەردان - پووشپەڕی ساڵی ١٣١٧ (ئووتی ١٩٣٨) دامەزراوە."

وەک دەردەکەوێ هەر سێی ئەو سەرچاوانەی لە سەرەوە باسیان کرا هەموویان دەنووسن کۆمەڵەی ژ - ک. لە ساڵی ١٩٣٨ دا پێکهاتووە. لە بەراورد کردنی نووسینەکانی ڕ.قازی وح. گەوهەری ش لەو بارەیەوە جوان دەردەکەوێ ئەوان بە پشت بەستن بە عەینی سەرچاوە ئەو بۆچوونەیان هێناوەتە گۆڕێ. وەک باسمان کرد قازی دەڵێ سەرچاوەی ئەوەی لە سەر کۆمەڵەی نووسیوە لە دەستنووسی زەبیحی وەرگیراوە، و لە بەر ئەوەی بەتەواوی و بە وردی ئەو بەڵگەیەی نە ناساندووە، بە لە

بەرچاوگرتنی زانیارییەکانی وی و گەوهەری کە هەر یەکن دەبێ سەرچاوەی هەر دووکیان هەر ئەو بەڵگە و ڕاپۆرتە بێ کە ع. گەوهەری باسی دەکا و بە جۆرێک ئەو بەڵگانەی لای ڕەحیمی قازی دەست کەوتووە.

لە کتێبی کاک غەنی بلووریان دا کە لە سەرەوە باسکرا لە باسی قسەکانی "کاکەمین" دا دەنووسێ:

"... کاغەزێکی چرووکی چرێشاوی دوولەتی دەرهێنا و بە هێمنی و بە دەنگێکی نزم گوتی: وەیخوێنە! ئەوە هەمان بەیاننامەیە کە خەڵک باسیان دەکرد و بە دیواری مزگەوت و بازاڕەکانی شاریان (وە٠ لکاند بوو. هەرچونێک بوو دەقی بەیاننامە - دەست نووس - کەم خوێندەوە. لەو دا داوا لە جەماوەری کورد کرابوو، کە بە هانای ئەو لاوانەوە بچن کە بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ خەبات دەکەن.

کاکەمین دەیگوت: پۆلیس بە تاوانی ئەو بڵاوکراوەیە گەنجێکی بە ناوی "حاجی خوسرەوی" گرتووە و چەند کەسیشی لەو پێوەندییە دا بۆ هەرێمی ژووروی ئێران یانی "شیراز" و "کرمان" دوور خستۆتەوە.٨ ئەوانەی کە من شارەزایانم "حوسێنی زێڕینگەران" و "محەمەدی راتبی" (حەمەدی مەولوودی)ن کە دوور خراونەتەوە." سەبارەت بە دەخەرکەمان نان و ڕاونانی کوردان لە زەمانی ڕەزا شا دا ئاگاداری و زانیاری زۆر بە دەستەوەیە ٩. لە مەڕ دوورخستنەوەی کوردی سابڵاغی لە پێوەندی لەگەڵ هەڵسووڕانی سیاسی دژی ڕێژیم، ئەوەی لە نووسراوەی ڕ.قازی و غ.بلووریان دا ئیشارەی پێکراوە لە هۆنراوەیەکی سەیفولقوزات دا (١٣٢٣ - ١٢٥٥هەتاوی) ١٠ کە وێدەچێ ئاخر شوێنەواری بێ بە جوانی دەردەکەوێ:

"هەورامی و جەلالی بۆ سمنان و ساوە چوون
سابڵاغی بۆ شیرازێ ڕەپێچەک دراویە"

هەتا ئێرە دەردەکەوێ لە زەمانی ڕەزاشا و بەر لە ئووتی ١٩٤١ دا جۆرە چالاکییەکی سیاسی لە گۆڕێدا بووە و ئیدارەی ناوەندی کۆمەڵەی ژ - ک. لە نامەیەکدا بۆ مۆلۆتۆف ئەو چالاکییانەی کە ئەگەرچی زۆریش بە دەرەوە نەبوون لە بەر ئەوەی بە لانی کەمەوە دوو لە هەڵسووڕ و دامەزرێنەرانی تێیدا بەشدار بوون بە ئی خۆی داناوە. لەو چاپەمەنییانەی سەردەمی کۆمار کە بەدەستەوەن تا ئەو جێیەی ئەمن بزانم ناوی کۆمەڵەی ژێکاف نەهاتووە، بەڵام لە نووسراوەیەکی ڕۆژنامەی کوردستاندا (ژمارەی ٦٩، ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٢٥ - ٢١ی ژوویيەی ١٩٤٦) بە قەڵەمی سەیید محەمەدی حەمیدی بە بۆنەی شەهید بوونی محەمەدی نانەوا زادە فەرماندەی هێزی ناوەندی کوردستان لە باسی کارنامەی ژیانی دا هاتووە:

"نانەوا زادە ساڵی ١٣٢٠ (١٩٤١) داخلی "حزبی آزادی کوردستان" بو و سویندی خوارد کە بو رزگاری کورد و آزادی کوردستان لە ظلم و زور لە هیچ روداویک رو وەرنەگیری."

بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەیکە سەبارەت بە "حزبی آزادی کوردستان" ١١ بەڵگەیەکی ئەوتۆ بەدەستەوە نییە (لە کاتی نووسینی ئەو باسە لە ساڵی ١٩٧٧ دا، دواتر بە وەدەست کەوتنی هێندێک سەنەد و بەڵگە نووسەری ئەم باسە لێکۆڵینەوەیەکی بە وردە ڕێشاڵم بە ناوی "حیزبی ئازادیی کوردستان و عەزیزوڵاخانی زەندی" بۆجاری یەکەم لە ١١ی ئووتی ٢٠٠٧ لە وێنووسی ڕوانگە دا بڵاو کردەوە) و، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە بە پێی ئەو سەرچاوانەی تاکوو ئێستا سەبارەت بە مێژووی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نووسراون باسی حوسێنی زێڕینگەران (حوسێنی فرووهەر) و محەمەدی نانەوازادە وەکوو دووکەس لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ - ک. کراوە و لەبەر ئەوەی کە تەواو ڕێی تێدەچێ مەبەستی کۆمەڵە لە نامە نووسین بۆ یەکێتی شووڕەوی بە دەرەجەی یەکەم پشتیوانی وەدەستهێنان بۆ داواکانی بێ بۆ ئەوەی پێشینەیەکی دوورودرێژتر بۆ ڕێکخراوەکەی بهێنێتە گۆڕێ، ئەو هەڵسووڕانانەی وا بەر لە ساڵی ١٩٤٢ ش کراون - لە حزبی آزادی کوردستان - دا لەو نامەیەیدا بۆ شووڕەوی بە بەشێک لە ڕابردووی خۆی داناوە. وەک لە چاپەمەنییە ڕەسمییەکانی کۆمەڵە ڕا جوان دەردەکەوێ، کۆمەڵەی ژیانی کورد لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاوی (١٦ی ئووتی ١٩٤٢) دامەزراوە.

**حەسەنی قازی**

**ئاوریلی ١٩٩٧**

### پەراوێزەکان

١- لە ڕۆژنەژمێری تایبەتی کۆمەڵەی ژ - ک. کە لەلایەن کۆمەڵەوە بڵاو کراوەتەوە، لە ڕۆژنەژمێری ساڵانی ٢٢ و ٢٣ی هەتاوی لە بەرەوەی مانگی گەلاوێژی ١٣٢٢ دا نووسراوە: ٢٥ - جی گەلاوێژ جێژنی سەرساڵی کۆمەڵەی ژ - ک. و لە بەرەوەی مانگی گەلاوێژی ١٣٢٣ دا نووسراوە: " ٢٥- جێژنی سەرساڵی کۆمەڵە

٢- سەید محەممەدی سەمەدی کە لە گەڵ چەندکەسێک لە هەڵسووڕێنەرانی کۆمەڵە دواوە لە نووسراوەی یەکەمیدا: "ژێ کاف چبوو؟ چی دەویست؟ وە چی بەسەر هات"، مەهاباد، ١٣٦٠ی هەتاوی - ١٩٨١ی زایینی لە زمانی مەلا قادری مودەڕەسییەوە دەنووسێ:" .... ئەو تین و مەیلە لە ٢٥ی شەهریوەری ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی ڕێکەوتی سێپتامبری ١٩٤٢ شکڵی گرت. ئەو ڕۆژە لە گەڵ پۆلێک چووینە باغی ئەمینولئیسلامی کە هەر ئێستا نەخۆشخانەی (مبارزە با سل)ی مەهاباد لەوێ هەڵکەوتووە، وە لەوێ نوتفەی تەشکیلاتی ژێ - کاف گووراوە". مەلا قادری مودەڕەسی لە نووسراوەیەکی دیکە دا:

نگاهی دیگر بە ژ - کاف - از یادداشتهای شخصی یکی از بنیادگزاران جمعیت - بە کوشش سید محمد صمدی، مهاباد پائیز ١٩٦٣، ٢٢ مە ١٩٨٤ دەڵێ: "ڕۆژی ٢٥ی مورداد (گەلاوێژ) ی ١٣٢١ (١٦ی ئووتی ١٩٤٦) حیزبی کۆمەڵەی ژ - کاف دامەزرا و جێژنی ساڵڕۆژی دامەزرانی لە ساڵانی ٢٢ (٤٣)، ٢٣ (٤٤)، ٢٤ (٤٥) و ٢٥(٤٦) گیرا.

مامۆستا هەژار لەو بارەیەوە دەڵێ:

گەلاوێژەکەی بەختت لە ئاسۆ

دەرکەوت چا بوو نەبووی ڕەنجەڕۆ

نرخی ئەو مانگە پارەی گیانە

جەژنی سەرساڵی کۆمەڵی ژیان ە

٣- بڕوانە: The Kurdish Republic of 1946 William Eagleton JR Oxford University Press, 1963 ئیگلتن ی کوڕ، ڕۆژی دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانی کورد ی بە ١٦ی سێپتامبری ١٩٤٢ (٢٥ی خەرمانانی ١٣٢١) داناوە بە بێ ئەوەی بڵێ ئەو زانیارییەی لە کێ وەرگرتووە.

٤- د. ڕەحیمی قازی ئەو کتێبەی هەم بە کوردی و هەم بە فارسی نووسیوە. دەستنووسی فارسی کتێبە کەی لە ساڵی ١٩٨٦ بە دەست من گەیشت. دەستنووسە کوردییەکەی لە لای چەند دۆست و ناسیاوی هەیە. هیچکام لەو دەستنووسانە تا ئێستا چاپ نەکراون. ڕەحمەتی ڕ.قازی کتێبەکەی لە ڕوانگەیەکی لایەنگرانەوە نووسیوە و بارودۆخی ئەو سەرو بەندی کوردستانی لە چوار چێوە ی بەرژەوەندی سیاسەتی شووڕەوی دا شی کردووەتەوە. ئەگەرچی ئەو شێوە بۆچوونە لە هێندێک جێ بووەتە هۆی ئەوەی لە توێژینەوەی بابەتیانە و پشت ئەستوور بە سەنەد و بەڵگە لابدا، بەڵام سەرەڕای ئەو کەم و کورتییە کتێبەکەی زانیاری نەزانراوی سەبارەت بە کەسایەتی قازی محەمەد و مێژووی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێدایە. ئەو زانیارییانەی ڕەحیمی قازی لەمەر کۆمەڵە که بووەتە هەوێنی "کتێب نووسین" لە مەڕ کۆمەڵە یەکەم جار لە کتێبەکەی ویدا باس کراون.

٥- پەیمانی سەعدئاباد لە ١٧ی پووشپەڕی ١٣١٦ی هەتاوی (ژووەنی ١٩٣٧ی زایینی) لە نێوان دەوڵەتانی ئێران، عێراق، تورکیا و ئەفغانستان بەسترا. لە مادەی حەوتەمی ئەو پەیمانە دا دژایەتی ئەو دەوڵەتانە لە گەڵ بزووتنەوەی کورد و بەگژداهاتنەوەی بە ئاشکرایی هاتووەتە گۆڕێ:

"مادەی ٧- هەر کام لەو دەوڵەتانەی کە بەیەکەوە پەیمانیان بەستووە وەستۆ خۆیان دەگرن لە چوار چێوەی سنوورەکانی خۆیاندا پێشبگرن بە پێکهاتن و یان کردەوەی دەستەی چەکدار و لە دامەزرانی هەر جۆرە هەیئەت یان ڕێکخراوێکی دیکە بۆ تێکدانی ئەو دامەزراوانەی هەن و بۆ ئاڵۆزی پێکهێنان لەنەزم و هێمنی هەر بەشێک لە خاکی هاوپەیمانێکی دیکە دا بێ (چ لە سەر سنوور و چ غەیری سنوور) و یان بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی لایەکی دیکە."

سەرچاوە: مجموعه عهدنامەهای تاریخی ایران، بەرگی ٣، لاپەڕەی ٢١٧ ، ٢١٨

٦- بڕوانە: غەنی بلووریان. ئاڵەكۆك "بەسەرهاتەكانی سیاسی ژیانم" كۆ كردنەوە و ئامادە كردنی: حامید گەوهەری، ستۆكهۆڵم ١٩٩٧

٧- بڕوانە گۆڤاری گزینگ، ژمارەی ١٥، ئاوریلی ١٩٩٧، ل ٤٠ ، ٤١ و ٤٣

٨- ئەگەرچی كتێبی غەنی بلووریان زانیاری تازەی لە مەڕ كۆمار و مێژووی حدكا تێدایە، بەڵام لە بەر پەلە و بێدیقەتی كۆكەرەوە و ئامادەكاری كتێبەكە جارجار هەڵەی زۆر زەقی تێكەوتووە. بۆ نموونە "شیراز" و "كرمان" بە "هەرێمی ژووروی ئێران" ناو براون.

٩- بۆ زانیاری تازە لە مەڕ ڕەفتاری ڕێژیمی ڕەزا شا لەگەڵ عەشیرەتە كوردەكان و گەلی كورد بە گشتی بڕوانە ئەم كتێبەی خوارەوە، بە تایبەتی بەندی ١٠

A Modern History of The Kurds
David McDowall
I.B.Tauris. London, 1996

١٠- سەیفولقوزات لەو هونراوەیەیدا وێڕای پەسنی شووڕەوی باسی دەوری گۆڤاری "نیشتمان"یشی كردووە و دەڵێ:

"كوردان كە هاتوچۆ دەكەن ئەورۆ بە پرچەكی
نیشتمان زمانی وانە بە ئەمری دراویە..."

لە پارچە شێعرێكی دیكە دا، كە هەر ئی ئەو سەروبەندەیە دەڵێ:

"بۆچی زمانی دایكی لە ئێمە مەنع كرا؟
ئەو هێندە زوڵم و زەحمەت و فەرق و جوداییە
دەكرانە دیل و بوونە ئەسیرێ لە نێو عەجەم
هەورامی، سابڵاغی و عێلی جەلالییە
هێندێكی بۆ عێراق (ئەراك) و بۆ سمنان و دامغان
دەستێكی بۆ شیرازێ كە جێی شێخی سەعدییە"

وەك لە دەقی نووسراوەكەدا باسكرا حوسێنی زێڕینگەران و حەمەدی مەولوودی دووركرابوونەوە بۆ شیراز.

لە بەڵگەنامەكانی نهێنی وەزارەتی كاروباری دەرەوەی بریتانیا دا.

8 FO371/45478 73277 Tabriz Diary. No
November 1945

لە زمان کەسێکەوە کە لە بۆکانەوە ڕاپۆرتی بۆ کۆنسوولی بریتانیا لە تەورێز ناردووە، هاتووە:
"لە نەتیجەی حەول و تێکۆشانی تازەی حیزبی توودە بۆ ئەندام وەرگرتن لە ئازەربایجان، نزیکەی ١٠٠٠ کەس لە ئەندامانی عەشیرەتی دێبۆکری، حەیدەری و شێخ ئاغایی و هەروەها مەلایەکی دەستڕۆیشتووی کورد، سەیفولقوزات.... (وشەیەک ناخوێندرێتەوە) بۆ بەرپەرچدانەوەی حیزبی توودە لەگەڵ کۆمەڵەی ژ.ک. کەوتوون."

ئەگەر ئەوڕاپۆرتە لەمەڕ ساڵی ١٣٢٣ یەوە بێ لە مەڕ سەیفولقوزات وەڕاست دەچێ. سەیفولقوزات ئەو شێعرەی خۆی لە پەسنی شووڕەوی، ڕاگۆێزانی کوردان و دەوری گۆڤاری نیشتمان لە مانگی ذیحجەالحرام ی ساڵی ١٣٢٣ی هەتاوی(دیسامبری ١٩٤٤) مانگێک بەر لە وەفاتی خۆی ڕێبەندانی ١٣٢٣ (ژانڤییەی ١٩٤٥ی زایینی) نووسیوە. شێعرەکانی سەیفولقوزات لە ڕووی دەستخەتی خۆی کە لە لای نووسەری ئەم باسەیە نووسراوەتەوە.
١١- گۆڤاری توودە - ارگان سازمان انقلابی حزب تودە ایران در خارج از کشور لە ژمارەی ١٩ ( تیرماه ١٣٤٩)- ژووەن - ژوویەی ١٩٧٠ دەنووسێ: "لە ساڵانی ٣٩ - ١٩٤٢ ڕێکخراوێکی پچووک بە نێوی" حزب آزادی کردستان" بە ڕێبەری دوکتور!! عەزیزی زەندی پێکهات. لەو ڕێکخراوەیە جگە لە بەیاننامەیەک بە بۆنەی هاتنی ئەرتەشی سوور بۆ سەرووی ئێران، کە لەودا پیرۆزبایی کراوە لە ڕزگاربوون لە فاشیزم و داوای مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد دەکا چ سەنەدێکی دیکە بە دەستەوەنییە" ل ١٠.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وێبنووسی ڕوانگە - ڕێکەوتی: ١٣ی فێبریویری ٢٠٠٩

---

## سەبارەت بە نێوی کۆمەڵەی ژ - ک

**گۆواری گزینگ: ژمارەی: ١٨، زستانی ١٩٩٨**

**حەسەنی قازی**

تێبینی: ئەم باسەی خوارەوە لە مانگی مای ساڵی ١٩٩٧ نووسراوە. بە دوای بڵاو بوونەوەی ئەم نووسینە و بابەتی سەبارەت بە تاریخی دامەزرانی کۆمەڵە، کەسێک هەم لە گۆواری گزینگ و هەم لە گۆواری ڕوانگەدا (ژمارەی ١١، ئۆکتۆبری ٢٠٠٢) بەشێکی زۆری ئەو زانیارییانەی لەو دوو نووسینە کورتانە دا شیتەڵ کراونەتەوە بە ناوی خۆی بە خوێنەرەوەی کورد فرۆشتبووەوە بێ ئەوەی هێما بەسەرچاوە بکا و بۆ شوێنە ونکە لەپەراوێز دا نووسیبووی: "تا ئێستا گەلێک کەس لە ناوی

کۆمەڵەیان کۆڵیوەتەوە و زۆربەشیان لە سەر ئەوە ساغ بوونەتەوە کە (ژ - ک) کورتکراوەی (ژیانەوەی کوردە). بۆ نموونە بڕوانە: ( پێداچوونەوە - گەشتێک بە نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستانی ئێران، کەریمی حسامی، سوید - ١٩٩٦، ل ١٧٠ )، (سەبارەت بە نێوی کۆمەڵەی ژ - ک. حەسەنی قازی، گزینگ، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٨٨، ل ٤٦ - ٤٧)، جێی سەرنجە کاک حەسەنی قازی لەم وتارە ی دا گەیشتووەتە ئەوەی کە ژ - ک. بەکورتکراوەی (ژیانی کورد) بزانێ! کەچی لە ژمارە ١٩ی گزینگ، بەهاری ١٩٩٨، ل ١٩، ستوونی ١) دا لە ڕوونکردنەوەیەکی کورت دا کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانی نووسیوە. پێشتریش لە ژمارە ١٧ی گزینگ دا بابەتێکی بە ناوی "بۆچوونێک سەبارەت بە تاریخی دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانی کورد"ەوە بڵاو کردووەتەوە!" ئەو ڕوونکردنەوەیەی ژمارەی ١٩، ل ١٩، ستوونی ١، ئی من نییە بەڵکوو بۆچوونی نووسەری بابەتەکەیە کە ئەمن لە زمانی ئینگلیسییەوە وەرمگێرابوو و دەستم تێوەرنەدابوو و وەک خۆی دامنابوو. وابزانم لە ساڵی ٢٠٠٣ یان ٢٠٠٤ بوو  ئەو کەسە پێوەندی پێوەکردم و داوخوازی هێندێک یارمەتی و سەرچاوەی دەکرد. ئەمن پێم ڕاگەیاند واباشە بەر لە هەموو شت ددان بەگزییەکەی دابنێ، بەڵام ملی نەدا و خۆی لە یارمەتیدانی من بێ بەش کرد.

لێرە دا دەبێ ئاماژەی پێ بکەم لەو دواییانە دا یەک دوو بەڵگەی دیکەش دەست کەوتوون ڕاستینەی نێوی ژ - ک. بەو جۆرەی لەم نووسینەدا هاتوون دادەگرنەوە و شیکردنەوەی ئەوەش هەڵدەگرم بۆ دەرفەتێکی دواتر.

گۆواری گزینگ، ژمارە ١٨، زستانی ١٩٩٨ (١٣٧٦)

سەبارەت بە نێوی کۆمەڵەی " ژ - ک "

حەسەنی قازی

لە ژمارەکانی گۆڤاری نیشتمان و چەند بەڵگەیەکی دیکەی ئەو ڕێکخراوەیە کە بە دەستەوەن، لە پەخشانەکاندا ڕوون نابێتەوە دوو دەنگی - ژ - و - ک - سەرەتای کام ووشەی کوردین؟ داخودا - ژ - سەرەتای ووشەی "ژیان"، "ژیانەوە" یان "ژیاندنەوە" یە؟ ئایا - ک - سەرەتای ووشەی "کورد"ە یان "کوردستان" ؟ و ئەو پرسیارەش دێتە گۆڕێ بۆچی کۆمەڵە لە "چاپەکانی" دا نێوی تەواوی خۆی نەهێناوە؟ ڕەنگە ئەوە بگەڕێتەوە سەر ئەو شێوە کارە نهێنییەی کە کۆمەڵەی لەسەرەتای هەڵسووڕان و چالاکییەکانیدا بوویەتی و زۆر لە ئەندامانیشی یەکتریان نەناسیوە.

لەو سەرچاوانەی وا لە بەر دەست نووسەری ئەم باسە دان ناوی کۆمەڵە ئاوا هاتووە:

١- ڕوزڤێڵت ی کوڕ ١٩٤٧ ( کۆمەڵەی ژیانی کورد)

٢- وەدیع جو وەیدە ١٩٦٠ ( کۆمەڵەی ژیانی کورد)

٣- ئیگلتن ی کوڕ ١٩٦٣ (كۆمەڵەی ژیانی کوردستان)

٤- تۆما بوا ١٩٦٤ ( كۆمەڵەی ژیانی کوردستان)

٥- عەزیزی شەمزینی ١٩٨٥ ( كۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)

٦- حەسەنی ئەرفەع ١٩٦٦ ( كۆمەڵەی ژیانی کوردستان)

٧- هێمن ١٩٧٤ (.........)

٨- کریس کۆچێرا ١٩٧٩ (كۆمەڵەی ژیانی کوردستان)

٩- ریچارد. ئا، مۆبلی ١٩٧٩ (كۆمەڵەی ژیانی کوردستان)

١٠- قادری مودەریسی ١٩٨١ (.....)

١١- مەحموودی مەلا عزەت ١٩٨٤ (كۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان)

١٢- جەماڵ نەبەز ١٩٨٥ (كۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)

١٣- کەریمی حیسامی ١٩٨٥ (كۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)

١٤- قادری مودەریسی ١٩٨٥ (كۆمەڵەی ژیانی کورد)

١٥- ڕەحیمی قازی ١٩٨٥ (جمعیت احیاء کرد - كۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)

١٦- فەریدەی کووهی کەماڵی ١٩٨٦ (كۆمەڵەی ژیانی کوردستان)

١٧- عەبدولرەحمانی قاسملوو ١٩٨٨ (كۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)

١٨- ڕوزڤێلت ی کوڕ ١٩٨٨ ( كۆمەڵەی ژیانی کوردستان)

١٩- عەبدولسەتتار شەریف ١٩٨٩ ( كۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان)

٢٠- عەبدولقادری دەباغی؟؟ ١٩(....)

٢١- ژیگالێنا ١٩٨٨ (كۆمەڵەی ژیاندنەوەی کوردستان)

٢٢- م.ر. جەلائی پوور ١٩٨٦ (كۆمەڵەی ژیاندنەوەی کوردستان)

٢٣- د. گوڵمرادی مرادی ١٩٩٢ (كۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان)

٢٤- نەوشیروان ئەمین ١٩٩٣ (....)

٢٥- ب. یاسین ١٩٩٥ (كۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)

٢٦- ع. هەژار ١٩٦٣ - ١٩٦٤ (كۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)

٢٧- کەریمی حیسامی ١٩٩٦ (كۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)

٢٨- جەلیلی گادانی ١٩٩٦ (....)

٢٩- ع. مەردوخ ١٩٩٦ (كۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)

٣٠- غەنی بلووریان ١٩٩٧ (كۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)



سەرچاوە Serchawe


۳۱- حامیدی گەوهەری ۱۹۹۷ (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)

۳۲- عەلی عەبدووڵا ۱۹۶۹ (کۆمەڵەی ژیانی کورد)

۳۳- عەبباسی وەلی ۱۹۹۵ (....)

وەک لەو لیستەیەی سەرەوەڕا دەردەکەوێ نێوی کۆمەڵە بە پێنج جۆر باس کراوە و لە سەر نێوی کۆمەڵە تەنێ لە نێو نووسەرە لاوەییەکاندا ۲ باس و موناقەشە دروست بووە و تا ئەو جێیەی ئەمن ئاگادار بم تەنێ نووسەرێکی کورد ۳ ویستوویە بە پێی بۆچوون ئەو نێوە ساخ کاتەوە.

تەنیا بەڵگەیەکی نووسراو کە دەکرێ پشتی پێ ببسترێ و نێوی کۆمەڵەی بە تەواوی نووسیوە و ئەو گرێیە یەک لا دەکاتەوە بڵاوکراوەی "ڕێگا" یە کە لە ساڵی ۱۳۲۷ی هەتاوی مانگی خەزەڵوەر (ئۆکتۆبر - نۆڤامبری ۱۹٤۸) نزیکەی دوو ساڵ دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان بڵاو کراوەتەوەو لە بن سەردێڕی "ڕێگا" دا نووسراوە:ارگانی کۆمەڵەی ژیانی کوردە. لەو بڵاوکراوەیە هەر دوو ژمارە بڵاوکراوەتەوە؛ ژمارەی "طلیعە" و ژمارەی ۱ و لە سەر ووتاری ژمارە ۱ دا بە فارسی "علت تشکیل حزب ژیانی کرد" شی کراوەتەوە.


خەزەڵوەری ۱۳۲۷
شەهیدەکانی ڕێگای ئازادی
ژمارە (۱)
ساڵی (۱)
اورگانی کومەڵەی ژیانی کورد
علت تشکیل حزب (ژیانی کورد) ـ انتشار مجلە (ریگا)
هدف ما
با در البدئە مجلە بطور اجمال اشارە بە موجبات تشکیل حزب (ژیانی کورد) ومنظور از انتشار

ئەو بڵاوکراوەیە بە دەستپێشخەری غەنی بلووریان و محەممەدی شاپەسندی وەڕێکەوتووە و عەبدولڕەحمانی زەبیحی و حەسەنی قزڵجی ش بڕیاری هاوکاری کردنیان داوە کە دواتر هەر بە دوو نووسراوەی حەسەنی قزڵجی و غەنی بلووریان دەرچووە. سێ کەس لەوناوانەی سەرەوە چ پێش لە دامەزرانی کۆمار لە سەر وبەندی چالاکی کۆمەڵە دا و چ دوای دامەزرانی حیزب لە هەڵسووڕێنەرانی چاپەمەنی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون و بە لەبەرچاو گرتنی مەودای زەمانی واتە لە ساڵی ۱۹٤۸ کە دەمێکی هێندە زۆر بە سەر نەمانی کۆمەڵە دا تێنەپەڕیبوو دەبێ نێوی تەواوی کۆمەڵەیان لە زەیندا بووبێ، بۆیە زۆر وێدەچێ "ژ - ک." کورتەی دوو ووشەی "ژیانی کورد" بێ.

کاک غەنی بلووریان لە بیرەوەرییەکانیدا ٤ دەنووسێ: "لە سیتەک چاومان (خۆی و شاپەسندی) بە مامۆستا "حەسەنی قزڵجی"، "عەبدولرەحمانی زەبیحی" وە " سەید محەمەدی (محییێدین دروستە) سەمەدی کەوت. سەید محەمەد (محییێدین) ماڵی لە سلێمانی بوو و جار جار دەهات سەری ئێمەی دەدا... دوای ئامادە بوونی چاپخانەکە (مەبەست دەزگای ڕۆنیۆ و شتی ئەوتۆیە، چونکوو نووسخەی ماکی "ڕێگا" کە لە بەر دەست دایە بە پیتچنی نییە بەڵکوو بە تایپ ڕایتر نووسراوەتەوە - تێبینی نووسەری ئەم باسە)،لە پێشدا چەند بەیاننامەی حیزبی مان پێ چاپ کرد و پاشان لە سەر دەرکردنی گۆڤارێک ساخ بووینەوە و ناوی "ڕێگا"مان بۆ هەڵبژارد. هۆی ئەوەی ڕۆژنامەی کوردستانمان دەر نەکرد و "ڕێگا" مان بۆ ئەو قۆناخە هەڵبژارد و ناوی "ئۆرگانی کۆمەڵەی ژیانی کورد" مان لە سەر دانا ئەوە بوو کە دوژمن ووریا نەبێتەوە و دیسان دژی کۆنە دێمۆکڕاتەکان ڕانەپەڕێ و خەڵک تووشی گیروگرفت نەکا... کاتی چاپکردنی ڕێگا، چونکە ئامادە نەبووین بڵاوکراوەی شێخ لەتیف چاپ بکەین، زەبیحی ناکۆکی لەگەڵ پەیدا کردین و ئیتر ئامادە نەبوو یارمەتیمان پێ بکات."

ئێستا کە ناوی کۆمەڵە ساخ بووەوە بە گێڕانەوەی چیرۆکێک سەری ئەو باسە دادەکووژێنم. لە ساڵانی ١٩٦٠ لە کاتی پەرەگرتنی بزووتنەوەی چەکداری لە خوارووی کوردستان، قسە و باسی کوردایەتی و جارجار کەفوکوڵی ساویلکانەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر باو بوو. یەک لەو کەسانەی لە تافی منداڵییەوە بە شێوەی خۆی شانی دابووە بەر کوردایەتی، هەر ئەوکەسەی کە لە نیشتمانی ژمارە ٢ دا (خەزەڵوەری ١٣٢٢، ل. ١٨) وەک منداڵێکی بوێژ پەسنی دراوە و پارچە شێعرێکی بڵاوکراوەتەوە کە بەم بەیتە تەواو دەبێ: "قومریا گەرچی ایستە مندالی - جوان دەهونیوە شعر و هەلبەستان"، ئەگەرچی لە باری ئەدەبییەوە خزمەتی هەبوو، بەڵام لە لایەن کۆڕوکۆمەڵی سیاسییەوە وەخۆ نەدەکرا، و برادەرێک جارێکیان دەیگوت: "فلانەکەس ئێستاش هەر ژ.ک. ە، بەڵام ووشەکانی لێ گۆڕاوە،" ژیانی کورد"ی لێبووە بە ژن و کۆنیاک.

مای ١٩٧٧

پەراوێزەکان:

١- دیارە لەو لیستەیە دەکرێ زیاد بکرێ، بەڵام هۆی جۆربەجۆر ناوهێنانی کۆمەڵە نیشانەی گوێنەدان و بە گرینگ دانەنانی ساخکردنەوەی ئەو ناوە لە لایەن نووسەرانەوەیە و لێرەشدا دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی ئیگلتن ناوەکەبە ئاڵوگۆڕکردنەوە لەو وەرگیراوە.

٢- ویلیام ئیگلتن ی کوڕ لە کتێبەکەیدا The Kurdish Republic of 1946 لە پانووسی لاپەڕەی ٣٤ بە دروستی دەڵێ: "زۆربەی سەرچاوە ئینگلیسییە زمانەکان سەبارەت بە کۆمەڵە، ووشەی" ژیان"یان بە "جەوان" وەرگێڕاوە کە ئەو دەمی ناوی حیزبەکە دەبێ بە "کۆمیتەی جەوانانی کورد"، بەڵام ووشەی کوردی بۆ young جەوان ە نەک "ژیان". مەبەستی ئیگلتن زیاتر ئاماژەیە بە نووسینێکی ڕوزڤێلت، بەڵام بۆخۆشی بە هەڵە " کۆمەڵە"ی بە committee وەرگێڕاوە.

٣- کاک کەریمی حیسامی لە کتێبەکەیدا پێداچوونەوە، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٦، لاپەڕەی ١٧٠ دەنووسێ: " لەباری ناوی کۆمەڵەوە لە هیچ سەنەد و بەڵگەی ڕەسمی کۆمەڵە دا ئەم دوو پیتەی (ژ - ک.) ڕوون نەکراونەوە و نەنووسراوە کە مەبەست لەو دوو پیتە چییە؟ نووسەرانی کورد و بێگانە هەر کەس بە سەلیقەی خۆی جۆرێک بە کاری هێناوە... بەڕای من "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" ڕاست بێ، چونکە لە سەردەمی حکوومەتی پەهلەویدا کورد بەرەو نەمان دەچوو، لەئاویلکەی ژیان دا بوو. بۆیە "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد" ڕەنگە لەگەڵ بارودۆخی ئەو دەمی کورد و کوردستان پتر ڕێک بکەوێ.

٤- بڕوانە: غەنی بلووریان، ئاڵەکۆک "بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم"، ستۆکهۆڵم، ١٩٧٧، ل. ٨١ ، ٨٢ ، ٩٥

* پەراوێزێکی تایبەتی بۆ بڵاو بوونەوەی ئەم دەقە لە ڕوانگە دا. من ئەسڵی بڵاوکراوەی "ڕێگا"م لە ئارشیڤی تایبەتی کەریمی حیسامی دا دیتووە و کۆپی بڵاو کراوەی "ڕێگا" کە لە کتێب و جێگەی دی، بە تایبەتی لە تاراوگەی ئوڕووپا چاپ کراون سەرچاوەیان نوسخەکانی ئارشیڤی ئەو خوداڵێخۆشبووەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وێبنووسی ڕوانگە - ڕێکەوتی: ١٣ی فێبریویری ٢٠٠٩

---

## کۆمەڵەی ژێکاف و کاردانەوەی لەسەر کۆماری کوردستان



**محەمەد حەکیمی**

ئەو کۆمەڵگایەی ڕابردووی خۆی لە بیر دەچێتەوە ئەوا ناچارە مێژوو دووپات بکاتەوە.

یەکێک لە سەرەکی ترین حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە تا ئەمرۆ جێ پێ و شوێنی لە ناو شۆڕش وخەباتی ئازادی خوازانەی کوردستان دا ماوەتەوە کۆمەڵەی ژێکافە.

کۆمەڵە لە مانای وشەدا بە مانای خەڵک بە کۆمەڵ دێت. لە ساڵی ١٣٢٥ کۆمەڵە لە لایەن تاقمێک لە کەسایەتیە

بەناوبانگ و رۆشبیرەکانی شاری مهاباد دامەزرا و بە ناوی کۆمەڵەی ژیانی کورد، دەستی بە کار کرد، ژیانی کۆمەڵە بە ناوی ژیان یا ژیانەوە دێت بوو و دەستی کرد بە کار و رێکخستنی نەهێنی لە ناو شار و ئاوایییەکانی دەورو بەری مهاباد دەستی و مژدەی ئاسۆیەکی روونی پێ بوو بۆ خەڵکی کوردستان و هەر بەو هۆیە لە ماوەیەکی کەمدا خۆی لە نێو دڵی خەڵکی شاری مهابادا کردەوە و هەر چەن کۆمە ڵە بە هۆی رووداوە سیاسیەکان، ناوەکەی لە کۆمەڵەی ژێکافەوە گۆڕدرا بۆ حزبی دموکراتی کوردستانی ئێران.

هەوەڵێن کاری ئەو کەسانە کە دەبوونە ئەندامی کۆمەڵە سویند خواردن بوو، کە بریەتی بوو بە قورئان و ئاڵا و خاک سویند خواردن بۆ ئەوەی کە هیچ کات خەیانەت و پشت لە شۆرش نەکەن، هیچ کام لە بریار و قسەکانی ناو کۆڕ و کۆبوونەوەکانی کۆمەڵە لە دەرەوە باس نەکەن، تا دوا هەناسەی ژیانیان پابەند بن بە کۆمەڵە و هەر ئەندامی ئەو حزبە بن، هەموو خەڵکی کوردستان بە خوشک و برای خۆیان بزانن و لە هەموو کاتێکدا پشت و پەنای لێقەوماوانان بن و بە بێ ئیزنی تەشکیلات نابێ بچنە ناو هیچ حزبێکیترەوە هەمیشە ئامادەی جیانبازی و گیانفدایی بن بۆ کۆمەڵە.

هەوەڵێن کەسانی ناو کۆمەڵە بریەتی بوون لە عەبدوالرحمان زەبیحی، مەلا عەبداللە داودی، قاسم قادری، مامۆستا هەژار (عبدالرحمان شەرەفکەندی)، نانوازادە، مامۆستا هێمن (محەممەد ئەمین شیخ السلامی) و هەر وەها رحمان حلوی و چەند کەسیەکی تر و هەر وەها میر حاج کە خەڵکی کوردستانی باشوور بوو نەخشی سەرەکیان دەگێرا لە دروست بوونی کۆمەڵەی ژێکاف، هەر چەن کۆمەڵە بە نەهێنی کاری دەکرد بەڵام زۆر زوو جێگەی خۆی لە نێو دڵی خەڵکدا کردەوە و لە ماوەیەکی کۆرت ماوەدا توانی کەسانێکی زۆر لە دەور خۆی کۆ بکاتەوە.

کۆمەڵە لەو ماوە کۆرتەدا توانی چەندین کاری هۆنەری پێشکەش بکات بۆ نموونە بۆ هەوەڵ جار شانۆ نامەیان لە کوردستان وەرێ خست و هەر وەها چەندین هۆنەوەمەند و شاعیر و نووسەری وەک زەبیحی، قەزلجی، هەژار و هێمن خۆڵقانی دەستی ئەو ماوە کۆرتە ی کۆمەڵەن و لەو هەڵ و مەرجەدا توانیان ئەو هیوا نووستوەی خەڵکی کوردستان وەخەبەر بێنن و هەر لەو پەیوەندەدا ساڵی ١٣٢٣ پێشەوا قازی محەممەدیان وەک سەرۆک و رێبەر هەڵبژارد و دەستی بە کاری خۆی کرد و تا دوا هەناسەش بەو سویندەی کە خواردبووی وەفادار ما.

ئەو رۆژگارە دنیا بەرەو شەڕ یکی نەخوازراو دەچوو، شەڕی دووهەمی جیهانی و دوای ماوەێکی کۆری ئێران لە لایەن رووس و ئەمریکا و ئنگلیس دەستی بەسەردا گیرا و هەر ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە هەلێکی رەخساو بۆ کۆمەڵە دەست بدات بۆ ئەوەی بە بێ تەقە بگرن بە سەر ژاندارمریدا و توانیان بەشێکی بەرچاو لە کوردستان رزگار بکەن.

لە ساڵی ١٩٤٥ دا کاتێ پێشەوا و هاورێکانی دەچن بۆ رووسیا ئەوان نارزایەتی خۆیان لە مەڕناوی کۆمەڵە دەربری و

خوازیاری گۆرانی ناوی كۆمەڵە بوون كوردەكانیش داوی دروست بوونی كوردستانێكی ئازاد و سەربەخۆیان كرد كە لە لایەن جەعفەر باقروف سەرۆک وەزیرانی ئەو كاتی رووسیا قەوڵی دا كە بە هەموو شێوەیەک یارمەتی حكومەتی كوردستان بدات. دوای هاتنی هێزە بیانیەكان وەرەق گۆڕدرا و سیاسەتی كوردستانیش وەک هەمیشە كە بە هۆی دەسەڵاتە زڵ هێزەكانەوە گۆرانی بەسەردا هاتووە ئەمجارەش بە ناچار ناوی كۆمەڵەیان گۆڕی و كرا بە حزب دموكراتی كوردستان و پێشەوا ئەو كات وەک رێبەری كۆمەڵە ئەركەكانی وەئەستۆ گرتبوو.

ئەمە ئەو گۆرانە بوو كە بە سەر ناوی كۆمەڵەی ژێكاف هات و لەو سەردەمەدا سیاسەتەكانی زڵ هێزەكان بووە هۆی ئەوەی كە كورد بە ناچاری مڵ بدات بە داخوازیەک كە زۆربەی ئەندامانی كۆمەڵە رازی نەبوون و بەڵام بە ناچاری ئەو پێشنیارەیان قەبووڵ كرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمرۆ - ڕێكەوتی: ٧ی جانێوێری ٢٠١١

---------------------------------------------------

## كۆمەڵەو رێكخراوی سیاسی لە كوردستانی ئێران (كۆمەڵەی ژیانەوەی كورد)

### نوسەر: ئەحمەد حەمەئەمین (رەنجیار)

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا گەلانی ئێران لە ژێر باری باج و خەراجی جۆراوجۆردا دەیانناڵاند وەک باجی مەعاش و دادگاو تاوانەی دارایی(الغرامات المالیه) لە هەروەها باجی زەوی وبەروبومی كشتوكاڵیله سەرەڕای بڵاوبونەوەی بەرتیل وەرگرتن...هەمو ئەم بارودۆخانە یاتر رێگایان خۆش كردبوو بۆ كاربەدەستانی دەوڵەت بۆ چەوساندنەوە و مژینی خوێنی گەلانی ئیران بە بێ ئەوەی بەرگری بكرێن. ئەم بارودۆخە سەختە پاڵیبە گەلانی ئێرانە وەناله سالانی پێش شۆڕشی دەستوری ١٩٠٢ - ١٩٠٥ز داوای لابردنی ئەم باجانە بكەن و كاربەدەستان و بەڕێبەرانی وڵاتیش محاسەبە بكرێن لە گەڵ بە كارهێنانی شەریعەتی ئیسلامی . دامەزراندنی.

دامەزراوی و دادپەروەری لە هەموو ناوچەو هەریمەكانی ئیراندا. لە گەڵ چاک كردنی بیرۆی دادگایی و زامن كردنی سەربەخۆیی دادگاكان.

ئەتوانین بڵێین جەماوەر دەورێكی باشی نواند لە داواكردنی دەستوردانان،دەستور بو بەتەوەرەیكێشەی نیشتمانی لەو

سەردەمە دا. دەتوانین بڵێین زبەی دانشتوانی ئێران کەبەشداریان کردبوو لە ڕوداوەکانی ساڵانی ١٩٠٥ - ١٩١١ز کە بە شۆڕشی دەستوری نابرابوو داوای راپەڕاندنی دەستوریان دەکرد. داوای بەستنی ئەنجومەنی دامەزرێنەری و (الجمیعە التاسیسیە) دان نان بە دەستوردا، بارو دۆخی رامیاری گونجاو بوو بۆ پەرەپێدانی رێکخراوەرامێریەکان و رۆژنامەو چاپەمەنیەکان لە گشت ئێراندا بە تایبعتی لە پایتەختە هەرێمی یەکان (کۆمەڵەی هەرێمی) (جمعات اقلیمیە) دامەزرێنرا بە بێیەک و دوولی کردن و دژ بە بەرێوەبەران و کار بەدەستانی هەرێمیەکان و پایتەختی ئێران. لە گۆڕەپانی رامیاری دا زیاتر لە(٣٠) کۆمەڵە و بزاڤی پیشە سازی و کۆمەڵەی نوسەران و خوێنکارانی ئاینی دامەزران کە هەموو کۆمەڵی پیشەییبوون. هەروەهاکۆمەڵی رەگەزی پەیدابوون وەک کۆمەڵی ئازربایجانی و جولەکەو ئەرمەنی و زەردەشتی و ئێرانیە کانی باشوری ئێران. هەروەها رۆژنامە کان زۆرکاری گەربوون و زیاتر لە (سەد) ڕۆژنامە دەرچو دوای دامەزراندن و کۆبونەوەی یەکەمی (ئەنجومەنی دامەزرێنەری) لە ماوەی (١٠) مانگدا، کە پێش شۆڕشی دەستوری تەنها شەش رۆژنامە و گۆڤار دەردەچوو لە سەردەمی شۆڕشی دەستوری (لیژنەی پارێزگاری کردن لە دەستور)لە شاری مەهەباد دانرا.(١)

لە ساڵە کانی بەرەو کۆتایی سی یەکاندا( مەلای داودی)لە شاری مەهاباد لە دووکانە بچکۆلەکەی خۆیدا مە هەمیشە لاوانی شار لی ێ کۆدەبونەوەی وردە وردە قسەی خۆش و نوکتە بازی بۆ دائەمەراندن هەتا سەری قسەی ئەگەیاندە سیاسەت ونیشتمان پەروەری و سۆزی نەتەوایەتی دواتر(کۆمەڵەی ژیان وەی کورد)ی ناوبرد بە (١٠ - ١٢) کەسێکەوە لە سەری پێک هاتن. ئیتر وردە وردە خەلک لێیان کۆدەبویەوە لە ناو ئەو کەسانەدا (عەزیز زەند) ناوێیک کە کابرایەکی هەندەک رۆشنفکرو جموجوڵکەرو قسەزان بوو هەستا بە چونە بن کلێشەی هەندێک لەو کەسانەی ئومیدی بە توانایی یان لێوە دەبینرا و هەڵوێستانی بە لای خۆیدا راکێشاو بە جیابونەوە (مەلای داودی)و کۆمەڵەی (حیزبی ئازادی خوازانی کوردستان) بڕیارداو دەستی کرد بە خەڵک کۆکردنەوە لەو مەسەیەلە. کەپاشان بەپیاوی میری دەچوو،لە لایان خەڵکەوە زانرا وەک دەستێکەو بۆحکومەت لێ یتەنینەوە مامۆستا علاء الدین سجادی دەڵێ: لەو دوکانە بچکۆلەیە دا(مە لای داودی بیروباوەڕی لاوانی روناک کردەوە و وەک قسە کردنی بەرگوێ ئاگردان داستانی کوردایەتی دائەدان.

لە مەوە توانی بەرەبەرە قسەکانی بخاتە شکڵێکی رێک و پێکەوە و ناوی نا (حیزبی ژیانەوەی کورد)و هەموو ئەندامانی ئە حیزبە (٢٩؟) کس بوون. لە گەڵ هەنگاوی رۆژگاردا وردەوردەگۆڕانکاری ئەهاتە ئاراوەو (عیز زەند) باڵێکی لێ جیاکردەوە و دوای ئەوەش مەلای داودی کۆچی دوایی کرد( حسەینی فرۆهەرم) سەرۆکایەتی ئەم رێکخراوەی گرتە دەست و بە جۆرێکی نهێنی کاروباریان بە رێوە ئەبرد. هەتا رۆژگاری ئیران گۆڕاو جەنگی دووەمی جیهانی هاتە ئاراوە. دوای هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی و داگیرکردنی چەند بەشێک لە خاکی ئێران لە لایەن بەریتانیاو سۆڤیتەوە و شکانی دەستەڵاتی حکومەتی مەرکەزی زیاتر لەو شوێنانەی کە کەوتبونە ژێر دەستە لاتی هاوپیمانەکانەوە،لە ئەنجامی ئەو پاشاگەردانیە کورد توانی زیاتر دەستەلاتی ساسی خۆی لەو چوارچێوەیەی کە پێشوتر لە رێکخراوی (ژی - کاف) دروستی کردبوو.

بیەێنێتە ئاراوە (٢)و ئەو بووبە ماوەیکی کەم پەرەی سەند و لە ناوچەی موکریان و روژئاوای ئازربایجان رەگی داوتاو دەستی کرد بە ئەنجام دانی چالاکیە کانی . لە نیسانی ساڵی ١٩٤٤ز کۆمەڵەی (ژێ - کاف)نزیکەی سەد کەس لە ئەندامانی لە دەرەوەی شاری مەهاباد لە سەر گردی( خوا پەرست) کۆبوونەوە،ئەم کۆبوونەویە وەک کۆنفرنسی یەکەمی کۆمەڵەبوو،(٣) لەم کۆبونەوەیەدا بەرێز (میرحاج) کە بە نوێنەری کۆمەڵەی ەیوا لە (سلێمانی کوردستانی عێراق)ەوە هاەتبوویە مەزاباد ئامادە بوو هەرچی مەبەست لە هەتنی (میرحاج) بۆ کوردستانی ئێران پایوەندی کردن بوو بە سیاسەت مەدارو گەورە پیاوانی میللەتی کوردەوە بە نیازی وەگەڕخستنی جموجوڵی سیاسی و کوردایەتی.(٤)

ئەوە بوو بەهاوکاری میرحاج کۆمەڵەتوانی کۆنگرەی یەکەمی خۆی ببەستێت و لەو کۆنگرەدا کۆمەڵە توانی ئەندامانی لێژنەی ناوەندی هەڵبژێرن و ئە.ەی راستی بێت لەم کۆنگرەیەدا(عبدالرحمن زەبیحی) بوو بە سکرتێری کۆمەڵە. دوای بەستنی کۆنگرە کۆمەڵی ژیانەوەی کورد لە واقع دا بوو بەیەکەمین رێکخراوی رامیاری نیشتمانی و خۆماڵی کە لە لایەن کوردە نیشتمان پەروەرەکانەوە دامەزرێنراو بوو بە پێشڕەوی جەماوەر لە کوردستانی ئێران.(٥)

## کەسایەتی دامەزرێنەرانی (ژێ - کاف)

لە پەیمان نامەی (زەهاو)ی ١٦٣٩ز دا کە لە نێوان هەردو دوڵەتی سەفەوی و عوسمانی دا بەسرا لەو پەیمان نامەیەدا دەسەڵات و داویەتی فەرمانڕوایەتی یەکتریان لە ئاستی زەوی یەوە جیاکردەوەو وەک لە پێشترەوە وتمان خاک و وڵاتی کوردان بەرهەردووک فەرمانڕەوایی سەفەوی و عوسمانی کەوتبو. لە نێوەندەداو بە سنوڕێک جودا کردنەوە خاکی بوو بە دوو بەشەوە و هەریەک لەو بە شانەش کەوتنە بەریەک لەو دەڵەتانە. بەشە کوردستانە کەی کە بەر ئێرانکەوت ئێستاشی لەگەڵدا بێت وەک خۆی. واتە (نەبونی قەوارەیەکیسەربەخۆ مانەوە)

بەشەکەی تری کەوەبەر تورکیایی عوسمانی کەوت دوای هەڵوەشێنرانی قەوەرەی دوڵەتی عوسمانی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە لایەن زلەیزانی دنیا خۆرانەوە. کردیان بەسێ کەرتەوە و هەر کەرتەشیان دایەدەم – تورکیا - عێراق سوریا - کە هەریەک لەمانەش دوای هەڵوەشاندنەوەی قەرارەی دوڵەتی عوسمانی دروستیان کردن.

وەک هەرلەم پەیڤەدا ووتمان بەشە کوردستانەی کەی ئێرانئیستاشی لە گەڵدا بێت وەک خۆی مایەوە، ئەگەرچی ئەمیش هەردەم لەم جوڵانەوەو شۆڕش و رێکخراوی سیاسی بێ بەش نەبووە، بەڵام هەتا ئەم ساڵانەی دوایش بیرو ئایدۆلۆژیای نامۆ بە بیروباوەڕو داب و نەریتی رەسەنایەتی کردەواری نەخزێنرابوویە ناوبەرەی رزگاری خوای کودیەوە. وەک ئەوەی خزێنرابویە ناو بەرەی ڕگاری خوای نیشتمانی بەشەکانی تری کوردستانەوە.

هەرجوڵانەوەیکی رزگاری کە هەتبێتە ئاراوە لە کوردستانی ئێران وەک جوڵانەوەو شۆڕشی شێخ عبدالله، جوڵانەوەو شۆڕشی سمکۆیشوکاک لە ساڵانەی دوایەشدا شۆڕشی سابڵاخ کەئاکامەکەشی بەپێکەوەنانی کۆمارێک بۆکورد گەیشت. ئەمانە هەمووی لە سەر بیروباوەڕو داب و نەریتی کوردەواری واتە لە بیری تێخزێنراوبوون.

ئەگەرچی لەمی دواییاندا بە هۆی دڵسافی کورد خۆیەوە بەرامبەر بەدەوروبەری لە پێناو گەیشتن بەو ئامانجەی کە بۆی تێ کۆشابوو بێگانە دەستێکی هاوکارانەی هێنابوویە ناو کارەکە. بەڵام لە ڕاستیێ دا وەە نەبوو بەکێڵگەیەک بۆسەوزەبونی هیچ جۆرەبیرێکی نامۆ هەربۆیە لەگەڵ بینا بوونی بەرژەوەندی زلەیزەکان لە سەر وری هەمویانەوە رووس لە دوای (دەمانگ تەمەنێکی پڕ لەسەروەری بۆ کورد کۆتای بە (فەرمان رەوای کورد بۆخۆی )هێنرا).

کۆمەڵگەی ژیانەوەی کورد وەک ووتمان لەسەردەستی(مەلا داودی) بوو لە شاری مەهاباد، وردە وردە لە گەڵ چونە پێشەوەی رۆژگارو هاتنە کایەوەی قۆناغێکی نوێ کەجەنگی دووەمی جیهانی تیادا دروست بوو بوو. لەگەڵ چونە ناو قۆناغی نوێ وە لە ساڵی ١٩٤٢ بۆجاری دووەم کۆبونەوەی حیزبی خۆی بەست لە شاری مەهایاد و لەو کۆبونەویەدا(عبدالرحمن زەبیحی) بە سکرتێری گشتی حزب هەڵبژێررا. کە ئەم پیاوە گوشکراوێکی ناو حوجرەکانی سابڵاغ و دێهاتە کانی دوروبەری بووە(هەژار) ئەگێڕێتەوە ئەڵێ: لە سەردەمی فەقێیەتیمدا ئاوناوێکی خۆم بوبە هاوپۆلم کە لاوێکی گورج و گۆڵ و زیرەک بوو لەوانە کانیدا کە عبدالرحمن زەبیحی بوو.س

دوای قۆناغی دووەمی دروست بونی کۆمەڵە کەوتە مەیدانی کارکردنێکی سەرەکی و توندو تۆڵەوەو وردە وردە پەرەی سەندوکادێرەکانی دەستیان کرد بە بڵاو کردنەوی بیروباوەڕی نیشتمان پەروەریو باس لە سەربەخۆیی کوردستان لە دوای پەرەسەندنی کۆمەڵە و رەگ داکوتین و خۆگرتنی و وەبەرخۆنانی کۆڵە ئامانجێکی ژیرۆز... ئەندامانی کۆمەڵە هاتنە سەر ئەوبیری کە کۆمەڵە سەردارێکی لیاقەتدار بۆ بەڕێوەبەرایەتی حیزب هڵبژێرێت.

ئەوە بوو رای تەواوی ئەندامانی کۆمەڵە هاتە سە ئەوەی کە بخوازان لە قازی محمد بۆ هاتنە ئاوەوەی کۆمەڵە و پاشان هەڵگرتنی ئەو ئەرکە گەورەیە(٦)بهرەی قازیانی مەهاباد زۆر لەمێژە بوو ناو و ناوبانگێکیان هەبوو لە دڵی خەڵکی مەهاباد و موکریاندا جێ ی خۆیان کردبوویەوە.

مامۆستا علاالدین سجادی دەڵێ: وڵاتی کوردەواری پابەندی دیانەت و ئاشنای مەلایان و زاناو دانابوون، دەستەی مەلاو عولەما لە هەموو وڵاتی کوردەواری دا پایە یەکیان هەبووە.

قازی محمد پایەو مەرکەزی باو باپیری و زانایی و زمانزانی و دوەست رۆیشتووی خۆش بوو، بووە هوێ ئەوەی پیاوێکی

بەڕێزو جێگای چارتێبڕینی خەڵکی بێت لە تەواوی مەهاباد و موکریانیشدا.

دیسان (قازی علی) باوکی کە کوڕی میرزا قاسمی حەمەدی کوڕی میرزا قاسمی گەورەبوو. ئەویش لە پێشداشوێن و ئاگرە دانی بۆقازی محمد بە جێ هێشتبوو بە تایبەت کە قازی عەلی لە ساڵی ١٩٣٨ز کۆچی دواییکردو قەزاوەت و فتوی گرپەوەی بۆ(قازی محمد) کە ئەمەش ئەوەندەی تر پلەی قازی بەر کردەوە.(٧)بە راستی کەسایەتی قازی محمد برەوێکی زۆرداری ئا بە کۆمەڵە. مەلاکانی ولاتی موکری لەو رووەوە خزمەتێکیگەورەیان کرد، هەرمەلایەک لە گوندەکەی خۆی کارێکی وای ئەکرد کەڕاستەو خۆ خەڵکان بچنەژێرکاری گەری کۆمەڵەوە پێ ی دەوتن ئەگەر یەکێک نەچێتە ناو (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) ەوە کە وا خزمەتی کوردایەتی و رزگاربوونی کورد ئەکات ئەوە بە گوناەێکی گەورە ئەژمێرێت. ئیتر لەو ئەنجامەوە تەواوی خەڵکی ئەهاتە ریزی کۆمەڵەوە.

## بیرو باوەڕی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد

ئەو ئایدۆلۆژیەی کەسەرانی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەدابیناای کارەکەیان لە سەر کردبوو لە کۆنگرەی دووەمی دا دانی پێدانرابوو. لە بەتدێکی مەرامنامەی کۆمەڵەکەدا دەڵێ: کۆمەڵەی (ژی - کاف) لە سەر چوار کۆڵەکەی (ئیسلامی، کوردایەتی، مەدەنیاەتلە سوڵح و ئاشتی خوازی) دا نراوەە هەموو قانون و نزامەکانی لە گەڵ شەریعەتی موقەدەسی ئیسلام تەتبیق دەکرێ ئینجا دەخرێتە کار.

لە بەندێکی تر دا دەڵێ: بە بۆنەی موتەدەین بوونی بەشی زۆرینەتەوەی کورد بە دینی ئیسلام کۆمەڵە لە کوردستان تعنیا دینی موقەدەسی ئیسلام بە رەسمی دەناسێ و بۆ تەرویجی شەریعەتی ئاییینی ئیسلام و بە جێ گەیشتنی هەموو رێو شوێنێکی ئیسلامەتی تێ دەکۆشێ و لە گەڵ موناقیقان بەربەرەکانێبەکی بە شیدەت ئەکا.

## بە ئەندام بوون لە ناو (ژێ - کاف) دا

کەسێک کەدەبوویە ئەندامی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ئەبوایە یەکەم جار بچوایەتە(گەرماو - حمام)لە ڕوانگەی دینە کەیەوە عۆسڵێکی برکدایە و خۆی خاوێن بکردایەتەوەو دواجار دەهاتە لای سێ کەس لەلایەن ئەوانەوە حەوت جار بە قورئان سوێندیان پێ دەخوارد بۆ وەبەر چاو گرتنی ئەو شەش مەبەستانە:

١- خەیانەت بە نەتەوەی کورد نەکات.
٢- کۆششی بۆ خودموختاری کورد بکات.

٣- هیچ رازێكی كۆمەڵە نەبخزبان نەێ بە قەڵەم نە بە ئیشارە ئاشكرا نەكات.

٤- هەتا كۆتایی تەمەنی هەر ئەندام بێت.

٥- بە تەواوی پیاوانی كورد بە برای خۆی بزانێت. تەواوی ژنانی كورد بە خۆشكی بزانێت.

٦- بە بێ ئیزنی كۆمەڵە نەبێتە ئەندامی هیچ رێكخراوێكی تر وە جگە لە ئەو سێ كەسەش كەسێكی تر نەدەناسی.

## ئامانجەكانی كۆمەڵەی ژیانەوەی كورد

ئامانجەكانی كۆمەڵەی ژیانەوەی كورد وەک گشت گیری یەک بۆ كورد و كوردستان بە پلەی یەكەم رزگار كردنی كوردستانی ئێران بوو لە ژێر دەسەڵاتداریەتی دەرەكی و بونیاد نانی حكومەتی كۆماری لە كورد خۆی، و ئەمەش لە رێگەی (ئیسلامیەت - كوردایەتی - مەدەنیەت - سوڵح و ئاشتی خوازی) وەک لە بەندێكی مارامنامەكانی كۆمەڵەدا هاتبوو لە كونگرەی دووەمیشدا دانی پێدانرابوو.

## ئورگان و زمان حاڵی كۆمەڵەی ژیانەوەی كورد

لە تەواوی دونیادا هەركۆرو ژیانەوەی كۆمەڵێک یان رێكخراوێكی سیاسی دروست بوویێت هەوڵ دراوە كە زمانحاڵێک لەو كۆمەڵە یان رێكخراوەوە دەربچێت و ئارای خۆی لەرێگەیەوە بگەیەنێت.

هەربۆیە كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردلە كۆنگرەی دووەمی دا بریاری بڵاوكردنەوەی گۆڤارێكی دا بە ناوی (نیشتمان) داو ئەم گۆڤارەبوو بە مینبەری بیرو روا مەبەست و ئامانجەكان كۆمەڵە، لەگەڵئەوەشدا هەلێكی لە باری هەڵ خست بۆ پێگەیاندنی دەستە یەک لە نوسەران وشاعیران، ئەمەش یەكەمین ئەمونی كوردە كانی كوردستانی ئێرانبوو. كە گۆڤارێكی تایبەت بە خۆیان هەبێت و نوسینەكانی خۆیانیان تێدا بڵاوكەنەوە نیشتمان لە نوسین و شیعرەكانی دا سۆی نەتەوایەتی كوردی ئەبزواند هانی ئەدان بۆ یەیەتی و یەكگرتن، بۆ خەبات بۆ دەرچون لە ژێردەستەیی بێ هەوڵ دانی گەیشتن بە ئازادی.

نیشتمان بەسەریەكەوە(٩) ژمارەی لێ دەرچو(٨)ژمارەی یەكەمی ساڵی یەكەمی لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٣ز دا دەرچووە.

لە سەرەووی لاژەرەی (یەک) دا نوسراوە بژی كوردو كوردستانو هیوا. لە خواری ئەم دێرەوە لە ناو خۆرێكی خرِدا نوسراوەj-k و بەدوەری خێرەكەدا ئایەتی بۆ« كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللهِ» ( بقرە/٢٤٩)

لەژێر خۆرەكەدا نوسراوە كوردایەتی - كۆمەڵایەتی - ئەدەبی - خوێندەواری و مانگی كوردی یە.

ژمارەی دووی ساڵی یەکامی لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٣ز دا دەرچووە لە سەر دروشمەکەی (ژێ - کاف) ئایەتی«مَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ» (طلاق: ٣)نوسراوە ژمارە ٣ - ٤ی ساڵی یەکەک بە یەکەوە لە تشرینی دووە و کانونی یەکەمی ١٩٤٣ز دا دەرچووە. کەلەسەر دروشمەکەی(ژێ - کاف)ئایەتی«نَصْرٌ مِنَ اللَّهِ وَفَتْحٌ قَرِيبٌ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ» (صف:١٣)نوسراوە ژمارەی پێنج ی ساڵی یەک لە کانونی یەکەمی ١٩٤٣ز دا دەرچووە کە لە سەر دروشمەکەی ئایەتی« وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى» (مائده/٢)نوسراوە.

ژمارەی شەشی ساڵی یەکەم ئازاری ١٩٣٤ز دا دەرچووە کە لە سەر دروشمەکەی ئایەتی:«إِنَّ اللهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالإِحْسَانِ» (نحل: ٩٠)
ژمارەی ٧ - ٨ - ٩ی ساڵی یەکەم پێکەوە لە بەر رگێکداو لە نیسان و مایس و حوزەیران ی ١٩٤٤ز دەرچووە لە ژێر دروشمەکەیدائایەتی:«كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ»(روم: ٣٢) نوسراوە، نیشتمان لە ژمارە نۆ بە دواوە لە دەرچوون وەستاوە، بەڵام زەمینەیەکی بۆ زۆر لە گۆڤار رۆژنامە کانی تر لە کاروانەکەیدا خۆش کرد.

## کاریگەری (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) بۆ سەر جەماوەر

کۆمەڵەی (ژێ - کاف) وەک وتمان هەڵێنجراوی ناوکرۆکی کوردە واری کەسانی دروست کەرو بە ڕێوەبەرانیشی کەسانێکی دەست و دەم پاک و خاوەن نەژاد بوون. بە هیچ جۆرێکیش بیرو باوەڕی نامۆ. گەندەڵەو نێوەدا نەبوو، ئامانجی دیارو بەرچاویشی بریتی بوو لە ڕزگاری کورد و کوردستان.
ئەم ئەرکە گەورەیەش بە هەمیشە پیاوانی دیندار و خاوەن عیزەت توانیویانە ئەوراسپاردەیە هەڵگرن. هەربۆ یە وەک باسمان کرد سەرانی (ژێ - کاف)لەو کەسانە بوون کە میللەت متمانەی خۆیان پێبدات. چونکە هەردینە ئادەمی فێری پاراستن لە ئەمانەت دەکات. ئەرکی گەورەی رابەرایەتی کردنی میللەتێک بەرەو ئامانجی گەورەترین راسپاردەیە (ألأمانة)

خەڵکی موکریان و شاری مەهەباد تەواوی دەنگی خۆیان دابوویە پاڵ(ژێ - کاف)بە تایبەت کە ئەیتندی پیامانی ڕووسپی و عەمامە بە سەرەکان فەرمان بەئەوە ئەفەرموون هەرکەس لە سەریەتی بێتەئەندام لە ناو کۆمەڵەدا ئەگینا گوناەباری گەورەیە. دەی هەرکەسەش دەبوو بە ئەندام یەک لەو داواکاریانەی لە سەری دەکرانابێت لە گەڵ میللەت بکات. لە خاڵێکی تریشدا تەواوی پیامانی کورد بە برای خۆی بزانێت و تەواوی ژنانی کورد بە خوشکی خۆی بزانێت.

دیارە ئەم دوو خاڵەش سەرەکی ترین هۆیەکانی سەرکەوتنە. چونکە لە خاڵی یەکەمدا بە هیچ جۆرێک پەیوەندی بە دوژمنەوە ناکات کە لە سەر زیانی میللەتەکەی بێت ئەمە وەک ئاسایشی ناوەکی کەئەمەیان گرنگ ترە پیاوانی کورد بەبرای خۆی دەزانی. ژنانی کورد بە خوشکی خۆوی دەزانێ کە وابێتە هیچ کات بیر لەزەردان و ناپاکی کردن لە هاو وڵاتی خۆی

ناكاتەوە.

هەر بۆیە لە سەردەمی بەڕێوەچونی كۆمەڵەی ژیانەوەی كورددا ئاسایشی ناوەكی پەیدا بوو كەلەمێژ زەیووی سالانێكی لەوەو بەرو لەوەو پاشیش دووبارە نەبویەوە.

هەژاری موكریانی دەگێڕێتەوە دەڵێ: دزی و درڵزنی و خیانەت كاری بە گشت جۆرەكانیەوە باری كردبوو... كەس لە سەر خەرمانان نەئەخەوتن چونكە كەس زەرەرلە كەس نادت. وەگەر كەسێك گوریسێك یان شتێكی وون ببوایە كەسی لەسەر خراپ نەدەكرا چونكە دەدۆزرایەوە و دەهێنرایەوە جێگای خۆی.

هەر هەژار دەگێڕێتەوە دەڵێ: جارێك لە زەمبیل بووم خەریك بوو بڕۆم، لەوەدەمەدا دەستەیك مورید هاتن، سەید ووتی راوستە قەسەم هەیە. سۆفیەك دەستی ماچ كرد سەید لی ێ پرسی (سۆفی تۆش بوویتە كۆمەڵە)؟ گوتی قوربان بە نسیبمانكا، بە خوا من دەستی باپیرتم گلاو كردووە و بوم بە موریدی باوكت، ئیستاش موریدی تۆم قەت لە خراپە كاری و دزی بەرنەداوە، بەلام لە سایەی كۆمەڵەوەهەمو خراپەكانم وەلاناوە. زەمان زەمانی محمدی مەهدی یە،هەژار ئەوەش باس دەكات كە هیچ پیاوێك بە چاوی خیانەت سەیری هیچ ئافرەتێكی نەدەكرد بۆ خۆم لاوێكی بیستو دووساڵی بووم، لەگەڵ برادەرێكی حیزبی بە ناوی (عبدالقادردەباغی) ڕامدەبواردو زۆر جار دەچومە ماڵیان و دەگەڵ عبدالقادر و خوشكەكانی بەبێ تەقیە یاریمان دەكرد. ڕۆژێك یەكێك پێێ وتم خۆشی لە خۆت دەگەڵ خوشكەجوانانەی دەباغی دا كەیف دەكەی باوەڕ بكە تاوای نەگوت نەمزانی خوشكەكانی دەباغی جوانن یان ناشیرینن. لەوساوە تەركی ماڵی دەباغم كرد و هەرچی كردیان نەچوومەوە نەوەك بە چاوی خیانەت بڕوانمە خوشكی برای حیزبیم (٩).ئەگەر چی من واگومان دەبەم ئەو كەسە هەژاری بە وە تاقی كردبێتەوە كە ئایا بەندی كشت ژنانی كورد خوشكمن یان راستیەك دەردەخات كە دژی ئەو بەندەبێت.

## كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردو حیزبی هیوا

حیزبی هیوا لە كوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٣٩ز ، حیزبی هیوا بە دیارترین گرنگ ترین حیزبە كوردستانە كان دەژمێررا دامەراندنی لاواز بوو، بەلام وردە وردە پەرەی سەند بوو بە حیزبێكی گەورە بە تایبەتی پاش شەڕی دووەمی جیهانی و هەڵبژاردنی رەفیق حلمی بە سەڕوكی حیزب هێنانە دی مافەكانی نەتەوەی گەڵی كورد لە كوردستانی عێراق و خۆرێبەری (الحك الذاتی) كوردستانی عێراق لە ئامانجە گرنگە كانی بوو.(١٠)

لەدوای ئازادبوونی زۆرێك لە ناوچەكانی كوردستانی ئێران لە ژێر دەسەلاتی حكومەتی مەركەزی حیزبی هیوالە ساڵی ١٩٤٢ز دا دوو ئەندام بنێرێت بۆ ئەوەێ ئەم دوو ئەندامەش مستەفا خۆشناو وڕەئیس میرحاج ئەحمەد بوون، بە مەبەستی پتەوكردی پەیوەندی لە نێوان سەركردەكانی ئێران و حیزبی هیواو ئاڵوگۆڕ كردنی زانیاری لە پێناوی كرداری هاوبەش و رێكخستنی كاروبارە كانیان.(١١) بەم جۆرە بارودۆخی گونجاو و زەمینە خۆشكردنی بۆ كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردخۆش بوو

کەلە - ١٦ی ئەیلولی ساڵی ١٩٤٢ز دا دووەمین کۆنگرەی خۆی ببەستێت کە لە راستی دا ئەم کۆنگرەی دووەمە جۆرێک بوو بە سەر لە نوێ دامەراندنی کۆمەڵەی ژیانەوە کە ئەو دوو بەرێزە بە تایبەت رەئیس میرحاج دەوری سەرەکی لە ئیدارە کردن و بەرێوەبردنی کارەکانی کۆنگرەو حیزب دا هەبوو هەتا ئەورادەیەی هەژاری رەحمەتی لە ناو ەێنانی میرحاج و بڵی (١٢)، دامەزرێنەری (ژێ - کاف) ئەوەش بوو لەرووپەری یەکەمی (نیشتمان) دا نوسرا پێی سرۆک کورد و کوردستان و هیوا.

کتێب: کۆماری کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان - ئامادە کردنی: ئەحمەد حەمەئەمین (رەنجیار) - چاپی ساڵی ١٩٤٦ز

سەرچاوە: ماڵپەری نوگرا - رێکەوتی: ١٧ی ئەپریلی ٢٠١١


--------------------------------------------------------

## پیرۆزبێ ٢٥ی گەلاوێژ رۆژی دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف و جیژنی ٧١ ساڵەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان

**حەسەنی قازی**

بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ وێنەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژێکاف لێرە دا بڵاو دەکەینەوە.

**حوسێنی زێرینگەران (فرووهەر) کاوە ١، ئەندامی ژمارە ١ و یەکەم سەرۆکی کۆمەڵە**



ئەگەر چی لە سەروبەندی دیکتاتۆری رەزا شای پەهلەوی دا لە موکریان "حیزبی ئازادیی کوردستان" پێک هات،بەڵام مەرامنامەکەی چەند ساڵ دواتر، ١٩٤٢، بڵاو بووەوە کە عەزیزی زەندی نووسیویە. لە بەر ئەوەی هێندێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژێکاف لە "حیزبی ئازادیی کوردستان"یش دا ئەندام بوون هێندێک مێژوونووس تاریخی دامەزرانی کۆمەلە دەبنەوە ساڵی ٣٨ - ١٩٣٧.هیچ بەڵگەیەک بە دەستەوە نییە نیشان بدا ژێکاف درێژەدەری چالاکی حیزبی ئازادیی کوردستان بوو

بێ. بۆیە دەبێ ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ هەتاوی بە پێی بەڵگەی نووسراو و چاپکراوی کۆمەڵە خۆی بە تاریخی ڕەسمی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەیە دا بندرێ.

**قاسمی قادریی قازی، ق.ق.ق.پیاو، ئەندامی ژمارە ١٠٥٣، سەرۆکی نوێنەرانی ژ.ک. لە دیداری سێ سنوور**



ماوەیەکی کورت بەر لە ڕاگەیاندنی "دەوڵەتی جمهوری کوردستان" کۆمەڵەی ژێکاف بە بێ ئەوەی هیچ سەنەدێک لە مەڕ هەڵوەشانی بە دەستەوە بێ، نێوی گۆڕدرا و وەک حیزبی دێمۆکراتی کوردستان درێژەی بە خەباتی خۆی دا و لە سەروبەندی چالاکی یەکساڵ و دوومانگی سەرەتایی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و سەردەمی کۆمار دا سەرەڕای هیندێک جیاوازی لە بەرنامەی کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان دا چوار ساڵ خەباتی کۆمەلە بە تاریخی حیزب داندراوە و هەر بۆیەش ئێستا ٢٥ی گەلاوێژ وەک ڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان

١- وەرگیراوە، ئەو تاریخە ڕۆژی دامەزرانی کۆمەڵەیە نەک حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان.


**عەبدولڕەحمانی زەبیحی، ع.بێژەن ٢، گەڕێنەندەی گۆڤاری نیشتمان**



لە ژمارەی ١ی کوردستان پێنجشەمۆ ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ی هەتاوی (١١ی ژانڤیەی ١٩٤٦)، بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان لە باسی "گفتوگۆی جەنابی قازیی محەمەد پێشەوای بەرزی کوردستان دەگەڵ خاوەنانی ڕۆژنامەی تاران" لە وەڵامی پرسیاری "چەند وەختە ئەنگۆ خودموختارن"؟ پێشەوا وەڵام دەداتەوە" چوارساڵە خودموختاری داخلّی مان هەیە."


هەر وەها كوردستان لە ژمارەی ٧٩ دا سێشەمۆ ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٢٥ی هەتاوی (٢٢ی ئووتی ١٩٤٦) لە ژێر سەر دێڕی " موبارەزەی ئازادی و دێمۆكڕاسی ئێمە پێی دە پێنجەمین ساڵی خۆی نا" ووتارێكی درێژی بە قەڵەمی سەید محەمەدی حەمیدی، سەر نووسەری كوردستان بڵاو كردووەتەوە. لە بەشێك لەو ووتارە دا هاتووە:

مەلا عەبدوڵای حەجۆكێ، داودی، مودیری مەدرەسەی گەلاوێژ



"بۆ هەوەڵین جار ئیمە لە دوای چوارساڵ بەربەرەكانی لە رێگای ئازادی و دێمۆكڕاسی و دەگەڵ هەزاران گرێ پووچكە و موشكیلاتی ئیجتیماعی و سیاسی و مادی و مەعنەوی ئەورۆ بە ئاشكرایی ولە كەماڵی قووەتدا و لە كاتێكدا كە هێزی چەكدارمان دامەزراندوە، هەزاران فیدائیمان لە سنووری كوردستاندا بۆ پاسەوانی داناوە و بە حاڵەتێكی ئازاد و سەربەست رۆژنامە و گۆڤاری میللی خۆمان بە دونیا دا بڵاو دەكەینەوە و خوێندنی زمانی بێگانەمان لە مەداریسدا بە زمانی زكماكی خۆمان گۆڕیوەتەوە و هەزاران ئیسلاحاتی سیاسی و عیمرانیمان لە ماوەیەكی كەمدا ئەنجام داوە و دەركەیەكی هومێدمان بە دوارۆژ لە رووی میلەتی كوردەوە كردۆتەوە، پێ دە پێنجەمین ساڵی دامەزراندنی خۆی دەنێ.

مەلا قادری مودەرەسی، ق.م.ڕەوادی م ئەندامی هەیئەتی ئیستیشاری



موئەسیسین و ئەندامەكانی ئازا و تێگەیشتووی ئەم حیزبە موقەدەسە چوار ساڵ لە بەرانبەر گەرد و لوولی سامناكی مورتەجعین و لە موقابیل زەبر و زەنگی دێوی ڕق هەڵستاو و برینداری ئیستعمار هەمیشە لە سەر پێ ڕاوەستان و نێو

چاوانی پاکی خۆیان لە بەرانبەر گوللە تۆپی دوژمنانی ئازادی دا کردە سپەر و بەرەنگاریان لە هەر بەرهەڵستێک کرد کە پێچەوانەی ئازادیی کوردستان دەهاتە سەر ڕێگا. مورتەجعین زۆریان پەلەقاژێ کرد کە ئاوری نیشتمان پەرستی لە

**محەممەدی نانەوازادە، بەرپرسی نیزامی کۆمەڵە**




دڵی ئێمە دا بکوژێننەوە، بەڵام هەر کەس دە دڵی خۆیدا خیاڵێکی خراپی دەرحەق بەم ئاورە موقەددەسە جێ کردەوە ئاوری غەزەب گڕی تێبەر دا و لە پێش چاوی دۆست و دوژمن بوو بە کۆی زووخاڵ و جگە لە بەدنێوی دنیا و ئاخیرەت، خەجاڵێتێکی چارەناپەزیر لە بەر چاوی میلەتی و دایکی نیشتمانی خۆیدا هەتا هەتایە زەخیرە کرد و وەکوو کردەوە هێشتا ڕەفتاری پیس و بەد کرداری ئەو ناحەزانەی کە بە دوژمنایەتی ئەندامە لە خۆ بوردووەکانی ئێمە دەیانکرد و دەیانەویست بۆ مستێ شەکر و کەلەیەک قەند ئەو برایانەی ئێمە دە زیندانی دوژمناندا برزێنن لە بیر نەچووە......."

**سەدیقی حەیدەری ی فارووقی م.ج.لاو ۱۰**



ئەو دوو هێمایە لە سەردەمی کۆمار دا بە جوانی و بێ سێودوو دەیسەلمێنێ ئەو دەمی مێژووی ژێکاف و حیزبی دێمۆکرات لێک هەڵنەبڕدراوە.

## محەمەد (دڵشاد)ی ڕەسووڵی م.نادری



هەموو جووڵانەوەیەكی ناسیۆنالیستی لە چوار قوڕنەی دنیا، خراپ یان چاك هەمیشە حەولی ئەوەی داوە ڕابردوویەكی درێژتر بۆ خۆی بدۆزێتەوە و مێژوویەكی درێژتر لەمەڕ خۆی بنووسێتەوە،

## محەمەدی یاهوو



بەڵام كە باس دێتە سەر كوردان وەزع ڕەنگێكی دیكە بە خۆیەوە دەگرێ.

هەر دوو ئەو پارتییە سیاسییانەی ئێستا بە نێوی حیزبی دێمۆكڕاتی كوردستان كار دەكەن لە كاتێكدا تاریخی دامەزرانی كۆمەڵەی ژیانی كورد بە تاریخی دامەزرانی خۆیان دادەنێن كە لە..

**عەبدولڕەحمانی ئیمامی ئەقدەم ، ع.راد ٥**



**ڕاستیدا لەو ڕۆژە دا حیزبی دێمۆکڕات پێک نەهاتووە،لە جیاتی ٧١ ساڵەی دامەزرانی خۆیان جێژنی ٦٦ ساڵەی دامەزران پیرۆز دەکەن و کەس نازانێ بە چ هۆیەکی مەنتیقی خۆیان لەو ٥ ساڵە نەبان دەکەن؟**

**نەجمەدینی تەوحیدی**



**سەرچاوە: وێبنووسێ ڕوانگە - ڕێکەوتی: ١٦ی ئاگۆستی ٢٠١١**

-----------------------------------------------------------

# مێژووی کۆمەڵەی ژ- ک و کۆماری کوردستان و رۆڵی کەڵوڕەکان



ئێقباڵ سەفەری

پاش ئەوەی کۆمەڵێک لە هەڵکەوتوانی کورد لە ناوچەی موکریان و لە ساڵی ١٣٢٠ ریکخراوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان پیک دێنن و چالاکیەکانیان بە مەبەستی بەدەستهێنانی مافی گەلی کورد دەستپێ دەکەن، ئەم کۆمەڵەیە پەلوپۆ دەکێشی بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان.

لەم پێوەندیە دا میرزا عەبدۆڵا مودەبەر (ناسراو بە ئاغەگەورە) کەڵوڕ (کەڵهوڕ) خۆی دەگەیەنێتە شاری مەهاباد و لەگەڵ کۆمەڵێک لە چالاکانی ئەوە دەم کۆ دەبێتەوە. لەو کۆبونەوەیە دا ناوبراو وەک بەرپرسی گشتیی رێکخستنی کۆمەڵەی ژ - ک لە شار و ناوچەکانی سنە، کرماشان، ئیلام و لوڕستان دیاری دەکرێ. بە گەڕانەوەی ئاغاگەورە لە مەهابادەوە بۆ کرماشان، چالاکیەکانی کۆمەڵەی ژ - ک پی دەنێتە قۆناخێکی نوێوە. لەم پێوەندیە دا کۆمەڵێک چالاکوانی سیاسی - تەشکیلاتی لە ریزەکانی کۆمەڵەی ژ - ک دا دەست بە چالاکی و ریکخستن دەکەن. یەک لەو کەسانە میرزا برایمخانی نادرییە کە دەبێتە جێگری میرزا مۆدەبر و چالاکیەکان لە ناوچەکانی کرماشان، پشتکویە و لوڕستان سەرپەرەستی دەکا. کەسی دووهەم لەو تیکۆشەرانە مامۆستا سەید تاهیری هاشمی بووە کە دەبێتە دەبیری کۆمەڵە لە شاری کرماشان. کەسی سیهەم رەشید



باجەڵانی‌یە کە وەکیلی دادگوستەری بووە، بەرپرسایەتی بەشی باشور لە شاری خانەقینی پێدەسپێردرێ و هەروەها پێوەندی نێوان باشور و کرماشانیش بەڕێوە دەبا کە لە شاری بەغداوە دەستپێدەکا تا دەگاتە کرماشان. چارم کەس یەدۆڵا رەزایی دەبێ کە بە بەربرسی پێوەندیە گشتیەکانی ئێڵی کەڵوڕ دیاری دەکرێ و ناوبراو کەسێکی شارەزای بواری سیاسی بووە. بەمجۆرە کۆمەڵەی ژ - ک بە هۆی ئۆگر بوونی بە بیر و هزری نەتەوەییەوە لە ماوەیەکی کورت دا دەتوانێ بیری سەربەخۆیی‌خوازی لەو ناوچانە پەرە پێبدا و ریکخستنەکانیان وەک تەشکیلاتێکی چالاک خۆیان بنوێنن. بە دروست بوونی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئەم چالاکیانە بەجۆرێک پەرە دەستێنن کە پێوەندی دایم لە نێوان مەهاباد و کرماشان و ناوچەکانی دیکە شێوازێکی تایبەت بەخۆیەوە دەگرێ. بەجۆرێک کە لەکاتی پێکهێنانی کۆماری کوردستان دا عەبدۆڵا خانی مۆدەبەر و برایمخانی نادری خۆیان دەگەێننە مەهاباد و چالاکانە بەشداری هەڵسوڕاندنی ئەرکەکان دەبن. بەدامەزرانی کۆماری کوردستان، میرزا مۆدەبەر دەگەڕێتەوە کرماشان و میرزا برایمش دەکرێتە راوێژکاری سەرۆک کۆماری کوردستان، قازی موحەممەد. میرزا برایم بێجگە لەوەی کە راوێژکاری پێشەوا بووە، پلەی سەرهەنگی لە سۆپای میللی کوردستان دا هەبووە. بەسەرنجدان بەوەی کە زمانەکانی فەرانسی، ئینگلیسی، و عەرەبی بە باشی زانیوە، لە وەزارەتی ڕوشنبیریشدا (فەرهەنگ) هەڵسوڕ بووە و بابەتی بۆ رۆژنامەی کوردستان نووسیوە، یان وەریگێڕاوەتەوە. بەتایبەت لە گۆڤاری کوێستان دا چەندین وتاری لەسەر سەلاحەدین ئەیۆبی نووسیوە. لە پێوەندی لەگەڵ گۆڤارەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان دا، میرزا برایم گەلاڵەی دامەزراندن و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ژیان دەخاتە بەردەست کاربەدەستانی کۆمار کە بە داخەوە لەبەر دەستپێکردنی شەر لەلایان دەوڵەتی ئێرانەوە و هێرش بۆسەر کۆماری ئازربایجان، ناچێتە بواری جێبەجی کرانەوە. بەڵام بەوحاڵەش میرزا برایم دەبێتە خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری دەنگی کورد بە سەردەبیری سەید عۆبەیدۆڵا ئەیوبیان، کە لە دوایین ژۆمارەی ئەم گۆڤارە دا ئاماژە بە رۆخانی کۆماری کوردستان کراوە. لە پێوەندی لەگەڵ نووسینی بابەت بە زاراوەی کوردی خوارو دا، یەدۆڵا رەزایی کە ئەودەم لە شاری گێلانی رۆژئاوا نیشتەجێ بووە، لە گۆڤاری گەلاویژ دا بابەتی نووسیوە کە ناوئاخنێک بووە لە شێعر و لیکۆڵینەوەی ئەدەبی. بەم جۆرە بە ئاماژە بەو بەڵگە مێژوویانە بۆمان دەردەکەوێ کە رۆڵی کەڵوڕەکان لە کۆمەڵەی ژێکاف دا و بگرە لە کۆماری کوردستانیش دا بەرچاو بووە. هەڵبەت نابێ لەبیرمان بچێ کە ئەودەم ئەو ناوچانەی کە ئەوان تیکۆشانیان تێ دا بووە، لە ژێر کۆنترۆڵی دوستانی کورد و کۆماری کوردستان دا نەبووە.

**پێناسەیەک لەسەر برایم خانی نادری کەلوڕ:**



ئیبراهیم نادری یان ئیبراهیم خانی نادری ناسراو بە میرزا ئیبراهیم، کوری فەیزوڵای نادری، لەساڵی ١٢٦٠ هیجری لە شاری کرماشان لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لە کرماشان تەواو دەکا و بۆ درێژەی خویندن دەچێتە وڵاتی فەرانسە. پاش خوێندنی حقوق لە فەرانسە، دەبێتە ئەندام لە لۆژیونی فەرانسە و دوای گەڕانەوەش بۆ ماوەیەکی کورت دەبێتە مامۆستای دانشکەدەی ئەفسەری لە تاران. لە گەرمەی شەڕی گەردونی دوهەم دا دەگەڕێتەوە کرماشان و پاشان بەهاوڕێیەتی میرزا عەبدوڵای مۆدەبەر دەبنە ئەندامی کۆمەڵەی ژ - ک و چالاکیە ڕێکخستنیەکان لە کرماشان دەست پێدەکا. بە پیکهاتنی کۆماری کوردستان وەک راوێژکاری پێشەوا دیاری دەکرێ و هاوکاتیش پلەی سەرهەنگی پی دەدرێ. پاش رۆخانی کۆماری کوردستان لەگەڵ چەند هاواڵێکی دیکەی و یەک لەوان سەید عۆبەیدوڵا ئەیوبیان دەگیرێ و بۆماوەی دوو ساڵ لە بەندیخانەی پەهلەوی بەند دەکرێ. دوای ئازادبوون لە بەندیخانە، دەکەوێتە ژێر چاودێری کاربەدەستانی دەوڵەت و ئەم بارودۆخەش بۆ ئەو پڕوکێنەر دەبێ. لە کۆتایی دا و لە ساڵی ١٣٢٩ لە ریگای باشوری کوردستانەوە دەچێتە وڵاتی سوریا و لە لایان حەسەن زەعیم برازلی کەسایەتی ناسراو و راوێژکاری سەرۆککۆماری سوریاوە پێشوازی لێ دەکرێ. پاش گیرسانەوە لەو بەشە دابڕاوەی کوردستان دا، لەریگای حەسەن زەعیمەوە کاری بۆ دەکرێ و دەبێتە ئەفسەری لیپرسراوی باڵا لە هیزی هەوایی ئەو وڵاتە و تاکوو پلەی سەرلەشکری لەسۆپا دا سەردەکەوێ. برایمخان کە بە بیر و هزری کۆمەڵەی ژ - ک پەروەردە کراوە، لەوێش دەست لەسەر دەست دانانێ و ناسناوی و ئاشانیی ئەو لەگەڵ ژۆمارەیەک لە ئەفسەرانی کوردی سۆپای سوریا هیوایەکی دیکە دەخاتە دڵ میرزا برایمەوە. ئەویش بەو مانایە کە لە چەندین ریگاوە گوشار بخەنە سەر دەوڵەتی سوریا بۆ داکۆکی لە مافەکانی کورد، کە چ ئاکامێکی نابێ. پاش ئەوەی هەوڵەکانی میرزا برایم و هاواڵانی لە ریگای گوشاری سیاسیەوە بێ ئاکام دەبێ، ئەوجار بە هاوکاری هاواڵانی کوردی لە سۆپای سوریا و لە ساڵی ١٣٣٥ی هیجری گەلاڵەی کۆدەتایەکی لەشکرێ بۆ رۆخاندنی دەوڵەتی سوریا دادەڕێژن، کە ئەویش بەرلەوەی بچێتە بواری جیبەجێ کردنەوە ئاشکرا دەبێ و لە لایان دەزگای زانیاری سوریاوە فرۆکەکەی بەردەدرێتەوە و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە کورد و کوردستان دەکا. بەمجۆرە و بە داخەوە ئەم رۆڵەی دیاری کرماشان و نەتەوەی کورد، بێ ناو نیشان دەمینێتەوە و نەگ بۆ خەڵکی کوردستان، بەڵکوو بۆ خەڵکی ناوچەکەی خۆیشی و حیزبەکەی خویشی (حدک) بە نەناسراوی، بنەو بارخانەی بەرەو کۆچی یەکجاری و بێ گەڕانەوە هەڵدەپێچێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١ی فێبریوێری ٢٠١١

-----------------------------------------------

# كۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژێ - کاف)



**ناسر قادرپوور**

كـۆمەڵەی ژيـانەوەی کـورد یـان بە کـورتی کـومەڵەی( ژک ف)،یەکەم ڕێکخـراوی بەهێـزی سیاسـیی کـوردی لە ڕۆژهـەڵاتی كوردستان بـوو کە لە سـاڵی ١٩٤٢ لە ناوچـەی موکریـان وپاشـان لـە مەهابـاد پێـک هـات و لە سـاڵی ١٩٤٥ بە دامەزرانـی حیزبێکی نوێ کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

## بەکورتی مێژووی ناوچەکە.

لە ماوەی شەری یەکەمی جیهانی دا کوردستان بـوو بە مەیدانی شەڕ لە نێوان لەشکرەکانی بەشدار لەم شەڕە، بەتـایبەتی لەشکری عوسمانی و لەشکری روسی.دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرجار تووشی تاڵان و کوشتاری لەشکرەکانی عوسمانی و روسی بوون. پاش ئەو شەڕە، وڵاتێکی وێرانکراو، خەڵکێکی دەربەدەر، ماندوو و هەژار کە تووشی قاتی وقری و نەخۆشی ببوون لە قەیرانێکی زۆر خراپی ئابوری سیاسی دا دە ژیان...

## دیکتاتوریی ڕەزاخان

لە ساڵی١٩٢١ی زایینی پاش کودتایەکی نیزامی کە بە هاوکاری بریتانیا هاتە دی، ڕەزاخان هاتە سەرکار و ساڵی ١٩٢٣ لە تاران خۆی بە شا و دامەزرێنەری سلسلەی پەهلەوی ناساند. هەر لە سەرە تاوە هەوڵـی تواندنـەوە ولـە بـەین بردنـی هەمـوو ئەو شۆرش و بـزووتنەوانەی دا کە دەبـوونە هـۆی لـەم پـەرێک لـە سـەر ڕێگـای؛ وەک بزوتنـەوە ی سمکۆ، ڕاپەڕینـی جـافر سوڵتان و حەمە ڕەشید خانی بانە. ڕووکاری ئاوەڵای سیاسی لە تەواوی وڵاتی ئێراندا کاتی بەسەرچوو. دەسەڵاتی ناوەنـدی ئێران لە تاران هێزی گرت و هەناسەی هەموانی بڕی. لە سەردەمی دیکتاتۆریی بیست سـاڵەی ڕەزاشـادا زۆرداریـی نەتـەوەیی گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. شۆوینیزمی فارس بوو بە سیاسەتی فەرمی ڕێژیمی پەهلەوی و گەلانی غەیرە فارسی ئێران خرانە

ژێر توندوتیژترین ستەمی نەتەوەیی.

بۆ لە نێوبردنی شوێنەواری نەتەوەیی و مێژوو و فەرهەنگی ئەم گەلانە پلانێکی دارێژراو و درێژخایەن بەڕێوە دەچوو کە مەبەستی تواندنەوەی گەلانی غەیری فارس بوو. دەستتێوەردانی مێژووی کۆن و نوێ، گۆڕینی ناوی شار و گوندەکان، قەدەغە کردنی ڕێوڕەسمە نەتەوەییەکان و لەبەرکردنی جلی نەتەوەیی.

هەموو بۆ ئەوەی نیشان بدرێ،کە لە ئێراندا تاقە نەتەوەیەک هەیە، ئەویش فارسە. بەڵام هەستی کوردایەتی لە کوردستان و لە دڵی هەموو کوردێکدا ئەوەندە بەهێز بوو کە سیاسەتی ڕەزاشا بۆ تواندنەوەی نەتەوەی کورد وەک هی مستەفا کەماڵ لە تورکیا بە تەواوی پووچەڵ بوو. بەرامبەر بەو هەموو زوڵم و زۆرە لە هێندێک ناوچەی کوردستان، ئێران ڕاپەڕینی عەشیرەتەکان سازبوو. وەک ڕاپەڕینی مەحموودخانی کانیسانان لە ناوچەی مەریوان، عەشیرەتی مەنگوڕ لە دەوروبەری مەهاباد، ڕاپەڕینی عەشیرەتەکانی جەلالی کە هەموویان درندانە سەرکوت کران.

## ئاکامی شەڕ

کە شەڕی دووهەمی جیهانی دەستی پێکرد، ڕەزاشا لایەنگیری خۆی بۆ ئاڵمانی نازی ڕاگەیاند. بۆیە کاتێ شەر کەوتە نێوان یەکیەتی سۆڤیەت و ئەڵمانیا، وڵاتانی هاوپەیمان، ئێرانیان داگیرکرد؛ وەک هاوپەیمانی ئاڵمانیا و هەم بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئێرانەوە یارمەتی بگەیێننە سۆڤییەت. بریتانیا لە باشوور و ئەرتەشی سووری سۆڤیەت لە باکوورەوە، خاکی ئێرانیان داگیر کرد. ڕەزاشا لە ئاستی ئەواندا نەیتوانی بچووکترین جووڵە بکات و دیکتاتۆرییەکەی ڕووخا و پاش ٢٠ساڵ ئێران ڕووی ئازادی و دیموکراتی بە خۆیەوە دی و حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان بووژانەوە.

## هەل و مەرجی دامەزران

هێزەکانی داگیرکەر لە باشوورەوە تاکوو ئیلام و لە باکوور تا ورمێ هاتبوون. بەڵام ناوچەی موکریان و مەهاباد بە تایبەتی دوور بوو لەو دۆخە. لە لایەکی دیکەوە مەهاباد و ناوچەکانی دەور و پشتی مێژووی درێژیان هەبوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی، هەربۆیە بار و دۆخەکە ڕێکەوت بۆ ئەوەی یەکەم ڕێکخراوی بەهێزی سیاسیی کوردی بە ناوی کومەڵەی ژیانەوەی کورد یان بە کورتی کومەڵەی ژ - ک پێک بێ. دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە یازدە کەس بوون(دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ - ک ئەم یازدە کەسە بوون: حوسەینی فرووهەر، عەبدولڕەحمان زەبیحی عەبدولڕەحمان ئیمامی، عەبدولقادر مودەریسی، نەجمەدین تەوحیدی، محەمەد نانەوازادە، عەلی مەحموودی، محەمەد ئەسحابی، عەبدولڕەحمان کیانی، سدیق حەیدەری، قاسم قادری.) کە لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ ی ١٩٤٢ لە مەهاباد کۆبوونەوە و کۆمەڵەی ژ - ک ف، یان پێکهێنا کە

ئامانجەکەی ڕزگاری نەتەوەی کورد بوو.

کۆمەڵ ڕیخراوێکی نهێنی بوو و هەر لە سەرەتای دامەزراندنەوە کورد انی باشوور تێیدا بەشدار بوون و نوێنەرانی ئەوان «میرحاج ئەحمەد» لە لایەن حیزبی هیوا وە لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمەڵەی ژ-ک ئامادە بووە.

لە مانگی بانەمەڕی ساڵی ۱۹٤۳ دا، کۆبوونەوەیەک وەک کۆنگرەی کۆمەڵە پێکهات. لەم کۆنگرەیەدا کە لە شاخی خودا پەرەست بە ئەنجام گەیشت، نزیکەی سەد کەس بەشداربوون؛ بڕیار درا کە کۆمەڵە بیروڕای خۆی لە گۆڤارێکدا بڵاو کاتەوە. لەبەر ئەوەی کۆمەڵە ئەگەرچی ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستی و نیشتمانپەروەر بوو و دەبوا لەگەل توێژەکانی خەڵکی بێت، بەڵام لەبەر نهێنی بوونی، کەمتر بەوە دەگەی. ئەوە بوو کە دەست کرا بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری نیشتمان. لە ماوەی چەند ساڵدا، بە بڵاو بوونەوەی بیر و ڕاکانی کۆمەڵە لە ناو چین و توێژەکانی جەماوەری خەڵکی کوردستان، هیوا بە داهاتوو هێزی گرت. زانیاریی سەبارەت بە بار و دۆخ پێشکەوت و ژ - ک تا ڕادەیەک بوو بە هێزێکی سیاسی.

بەڵام گۆڕانکارییەکان یەکجار زۆر بوون. دنیا گۆڕدرابوو، هەروا کوردستان. شۆڕشی گەلانی دونیا دژ بە فاشیزم و دیکتاتۆری پەرەی سەندبوو. وڵاتی ئێران ئەزموونی گۆڕانی بەسەر دەهات و لە لایەکی دیکەوە لەو بار و دۆخە گرینگەدا کۆمەڵە نەیدەتوانی چالاکییەکان بە ڕێکوپێکی بەرەو پێش بەرێ. پێویستی بە ڕێکخراوێ نوێ، یەکگرتوو، خاوەن پیلان بوو بۆ بەرەو پێش ڕۆشتن. بەڕێوبەرانی کۆمەڵە لەوە ئاگادار بوون، بۆیە هەوڵێکی نوێیان دا بۆ بنیاتنانی حیزبێک. لە ڕێکەوتی ۲٥ی گەلاوێژ ی ساڵی۱۹٤٥ لە شاری مەهاباد دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاگەیێندرا. ئەگەرچی ئەو حیزبە نوێیە لە ئەزموونەکانی کۆمەڵە سوودی وەر دەگرت، بەڵام لە پیلان و چالاکییەکانیاندا بە تەواوی جیاواز بوون

کۆمەڵەو ڕێکخراوی سیاسی لە کوردستانی ئێران - ژکاف

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ۱۲ی دێسەمبەری ۲۰۱۳

---------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## مێژووی دروست بوون و ئەرکەکانی کۆمەڵەی ژی کاف



**مێژووی مهاباد، سەید موحەممەد سەمەدی...**

**وەرگێڕانی بۆ کوردی: جەعفەرکەریمی و سەرکەوت کەریمی...**

ڕۆژی، ٢٢ - ٥ - ١٣٢١ی هەتاوی (١٩٤٣ ز) پاش نیوەڕۆ بوو شەکەت و ماندووداوی تەواو کردنی کارو باری ئیداری ورادەست کردنی بەشە قەندو شەکر بە خەڵکی شاری مهاباد و عەشیرەکانی ناوچەکەدا خەریکی گەڕانەوە بووم بەرەو ماڵ. لە نیوەی ڕێگادا بوم لە پڕ کەسەێک بانگی کردم ئەو کەسە ناوی "سەعید حەمەقاڵە)ی بێستانچی، یەکێک لە ئاشنا کان بوو. هاتە پێشێ و گوتی: سێ میوان لە دەرەوە هاتون کاریان بە تۆو چەند کەسی دیکە هەیە. فەرموو با بچینە بێستانێ.

بارو دۆخ ئاڵۆز وتێکەڵاو بوو، ئەوەی ڕاستی بێ زۆرم متمانە پێ نەکرد. لەو قسانەدا بوم کە هاوکاری ئیداریم " شەهید موحەممەد نانەوازادە "هاتە لامو گوتی: وەرە با بڕۆین. گوتم، بڕێک نیگەرانم. گوتی: جێگای نیگەرانی نیە یەک دوو ئاشنای دیکەش هاتون. پێکەوە چوینە باغی "ئەمینولسەلام "(نەخۆشخانەی سیل) گوڵە بەڕۆژەو گوڵی سەر داران سەریان بۆ ئاسمان ڕاکێشابوویە ناو واندا تێپەڕین دیتم لە ناوڕاستی باغەکەدا لە ژێر دارە گوێزێک سێ کەس دانیشتبون و نانی نیوەڕۆیان دەخوارد .دەستوریان دا بۆ ئەوانی دیکەش خواردن بێنن "ئاغای عەبدولڕەحمان زەبیحی" ش لە وێ بوو وێدەچوو دۆستایەتی هەبووبێ لە گەڵ میواناکان. ئێمەیان بە یەکتر ئاشنا کرد ئەو سێ کەسە میوانە کە لە دەرەوەڕا هاتبون، سەرهەنگ میرحاج. مستەفا خۆشناو، کە بە داخەوە ناوی کەسی سێیەمم لە بیر کردووە.

هەر سێکیان دەرس خوێندەی عێراق و ئەندامی حیزبی "هیوا". بە تەما بون کە پەلی حیزبی هیوا لە مهاباد دامەزرێنن چونکی عەبدولڕەحمان زەبیحی و ئاغای حوسێن فروهەر(حسینی زڕینگەران) دۆستایەتیان لە گەڵ میوانەکان هەبوو. منیش

متمانەم پێ کردن و ئاخاوتن دەستی پێ کرد بابەتەکان هەمەلایەنە سەنگو سوک کران و لە کۆتاییدا ئێمە قەبوڵمان نەکرد کە ببینە لقێک لە حیزبی هیوا و گوتمان لە مێژە خەریکی رێکخراوەیەکین و نا توانین ئەو پێشنیارەی ئێوە لە بەر چاو بگرین. لە کاتی وتووێژ ئاغایان: قازی موحەممەد کەسایەتی ژمارە یەک و پێشەوای ئێمە پێویستە پێش هەر بریارێک لە سەر ئەو بابەتە قسە لە گەڵ وی بکەیەن چونکە ئەو کوردێکی دڵسۆز و راستەقینەیە. لە جوابدا گوتیان کارتان بە وی نەبێ. لە راوێژی قسەیان ڕا دیار بوو کە لەپێشدا قسەیان لە گەڵ کردبوو.

قازیش تازە لە سەفەری "باکۆ " گڕابووە بۆ مهاباد. من زوو زانیم رووداوێکی نەهێنی لە گۆڕێدایە بەو واتایە کە قازی ئەو کارمەندانەی بەو میوانانە ناساندووە. هەر چۆنێک بوو ئێمە پێشنیاری ئەوانمان رەت کردەوە ئەو رۆژە تێپەڕی و میوانەکان شەوێ چونە ماڵە ئاغای "عەبدولڕەحمان زەبیحی" و ماڵی "ئاغای حوسێن فروهەر "وبەر دەوامی وتوو وێژەکان دوا خرا بۆ رۆژێکی دیکە.

رۆژی دووهەم لە باغی (خیز) لە مەهاباد کۆ بوینەوە. پا ش دوو رۆژ وتووێژ میوانەکان رازی بون کە ئێمە حیزبێکی سەر بەخۆ دا مەزرێنین وئەگەر پێویست بکا لە ئەزموونەکانی وان یارمەتی وەردەگرین ،دوای لێکدانەوە و متاڵای زۆر و هەمەلایەنە بریار درا حیزبێکی کوردی بە ناوی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) رابگەیەنن، چون وشەی کۆمەڵە کوردیە یانی، کۆمەڵ بە واتای دوو بارە زیندوو بوونەوە دێ وسەرهەڵدان وتێکۆشان بۆ ژیانێکی سەر بەست و ئازاد. کورت کراوەی ناوەکەشی ئاوا دەبێتە، ژ - ک ،لۆگۆی کۆمەڵە وێنەی خۆر بووە کە لە ناوە ڕاستی وی دوو پیتی، ژ - ک، بە فۆنتی لاتین نوسراوە وئاڵای کۆمەڵەش سێ رەنگە، رەنگی سەرێ "سور" کە نیشانەی رابودویەکی پڕ لە خوێن و خەباتە. ناوەڕاست رەنگی "سپی" کە نیشانەی دڵی پاک وهەلویستی روونە. رەنگی خواروو "سەوزە " کە نیشانەی ئاوەدانی و سەر سەوزی کوردوستانە. هەتاو وپیتەکانی لاتینی ژ - ک، کە لە ناوە ڕاستی بەشی سپی ئاڵای کوردوستان خۆی دەردەخا.

پەترەو وپرۆگرامی حیزب بە پێی "ئایینی ئیسلام" رێک خراوە. سێ خاڵ لە پرۆگرامی کۆمەڵە لە لاپەڕەی، ١٦ی، گۆواری نیشتمان ژمارەی، ٦، ساڵی یەکەم رەشەمەی، ١٣٢٢ هەتاوی، لە چاپ دراوە وئەو گۆوارەش، گۆواری رەسمی ژ - ک، بووە ناوەرۆکەکەی بەم شێوەیە بووە:

حەوت: بە پێی ئەوەی زۆرینەی خەڵکی کورد موسوڵمانن، کۆمەڵە لە کوردوستان تەنیا دینی پیرۆزی ئیسلام بە رەسمی دەناسێ حەول دەدا پەرەی پێ بدا و ئەو کەسانەی کە دوو روون ومونافقن ڕێگایان پێ نادرێ.

هەشت: رێبازی کۆمەڵەی ژ - ک، رێبازێکی دێمۆکڕاتیکە وپێک هێنانی ژیانێکی ئازاد و خۆش تێدەکۆشێ.



سەرچاوە
Serchawe

نۆ: ژ - ک، بە یەکسانی چاو لە هەموو هۆزوعەشیرەکان دکا وبۆ برایەتی وپێکەوە ژیان حەولدەدا، ڕیرەوی ڕەخنەش لە ڕووی دڵسۆزیەوە بۆ وەلانای کردەوەی نا بە جێ و هەڵە ئاواڵەیە. هەر فکرو رامانێک کە دژی ئیسلام بێ لە کۆمەڵەدا ڕێگای پێ نادرێ.

بۆ بە ئەندام بون لە کۆمەڵەدا سوێند خواردن بە قوڕعان پێوستە هەتا نەهێنی ناو کۆمەڵە ئاشکرا نەبی دەبی ئەو خاڵانە رەچاو بگیرێ:

یەک: بە هیچ شێوەیەک نابی مرۆوی کورد خەیانەت کار بێ.
دوو: تێکۆشان بۆ سەر بەخۆیی کورد وکوردوستانە.
سێ: پاراستن ونەدرکاندنی نەهێنیەکانی حیزبی نە بەزمان ونە بە قەڵەم وبە ئیشارە.
چوار: هەتا دوایی ژیان دەبێ ئەندامی کۆمەڵە بی.
پێنج: تەواوی تاکی کورد ،وەکو خوشک وبرا چاو لێ بکەی.
شەش: بە بی ئیزنی کۆمەڵە نابێ تێکەڵاوی حیزبی دیکە ببی.

سەر جەم کاروباری حیزب بە تەواوی نەهێنیە وهەر کەس ناوێکی خوازراوی هەیە وکارتی ئەندامەتی بە لۆگۆی حیزب دیار دەبێ وناوی شاراوەی ئەندام لە وێدا دەنوسرێ. هەر کام لە ئەندامان ژمارەی تایبەتی خۆیان هەبووە، بۆ نمونە، ئاریا، ٢١، ناوی نەهێنی ئەو کەسەیە کە بۆتە ئاریا ونەفەری. ٢١، هاتۆتە ناو حیزب. هەر ئەندامیک دەبوایە لقێکی حیزبی دروست بکا کە لە ٧ یا ٨ یا ٩ کەس پێک دێن. لە نێوان دوو لقی حیزبیدا تەنیا دوو بەر پرس یەکتریان دەناسی نەک هەموو ئەندامان. بەر پرسی حیزبی پاش ئەوەی کە لە یەکە بە یەکەی ئەندامان وبنەماڵەیان ئاگاداری وەرگرت جا ئەو جار دەهاتنە ناو بەدەنەی حیزب.

پاشان کەسی ناوبراو دەهاتنە لای دوو کەس لە کەسانی باڵای حیزبی ودوای گرتنی دەست نوێژ، حەوت، جار بە قوڕعان ونەخشەی کوردوستان وئاڵای کوردوستان سوێندی وەفاداریان دەخوارد و ناوی خوازراویان بۆ دیاری دەکرا. بە هیچ شێوەیەک ناوی ئەندامانی مەرکەزی ئاشکرا نەدەبوو ئەرکی ئەندامی تازە هێنانی ئەندامی نوی بوو بۆ ناو حیزب بەو شێوەیە.

سەرچاوە: مێژووی مهاباد، سەید موحەممەد سەمەدی...

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوسەکان - ڕێکەوتی: ١٢ی دێسەمبەری ٢٠١٣

# کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد



**حامید درودی**

کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد یان بە کورتی کومەڵەی( ژک ف)،یەکەم ڕێکخراوی بەهێزی سیاسیی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بوو کە لە ساڵی ١٩٤٢ لە ناوچەی موکریان وپاشان لە مەهاباد پێک هات و لە ساڵی ١٩٤٥ بە دامەزرانی حیزبێکی نوێ کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

## بەکورتی مێژووی ناوچەکە.

لە ماوەی شەری یەکەمی جیهانی دا کوردستان بوو بە مەیدانی شەڕلە نێوان لەشکرەکانی بەشدار لەم شەڕە، بەتایبەتی لەشکری عوسمانی و لەشکری روسی. دانیشتوانی ڕۆژهەلاتی کوردستان زۆرجار تووشی تالان و کوشتاری لەشکرەکانی عوسمانی و روسی بوون .پاش ئەو شەڕە، ولاتێکی وێرانکراو، خەڵکێکی دەربەدەر، ماندوو و هەژار کە تووشی قاتی وقری و نەخۆشی ببوون لە قەیرانێکی زۆر خراپی ئابوری سیاسی دا دە ژیان.

دیکتاتوریی ڕەزاخان لە ساڵی ١٩٢١ی زایینی پاش کودتایەکی نیزامی کە بە هاوکاری بریتانیا هاتە دی، ڕەزاخان هاتە سەرکار و ساڵی ١٩٢٣ لە تاران خۆی بە شا و دامەزرێنەری سلسلەی پەهلەوی ناساند. هەر لە سەرە تاوە هەوڵی تواندنەوە ولە بەین بردنی هەموو ئەو شۆرش و بزووتنەوانەی دا کە دەبوونە هۆی لەم پەرێک لە سەر ڕێگای؛ وەک بزوتنەوە ی سمکۆ، ڕاپەرینی جافر سوڵتان و حەمە ڕەشید خانی بانە. رووکاری ئاوەڵای سیاسی لە تەواوی ولاتی ئێراندا کاتی بەسەرچوو. دەسەلاتی ناوەندی ئێران لە تاران هێزی گرت و هەناسەی هەموانی بڕی. لە سەردەمی دیکتاتۆریی بیست ساڵەی ڕەزاشادا زۆرداریی نەتەوەیی گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. شۆوینیزمی فارس بوو بە سیاسەتی فەرمی ڕێژیمی پەهلەوی و گەلانی غەیرە فارسی ئێران خرانە ژێر توندوتیژترین ستەمی نەتەوەیی.

بۆ لە نێوبردنی شوێنەواری نەتەوەیی و مێژوو و فەرهەنگی ئەم گەلانە پلانێکی دارێژراو و درێژخایەن بەڕێوە دەچوو کە مەبەستی تواندنەوەی گەلانی غەیری فارس بوو. دەستتێوەردانی مێژووی کۆن و نوێ، گۆڕینی ناوی شار و گوندەکان، قەدەغە کردنی ڕێوڕەسمە نەتەوەییەکان و لەبەرکردنی جلی نەتەوەیی.

هەموو بۆ ئەوەی نیشان بدرێ،کە لە ئێراندا تاقە نەتەوەیەک هەیە، ئەویش فارسە. بەڵام هەستی کوردایەتی لە کوردستان و لە دڵی هەموو کوردێکدا ئەوەندە بەهێز بوو کە سیاسەتی ڕەزاشا بۆ تواندنەوەی نەتەوەی کورد وەک هی مستەفا کەماڵ لە تورکیا بە تەواوی پووچەڵ بوو. بەرامبەر بەو هەموو زوڵم و زۆرە لە هێندێک ناوچەی کوردستان، ئێران ڕاپەڕینی عەشیرەتەکان سازبوو. وەک ڕاپەڕینی مەحموودخانی کانیسانان لە ناوچەی مەریوان، عەشیرەتی مەنگوڕ لە دەوروبەری مەهاباد، ڕاپەڕینی عەشیرەتەکانی جەلالی کە هەموویان دڕندانە سەرکوت کران.

## ئاکامی شەڕ

کە شەری دووهەمی جیهانی دەستی پێکرد، ڕەزاشا لایەنگیری خۆی بۆ ئاڵمانی نازی ڕاگەیاند. بۆیە کاتێ شەر کەوتە نێوان یەکیەتی سۆڤیەت و ئەڵمانیا، وڵاتانی هاوپەیمان، ئێرانیان داگیرکرد؛ وەک هاوپەیمانی ئاڵمانیا و هەم بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئێرانەوە یارمەتی بگەیێننە سۆڤییەت. بریتانیا لە باشوور و ئەرتەشی سووری سۆڤیەت لە باکوورەوە، خاکی ئێرانیان داگیر کرد. ڕەزاشا لە ئاستی ئەواندا نەیتوانی بچووکترین جووڵە بکات و دیکتاتۆرییەکەی ڕووخا و پاش ۲۰ساڵ ئێران ڕووی ئازادی و دیموکراتی بە خۆیەوە دی و حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان بووژانەوە.

## هەل و مەرجی دامەزران

هێزەکانی داگیرکەر لە باشوورەوە تاکوو ئیلام و لە باکوور تا ورمێ هاتبوون. بەڵام ناوچەی موکریان و مەهاباد بە تایبەتی دوور بوو لەو دۆخە. لە لایەکی دیکەوە مەهاباد و ناوچەکانی دەور و پشتی مێژووی درێژیان هەبوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی، هەربۆیە بار و دۆخەکە ڕێکەوت بۆ ئەوەی یەکەم ڕێکخراوی بەهێزی سیاسیی کوردی بە ناوی کومەڵەی ژیانەوەی کورد یان بە کورتی کومەڵەی ژ - ک ف پێک بێ.

**دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە یازدە کەس بوون (دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ - ک ئەم یازدە کەسە بوون:**

١- حوسەینی فرووهەر.

٢- عەبدولڕەحمان زەبیحی.



سەرچاوە
Serchawe

٣- عەبدولڕەحمان ئیمامی.

٤- عەبدولقادر مودەریسی.

٥- نەجمەدین تەوحیدی.

٦- محەمەد نانەوازادە.

٧- عەلی مەحموودی.

٨- محەمەد ئەسحابی.

٩- عەبدولڕەحمان کیانی.

١٠-سدیق حەیدەری.

١١- قاسم قادری.

کە لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ ی ١٩٤٢ لە مەهاباد کۆبوونەوە و کۆمەڵەی ژ - ک، یان پێکهێنا کە ئامانجەکەی ڕزگاری نەتەوەی کورد بوو.

کۆمەڵە ڕیخراوێکی نهێنی بوو و هەر لە سەرەتای دامەزراندنەوە کورد انی باشوور تێیدا بەشدار بوون و نوێنەرانی ئەوان «میرحاج ئەحمەد» لە لایەن حیزبی هیوا وە لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمەڵەی ژ - ک ئامادە بووە.

لە مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٩٤٣ دا، کۆبوونەوەیەک وەک کۆنگرەی کۆمەڵە پێکهات. لەم کۆنگرەیەدا کە لە شاخی خوداپەرەست بە ئەنجام گەیشت، نزیکەی سەد کەس بەشداربوون؛ بڕیار درا کە کۆمەڵە بیروڕای خۆی لە گۆڤارێکدا بڵاو کاتەوە. لەبەر ئەوەی کۆمەڵە ئەگەرچی ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستی و نیشتمانپەروەر بوو و دەبوا لەگەڵ توێژەکانی خەڵکی بێت، بەڵام لەبەر نهێنی بوونی، کەمتر بەوە دەگەی. ئەوە بوو کە دەست کرا بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری نیشتمان. لە ماوەی چەند ساڵدا، بە بڵاو بوونەوەی بیر و ڕاکانی کۆمەڵە لە ناو چین و توێژەکانی جەماوەری خەڵکی کوردستان، هیوا بە داهاتوو هێزی گرت. زانیاریی سەبارەت بە بار و دۆخ پێشکەوت و ژ-ک تا ڕادەیەک بوو بە هێزێکی سیاسی.

بەڵام گۆڕانکارییەکان یەکجار زۆر بوون. دنیا گۆڕدرابوو، هەروا کوردستان. شۆڕشی گەلانی دونیا دژ بە فاشیزم و دیکتاتۆری پەرەی سەندبوو. وڵاتی ئێران ئەزموونی گۆڕانی بەسەر دەهات و لە لایەکی دیکەوە لەو بار و دۆخە گرینگەدا کۆمەڵە نەیدەتوانی چالاکییەکان بە ڕێکوپێکی بەرەو پێش بەرێ. پێویستی بە ڕێکخراوێ نوێ، یەکگرتوو، خاوەن پیلان بوو بۆ بەرەو پێش ڕۆشتن. بەڕێوبەرانی کۆمەڵە لەوە ئاگادار بوون، بۆیە هەوڵێکی نوێیان دا بۆ بنیاتنانی حیزبێک. لە ڕێکەوتی ٢٥ی گەلاوێژ ی ساڵی١٩٤٥ لە شاری مەهاباد دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاگەیێندرا. ئەگەرچی ئەو حیزبە نوێیە لە ئەزموونەکانی کۆمەڵە سوودی وەر دەگرت، بەڵام لە پیلان و چالاکییەکانیاندا بە تەواوی جیاواز بوون

بەرگی دووهەمی کتێبی "احزاب سیاسی و انجمن‌های سری در کرمانشاه" لە نووسینی کاک محەممەد عەلی سوڵتانی دەرچوو.

لە دووتـوێی ئەم کتێـبەدا مێژووییەکـی زۆری ڕێکخـراوە و حیـزبە کوردیەکـان دەبینـرێتەوە کە وەک خـۆی دەڵـێ "لە بیرکراوخانە"کانەوە دەرکەوتوون و ئەویش ساغی کردوونەتەوە و کراون بەو کتێبانە. ئەوەی کە زۆرتر سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، ئەو بەشەی بوو کە باسی کۆمەڵەی ژ.ک. دەکا. پێشتر لەوە دەچوو زۆر نەگونجاو باهاتبـایەتە بەر گوێ کە کۆمەڵەی ژک تەنـانەت تـاکوو لورستانیش ئەندام و شـاخە و بـنکەی هەبـووە. زیـاتر لەمەش ئەنـدامێکی کۆمەڵەی ژ - ک. دواتر لە کرماشانەوە دێت و دەگاتە مەهاباد و لەوێ لە کۆمارە ساواکەی کوردستاندا دەبێ بە وەزیری فەرهەنگ.

ئەمەش هۆکاری وەرگێڕانی بەشێک بوو لەو کتێبە کە لە خوارەوە سەرنجتان بۆ خوێندەوەی ڕادەکێشم.

## پێشینەی حیزبی ژ- ک.

پـێش لە سـەرهەڵدانی ڕێکخـراوە خودموختـاری خوازەکـان، خانەکـانی کـورد و پاشـانیش شۆڕشـە عەشیرەتییەکانی کـورد و سـەرەڕای گەردەنکەشـی خانەکـان، بنەمـایەک بـوو بـۆ هەسـتی نەتەوایەتـی کوردەکـانیش بـووە. بەڵام جـوڵانەوە پێشکەوتووخوازەکان لەگەڵ شۆڕشە میللیەکـانی کوردەکـانی عێراق و پێکهـاتنی فیرقەی دیمـوکراتێکی کوردستان لە عێراقدا دەستی پێ کرد. لەبەر ئەوە کوردەکانی ئێران لە وڵاتی باب و باپیرانیاندا هەستیان بە کێشەیەک نەدەکرد و بە یەکێک لە چوار ئەیاڵەتی گرینگی ئێران دەژمێردران. شانەکانی حیزبی هیوا لە عێراق لە دەورانی ڕەزاخاندا لە ئێرانیشدا بە دزییەوە پێـک هـاتبوون. دوای شەهریوەری سـاڵی ١٣٢٠ بەرە بەرە ئەو شـانە نەهێنیـانە لێـک نزیکتـر بـوونەوە و لە ١٣٢١دا بـوو بە "کۆمەڵە". پێش لە کۆمەڵە، حیزبی ژ.ک. (کۆمەڵەی ژیـانەوە کورد) پێـک هـاتبوو و بە بە جۆرێکیتر "کۆمەڵە" هەمـان ژ - ک. ە.

کۆمەڵە کە ڕێکخراوێکـی نەتەوەیـی پێشکەوتوو بـوو. لە سـاڵی ١٣٢٣دا بـوو بە حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان و تێکۆشـانی ئاشکرای خۆی دەست پێکرد. ئورگـانی ئەو حیـزبە ڕۆژنـامە کوردسـتان و چەنـد گۆڤـار و بڵاوکراوەی دیکە بـوو کە لە لایەن حیـزبەوە چـاپ و بـڵاو دەکرایەوە، لەوانە گۆڤارەکـانی ئـاوات و نیشـتمان کە ئەنـدامانی کـارای ئەوان داهێنەرانـی حیزبـی "ئارەزوی وەتەن"، دیموکرات، قـازی محەممەد و زەبیحی و بلوریان، ئەیوبی، سوڵتانیان و هیتر بوون.

براکەی قـازی محەممەد، بە نـاوی سەدر قـازی لە دەورەی ١٤دا نوێنەری مەهابـاد بـوو لە مەجلسی شۆرای میللی دا. هێنـدێک دەڵێن لە ساڵی ٢٨ ـ ١٣٢٨ حێزبی ئازادی کە عەزیز زەندی پێکی هێنابوو، دواتـر بـووە بە کۆمەڵە و دوور نیە کە کۆمەڵە لە کۆی حیزبی ئازادی و ژ - ک پێکهاتبێ.

## حیزبی ژ - ک لە کرماشان

لە بارودۆخی سیاسی دوای شەهریوەری ساڵی ١٣٢٠ و گۆڕانکاری بیریی و کۆمەڵایەتی و بەربڵاو بوونەوەی تێکۆشانەکانی حیزبی، و هەروەها هاوکاری بێ ئەملا و ئەولای حیزبە سیاسیەکانی چەپ لەگەڵ دەوڵەتی ئەوکات و بەشداری وەزیرەکان لە کابینەدا، بنکەکانی حیزبی ژک لە کوردستانەوە گەیشتە کرماشان، کەڵهوڕ و پشتکۆ و تەنانەت تا لوڕستانیشی گرتەوە و تێکۆشانەکانی پەرە پێ دەدا، میرزا عەبدوڵا مودبر ناسراو بە ئاغا گەورە کە یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانی لنین و مائۆ تسەتنگ بوو لەگەڵ ئەوان زۆرجار کۆبوونەوەی هەبوو. هەروەها لەگەڵ ئەبولقاسم لاهوتی دۆستایەتی هەبووە، ئەو بوو بە بەرپرسی شاخەکانی سنە، کرماشان و کەڵهوڕ و لوڕستان. شاخەی کرماشان لە لایەن چەند کەسی خاوەن پێنووس و سیاسیەوە بەڕێوە دەچوو، نەمر میرزا ئیبراهیم خانی نادری، لە رووخسارە ناسراو و زاناکان لە زانست و سیاسەتدا بوو، بەرپرسی کۆمەڵەی ژک (لکی) "لورستان و کرماشان و پشتکۆ و کلهوڕ" لە ئەستۆ بوو تێکۆشانی هەبوو و ئوستانی نەمر سەید محەممەد تاهیر هاشمی بەرپرسی حەوزەی کرماشان و نیابەت بەرپرسی کۆمەڵەی ژ - ک (لکی) بوو کە یەکێک لە قازییەکانی دادگوستەری بەشی کرماشانیشی لە ئەستۆ بوو. رەشید باجەلان لە وەکیلە پایە یەکەکانی دادگوستەری بوو.

ئیبراهیم نادری یان بە قسەی پلەبەرزانی کوردستان، مەهاباد ناوی میرزا ئیبراهیم خانە کوڕی نەمر فەیزوڵا نادرییە کە لە ساڵی ١٢٩٠ی هەتاویدا لەدایک بووە، باوک، دایک و هەموو خزمەکانی هەموو خەڵکی کرماشانن و لە کوردە فەیلیەکانن. ئەوەی کە لە بیرەوەری و بەسەرهاتەکانی هاوڕێیانی میرزا ئیبراهیم خاندا دەردەکەوێ، ئەگەر چاوپۆشی لە هۆنراوە و بواری ئەدەبی ئەبولقاسم لاهوتی بەکەین، لە تێکۆشان و پێشگەیشتن و خوێندن و دانبەخۆگرتندا دەبێ هاوتەریبی ئەوی بزانین.

ئیبراهیم نادری خوێندنی خۆی لە کرماشان و بەغداد و بەشێکیشی لە ئوروپادا تێپەڕاندبوو، لە بواری مافدا خوێندنەکەی تەواو کردبوو، ئەندامی لژیونی زانکۆی فەرانسە و ماوەیەکی کورتیش لە زانکۆی ئەفسەریی ئەو کاتی تاراندا وانەی وتنەوەی کۆرسی مێژووی وتبووەوە. لە گەڕانەوەیدا بۆ کرماشان بە داوای دایک و باوکی چونکە یەکەم کوڕیان بوو، مەجبوور بە مانەوە بوو. دواتر بوو بە خاوەنی کچێک. لەبەر ئەوەی کە لە بواری فەننیدا زانیاری هەبوو لە کرماشانیشدا شوێنێکی وەها کە ئەو کاری لێ بکا دەست نەدەکەوت، بۆ دەرباز کردنی رۆژەکانی تەعمیرگەیەکی فەنی و ئەلەکترونیکی کردەوە، زۆری نەخایاند شەڕی دووهەمی جیهانی دەستی پێ کرد و باردۆخەکە بۆ هەموو کەس گۆڕا و رێکخراوە سیاسیەکان دەستیان بە تێکۆشانی خۆیان کرد. نادریش ژیان و ماڵ و دایک و باوک و خزمەکانی بەجێ هێشت. دوای ساڵەکانی ٢٢ - ٢١ی هەتاوی لە سەفەرەکانی بۆ دەرەوە و ناوخۆ، وای لێ کردبوو کە بێجگە لە زمانی دایکی خۆی کە کوردی بوو، بە هەموو زاراوەکانیەوە فێر ببوو. بەڵگە و پێناسەی زۆری کوردی و ناسنامە و بەرگەی هاتووچۆی زۆری هەبوو. لە قسەکردندا دەستێکی باڵای هەبوو، زمانی عەرەبی و فەرانسەیی و ئینگلیزی بە باشی دەزانی و نەمر ئوستاد سەید تاهیر هاشمی بەسەرهاتی زۆری لەسەر زانابوون و تێگەیشتووی ئیبراهیم نادری هەبوو.

کە کۆماری کوردستان لە مەهاباد ڕاگەیەندرا قازی محەممەد لەگەڵ میرزا عەبدوڵا مدبر، چوون بۆ مەهاباد، دوای گەیشتنەکەیان لەبەر ئەوەی هەموو پایەبەرزانی حکومەتی کۆماری کوردستان بێجگە لە پلە و پایەی ئیداری و کیشوەری خۆیان، پەلەی نیزامی و لەشکەریشیان هەبوو. ئیبراهیم نادرییش کە لە هەردووک لایەنەوە بۆ ئەوەی دەبوو پلەوپایەی هەبێ، هەم زانیاری نیزامی تەواوی هەبوو هەم لە باری سیاسی و کیشوەرییەوە خاوەن بیروڕا بوو، هەر بۆیە لە لایەن قازی محەممەدەوە بە دەرەجەی سەرهەنگییەوە کرا بە بەرپرسی گشتی فەرهەنگی کوردستانی خودموختار و لە کاروبارەکانیدا بوو بە مەشارێکی نزیک بۆ پێشەوا. بیجگە لەمەش وتاری بۆ ڕۆژنامەی کوردستان ئورگانی حکومەتی ناوبراو، گەلاوێژ بە زمانی کوردی و کوهستان کە لە تاران بە زمانی فارسی دەردەچوو، دەنووسی: زەنجیرە وتاری سەلاحەدین ئەیوبی کە بە فارسی لە کوهستاندا و لە تاراندا چاپ کراوە، نووسینی ئەوە. لە تەرحی "لاوانی پێشڕەو"دا لە ریزی ئیسلاح تەڵەبەکاندا بوو لەگەڵ ئەنوەر دڵسۆز، مامۆستا ئەیوبیان، سدیق هەنجیری دەبیرەکان، ئەرنیشتمان، مەحموود مەحدود، عەزیز عەبدلعزیز و میرحاج و... هاوبیری و هاوکاریی نزیکیان هەبوو، بەتایبەتی لەگەڵ مەحموود مەحدود و ساڵەح ئەقلیدس هاوڕێیەتیەکی نزیکیان هەبوو. لە سەرتاوە ئەو پێشنیاری دەرکردنی گۆڤاری ژیان یان "ژیانەوە"ی دابوو بە دەسەڵاتدارەکان کە تێیدا سەرنەکەوت و دوای ماوەیەک بوو بە خاوەن ئیمتیزازی "دەنگ کوردی" کە دوایین ژمارەکەی ڕۆخانی کۆماری کوردستانی تێدا چاپ کراوە.


بە ڕۆخانی کۆماری کوردستان و پێشەوا ئەویش لەگەڵ سەید محەممەد ئەیوبیان وەزیری لەشساغی و نوێنەری قازی محەممەد و چەند کەسیتر لە کاربەدەستانی کۆمار گیران و خرانە بەندیخانە. دوای دادگایی کردن کە خۆی بەرگری لە خۆی دەکرد، بە دوو ساڵی بەندیخانە حوکم درا، دوای تەواو بوونی ماوەی بەندیخانەکەی و ئازاد بوونی، لەبەر ئەوە بەردەوام لە ژێر چاوەدێری مامورەکانی ئیتلاعاتی ڕیژیمی شادا بوو، ژیانی نەهێنی گرتە بەر و لە تەورێزدا بۆ ماوەی لە ماڵی سکرتێرەکەی کاری کارەکەیدا کە ژنێکی یەهودی بوو هاوسەرەکەشی یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانی ئەو بوو، ژیا تاکوو لە دەرفەتێکدا لە ساڵی ١٣٢٩ هەتاوی یان تۆزێک پیش لەوە لە وڵات دەرچوو بۆ سوریە. لە سوریە حەسەن زەعیم برازلی لە کەسایەتییەکانی پلەی یەکەمی سیاسیەکان و مەشاوری سەرۆک کۆماری سوریە بوو کە گوایە دواتریش بوو بە سەرۆک کۆماری، بە گەرمی وەریگرت و کردی بە ئەفسەری پلە باڵا لە هێزی ئاسمانی سوریەدا و ژیانێکی باشی بۆ پێک هێنابوو. دوای ماوەیەک کار کردن لە سوریە ژنی خواست و لە هاوسەرە سورییەکەی چەند منداڵی هەبوو کە دواتریش دەرجەی سەرلەشکری بەدەست هێنابوو، لە ساڵی ١٣٣٥ی هەتاویدا لە کارەساتێکی ئاسمانیدا گیانی لەدەست دا و لە دیمشق بە خاک سپێردرا. (لەسەر بەربوونەوەی فڕۆکەکەی دەنگۆی ئەوە بوو کە گوایە لەگەڵ هابیرەکانی لە سوریەدا بە تەما بووە کۆدتای نیزامی بکا کە بە هۆی گەڵاڵەی مامۆرە ئیتلاعاتییەکان، دەستکاری فڕۆکەکە دەکەن و بەردەبنەوە. هێندیکیش ئەم ڕووداوە بە ڕووداوێکی سروشتی و کۆسپی فەنی دادەنێن؟!)

٢٤ی جوونی ٢٠١٣

## شێوازی جلو بەرگی ئەندامانی كۆمەڵەی ژ- ك

### نوسینی سۆران یاهو

زۆر كەس چ لە شاری مەهاباد و چ لە دەورو بەری مەهاباد بۆیان پرسیار بوو كە بۆچی مامۆستا عەبویدوڵڵا ئەیوبیان بەو شێوەی كە لە وێنەدا دەیبینن جلو بەرگی كوردی بەكار دەهێنا؟؟ فەرموو لەو نوسینەی دا وڵامی ئەو پرسیارەی ئێوە دەدەمەوە..



بیرو باوەری ئەو سەردەمی ئەندامانی كۆماری كوردستان و كۆمەڵەی ژ - ك زۆر پێشكەوتوو بوو... ئەوەی ئەوان بیریان لێ دەكردەوە لەوانەیە ئێستەكەش خەڵك پەی نەگێشتبن... وەك نمونە سەبارەت بە مافی ژنان لەو سەردەمەی كۆمار دەبێت بڵێم ژن مافی تەواوی هەبوو لە بەشداری كردن لە كۆمەڵگا دا...

لە ساڵی ١٩٤٥ كە یەكەم كۆنگرەی نێوان ئەندامە سەرەكێكانی كۆمەڵەی ژ - ك پێک هات ئەو ئەندامانە لە نێوان خۆیان پەیمانیان دانە كە شێوازی جلو بەرگی تایبەتیان هەبێت بۆخۆیان... مامۆستا عوبەیدوڵڵا ئەیوبیان دەیفەرموو كە ئەندامانی كۆمەڵەی ژ - ك لە ساڵی ١٩٤٥ ئەوەندە پێشكەوتوو مودێرن بوون كە عەقلی بەشەری ئەمرۆكەش نەیتوانی بزانێت ئەوان بۆچی دەگەڵ جلو بەرگی كوردی كراوات بەكار دێنن و دەگەڵ كۆتو شەڵوار پێچو كڵاو لەسەر دەنێن...

بە فەرمودەی مامۆستا ئەیوبیان هۆی ئەو شێواز بەكار هێنانەی جلو بەرگ ئەوە بووە كە ئەندامانی كۆمەڵەی ژ - ك تەنیا بیریان لە ناوخۆی شاری مەهاباد و كوردستان نەدەكردەووەو چاوی لە هەموو جیهان بوو... ئەوان بە بەكار هێنانی كراوات لەسەر جلو بەرگی كوردی دەیانویست بە جیهان نیشان بدەن كە ئێمەی كورد میللەتێكی پێشكەوتوین و جلو بەرگی كۆت و

شڵواریان لەبەر دەکرد لەبەر ئیحترام دانان بۆ فارس زمانەکان و باقی نەتەوەکانی جیهان و هاوکات پێچ و کڵاوی کوردیان لەسەر دەنا هەتا میللەتی خۆشیان لەیاد نەکەن دەگەڵ ئەو جلو بەرگەی... هەر بۆیەش مامۆستا عوبەیدوڵڵای ئەیوبیان هەتا لە ژیان مابوو هەر کاتێک جلو بەرگی کوردی لەبەر دەکرد کراواتیشی دەگەڵ بەکار دەهێنا...

باڵەکایەتی فەیس بووک - ڕێکەوتی: ٩ی جانێویری ٢٠١٤

----------------------------------------------- -----

## کۆمەڵەی "ژ - ک" ناسنامەی کۆمار و دێمۆکراتە



**ئەرسەلان یارئەحمەدی**

کۆماری کوردستان کەساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی و لەسەر دەستی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دامەزرا، یەکێک لەپیرۆزی و سەرکەوتنە نەتەوەییەکانی کورد بە ئەژمار دێت کە زۆربەی هێما نەتەوەییەکانی ئێستای کورد وەکوو ئاڵای کوردستان، سروودی نەتەوەیی و ناوی پێشمەرگە یادگاری ئەو کۆمارە ساوایەیە.

لەماوەی ساڵانی رابردوودا کەسانێکی دیاریکراو و کە رادەیان لە قامکەکانی دەست تێناپەڕێت و سەر بەلایەنێکی "قەدیم ٤ پارچە خواز"! بوون، بەردەوام هەوڵیان داوە کە کۆماری کوردستان و حیزبی دێمۆکرات لێک جیا بکەنەوە و حیزبی دیمۆکرات بەوە تاوانبار بکەن کە لەرێبازی پێشەوای نەمرو کۆماری کوردستان لای داوە.

ئەو کەسانە کە گوایە چوار پارچەی بیر دەکەنەوە بێ خەبەرن لەوەی کە هێشتاش بازنەی تەسکی بیریان ناوچەکەی خۆیان و تەنانەت هێندێک جاریش گەڕەکەکەیان تێناپەڕێنێت.

کاتێک هەوڵەکانی ئەو تاقمە کە دەیانهەویست کەلێنێک دروست بکەن و کۆمار کە بەڵگە نەویستە لەسەر دەستی حیزبی دیمۆکرات دامەزراوە لە حیزبەکەی جیا بکەنەوە و نەیانتوانی، ئێستا باس لەوە دەکەن کە گوایە حیزبی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان لەرێبازی کۆمەڵەی "ژ - ک" لای داوە!

ئەمجۆرە بادانەوەش کە لەپریکدا لەلایەنگری کۆمارەوە ببیتە دژی و بڵێی لە کۆمەڵەی " ژ - ک " لای داوە تەنیا لە ئەوانەی دەوەشێتەوە کە لە کوردستانی چوارپارچەوە بایان داوەتەوە بۆ کانتۆنێستان و دابەشکردنی نەتەوەی کورد بۆ چەندین گەل و نەتەوەی جیاواز لەیەکتر!

کۆمەڵەی " ژ - ک " لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٠ و لەسەر دەستی کۆمەڵێک و کەسایەتی ئایینی لەشاری مەهاباد و بەمەبەستی دوور کەوتنەوە لە رێبەری تاکەکەسی کە هەتا ئەو کات تایبەتمەندی لاواز و دیاری بزووتنەوەکانی کوردی بوو، پێک هات.

کەسانێک دەڵێن ئەو کەسانە کە دامەزرێنەری کۆمەڵەکە بوون کەسانی رۆشنبیری مەهاباد بوون. بەڵام من پێم وایە ئەو کەسانە زیاتر ئایینی بوون، چونکوو لەو سەردەمەدا تەنیا کەسانێک توانای خوێندن و نوسینیان هەبووە کە لەحوجرە و مزگەوتەکاندا فێری نوسین و خوێندن بوون و بەبڕوای من ناکرێ ناوی رۆشنبیریان لێ بنێن کە لەخوارەوە باشتر روونی دەکەینەوە.

دواتر و لەرێکەوتی ٢٣ی بانەمەڕی ١٣٢٢ نزیک ٢٠٠ کەس لەئەندامانی کۆمەلەی " ژ - ک " لەشوێنێک بەناوی " کێوی خواپەرەست" کۆ بوونەوە کە وەکوو کۆنگرەیەک وابوو و بەمەبەستی پەل هاویشتن بۆ ناوچەکانی دیکە بەرنامە و پێڕەوێکیان بۆ خۆیان دانا و دەستیان کرد بە ئەندام گیری لەمەهاباد و دەورووبەری.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا رەمزێکیان بۆ ناسینەوەی یەکتر دانا کە خۆی سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەو کەسانە زیاتر کەسانێکی ئایینی بوون. ئەویش ئەوە بوو کە لەکاتی خۆناساندن بەیەکتر " ئەنگوستیلەکەیان بسوورێنن" و بڵێن " خودا پەرەستی شتێکی باشە". ئەمەش بە دوو مەبەست بوو؛ یەکیان وەبیر هێنانەوەی بەڵێنەکانی کێوی خواپەرەست و ئەوی دیکەشیان پێبەندبوونیان بە ئایین و خواپەرەستی.

هەروەها لە گۆڤاری نیشتمان زمانحاڵی کۆمەڵەی " ژ - ک " چوار خاڵیان وەکوو بنەماکانی کۆمەڵەکە هێناوە کە بریتییە لە:

١- ئیسلامیەت

٢- نەتەوایەتی

٣- عداڵەت

٤ - ئاشتی

ئەمەش کە لەیەکم خاڵ باسیان لە ئیسلام کردووە دەتوانێ بەڵگەیەکی دیکە بێ بۆ ئەو باسەی کە لەسەرەوە ئاماژەم پێداوە.

دوای ئەوەی ئەندامانی کۆمەڵەی "ژ - ک" بریار دەدەن کە داوا لە پێشەوا قازی محەممەد وەکوو کەسایەتییەکی ناسراوی شاری مەهاباد بکەن کە ببێتە ئەندامی کۆمەڵەکە و دوای وڵامی ئەرێنی پێشەوا بە دەنگی زۆرینەی ئەندامان وەکوو کەسی یەکەمی کۆمەڵەکە هەڵدەبژێردرێ.

دواتر پێشەوا قازی محەممەد بە هەڵسەنگاندنی دۆخی ناوچەکە و پێشبینی کردنی رووداوەکانی ئەو سەردەمە، ئەوەی بۆ دەرکەوت کە رێکخراوێکی وەها بەستراو و بەرتەسک ناتوانێ پەرە بستێنێت و بۆ پەیوەندی کردن بە حیزب و نەتەوەکانی دیکەی ئێران و هەروەها پەرەسەندن لە شارەکانی دیکەی کوردستان داوای کرد کە نێوی کۆمەڵەکەیان بگۆڕن بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و دواتر واژۆی بۆ کرایەوە و پەسەند کرا.



وێنەیەکی مێژوویی ئەندامانی کۆمەڵەی ژ . ک

بەرهەمی ئەم ئاڵوگۆڕەش وەک هەموومان دەزانین بوو بە کۆماری کوردستان کەهەتا ئێستاش وەکوو ئەستێرەیەکی پرشنگدار لەنێو مێژووی کورددا دەدرەوشێتەوە و پێویست بەوە ناکات زیاتری لەسەر بنووسم.

ئێستا كەسانێک دەڵێن كە ئەندامانی كۆمەڵەی "ژ - ك" لە رووی ناچارییەوە بوونەتە ئەندامی حیزبی دێمۆكرات و كۆمەڵەی "ژ - ك" یان هەڵوەشاندووەتەوە ! بەڵام ئاخۆ وایە؟

**پێویستە لێرەدا ئاماژە بە مەرجەكانی ئەندامگیری كۆمەڵەی "ژ- ك" بكەین كە بەشێوەی خوارەوەیە؛**

١- دوو ئەندام ناسێنەری بن،

٢- حەوت جار بە قورئان سوێند بخوات كە خەیانەت بە كورد و كوردستان نەكات،

٣- هەتا سەر ئەندامی كۆمەڵەی "ژ - ك" بمێنێتەوە،

٤- بەبێ ئیزنی "ژ - ك" نەبێتە ئەندامی هیچ رێكخراوێكی دیكە.

بە سەرەنجدان بەم خاڵانەی خوارەوە بە روونی بۆمان دەر دەكەوێت ئەو كەسانەی كە ئەو جۆرە بیركردنەوەیان بە نیسبەت حیزبی دێمۆكرات و كۆمەڵەی" ژ - ك" وە هەیە زانیارییەكی ئەوتۆیان لەسەر مێژوی حیزبی دێمۆكرات و كۆمەلەی "ژ - ك " نییە و تەنیا بەمەبەستی دژایەتی كردنی حیزبی دێمۆكرات و بیرتەسكی خۆیان تووشی ئەو جۆرە بیركردنەوانە بوون.

١- كۆكردنەوەی واژۆ و راپرسی هێمای ئاڵوگۆرە نەک هەڵوەشانەوە و پێكهێنانی حیزبێكی نوێ، ئەگەر وا بوایەت پێشەوا هیچ پێویستی بە كۆكردنەوەی واژۆ و راپرسی نەبوو و خۆی حیزبێكی دیكەی دادەنا.

٢- وەک پێشتر ئاماژەم پێداوە هەم پێشەوا و هەم باقی ئەندامانی كۆمەلەی "ژ - ك" كەسانێكی ئایینی بوون و لەكاتی بوونە ئەندامی لەو كۆمەڵەیەدا سوێندیان خواردبوو كە ئەلف) هەتا سەر ئەندامی كۆمەڵەی "ژ - ك" بمێننەوە، ب) بەبێ ئیزنی "ژ - ك" نەبنە ئەندامی هیچ رێكخراوێكی دیكە. كەوابوو هیچ ئاسایی نییە ئەو كەسانە دوو خاڵ لەو خاڵانەی كە پێشتر سوێندیان پێ خوارد لەو ماوە كەمەدا لەبیر بكەن و ببنە ئەندامی بەقەولی هاورێیان حیزبێكی دیكە!


٣- بە هەڵكەوت نییە كە راست ٢٥ی گەلاوێژیان وەكوو رۆژی دامەزراندنی حیزبی دێمۆكرات هەڵبژاردووە كە ساڵرۆژی دامەزراندنی كۆمەڵەی "ژ - ك"یش بووە.

٤- خاڵێكی دیكە كە زۆر گیرنگە ئەوەیە كە هەموو ئەندامانی رێبەری كۆمەڵەی "ژ - ك" چوونەتە نێو حیزبی دێمۆكرات و بوونەتە ئەندامی رێبەرایەتی ئەو حیزبە.

كەوابوو، بەپێی ئەو خاڵانەوی كە ئاماژەم پێداوە، وەک چۆن جیاكردنەوەی حیزبی دێمۆكرات و كۆماری كوردستان ئاو لە هاون كوتانە، ئەو هەوڵانەش كە ئێستا بەشێكی دیكە لەمێژووی حیزبی دێمۆكراتیان كردوەتە ئامانج دەبنە بڵقی سەر ئاو و لەكۆتاییدا ئەوە حیزبی دێمۆكرات و مێژووە خاوێنەكەیەتی كە براوە دەبن و "ژ - ك" و كۆماریش وەک ناسنامەی هەمیشەیی دێمۆكرات دەمێننەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵۆی كوردستان - رێكەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠١٥

# دامەزراندنی كۆمەڵەی ژێ - كاف




## دامەزراندنی كۆمەڵەی ژیانەوەی كورد

ئا. سۆران ب


### ژێكاف چۆن دامەزرا؟

دوای رووخانی حكوومەتی ناوەندی ئێران لە ساڵی ١٩٤١، داموودەزگاكانی دەوڵەتی ناوەندی لە رۆژهەڵاتی كوردستان تێكەوە پێچرا، بەتایبەت لە شارەكانی سەرووی كوردستان. سەرجەم ئەرتەشی و كاربەدەستانی رەزا شا بە هاتنی لەشكری هاوپەیمانان بە جارێك لە سەر كار لادران و چەك و چۆڵەكانیان كەوتە دەستی خەڵك.

لە سەرەتادا كە لەشكری سوور هاتە كوردستان، خەڵك وایان بیر دەكردەوە كە رووسەكان وەكوو شەڕی یەكەمی جیهانی لە كوردستان كوشت و بڕ دەكەن. بۆیە ترس و دڵە راوكە كوردستانی تەنی بوو. بەڵام كە لەشكری سوور گەیشتە جێ بە پێچەوانەوە هەڵسووكەوتیان ئەوەندە باش بوو خەڵك زۆر زوو بیركردنەوەیان بەرانبەریان گۆڕا.

سۆڤییەتیەكان كە بە تەواوی دەسەڵاتی ناوەندیان كۆ كردەوە لە ئێران، ئیتر هەوڵیان دا نفووزی خۆیان لە كوردستان دا سەقامگیر بكەن. بۆیە بۆ ئەو مەبەستە لە ٢٥ی نۆڤەمبەری ١٩٤١ چەند سەرۆك عەشیرەت و پیاو ماقووڵیان بانگ كردە باكۆ.لە نێو ئەواندا قازی محەمەدبەرچاو دەكەوێ. ئەوانیش لەوێ چاویان بە پیشەسازی و ناوچە كشتووكاڵییەكانی سۆڤییەت كەوت. دواتر سۆڤییەتییەكان لە هەمبەر ئیمكانی پێكهێنانی هەرێمێكی كوردی كەوتنە گفتووگۆ لەگەڵ هەیئەتی

کوردەکان و بەڵێنیان دا کە بە هەموو تواناوە پشتیوانیان لێ بکەن.




نەمانی نیزامی ئیستبدادی و سەرەڕۆی رەزاخان وای کرد فەزایەکی ئاواڵەی سیاسی سەرانسەری ئێران و بە تایبەت کوردستان دابگرێ و ئازادی دێموکراتیکەکان بەرەبەرە هاتنە دی. خەڵک ئەو ترسەی جارانی نەمابوو لە حکوومەت، بۆیە بیرە سیاسی و نەتەوەییەکان بەرە بەرە پەرەی دەگرت.

بەر لەوەی رێکخراوی سیاسی لە ئێران سەر هەڵبدەن، رۆژهەڵاتی کوردستان بە هوی لەبار بوونی هۆکاری سیاسی پێشەنگی بنیاتنانی رێکخراوی سیاسی بوو. هەم وەزعی نێوخۆی ئێران و هەمیش ناسیۆنالیزمی پێگەشتووی کورد لە باشووری کوردستان و حیزبی هیوا، بووە هوی ئەوی رووناکبیرانی کوردی رۆژهەڵات بجووڵێنی.

حیزبی هیوا رۆڵێکی بەرچاوی لە رێنمایی کردنی رووناکبیرانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەت لە ناوچەی موکریان، بە هاندانیان بو پێکهینانی رێکخراوێکی نوێ و سەردەمیانە و گونجاو لەگەڵ گۆڕانەکاندا هەبوو.

ئەو رۆشنبیرە ناسیۆنالیستانەی کە ئەوکات کە لە شاری مەهاباد و دەوروبەری هەبوون، زیاتر لە چوارچێوەی حیزبی ئازادیخوازانی کوردستان کاریان دەکرد، کە عەزیزی زەندی سەرۆکی بوو. چالاکی ئەو حیزبە زیاتر ناوچەکانی موکریانی گرتبۆوە.

لەو سەروبەندە، واتە لە ٢٨ی ئاوریلی ١٩٤٢، لە ورمێ بە هۆی سیاسەتە سەرکوتکارییەکانی رژیمی تازە سەرکار هاتووی محەممەد رەزا شای پەهلەوی، هەڵایەک ساز بوو. لەو خۆپیشاندانە دا خەڵک توانیان شاری ورمێ گەمارۆ بدەن و حاکمی

شاری ورمێ هەڵات بۆ تەورێز. لە ٣٠ی ئاوریل دا سەرکۆنسوولی شۆڕەوی لە تەورێز دێتە ورمێ و لە پاش گفتووگۆ لە نێوان کوردەکان و کۆنسوڵی شورەوی، لە رۆژی ٧ی مانگی مەی هێزەکانی شۆڕەوی هاورێ لەگەڵ وەزیری بەرگری و حاکمی تازەی ئازەربایجانی رۆژئاوا هاتنەوە ناوشاری ورمێ.

ئەو رووداوانە زەمینەیەکی لە باریان رەخساند. رووناکبیرە کوردەکان کەوتنە مشتوومڕ لە سەر پێکهێنانی رێکخراوێکی نەتەوەیی. بیرکردنەوەی ئەوان بە تێروانین لە دۆخی ناوچەکە لەو ئاستە دابوو کە دەرک بە دامەزراندنی رێکخراوێک یان کۆمەڵەیەکی سیاسی - نەتەوەیی بکەن

هەر بۆیە رۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاوی(١٦ی ئووتی ١٩٤٢) رێکخراوێک بە ناوی کومەڵەی ژیانەوەی کورد لە مەهاباد پیک هات. ناوی کۆمەڵە بۆچوونی جیاوازی لەسەرە. هەندێک دەڵێن کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و هەندێک دەڵێن کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد. بەڵام بە پیشت بەستن بە گۆڤاری نیشتمان کە زمانحاڵی ژ - ک بووە، ناوی دروستی کۆمەڵەکە، کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد بووە.

لە مەڕ رۆژی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ - ک بیر و بۆچوونی جیاواز هەیە. عەبدولقادر دەباغی دەڵێ:

"ژ - ک لە مانگی سێپتەمبەری ١٩٤٢ بەرانبەر بە خەرمانانی ١٣٢١ی هەتاوی لە باغی خودا پەرەست لە شاری مەهاباد لە لایەن کاسب کاران و بازارییەکان و چەند کارمەندی شاری مەهاباد دامەزرا.

هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵە لە راپۆرتیک دا کە بۆ "مۆلۆتۆف" وەزیری دەرەوەی سۆڤییەتی ناردبوو، ساڵی دامەزراندنی حیزبی ئازادیخوازانی کوردستان کە مانگی ژوئیيەی ساڵی ١٩٣٨ی زایینی بوو، وەک رێکەوتی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ - ک بەکار هێناوە و نووسیویەتی:

"حیزبی ئیمە لە مانگی یونی ساڵی ١٩٣٨ دامەزرابوو،بەڵام بە هوی کونترۆلی توندی حکوومەتەوە چالاکی زۆر کەم بوو".

باوەڕ پێ کراوترین بەڵگە "گۆڤاری نیشتمان" زمانحاڵی کۆمەڵەی ژێکافە کە لە ژمارە ٢ی ساڵی یەکەم، خەزەڵوەری ١٩٤٣ دا سەبارەت بە رۆژی دامەزرانی ژ - ک نووسیویەتی:

"جێژنی سەری ساڵی کۆمەڵە، رۆژی ٢٥ی گەلاوێژ جێژنی سەری ساڵی کۆمەڵە بە شکۆ و خۆشێکی زۆرەوە گیرا.... "

لەو ڕۆژە دا چەند کەسێکی کورد پەروەر و دڵسۆز سەر بە چینی نێونجی نێوشار و کاسب کار و دووکاندار و شاعیر و نووسەر و چەند کەسی دیکەی دەرەوەی مەهاباد، لە باخێکدا کۆبوونەوە. دوای مشتوومڕێکی زور لە سەر ناو و ئامانجی ڕێکخراوەکە، بڕیاری دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسی و تەواو نەتەوەیی بە ناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردیان دا.

ئەم کۆمەڵەیە ڕێکخراویکی تەواو نهێنی بوو. هەر لە سەرەتاوە کوردەکانی باشووری کوردستان کە پێشتر هاتبوون لقێکی حیزبی هیوا لە مەهاباد دا مەزرێنن، وەک نوێنەری حیزبی هیوا لە ڕۆژی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ - ک بەشدار بوون کە میرحاج ئەحمەد و مستەفا خۆشناو بوو.

لەسەر ناوی دامەزرێنەرانی ژ - ک بۆچوونی جیاواز هەیە. بۆ نموونە کریس کۆچێرا دەڵێ: "دامەزرێنەرانی ژ - ک ئەم چەند کەسە بوون:



١- عەبدولرەحمان زەبیحی

٢- محەممەد زەبیحی

٣- محەمەد یاهوو

٤- قاسم قادری

٥- ئەحمەد علمی

٦- قادری مودەررەسی

٧- حوسێن فرووهەر

٨- عەزیز زەندی."

سەید محەممەد سەمەدی ناوی ئەو کەسانەی وەک دامەزرێنەرانی ژ - ک هێناوە:



١- عەبدولرەحمان زەبیحی

٢- محەممەد نانەوازادە

٣- حوسێن فرووهەر

٤- عەبدولرەحمان ئیمامی ئەقدەم

٥- قاسم قادری

٦- مەلا عەبدوڵلا داودی

٧- محەممەد یاهوو

٨- قادر مودەررەسی

٩- سەدیق حەیدەر فاروقی

١٠- عەبدولرەحمان كیانی

١١- محەممەد شاپەسەندی

١٢- محەممەد ئەسحابی

١٣- نەجمەدین توحیدی

١٤- حامید مازووچی

١٥- عەلی مەحموودی

١٦- محەممەد سەلیمی

هەروەها میرحاج ئەحمەد و مستەفا خۆشناو وەك نوێنەری حیزبی هیوا لەوێدا بەشدار بوون."

لە نێو دامەزرێنەرانی ژێكاف دا ئەو یازدە كەسە ناویان هاوبەشە لە زۆربەی بەڵگە نامەكاندا كە بریتین لە:



١- عەبدولرەحمان زەبیحی

٢- حوسێن فرووهەر

٣- عەبدولرەحمان ئیمامی

٤- قادر مودەررەسی

٥- نەجمەدین توحیدی

٦- محەممەد نانەوازادە

٧- عەلی مەحموودی

٨- محەممەدئەسحابی

٩- عەبدولرەحمان كیانی

١٠- سەدیق حەیدەری

١١- قاسم قادری.

ژێ - كاف عەبدولرەحمان زەبیحی وەك سكرتێری كۆمەڵە دیاری كرد. هەروەها ئارمێكیان بۆ كۆمەڵە دیاری كرد كە پێكهاتبوو لە وێنەی خۆرێكی زەرد. لە ناوەندی خۆرەكە دا دوپیتی ژ و ك بە لاتینی (j-k) نووسرابوو. ئەو ئارمەش لە ناوەندی ئاڵایەكی سێ رەنگ كە سوور و سپی و سەوزبوو، دانرابوو.

بەم شێوەیە بنەماکانی کۆمەڵەی ژ - ک لە نێو خەڵکی دا جێی خوی کردەوە و جێگیر بوو. بەرەبەرە خەباتی کۆمەڵە لە قالبە نهێنییە ژێرزەمینییەکەی هاتە دەرێ و لە نێو خەڵک دا بە ئاشکرا باسی لێ دەکرا. هەر ئەوەش وای کرد کە بەشیکی زۆر لە سەرۆک عەشیرەتەکان و سەروک هوزەکان بە مەبەستی ئەوەی لە کاروانی خەباتی رزگاری خوازی دوانەکەون، هاتنە پاڵ کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد.

**پەیرەو و پرۆگرام و ئامانجی ژێ - کاف چی بوو؟**

ئەو ئایدۆلۆژییەی کە سەرانی کۆمەڵە بناغەی کۆمەڵەیان لە سەر دامەزراند، لە بەندێکی مەرام نامەی کۆمەڵەش دەردەکەوێ، کە دەڵێ:

"کۆمەڵەی ژ - ک لەسەر چوار کۆڵەکەی ئیسلامەتی، کوردایەتی، مەدەنییەت، سوڵح و ئاشتی دانراوە و هەموو یاسا و رێسایەکی لە پێشدا لەگەڵ شەرعی ئیسلام هاوتا دەکرێ دواتر دەخرێتە کارەوە".

هەر لە بەندی دووەمی مەرام نامەکە دا دەڵێ:

"بە هۆی موتەدەیین بوونی بەشی هەرە زۆری نەتەوەی کورد بە دینی ئیسلام، کۆمەڵە لە کوردستان تەنها دینی ئیسلام بە رەسمی دەناسێ."

هەرکەس کە دەبوو بە ئەندام لە کۆمەڵەکە دا دەبوایە بە شاهیدی سێ کەس لە ژێر قورئان دا سوێند بخوا کە لەو شەش خاڵە لانادات:

١- خەیانەت بە نەتەوەی کورد نەکات.
٢- تێ بکۆشێ بۆ خودموختاری کورد.
٣- هیچ رازێکی کۆمەڵە نە بە زمان، نە بە قەڵەم، نە بە ئیشارە ئاشکرا نەکا.
٤- هەتا کۆتایی تەمەنی ئەندامی کۆمەڵە بمێنێ.
٥- تەواوی پیاوان و ژنانی کورد بە خوشک و برای خۆی بزانێ.
٦- بە بێ ئیزنی کۆمەڵە نەبێتە ئەندام لە هیچ رێکخراوێکی دیکە دا.

بنەمای بوون بە ئەندام لە کۆمەڵەدا کورد بوون بوو. هەر بۆیە کوردی شیعە، عەلیوڵلاهی، کوردی ئاشووری و مەسیحیش

دەیانتوانی بێنە ناو کۆمەڵەکەوە. واتە هەرکەس رەگەز وبنەچەی گەڕاباوە سەر کورد بە ئەندام وەردەگیرا. بەلام قەرە پەپاغەکانی ئەغدە سەرەڕای ئەوەی بە کوردی قسەیان دەکرد و جلی کوردیان دەپۆشی، کەچی بەهۆی بنەچەی رەگەزیانەوە نەیاندەتوانی ببنە ئەندامی کۆمەڵە.

شێوەی رێکخستنی ژێ - کاف سەرەتا لەسەر پایەی شانە، ئیدارەی ناوچەی( مەحەللی) و ئیدارەی ناوەندی، کۆڕی باڵای راوێژی هەیئەتی ناوەندی و کۆنفرانسی ناوەندی دامەزرابوو. هەروەها هەرکامیان بەرپرس و سکرتێر( مونشی) و لێپرسراوی لێژنەی راوێژ و لیپرسراوی ئابووریان هەبوو.

ژێ - کاف بۆ هێنانە بەرهەمی کوردستانی گەورە و سەربەخۆ خەباتی دەکرد. کۆمەڵەی ژێ - کاف دابیین کردنی سەربەخۆیی بە ئەرکی خۆی دەزانی و هەوڵیشی دەدا هەموو کوردەکان لە باکوور و باشوور و رۆژئاوا یەکگرتوو بکات و کێشەی سەربەخۆیی کوردیش بخاتە بەر دەستی هاوپەیمانان (سۆڤییەت و ئینگلیز و ئەمریکا).

لەو پیوەندییە دا کۆمەڵەی ژێ - کاف لە یەکەم ژمارەی گۆڤاری نیشتماندا ئامانجی سەرەکی خۆی بڵاو کردەوە کە بەم شێوەی خوارەوەیە:

**"ئامانجی ئێمە**

ئەی برای کوردی خۆشەویست...

کۆمەڵەی ژیکاف بە پێچەوانەی هەموو بەرهەڵست و بەرتەنگ و چەڵەمەیەک، وەک بێگانە پەرەستی و دووبەرەکی خۆبەخۆ کە لەرێگەی پێشکەوتن و سەرکەوتنی کورد دایە، بە هەموو هێز و توانای خۆی تێدەکۆشێ تا زنجیر و کەڵەوەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستۆی کورد داماڵێ ولەم کوردستانە لەت لەت کراوەی ئێستا کوردستانی گەورە و رێک و پێک بێنێتە بەرهەم کە هەموو کوردێک بە سەربەستی تێدا بژی."

ژێ - کاف لە وەدیهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ دا بڕوای بە خەباتی چەکداری و کلاسیکی و پارتیزانی نەبوو. پێیان وابوو کە بەو چەک و چۆڵەی کە لە ئیختیاریان دایە، ناتوانن بەرەنگاری تۆپ و تانگ و فڕۆکە و بیرو هزری بێ بەزەییانەی دوژمنی پێ بکەن. بڕوایان وابوو کە ئەو شێوە خەباتە رەنگە ئەوەندەی دیکە زەربە لە کورد بدات و ئەوەندەی دیکە کوردستان کاول کاری تێدا بکرێ.

کۆمەڵە لەو بڕوایە دابوو کە بۆ گەیشتن بە سەربەستی تەنها چارەی ئەوەیە بە شەقامی شارستانییەت دا بڕوا. لە ڕێگەی وەگەڕخستنی فەزایەکی روشنبیری، کورد لە خەوی غەفڵەت وەخەبەر بهێنێ و وشیاری کاتەوە و بۆ سەربەخۆیی کوردستان قافڵەی کاروانی خەبات وەگەڕ بخات. لەو ڕێگەیەش دا ئەندامەکانی سوێند خواردە بوون.

دامەزراندی ژێ - کاف نوختە گۆڕانیکی گرینگ بوو لە مێژووی کورد دا. ژێ - کاف بە هۆی بەرنامەی نیشتمانی و ئامانجە سەربەخۆ خوازییەکانیەوە، بە خێرایی لە زۆربەی ناوچەکانی روژهەڵاتی کوردستان دا لق و پۆپی هاویشت. تا وای لی هات لە شارەکانی مەهاباد، میاندواو، بۆکان، نەغەدە، شنۆ و ورمێ بە تەواوی رەگی داکوتا.

## چالاکییە سیاسی و رووناکبیرییەکانی ژێ - کاف

کۆمەڵەی ژێ - کاف لە یەکەم هەنگاوی خۆیدا پەیوەندی لەگەڵ حیزبی هیوا لە باشووری کوردستان دا گرت. ئەم حیزبە کە ڕێکخراوێکی زۆر تۆکمەی پێک هینابوو، چەند نوێنەرێکیان لە رۆژی دامەزراندانی ژێ - کاف لە مەهاباد ئامادە بوون.

دوای دامەزراندنی ژێ - کاف بۆ پتەو کردنی پەیوەندی نێوان کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و حیزبی هیوا، کۆبوونەوەیەکیان لە بناری شاخی "دالانپەڕ" پێک هێنا. لەو کۆبوونەوەیە دا ڕێکەوتنێکیان مۆر کرد کە لە دوازدە خاڵ پێک هاتوو و بە ڕێکەوتن نامەی سێ سنوور ناوی دەرکرد. ئەو دوازدە خاڵە باسی لە کێشەکانی کورد و ئامانجی هەردووک ڕێکخراو و چۆنییەتی داوا کاری ئەو دوو ڕێکخراوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکرد. هەروەها چەند بەڵێنێکیان بە یەکتر دا لە هەمبەر هاوکاری و یارمەتی دانی دوولایەنە.

ئەو پەیمانە بە خالێکی پۆزێتیڤ دێتە ئەژمار، بەڵام بە هۆی کێشەی ناخۆیی حیزبی هیوا، کە بەشێکیان لایەنگریان لەوە دەکرد بۆ گەیشتن بە ئامانجەکیان دەبێ پشتگیری بریتانیا و قۆڵی وڵاتانی رۆژئاوا بە دەست بهێنن و بەشێکیان بە پێچەوانەوە داخوازی پشتگیری سۆڤیەت بوون، هەر بۆیە نەیانتوانی نێوەڕۆکی پەیمانی سێ سنوور لە نێوخۆیاندا جێبەجێ بکەن. بەهانەشیان ئەوە بوو کە ژێ - کاف لایەنگری سوڤیەتە.

کاتێک کە مەلا مستەفای بارزانی بە یارمەتی حیزبی هیوا دوای گەڕانەوەی لە سەماوە شۆڕشی بارزانی ڕێکخستەوە و ناوچەی بارزانی لە دەستی دوژمن پاک کردەوە، ژێ - کاف لەو کاتە ئەرکی نیشتمانی خۆی بە جێگەیاند و بە خەتی درشت لە گۆڤاری نیشتماندا نووسیبوویان:

"ئەو جەنگەی کە سەرۆکی گەورەی کورد مەلا مستەفا هەڵیگیرساندووە ئیختیلالی میللی کوردە."

بەو مەبەستەش كۆمەڵە لە نامەیەك دا دەستخۆشیان لە مەلا مستەفا كرد. هەروەها لەو نامەیە دا داوایان لە مەلامستەفا كرد كە سیاسەتی خویان بەرانبەر بە داگیر كەرانی عێراق (بریتانیا) و هەروەها سۆڤیەت روون بكاتەوە. تەنانەت داوایان لە بارزانی كردبوو كە داواكارییەكانیان بەرانبەر ئازادی كوردستان روونتر بكەن كە ئایا تەنها داوای سەربەخۆیی باشووری كوردستان دەكەن یان سەرجەم كوردستانی گەورەیان مەبەستە.

لەگەڵ ئەوەش دا نوێنەرانی چالاكی كۆمەڵە، دەستیان بە پەیوەندی گرتن لەگەڵ لێپرسراوانی سۆڤیەت بە تایبەت كۆنسوولی سۆڤیەت لە ورمێ و تەورێز كرد. عەبدولرەحمان زەبیحی لەگەڵ چەند كەسی دیكەی ئەندامی كۆمەڵە، لە میانەی چەند چاو پێ كەوتن و دانیشتنەكان دا رۆڵ و سەنگی كۆمەڵەیان بۆ ئەو لێپرسراوانە روون كردەوە.

زۆرجار ژێ - كاف لە گۆڤاری نیشتمان دا ئاماژەی بە دەسكەوتەكانی شۆرشی ئۆكتۆبری ١٩١٧ روسیا كردووە. لە رێگەی نووسینی یادداشت نامە و داوا كاریش بۆ حكوومەتی تاران بۆ بەدەست هێنانی ئیمتیازی نەوتی باكووری ئێران چەندین جار پشتیوانی لە سۆڤێت كردووە. ئەوەش تەنها بۆ مسۆگەركردنی پشتیوانی و راكێشانی مەیلی سۆڤیەت بۆ لای خۆیان بوو.

لە هەمان كات دا سۆڤیەت سیاسەتی روونیان بەرانبەر بە ژێ - كاف نەبوو. دەیانوت ژێ - كاف ئێمەی تەنیا تا كاتی رزگاری و سەربەخۆیی دەوێ. تەنانەت زۆر جار بە بەكرێ گیراوی ئینگلیزیان لە قەڵەم دەدان. دوایەش داوایان لێ كردن كەوا باشترە دەست لە ئامانجی سەربەخۆیی كوردستان هەڵگرن و هاودەنگ بن لەگەڵ حیزبە دێموكراتەكانی نێو ئێران.

هاوتەریب لەگەڵ ئەوە، پێدەچێ كە ئومێدیان بە رۆژئاواش هەبووبێ. بۆیە لە كۆشش دابوون لەگەڵ لێپرسراوانی ئینگلیزیش پەیوەندیان هەبێ. لە گۆڤاری نیشتمان دا بەو شێوەیە باس لە ئینگلیزەكان دەكەن:

"كورد ماوەیەكی زۆرە كە هەستی بە نەجابەت و مرۆڤ دوستی بریتانیا كردووە. ئەم حكوومەتە گەورەیە بە درێژایی مێژووی ئیمپراتۆری خۆی، هەمیشە پارێزگاری سەربەخۆیی و ئازادی نەتەوە بچووكەكانی گیتی كردووە. بۆیە دلنیاین كە بۆ ئیمەی كوردیش بە هەمان شێوە دەبێ".

لە ئاستی ناوخۆش دا كۆمەڵە پێشەنگی رەوتی نوێ بوو دژی نیزامی سوننەتی راوەستا. سەرەڕای ئەوەی كە ئاغا و دەرەبەگەكانیان بە رێگر لە بەردەم بووژانەوەی كوردستان دەزانی، بەڵام هەوڵی ئەوەشیان داوە كە بەشێك لە ئاغاو دەرەبەگەكان بۆ لای خۆیان رابكێشن. كۆمەڵێك لەو ئاغا و دەرەبەگانە و كەسانی ئایینی - نەتەوەیی هاتنە پاڵ كۆمەڵەوە. یەكێك لەو كەسایەتییە ئایینی - نەتەوەییانە قازی محەممەد بوو.

هاتنی قازی محەممەد لە ساڵی ١٩٤٤ بۆ ناو کۆمەڵە کاریگەری قووڵی کردە سەر کار و چالاکییەکانی کۆمەلە. چۆن هەم لەباری شەخسیەت و کەسایەتییەوە جێگەی ڕێزی هەموو خەڵکی ناوچەکە بوو، هەمیش لە بواری زانایی و دانایی جێگەی بەرزی هەبوو. ئەندامەتی قازی لە کۆمەڵەدا، ژێ - کافی زۆر بە هێزتر کرد و زۆری نە خایەند قازی بوو بە کەسێکی خاوەن بڕیار لە لە کۆمەڵەدا.

هەر لە چوارچێوەی کارەکانی کۆمەلە، کاتێک کە خەلیلی فەهیمی وەزیری فەرهەنگی ئەو کاتی ئێران سەردانی مەهابادی کرد، کۆمەڵەی ژێ - کاف داوا کارییەکیان گەیاندە دەستی، کە ئەو چەند خاڵەی تێدا نووسرابوو:

١- لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە زمانی کوردی بە زمانی ڕەسمی ناوچە کوردنشینەکان کە زیاتر لە سێ ملیۆن کەسە، بناسرێ.

٢- زمانی کوردی زمانی خوێندن، زمانی ئیدارەکان ( دایرە کان) و زمانی دادگاکانی کوردستان بێ.

٣- کارمەند و کاربەدەستی ئیدارەکانی کوردستان، سەرجەمیان کورد بن.

٤- باج کە لە کوردستان کۆ دەکرێتەوە، دەبێ بە مەبەستی دروست کردنی نەخۆشخانە و قوتابخانە و ئاوەدانی کوردستان بێ نەک بۆ جوانکاری شاری تاران.

٥- ئەوانە داواکاری سەرەتایی ئێمەیە. بەڵام ژێ - کاف ئەو مافەی کورد بە سروشتی دەزانێ کە دوای کوتایی شەری دووهەمی جیهانی لەگەلڕ تاران دابنیشێ و دوارۆژی خۆی بۆخۆی دیاری بکا.

٦- چارەنووسی کورد بە دەستی خۆیەتی نەک تاران.

ماوەیەک دوای بڕانەوەی شەڕ دووەمی جیهانی لە نێو ئێراندا، ئەرتەش و ژاندارمەکانی ئێران بە هۆی لەمپەرێک کە ئەرتەشی سوور لە ئازەربایجان پێکی هێنابوو، نەیدەتوانی بێتەوە مەهاباد. بویە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی شاری مەهاباد درابوو بە چەند سەرۆک عەشیرەتێک. بەڵام ئەوان نەیانتوانی جڵەوی دەسەڵاتی شار کۆنترۆڵ بەکەن. ئیتر پارێزگاری ورمێ (ڕەزاییە) قازی محەممەدی وەک حاکمی شار دیاری کرد. هەر لەو ماوەیە دابوو کە قازی محەممەد و هەیئەتێک لە کاربەدەستانی مەهاباد بانگێشتی تاران کران.

بە بانگێشت کردنی قازی محەممەد و هاورێکانی بۆ تاران و دەست بەسەر کردنیان لەوێ، دۆخی ناوچەی مەهاباد هێندەی تر شڵەژا. بۆشایی دەسەلات هەلی بۆ کۆمەڵەی ژێ - کاف ڕەخساند. لە ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندانی هەمان ساڵ واتە ١٣٢٣ی هەتاوی (١٩٤٥)، هێرشێکی چەکدارییان کردە سەر شارەبانی مەهاباد کە ١٤پاسەوان پارێزگارییان لێ دەکرد. لەو هێرشە دا پێنج پۆلیس کوژرا وهەرچی بەڵگەنامەش بوو دەستی بەسەر داگیرا. هەتا قازی لە تاران هاتەوە وەزعەکە هەروا بە شپرێوی ماوە.

ژێ - کاف لە کۆنگرەی دووهەمی خۆی دا بڕیاری دەرکردنی گۆڤارێکی دا بە ناوی " نیشتمان" کە ئەم گۆڤارە زمانحاڵی کۆمەڵە بوو. نیشتمان بوو بە مینبەرێک بۆ دەربڕینی بیروڕا و مەبەست و ئامانجەکانی کۆمەڵە. لەگەڵ ئەوەش دا هەلێکی لەباری رەخساند بۆ پێگەیاندنی دەستەیەک لە نووسەران و شاعیرانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە یەکەمین ئەزموون بوو گۆڤاری تایبەت بە خۆیان هەبێ و نووسینەکانیانی تێدا بڵاو کەنەوە .

نیشتمان بە نهێنی لە تەورێز دەردەچوو کە سەرجەم ٩ ژمارەی لێ بڵاو کراوە. ژمارەی یەکەمی لە پووشپەڕی ١٣٢٢ی هەتاوی( ژوئەنی ١٩٤٣) دەرچوو. دروشمەکانی سەر نیشتمان، دروشمی نەتەوەیی بوون. بۆ وێنە لە لاپەرەی یەکەمی ژمارەی یەکەم دا نووسراوە: "بژی سەرۆکی کورد وکوردستان و هیوا ".

هەروەها کۆمەڵە کارێکی گرینگی دیکەی ئەنجام دا کە دەرکردنی رۆژ ژمێریکی کوردی بوو. تا ئەو کات قەت وا بە رێک و پێکی ناوی مانگە کوردییەکان بە کار نە هاتبوو و سەبتی رووداوە گرینگەکانی کورد لە سەر رۆژ ژمێرەکان نەکرابوو.کۆمەڵە توانی دووساڵ لە سەر یەک ١٣٢٢ و ١٣٢٣ی هەتاوی (واتە ١٩٤٣ و ١٩٤٤ی زایینی)، دوو رۆژ ژمێر دەر بکات.

کۆمەڵەی ژێ - کاف لەگەڵ گۆڤاری نیشتمان کۆمەڵێک دیاری نووسراوەیی دەدا بە لاوانی کورد. لەم بوارەش دا خزمەتی بەرچاوی بە رۆژنامە گەری و ئەدەب و زمانی کوردی کردووە. بۆ وێنە چەند نامیلکەی وەک: دیاری مەلامحەممەدی کۆیی، گوڵبژێری دیوانی حاجی قادری کۆیی، دەستە گوڵێکی جوان و بۆن خۆش لە باخی نیشتمانپەروەری، هەروەها گەلێک بەیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی وەک پاشکۆی نیشتمان دەردەکرد.

ژێ - کاف رێکخراوی لاوانیشی پێکهێنا لە ژێر ناوی "سازمانی جەوانانی کورد" هەروەها هەوڵی داوە کە چەندین کادری سیاسی لە نێو لاواندا بەرهەم بهێنێ. هەر لە ناو لاوان دا بڕەوی بە شانۆی دایکی نیشتمان داوە و چەندین تێئاتر و نەمایش نامەی بەرێوە برد. لە رێگەی داهاتی ئەو تێئاتر و نەمایش نامانەوە کۆمەڵە توانی چاپخانەیەکی دەستی بکڕێ لە و مەهاباد دایمەزرێنێ.

یەکێک لە کارە هەرە گرینگەکانی کە کۆمەڵە ئەنجامی دا و هەنگاوی بۆ هاویشت، ناساندنی کێشەی کورد بوو بە زلهێزەکانی جیهان. لەم پەیوەندیەش دا هەنگاوی باشی لە بەرانبەر سۆڤیەتییەکان هەڵێنا.

بەرە بەرە ژێ - کاف بوو بە رێکخراوێکی چالاک لە کوردستان دا. لە بۆکان، سەردەشت، سەقز، کرماشان، میاندواو، شنۆ، کەرکووک، رواندز، هەولێر، سلێمانی و تەنانەت لە باکووری کوردستانیش کومیتەی ناوخوویان هەبوو.

ژێ - کاف جگە لەوەی کۆمەڵەیەکی سیاسی بوو، کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتیش بوو، چون لەو سەردەمە دزی و جەردەیی و ڕێگری وخراپە و نێوان ناخۆشی و زۆر دیاردەی کۆمەڵایەتی دیکەش وەلا نرابوو. تەنانەت دیاردەی ناوچەو ناوچەگەرایی وەلا نرا، قالبێکی نەتەوەیی بە خۆوە گرت و هەروەها بووە هۆی بڵاو بوونەوەی گیانی نیشتمانپەروەری ولە خۆ بردوویی. سەرەڕای هەموو ئەوانە، ژێ - کاف کە لە لایەکەوە ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستی بوو، لە لایەکی دیکەشەوە ڕێکخراوێکی داخراو و نهێنی بوو کە وڵامدەری باروودۆخی تازەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبوو. بۆیە لەگەلر پەرەئەستاندنی جووڵانەوەی نیشتمانی و هەلوومەرجی ڕۆژ، ژێ - کاف چ لە بواری پرۆگرام و شێوەی ڕێکخراوەیی وچ لە بواری سیاسی، پێویستی بە دەستکاری و گۆڕان هەبوو.

لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٩٤٥) بەرە بەرە دەرکەوت کە ئیتر کۆمەڵە ئەو ڕێکخراوە نییە کە بتوانێ جوڵانەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە گرتووی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەرێوە ببات. بۆیە لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٩٤٥، لەسەر داروو پەردووی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پرۆگرامێکی سەردەمیانەوە لە شاری مەهاباد دامەزراو پێشەوا قازی محەممەد بە سەرۆکی حیزب دیاری کرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ١ی ئاگۆستی ٢٠١٦

---------------------------------------------------

## ئایین و سیاسەت لە سەردەمی کۆمەڵەی ژ - ک و کۆماری کوردستاندا



**د. سەباح موفیدی**

**پێشەکی**

دەرەتانی خولقاو لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی، دۆخی ئاڵۆزی ئێران و تێکچوونی دەسەڵاتی ملهوڕانەی ڕەزا شا و

دوورخستنەوەی لەلایەن هاوپەیمانانەوە و دابەشبوونی ئێران بە دوو بەشی ژێر دەسەڵاتی سۆڤییەت و بەریتانیا، ئەو هەلەی رەخساند کە لە ئێرانی ئەو کاتەدا نیوەدیمۆکراسییەک و هەندێ ئازادیی سیاسی و دەرەتانێک بۆ هەناسەدانێکی نەتەوە بندەستەکانی ئەو وڵاتە بخولقێت و دۆخێکی لەبار پێکبێت کە نەتەوەی کوردیش تێیدا ئاواتەکانی بەدواداچوون بکات. بۆیە بزووتنەوەی کوردی وەخۆکەوت تاکو حکوومەتی تایبەتی خۆی پێکبهێنێت. دیارە ئەم حکومەتە بەپێی هەلومەرج لە باری جوگرافیاییەوە کەوتبووە نێو بازنەی دەسەڵاتی سۆڤییەتەوە و سیاسەتەکانی ئەو دەمەی سۆڤییەت زیاتر بۆ راگەیاندنی ئەو حکومەتە یارمەتیدەر بووە و بۆ ماوەیەکی کورت دەرەتانی شیاوی رەخساندبوو. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە پێوەندیی ئایین و سیاسەت لە کۆماری کوردستاندا لە نێو بازنەی سۆڤییەت وەک وڵاتێکی کۆمۆنیست، بەپێچەوانەی بەریتانیا وەک وڵاتێکی سێکیولار، چۆن بووە؟ لەم وتارەدا پاش روانینێکی کورت بەسەر چەمکی سێکیولاریزم دا، بە ئاوردانەوەیەک بە سەر پێوەندیی ئایین و سیاسەت لە کۆماری دیمۆکراتیکی کوردستاندا هەوڵ دەدرێت شێوازی ئەو پێوەندییە روون بکرێتەوە.

## سێکیولاریزم: جیایی "دەوڵەت و ئایین" نەک "ئایین و سیاسەت"

نە لە باری تیۆریکەوە و نە لە باری کردەوەییەوە سیاسەت و ئایین بە تەواوی لێکتر جیا نەکراونەتەوە. لە باری تیۆرییەوە دەکرێ ئاماژە بە بیروڕای "ژاکۆب توب" بکرێت کە لەسەر پێوەندیی نێوان ئیلاهییات (تیۆلۆژی) و تیۆری سیاسی و پێش گریمانەی ئیلاهییاتی بۆ تیۆری سیاسی و ئەوەی کە ئیلاهییات سەرەتا بە شێوەی بابەتێکی پێوەندیدار بە تیۆری سیاسی سەریهەڵدا، باس دەکات. لە روانگەی ئەوەوە، پێوەندیی ئیلاهییات لەگەڵ تیۆری سیاسی شتێکی لاوەکی نییە و لە راستیدا ئیلاهییات بە دوور لە گۆڕەپانی کۆمەڵگا لە ئارادا نییە، تەنانەت ئەوەی کە داواکاریی ئەوەی هەیە کە بەتەواوی ناسیاسییە، دەکرێ هۆی سیاسی هەبێت. هەروەها کە هیچ ئیلاهییاتێک بە بێ هۆی سیاسی لە ئارادا نییە، هیچ تیۆرێکی سیاسیش بە بێ پێش گریمانەی ئیلاهییاتی لە ئارادا نییە (بڕوانە: ژاکوب، ٢٠١٦). لە باری کردەوەییشەوە تا مرۆڤێکی ئایینی لە کۆمەڵگادا هەبێت، ئێستا بۆ پاراستنی مافی ئەو یان بۆ بەدەستهێنانی دەنگی، ئەو دووانە لێکتر جیا ناکرێنەوە. بەڵام ئایین و دەوڵەت وەک دامەزراوە دەتوانن تارادەیەکی زۆر جیا بن و دەوڵەت وەک دامەزراوەی بێلایەن لە کۆمەڵگادا خزمەت بکات و بە شێوەی دادپەروەرانە لە نێوان گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا هەڵسوکەوت بکات و کاروباری هەڵسووڕانی وڵات تێپەڕێنێت.

هەر لەو راستایەشدا بوو کە لە باری سیاسییەوە کێشەی ئایینی و ناکۆکی و شەڕی ئایینی وایکرد کە وڵاتانی رۆژئاوایی بڕیار بدەن کاروباری سیاسی خۆیان بدەنە دەست دامەزراوەیەکی بێلایەن (دەوڵەت) کە مافی هەمووان بپارێزێت و کەلەپوورێک گەشە بستێنێت کە هەموو تاک و گروپە ئایینییەکان رێزیان لێ بگیردرێت و رێز لە یەکتر بگرن. دەوڵەتی سێکیولار وەک دامەزراوەی بێلایەن و پارێزەری بنەماکانی ئازادی، بەرابەری و دادپەروەریی و برایەتی رەچاو کراوە.



سەرچاوە
Serchawe

سێکیولاریزمیش، ئایدۆلۆژیای ئەو رەوتە و بڕوا بەو بنەمایانەیە. هەر بۆیە بە واتای دژایەتی لەگەڵ ئایین بە گشتی نییە. هەرچۆنێک بێت، بوونی خەڵکی ئایینی و ئایین وەک بەشێک لە کەلەپوور و ئازادیی ئایینی بووەتە هۆی ئەوەی کە لە هەندێ بواردا سیاسەت و ئایین تێکەڵییان هەبێت و دەوڵەت و سیاسەتوانانیش سەرنجی ئەم لایەنەی کۆمەڵگا بدەن.

کەواتە، دەوڵەتێ کە لە دژی ئایین بێت، ناکەوێتە نێو بازنەی دەوڵەتانی سێکیولارەوە. سیاسەت و ئایینیش لێکجیاناکرێنەوە و ئەوەی پێویستی بە جیابوونەوەیە "دەوڵەت و ئایینە" ئەویش بە شێوەی دامەزراوەیی نەک لە هەموو بوارێکەوە چۆن خودی دەوڵەت وەک بەشێک لە سیاسەت بۆ کاروباری خزمەتگوزاریی سەروکاریی لەگەڵ گروپە ئایینییەکان دەبێت. بۆیە، هەندێ لە وڵاتە کۆمونیستەکان، سێکیولار نین و دژە ئایینن بە هۆی ئەوەی کە بە پێچەوانەی وڵاتانی سێکیولار بڕوایان بە ئازادیی بە گشتی (لەوانە ئازادی ئایینی) وەک کۆڵەکەیەکی دیمۆکراسی لە پەنای بەرابەری و دادپەروەریدا، نییە.

## سۆڤییەتی کۆمونیست و کوردستانی سێکیولار

سۆڤییەت بۆخۆی حکومەتێکی کۆمونیست بوو و وەک ئاماژە کرا بەپێی زۆربەی پێناسەکانی دیمۆکراسی و سێکیولاریزم، لەڕاستیدا وڵاتانی کۆمونیست نە دیمۆکراتیکن و نە سێکیولار، لەبەر ئەوەی کە ئازادی وەک یەکێک لە بنەماکانی بەدیهاتنی ئەو چەمکانە لەو وڵاتانەدا نییە و بەرابەریش کورت کراوەتەوە سەر ئابوورییەکەی، کە ئەویش لە زۆربەیاندا بەرەو بەرابەری لە هەژاریدا رۆشتووە. بە گشتی لە باری سیاسییەوە چۆن وڵاتانی کۆمونیست بڕوایان بە ئازادی حیزب و گروپە سیاسییەکانی تر بێجگە لە حیزبی کۆمۆنیست نییە، دیمۆکراتیک نین و لە باری پێوەندیی ئایین و سیاسەتیشەوە چۆن ئازادی ئایینی نییە و زیاتر لە دژی ئایینن، سێکیولار نین.

بەڵام ئەم دۆخەی سۆڤییەت لەسەر کۆماری کوردستان کاریگەریی نەبوو و حکومەتی کوردستان بەپێچەوانەوە حکوومەتێکی کۆمونیستی نەبوو. رێبەرانی کورد و کۆماری کوردستان تەنیا لە هەلومەرجی سیاسی پێکهاتوو کەڵکیان وەرگرت و پێوەندییان لەگەڵ سۆڤییەت، پێوەندییەکی سیاسی بوو. لەمبارەوە غەنی بلووریان (۱۹۹۷) لە سەرکردەکانی پێشووی حیزبی دیمۆکرات دەڵێت: "کۆمەڵەی ژ.ک حیزبێکی سەربەخۆ بوو، و بە ڕاستی زانیبووی بۆ بە ئامانج گەیاندنی نەتەوەی کورد پێویستە دەست بۆ هەموو دەوڵەتێک راکێشێ کە ئامادە بێ یارمەتی بە نەتەوەی کورد بکا، بەڵام چونکە ئەو کات بیری چەپ بە سەر رەوتی ژیانی سیاسیدا زاڵ بووە رێبەرایەتی کۆمەڵە لە تەنگژەی ئەوەدا بوو کە نابێ جیا لە سۆڤییەت نامە بۆ شوێنێکی تر بنووسێ و تەنانەت پێوەندیی ژ.ک لەگەڵ ئینگلیزییەکان بوو بە هۆی دڵگیر بوونی رووسەکان و بە دوای ئەو رووداوەدا لە قازییان گێڕاوە بچێتە تەورێز و چاوی بە کۆنسولی رووس بکەوێ، کە قازی چوو" (ل. ٥٣).



سەرچاوە
Serchawe

چالاکان و ڕێبەرانی سیاسی ئەو کاتی کوردستانیش هەم خۆیان زۆربەیان دژە ئایین نەبوون و نەتەوەخواز بوون، هەم بە باشیش کۆمەڵگای نەریتی خۆیان ناسیبوو و دەیانزانی کە ناکرێ لە دژی ئایین راوەستن. هەر بۆیە حکومەتی کوردستان، حکومەتێکی سێکیولار و بە ڕێبەرایەتی پیاوانی ئایینی و لەسەر بنەمای سیاسەتی مەعنەوی (واتایی) و سێکیولاریزم بوو و ڕێزی لە ئایین و ئازادیی ئایینی دەگرت، ئەمەش لە کردەوەدا دیار بووە، هەرچەند حکومەتێکی ئایینی نەبوو.

## ئایین و کردەوەی سیاسی لە کۆمەڵەی ژ.ک و کۆماردا

هەروەها کە زۆرینەی ڕێبەرانی کوردی ئەو دەم پیاوانی ئایینی و ئایینداارانی خاوەن واتایەتی (مەعنەوییەت) تایبەت بوون، واتایەتی ئایینی رەنگدانەوەی تایبەتی لە کردەوەی سیاسیاندا هەبوو، هەروەها وەک سیاسەتوانانێ کە بە باشی کۆمەڵگای نەریتی خۆیان دەناسی و دەیانزانی کە ئایین تەشەنەی زۆری تێدایە، ڕەچاوی لایەنی ئایینی کۆمەڵگایان دەکرد و ڕێز و حورمەتی ئایینیان رادەگرت. لە پەنای عەبدوڕڕەحمان زەبێحی و کەسانی تردا، پیاوانێکی ئایینی وەک مەلا عەبدوڵڵا داوودی و مەلا عەبدولقادری مودەڕڕیسی لە ناو دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی "ژ.ک"دا بوون کە لە ١٦ی ئابی ١٩٤٢دا دامەزرا و دواتریش کەسانی تری ئایینی وەک قازی محەممەد دەچنە ڕێزیانەوە. ئەندامانی ژ.ک کاتێک دەبوون بە ئەندام بە قورئان سوێند دەدران. مەلا عەبدوڵڵای داوودی بەرپرسیاری یەکێک لە دوو فوتابخانە سەرەتاییەکانی کوردی بە ناوی "گەلاوێژ" بوو ئەویتریان "ئازادی" بووە کە لە دوایین ساڵی تێکۆشانی کۆمەڵە و هەروەها لە کاتی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا بە نیوە-نهێنی و شەوانە لە مەهاباد بۆ فێرکردنی خوێندن و نووسینی کوردی چالاک بووە (گادانی، ل. ٢١ - ٢٠).

بوونی ئەم کەسایەتییە ئایینیانە کاریگەریی لەسەر چالاکی سیاسی ئەودەم هەبوو. بۆ وێنە هەر لەم پێوەندییەدا غەنی بلوریان (١٩٩٧) لە بیرەوەرییەکانیدا دەگێڕێتەوە کە کاتی چوون بۆ نەغەدە و شنۆ بە مەبەستی پیشاندانی شانۆی "دایکی نیشتمان" لەو شارانەدا، قازی محەممەد بەو شێوەیە ئامۆژگاری کردوون: "شنۆ شارێکی ئایینییە. چونکە ئێوە بەڕاستی نوێنەری کۆمەڵەی "ژ.ک"ن دەبێ باش خۆ بنوێنن. دەبێ ئاکار و هەڵسوکەوتی نەجیبانەتان هەبێ و سەرنجی خەڵک بۆ لای خەباتی کۆمەڵە ڕاکێشن. بەیانان و کاتی تریش دەبێ بچن لە مزگەوتەکان لە ڕیزی خەڵکدا ڕاوەستن و نوێژی بەکۆمەڵ بکەن. ئەوە دەتوانێ خۆشەویستی ئێوە لە نێو خەڵکدا پتر بکات و دەبێ نموونە بن و ئاکاری جوان لە خۆ پیشان بدەن"(ل. ٤١). ئەم شێوە هەڵسوکەوتە کاریگەریی کۆمەڵایەتی زۆری هەبوو، وەک مام غەنی دەڵێت کە "بۆمان دەرکەوت، ئامۆژگارییەکانی قازی محەممەد بە تەواوی دروست بوون. چوونی ئێمە بۆ مزگەوت و نوێژکردنمان شوێنی لەسەر بیروڕای خەڵک دانابوو. ئەمجارە لەگەڵمان دڵۆڤان و ڕووخۆش بوون و کاتێک شانۆی دایکی نیشتمانمان پێشکەش کرد، پێشوازییان لێکرد"(ل. ٤٢).

ڕەنگدانەوەی ئایینیش لە خودی شانۆی دایکی نیشتماندا دەردەکەوێت بە جۆرێ کە بەو هۆنراوەی "حاجی قادری کۆیە" لە هەڵاچوون بە خوادا دەست پێ دەکات و بەو جۆرە چالاکان و دارێژەرانی شانۆکە ویستوویانە کە بنەمای ئایینی و واتایی (مەعنەوی) بۆ ویست و داخوازەکانیان پیشان بدەن:

ئەی بێنەزیر و هەمتا هەر تۆی کە بەرقەراری
بێ دار و بێ دیاری، بێدار و پایەداری ...
ئێستێکە بۆیە "حاجی" مەدحت دەکا بە کوردی
تاکەس نەڵێ: بە کوردی نەکراوە مەدحی باری

ئەمە نموونەیەکی شیاو لە شێوازی هەڵسوکەوتی ڕێبەرانی سیاسی لەگەڵ ئایین و پیشاندەری پێگەیشتوویی سیاسی و تێگەیشتن لە کۆمەڵگا بووە، شتێ کە لە هەندێ لایەنی سیاسی بزووتنەوەی دواتری کوردستاندا نەبینرا و بە ئاکاری نەشیاویان جۆرێ قەڵشتی کۆمەڵایەتییان پێکهێنا کە نەیارانی گەل کەڵکیان لێوەرگرت.

### دەرکەوتنی ئایین لە ڕاگەیندراو و چاپەمەنییەکاندا

ئایین لە ڕاگەیندراو و چاپەمەنییەکانی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەر لە سەرەتاوە ڕەنگدانەوەی هەبووە. جگە لە "حیزبی ئازادیخوازی کورد"(١) کە بەڵگەیەکی وەهای لە بەردەست نییە، لەم بوارەوە دەکرێ بە مەرامنامەی دووەمین ڕێکخراوی ڕامیاریی نوێی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتە کۆمەڵەی "ژ - ک" ئاماژە بکرێت. مەرامنامەکە وێرای ئەوەی کە مەرامی کۆمەڵە بە دیمۆکراسی دەزانێت، لە خاڵی یەک و حەوتدا بە شێوەی خوارەوە ئاماژە بە ئایین دەکات:

١- کۆمەڵەی ژ - ک لەسەر چوار کۆڵەکەی ئیسلامەتی، کوردایەتی، شارستانییەت، ئاشتی و ئاشتیخوازیی دانراوە و هەموو یاسا و ڕێساکانی لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام جۆر دەکرێت و ئینجا ئەخرێتە کار.
٢- بە بۆنەی موسڵمانبوونی بەشی زۆری نەتەوەی کورد، کۆمەڵە لە کوردستاندا تەنیا ئایینی پیرۆزی ئیسلام بە فەرمی دەناسێ و بۆ برەودانی شەریعەتی خاوێنی ئیسلام و بەجێگەیشتی هەموو ڕێوشوێنێکی ئیسلامەتی تێدەکۆشێ و دەگەڵ دووڕووان بە توندی بەربەرەکانێ دەکات (مەددەنی، ٢٠٠١، ل ٢٠٠).

لەم دوو خاڵەدا کۆمەڵە وێرای گرنگیدان بە شارستانییەت و ئاشتەوایی، ویستوویە کە پێبەندبوونی بە ئیسلام بنوێنێت. ئەمە ڕەنگە لە پلەی یەکەمدا ناکۆکی تێدا ببینرێت بەڵام لە کردەوەدا وانەبوون و گرنگیدان بە ئایینی ئیسلام بە واتای نەبوونی باوەڕیان بە ئازادی ئایینەکانی تر نەبووە، وەک چۆن خۆیان دەربڕی دەکەن کە بەشێکی کورد موسوڵمان نین و بیر

و چوارچێوەی کاریان کوردایەتییەکی تۆخ بووە. بەڵام بۆ ڕەچاو کردنی کۆمەڵگا و ئەوەی کە بە هۆی کەش و هەوای زاڵی سیاسی ئەو دەم لە ژێر ناوی ئیسلامدا دژایەتییان نەکرێت و حکومەت و نەیاران لەوە کەڵکی نالەبار وەرنەگرن، ئەو جەختەیان کردووە و دواتر پاش گۆڕانی ناو بۆ حیزبی دیمۆکرات، ئەم ناکۆکییانە چارەسەر دەکرێت. بۆ وێنە هەر لەم پێوەندییەدا، دەکرێ بە هەندێ دژکردەوە لە کاتی بڵاوبوونەوەی چاپەمەنییەکانی کۆمەڵەدا ئاماژە بکرێت هەرچەند ئایین وەک چۆن لە مەرامیاندا ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر چاپەمەنییەکانیشیان هەیبووە. لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ژ - ک دەکرێ بە گۆڤاری "نیشتمان" ئاماژە بکرێت. کاتی بڵاوبوونەوەی ژمارەی یەکەمی نیشتمان هێندێ کەس کۆمەڵە بە کۆمونیست و لە ئایین وەرگەڕاو تۆمەتبار دەکەن و ئەوانیش لە ڕاگەیندراوێکدا کە لە ژێر سەردێڕی "بە ناوی یەزدانی گەورە و بەرزی بێ هاوتا" دەست پێ دەکات، وەڵامیان دەدەنەوە و نکۆڵی لەو شتە دەکەن (مەدەنی، ۲۰۰۱، ل. ۲۰۵). لەسەر ئەم ڕۆژنامە ناوی "ئەڵڵا" لەسەرەوەی هێمای J.K و دروشمی "بژی کورد و کوردستانی گەورە" و وشەی "نیشتمان" دانراوە. هەروەها لە شوێنێکی تردا لەسەر هێمای J.K ئایەتی پیرۆزی قورئان "و من یتوکل علی الله فهو حسبه" نووسراوە.

لە نووسراوە و چاپەمەنییەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و کۆماری کوردستانیشدا ڕێز لە ئایین و بیروڕای ئایینی بە باشی دەردەکەوێت. بۆ وێنە هەر لە سەرەتاوە ڕاگەیندراوی تایبەت بە ڕاگەیاندنی حیزبی دیمۆکرات و بەرنامەکەی بە ناوی "بسم الله الرحمن الرحیم" دەست پێ دەکات (بڕواننە: نادری، ل ٥٥؛ و پەرتووکی ڕۆژنامەی کوردستان، ل ۳٥۱). لە حیزبی دیمۆکراتدا زیاتر لایەنی دیمۆکراسی و سێکیولاریزم ڕەچاو کرا و لاوازییەکانی کۆمەڵەی ژ.ک لەم پێوەندییەدا چارەسەر کرا بەجۆرێ کە لە یەکەمین مەرامنامەی حیزبی دیمۆکراتدا کە بریتی بووە لە ۲۲ خاڵ زیاتر سەرنجی ئەم لایەنە دراوە. بۆ وێنە لە پاژی یەکەمدا دەڵێ حیزب لەسەر ئەم بنەمایانەیە: "هەقیقەت، دادپەروەریی و شارستانییەت." لە پاژی دووەمدا دەڵێ: "... ئەبێ لەسەر بنچینەی دیمۆکراسی، قازانجەکانی کۆمەڵانی خەڵک ڕەچاو بکرێ، ئەبێ بێ گوێدانە جیاوازیی نەتەوەیی، قەومی و ئایینی، بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ مەجلیسی شۆرای میللی مافی وەکوویەکیان هەبێت." و لە پاژی سێ و لە خاڵی دوانزەدا دەڵێ: "حیزب بە بێ جیاوازی نەتەوایەتی و قەومی و ئایینی پاڵپشتی لە ژیانی سیاسی و ئابووری و کەلەپووریی و لەشساغی هەموو زەحمەتکێشان ئەکا کە لە کوردستان ئەژین" (گادانی، ل . ۲۸- ۲۹). هەر لەم پێوەندییەدا دەکرێ ئاماژە بە گرنگترین بڵاوکراوەی سەردەمی کۆمار واتە ڕۆژنامەی "کوردستان" بکرێت. لە سەرەتاوە، لە سەر ئەم ڕۆژنامەیەشدا و لەسەرەوەی وشەی "کوردستان" دەنووسرا "بە نێوی خودای بەرز و بێ هاوتا" و هەروەها هەندێ نووسەری ئایینیش تێیدا دیاننووسی و هەندێ بابەتی ئایینی پەتی یان پێوەندیدار بە مافی نەتەوەییشی لەبەر دەگرت.

### ئایین و ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان

لە ڕێوڕەسمەکانی ئەو سەردەمەدا لایەنی ئایینی تەشریفات بە ڕێکوپێکی و جوانی و بۆ پتەوکردنی بەڵێنداریێتی و

ئەمەگناسی رەچاو دەکران. بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە رێورەسمی راگەیاندنی کۆمار بکرێت. لەو رۆژەدا قازی لەگەڵ پیاوانی ئایینی وەک حاجی باباشێخ و چەند شێخ و مەلای مەزن لە مەحکەمەوە دەردەکەون و بەرەو گۆڕەپانی چوارچرا دەچن و لەوێ بە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکرات رادەگەینێت کە "بچن قورئان و نەخشەی کوردستانی گەورە و ئاڵای کوردستان بێنن." لێژنەیەک لەوانیش بەرەو ناوەندیی حیزب دەچن و قورئانی پیرۆز لەگەڵ ئاڵا و نەخشە دێنن و لەسەر دەستی مەلا حوسێنی شکاک دایدەنن. قازی محەممەد سەرپۆش لەسەریان لادەبات و داب و نەریتی سوێند خواردن بەجێ دەهێنێت: "ئەمن بە خوا، بە وتراوەی مەزنی خوا، بە نیشتمان، بە شەرافەتی گەلی کورد، بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان سوێند دەخۆم، کە تا دوایین هەناسەی ژیانم و رژانی دوایین تنۆکی خوێنم بە گیان و ماڵ لە رێی راگرتنی سەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستاندا تێکۆشم و..." (رۆژنامەی کوردستان، ١٩٤٦، ژمارە ١٣). بەم شێوازە قازی بە مەندیلی سپی مەلایەتی و دادوەرییەوە، کۆماری کوردستانی راگەیاند و نە تەنیا لە بەرگی ئاییندا بە گژی نەتەوەدا نەچووەوە بەڵکو گەورەترین خزمەتی کرد و زۆرترین نرخ و تێچووی بۆ دا. هەروەها پێش وتارەکەی قازی محەممەد وەک سەرۆک کۆماری کوردستان، مەلا حوسێنی مەجدی، دابونەریتی دوعا و پاڕانەوەی ئایینی بەجێ دەهێنێت.

### ئاکام: کۆماری کوردستان، دەوڵەتێکی سێکیولار دێمۆکراتیک

وێڕای ئەوەی کە حکومەتی کۆماری کوردستان لەسەر بنەمای واتایەتی (مەعنەوییەت) و سیاسەتی واتایی (مەعنەوی) بوو و زۆربەیان کەسانی ئیماندار بوون، لە باری سیاسییەوە دەوڵەتێکی سێکیولار و دێمۆکراتیک بوو. بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ئەو دەمەی ناوچەکە بەتایبەت ئێران کە خاوەن سیستەمی سیاسی پاشایەتی و سەروەری تاکەکەسی و حکومەتێکی دیکتاتۆری بوو و تەنیا هەندێ لایەنی دێمۆکراسی ئەویش بە شێوەی لاواز لەوێدا هەبوون، وەک هەڵبژاردنی پارلەمان کە ئەوەش خاوەن مێکانیزمی دێمۆکراتیک نەبوو، کوردستان خاوەن سیستەمی سیاسی کۆماریی و حکومەتێکی دێمۆکراتیک بوو کە تێیدا بەهاکانی ئازدی، دادپەروەریی، ئاشتی و رێز لە یەکترگرتن دەبینران، بەڵام تەمەنی کورتی رێگەی نەدا کە گەلی کورد لە بەرەچەی کەڵک وەرگرن. لە چوارچێوەی حکومەتدا رێز لە هەموو ئایین و ئایینزاکان دەگیردرا و گرنگایەتی دەدرا بە پێشکەوتنی زانست و پەرەپێدانی تەکنۆلۆژیا. وەک زۆر نموونە لە دەوڵەتە سێکیولارەکان، لەڕاستیدا سیاسەت و ئایین وەک دوو بازنەی جیاواز نەبوون بەڵام دامەزراوەکانی "دەوڵەت و ئایین" لێکتر جیا بوون و دەوڵەت دامەزراوەیەکی بێ لایەن بوو بۆ رەچاوکردنی دادپەروەریی و بەرابەریی نێوان هەموو گروپە کۆمەڵایەتییەکان و ئازادی بیروڕا و ئایین هەبوو. بۆیە لە خۆڕا نەگوتراوە کە قازی وەکو گاندی بووە و دەوڵەتەکشی دەوڵەتێکی سێکیولار دێمۆکراتیک.

**پەراوێزەکان:**

١- "حیزبی ئازادیخوازی کورد یان کوردستان" لە ساڵەکانی ١٩٣٩ و ١٩٤٠دا پێکهاتبوو و چالاکی دەنواند و لەلایەن



سەرچاوە
Serchawe

"عەزیزی زەندی" ناسراو بە "عەزیز ئەڵمانی" دامەزرابوو و دەگوترێت رەنگە لەگەڵ ئەڵمانییەکان کە ئەو دەم لە ئێراندا تەشەنەی زۆریان هەبووە پێوەندیی هەبووبێت، کە هەندێک روناکبیر و شێخ و ئاغای ناوچەی موکریان بەرەو لای راکێشرابوون. ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ئەم حیزبە لەو کاتەدا دەگیردرێن و برێکیان بۆ شارەکانی باشووری ئێران دوور دەخرێنەوە کە پاش روخانی حکومتی رەزاخان لە ١٩٤١ دا دەگەڕێنەوە کوردستان. عەزیز دواتریش لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ.ک بووە (لەمبارەوە بڕواننە: مەدەنی، ٢٠٠١ و گادانی).

**سەرچاوەکان:**


* بلوریان، غەنی (١٩٩٧)، ئاڵە کۆک (بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم)، ستۆکهۆڵم.

* توب، ژاکوب (٢٠١٦)، "الهیات و نظریەی سیاسی"، ترجمەی: میلاد پشتیوان، ٢٥ اکتبر، در: Problematicaa.com.
کە وەرگێڕدراوی فارسی ئەم وتارەیە: Jacob Taubes (1955) “Theology and Political Theory”, Social Research, Vol. 22, No. 1, pp. 57-68

* ساڵح، رەفێق و سدیق ساڵح (٢٠٠٧)، رۆژنامەی کوردستان (مەهاباد ١٣٢٤- ١٣٢٥ی هەتاوی)، چاپی یەکەم، هەولێر: دەزگای ئاراس.

* گادانی، جەلیل، ٥٠ ساڵ خەبات، کورتە مێژوویەکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی هەرێمی کوردستان.

* مەدەنی، حوسێن (٢٠٠١)، کوردستان و ستراتێژی دەوڵەتان، بەرگی دووەم.

* موفیدی، سەباح (٢٠١٥)، "ئایین لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا: تێگەیشتنێکی مامناوەند لە سێکیولاریزم"، ناوەندیی میللەت.


* نادری، محمود (٢٠١٦)، حزب دمکرات کردستان ایران، تهران: موسسه مطالعات و پژوهشهای سیاسی.


سەرچاوە: ماڵپەڕی میللەت - ڕێکەوتی: ١ و ٨ی دیسەمبەری ٢٠١٦

-----------------------------------------------

# چاوخشاندنێکی کورت بە رۆڵی کۆمەڵەی ژێکاف لە دەرکەوتنی بیری ناسیۆنالیزمی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان

ئا: سۆران باریکە




دەسپێکی ناسیۆنالیزمی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، رابردوویەکی زۆر کۆنی نیە. سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی یان ناسیۆنالیزمی کوردی وەک دیاردەیەکی مۆدێرن لە پەیوەندی لەگەڵ شوناسی مۆدێرنی ئێرانی سەری هەڵدا. بە تایبەت دوای دامەزراندنی گەرای بیری ناسیۆنالیستی و پراکتیزە کردنی ئەم بیرە لە لە لایەن رەزا شای پەهلەویەوە. هەر بۆیە ناسیۆنالیزمی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان وەک پەرچەکردارێک لە بەرانبەر سیاسەتە پاوانخوازەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی سەری هەڵدا.

کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد بە بناغە دارێژەری بیری ناسیۆنالیزمی یەکگرتووی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دادەنرێ. لە دایک بوونی ژێ - کاف نیشانەی سەرهەڵدانی گوتار و کردەوەی ناسیۆنالیستیانەیە لە رۆژهەڵاتی کوردستان. ناسیۆنالیزمێک کە لە بیر و ئەندێشەی کەسێک یان دووکەس دەچێتە دەرەوە و گشتگیر دەبێ.

ئەم ناسیۆنالیزمە لە لایەک ئاکامی بە گژ داچوونەوە بە سیاسەتی دەوڵەتی پەهلەوی بوو کە حاشای لە شوناسی کورد دەکرد، لە لایەکی دیکەشەوە بەرهەمی ئەو ئاڵووگۆڕە نوێیانە بوو کە ژیانی کۆمەڵگەی کوردستانی پێک هێنابوو.

هەڵبەت یەکێک لەو رێکخراوانەی کە کاریگەری بەسەر دیاری کردنی رێبازی ناسیۆنالیستانەی ژێ - کافەوە هەبوو حیزبی هیوا بوو.

دێڤید مەکداوڵ دەڵێ: "پێک هاتنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ئاکامی حاشا هەڵنەگری هاتنە کایەی نوێگەرایی لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواری و پەرەسەندنی شارنشینی بوو کە بوو بە هۆکارێک بۆ ئەوەی ناسیۆنالیزم ببێت بە بەرنامە و ئایدیا لە نێو حیزبێکدا.

دامەزراندنی ژ - ک وەک یەکەم رێکخراوی مۆدێرن لە رۆژهەلاتی کوردستان کە هەم ئایدۆلۆژی هەبوو و هەمیش بەرنامەیەکی ناسیۆنالیستی روونی هەبوو، ولامێکی لۆژیک بوو بۆ بارووددۆخی ئەوکاتەی رۆژهەلاتی کوردستان و بناغەی ناسیۆنالیزمی یەکگرتووی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان دامەزراند و پێی گەیاند.

وەک دەبینرێت ئامانجی ژ - ک و کار و کردەوەکانی و خەباتی ئەو کۆمەڵەیە بۆ پێکهێنانی کوردستانیکی سەربەخۆ لە چوارچێوەی هەموو کوردستانی گەورە دایە، هەموویان نیشان دەری ئەوەن کە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد، کۆمەڵەیەکی تەواو ناسیۆنالیستی بوو.

لە چوارچێوەی ئەو بیرە ناسیۆنالیستیە، ژێ - کاف پەلی هاویشت بۆ پارچەکانی دیکەش و لە سەرجەم بەشەکانی دیکەی کوردستان بەتایبەت باشووری کوردستان لقی هەبوو.هەروەها پەیمانی هاوکاری و پشگیری لەگەڵ ریکخراوەکان و سەرۆکی شۆرشەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش هەبوو کە بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە پەیمانی سێ سنوور بکەین. ئەم پرۆسە ناسیۆنالیستیەی ژ - ک دواتر لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا گەیشتە لووتکە.

هەرچەند ناکرێ بڵێن کە ناسیۆنالیزمی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان تەنها مۆرکی ژێکافی پێوەیە و خاوەنەکەی ژێکافە! چوونکە زۆر یەک لە شۆرش و راپەرینەکانی پێش ژێکافیش کە لە رۆژهەلاتی کوردستان سەریان هەلداوە بیرێکی ناسیۆنالیستیان هەبووە و کەم تا زۆر هەوڵیان داوە بۆ کورد و کوردستان، بەلام ئەو بیرە نەتەوەییە کە ئەوان هەیانبوو وەک ژ - ک پێگەیشتوو نەبوو.



سەرچاوە
Serchawe

ژێ - كاف ريكخراوێكی تەواو ناسیۆنالیستی بوو، چونكە تاكە پێوانە بۆ بە ئەندام بوون كورد بوون بوو. هەڵبەت بە هیچ شیوە جیاوازی نەدەكرا لە لە نێوان هیچ كوردێك لە هەر جێیەكی ئەم جیهانە و هەموویان بە یەک چاو لە دیدی ژێ - كافەوە سەیر دەكران.

كۆمەڵەی ژێ - كاف وێڕای كار و چالاكی رێكخراوەیی، لە بواری بەرۆپێش بردن و پەرە پێدانی كولتووری و ئەدەبیش دا سەروسینگێكی لە پێش ریكخراوەكانی دیكەی پێش خۆیدا هەبوو. بۆ نموونە: دەركردنی گۆڤاری نیشتمان و بایەخ دان بە چاپەمەنی و بلاوكردنەوەی ناميلكەی شیعری كوردی و بایەخ دان بە نووسین و خوێندنی زمانی كوردی لە قوتابخانەكان و بە رەسمی ناسینی زمانی كوردی لە سەرجەم دامووەزگاكانی كوردستان. هەروەها گرینگی دان بە شانۆی سیاسی كوردی.

هەموو ئەو كارانەی كە ژێكاف ئەنجامی دەدان بە مەبەستی هوشیار كردنەوەی زیاتری كۆمەڵی كوردەواری و بلاوكردنەوە و پەرە پێدانی بیری ناسیۆنالیزمی كوردی بوو لە پێناو هەرچی زۆرتر بە دەستهێنانی مافی نیشتمانی و نەتەوەییەكانی كورد و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆی كوردی. دەتوانرێ بوترێ كە چ دەربڕین و چ كاروچالاكییەكانی كۆمەڵەی ژێكاف دەرخەری ئەو ناسنامە سیاسییەی ناسیۆنالیزمی كوردی بوون كە لە ساڵەكانی جەنگدا (جەنگی دووهەمی جیهانی)، دەستەبژێری رووناكبیر و وردە بورژوازی كوردی لە رێگەی رێكخراوێكی تەواو ناسیۆنالیستی مۆدێرن وەک كۆمەڵەی ژێ - كاف بەرجەستەیان كرد.

ناكرێ ئەو راستیەش لەبەر چاو نەگیرێ كە رۆڵی كەسایەتی وەک قازی محەمەد لە نێو كۆمەڵە دا ئەوەندی دیكە پێگەی ناسیۆنالیزمی كوردی پەرەگرتووتر كرد، چوونكە قازی محەمەد خۆی كەسێكی نەتەوەیی - ئایینی بوو كە بە هەموو شێوە لە پێناو نەتەوەكەی دا هەنگاوی دەنا، بە تایبەت لەوەی كە هەوڵی دا كە عەشیرەت و هۆز و تایفەكانی كورد یەک بخات بە دژی هەر سیاسەتێكی دەوڵەتی ناوەندی و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی یەكێک لە زلهێزەكانی جیهان بۆ مسۆگەر كردنی مافە رەواكانی كورد.

هەر ئەوەش وای كرد كە قازی محەمەد ببێتە كەسێكی خاوەن بریار لە ناو كۆمەڵە دا و دواتریش كە حیزبی دێموكرات دامەزرا بووبە سەرۆكی حیزب. قازی محەمەد ئەو بیرە ناسیۆنالیستییەی كە هەیبوو لە نێو حیزبیش دا پیادەی كرد. هەڵبەت دەبێ بگوترێ ئەوە ژ - ک بوو كە بە شێوەیەک بیری ناسیۆنالیزمی كوردی دارشتبوو كە رەنگدانەوەی لە پاش خۆی لەسەر جووڵانەوەی رزگاری خوازی كوردی لە رۆژهەلاتی كوردستان هەبووە. ئەم ئایدۆلۆژییەی ژ - ک لە نێو حیزبی دێموكراتی كوردستان و دواتریش لە نێو كۆماری كوردستان دا بە شێوەیەكی جوان دەبینرێت.

حیزبی دێموکرات کە یەکەمین حیزبی سیاسی کورد بوو لەسەر بیروباوەڕی دێموکراتی و نیشتمانی لە بەشێک لە کوردستان (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) دامەزرا بوو، لە یەکەم بەیاننامەی خۆی دا هەر لە چوارچێوەی بیرە نەتەوەیەکەی ژ - ک دا خۆی وەک حیزبێکی نەتەوەیی دەناسێنێ.

ئەم حیزبە بە پێچەوانەی هەندێ بۆچوون کە دەڵێن لە ڕێڕەوی ناسیۆنالیستی ژ - ک لای داوە و پاشەکشەی کردوە، لە بەرنامە و پێڕەوەکەی خۆی دا گەلێک خاڵی خستە ڕوو کە ڕەنگدانەوە و دەربڕی هەمان ئامانجی ژ - ک و بیری ناسیۆنالیزمی کوردین. بۆ نموونە: بایەخدان بە بووژانەوەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی کوردستان و پەرەپێدانی دێموکراسی و ناسینی زمانی کوردی بە زمانی فەرمی وڵات، هەم بۆ خوێندن و هەمیش بۆ کارو باری ئیداری وڵات و دانانی فەرمانبەری کوردی لە کوردستان و لە سەروی هەموویان خەبات بۆ بە دەست هێنانی مافی ڕەوای کورد کە هەموو ئەم کارانە بە کردەوە خەباتی بۆ دەکرا.

حیزبی دێموکرات وەک تاکە حیزبی گۆڕەپانی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان توانی ببێتە درێژە پێدەری ڕێبازی ناسیۆنالیستی سیاسی کورد، ڕۆژنامەیەکی بە ناوی کوردستان کە زمان حاڵی حیزب بوو. ئەو بابەتانەی کە لەم ڕۆژنامەیەدا بڵاو دەبوونەوە هەموویان هەڵگری بیری ناسیۆنالیستی بوون. بۆ نموونە لە وتاری "ئامانجی ئێمە" تەواو هەست بەو بیرکردنەوە ناسیۆنالیستیانەیە دەکرێ. هەڵبەت دەبێ ئاماژە بەوە بکرێ کە وەک لەم وتارانە دا دەردەکەوێ ئەو ڕێبازە ناسیۆنالیستییەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵی گرتبوو هەر هەمان ڕێبازە ناسیۆنالیستییەکەی ژ - ک بوو بە هەندێ وردە جیاوازی بچووکەوە.

ئەو ڕێچکەیەی کە کۆمەڵەی ژ - ک بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیاری کردبوو لە کۆماری کوردستانیش دا کە دەسکەوتێکی پڕ بایەخی حیزبی دێموکرات بوو ڕەنگدانەوەی هەبوو ئەو کۆمارە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٢ ژانوییەی ١٩٤٦ بە سەرۆکایەتی قازی محەممەد لە مهاباد دامەزرا. کۆماری کوردستان درێژکراوە و بەرهەمی هەمان هەلوو مەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو کە ژ - ک و حیزبی دێموکراتی لە سەر دامەزرا بوو.

تەنانەت ئەو بەرنامە و پرۆگرامەش کە قازی محەممەد لە ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان دا ڕایگەیاند هەر هەمان بەرنامە و پرۆگرام بوو کە بۆ حیزبی دێموکرات و ژ - ک دارێژرابوو. بە مانایەکی دیکە کۆماری کوردستان لە چوارچێوە و دەسەڵاتی سیاسی حیزب دا بوو، بەڵام بە فۆرم و قەوارەیەکی جیاوازتر. هەڵبەت دەبێ ئەوەش لە بەرچاو بگیرترێ کە زۆربەی زۆری دامەزرێنەران و ئەندامانی ژ - ک لە ریزی دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکرات و دواتر کۆماری کوردستان دابوون.

دامەزراندنی کۆماری کورستان جگە لەوەی دەستکەوتێکی سیاسی جووڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد بوو، نیشاندەری گەشەی بیری ناسیۆنالیزمی کوردیش بوو لە رۆژهەڵاتی کوردستان. جگە لە فاکتەرە ناوچەییەکان، کۆماری کوردستان بە پلەی یەکەم بەرهەمی ناسیۆنالیزمی کوردی بوو.

کۆمار توانی لە چوارچێوەی چالاکییەکانی دا ئەو رێبازە دیاریکراوەی بیری ناسیۆنالیزم کە ژ - ک گەشەی پێدا، پڕبەهەمتر بکات. بۆ نموونە لە بواری چاپ و رۆژنامەگەری، چاپخانە لە شارەکانی بۆکان و مهاباد دامەزراو چەندین گۆڤار و رۆژنامە بە زمانی کوردی وەک گرۆگاڵی منداڵان، هاواری نیشتمان، هاواری کورد، گۆڤاری هەڵاڵە، گۆڤاری کوردستان و رۆژنامەی کوردستان.

لە بواری فەرهەنگی زمانی کوردی بوو بە زمانی فەرمی وڵات (رۆژهەڵاتی کوردستان) و خوێندن و نووسین بە کوردی بوو. ئەم بڕیارە بڕیاری جەخت لەسەر کردووی شەخسی پێشەوا بوو کە بە خاڵێکی گرینگ لە پێشکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردی دادەنرێ. هەروەها دامەزراندنی کتێبخانەی میللی و هەوڵی خوڵقاندنی زمانی ستاندارد و دانانی شانۆی کوردی بەشێکە لەو بڕیارەی پێشەوا.

هەروەها لە پێکهێنانی سوپاش دا کۆماری کوردستان و لە سەرووی هەموویان شەخسی قازی دیسان رەچاوی ئەو بیرە نەتەوەییان کردووە کە کۆماریان لەسەر دامەزراند و بە سوپای میللی یان هێزی پێشمەرگە ناویان هێناوە. ئەو سوپایە لە خۆگری هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان بوو کە بە دڵخواز دەهاتنە ریزی سوپا. ئەو سوپایە تەواو نەتەوەیی بوو، چوونکە هەر لە سەرەتای دامەزرانێوە کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش تێیدا بەشدار بوون تەنانەت لە ریزی بەڕێوەبەری سوپا کە دەتوانیین ئاماژە بە رۆڵی بارزانییەکان بکەین.
کاربەدەستانی حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتای دامەزرانی کۆمارەوە چەند هەنگاوی ناسیۆنالیستیان هاویشت کە ئەویش هەڵکردنی ئاڵای سێ رەنگی کوردستان بوو. ئاڵای کوردستان تەنیا بریتی نەبووئاڵای حیزبی دێموکرات، بەڵکوو ئاڵای نەتەوایەتی کورد بوو بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان کە پێشتر لە کۆبوونەوەی هاوبەشی رێبەرانی ژێ - کاف و حیزبی هیوا و نوێنەری باکوور و رۆژئاوای کوردستان لە مەهاباد بەسترا، رەنگ و شێوە و ئارمی ئاڵای کوردستانیان پەسەند کرد.
لە کۆتایی دا دەتوانین بڵێن کە ناسیۆنالیزمی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ناسیۆنالیزمێکی پەرچەکردارانە بووکە لە ئاکامی گەشەی بیری ناسیۆنالیزمی سیاسی کورد کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردی لێکەوتەوە.


لەبەر ئەوەی کە لە کۆمەڵەی ژێ - کاف دا تێکۆشانی جیددی بۆ خۆناسین وەکوو نەتەوە بە مانای سیاسی و هەوڵدان بۆ ملکەچ کردنی ئینتمای ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئینتمای نەتەوەیی بە کردەوە دەستی پێکرد، بۆیە ژێ - کاف بە بنەمای دەرکەوتن و هاتنە کایەی تیئۆری و پراکتیکی ناسیۆنالیزمی سیاسی نوێی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دادەنرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ١٥ی ئاگۆستی ٢٠١٦

## مامۆستا عووبەیدوڵلا ئەیوبیان، یادگاری کۆمەڵەی ژێکاف لە ژیانەوە دەدەوێت "

## شێرکۆ جیهانی

### کۆمەڵەی ژێکاف کێ بوون و چیان بە سەر هات؟



دوکتور ئەیووبیان لەم بارەوە دەڵێت:

"کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ژێکاف، (لە ساڵەکانی بەر لە ١٩٤٦ لە شاری مەهاباد و لە لایەن کەسانێکی وەک حوسێن فرەووهەر، رەحمان زەبیحی، و چەند کەسی دیکە دامەزرا) کۆمەڵەیەکی گەلی بوو. خەڵک سازیان کردبوو نەک دەستی دەرەکی. تۆ سەیرکە لە سەرەتا و ناوەڕاستی سەدەی بیستەم دا تەواوی جووڵانەوەکانی کوردی لە لایەن ئینگلیس، ڕووسیە و ... ساز دەکران یان سەر بە ئەوان بوون، بەڵام کۆمەڵەی ژێکاف لە رۆژهەڵاتی کوردستان و کۆمەڵەی "هێڤی" لە شاری سلێمانیەی باشووری کوردستان و کۆمەڵەی "خۆی بوون" بە سەرۆکایەتی "شەریف پاشا" لە باکووری کوردستان، تەنیا ڕێکخستن گەلێک بوون کە خەڵکی کورد بە خۆیان سازیان کرد بوون و هەر بۆیەش هەمیشە هێزەکانی کۆنەپەرەست و داگیرکەر و هەروەها دەوڵەتە بیانیەکان لێیان دەترسان."

دوکتور ئەییوبیان دەڵێت:

"لەو سەردەمە دا کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد یان "ژێ - کاف" بە نهێنی کاری دەکرد و ژیانەوەی هەستی نەتەوەیی کوردی بە بنچینە گرتبوو. کۆمەڵە ناوەکەی بە تەواوی کوردی بوو و ناوگەلی وەک "حیزب" و "دێمۆکرات" لە وشەکانی بیانی عەرەبی و ئەرووپاییەوە هاتوون و لە ڕاستی دا ڕووسەکان بۆ پێکاندنی ئاماجەکانی خۆیان ئەو ناوەیان هێناوە. ڕووسەکان هاتن تا نەوتی باکووری ئێران بە تالان ببەن و دەبووایە ئازەری و دواتریش کوردیان بە کار هێنابا. بەڵام کۆمەڵەی ژێکاف هەم بە تەواوی ناوەکەی کوردی بوو و هەمیش بە تەواوی گەلی و نەتەوەیی."

دوکتور لە بەردەوامی قسەکانی دا بەم جۆرە دوا:

"لە ناو کۆمەڵە دا وەرگرتنی ئەندام وەک حیزبی دێمۆکرات نەبوو. لە حیزبی دێمۆکراتی سەردەمی پێشەوا دا دەفتەرێکیان دانا بوو و هەر کەس لە ڕێوە دەهات دەیتوانی ناوی خۆی بە ئەندام بنووسێت. هەر بۆیەش دواتر هەر ئەو خەڵکەی کە ئەندامی حیزب بوون، زۆرینەیان هاتن و نامەیان ئیمزا دەکرد کە قازی لە سێدارە بدرێت! بەڵام کۆمەڵە سەرەتا کەسایەتیەکانی هەڵدەسەنگاند و ئەگەر جێگەی متمانە بوانایە ئەو کات بانگی دەکردن و بە ئەندام وەری دەگرتن. تەنانەت خوودی قازی مەحەمەد دوای ماوەیەکی درێژ وەک ئەندامی کۆمەڵە وەرگیرا و ئەندامێکی سادەش بوو.

کاتێک کەسێک بۆ ئەندامەتی دەستنیشان دەکرا، ئەندامێکی کۆمەڵە دەچوو بۆ لای و پێشنیاری پێ دەکرد کە ئایا ئامادەیە لە پیناو نیشتیمانی دا گیانی فیدا بکات. ئەگەر ئەو کەسە ئامادە بووایە ئەو جار دوو - سێ کەسیان پێ دەناساند و لە سەر دەستی ئەو دوو سێ کەسە بە کۆمەڵە دەناسێندرا و دواتر ڕێ و ڕەسمی سوێند خواردنی بەڕێوە دەبرد. لەو ڕێ و ڕەسمە دا سوێندیان بە سێ شت دەخوارد: یەکەم ئاڵای کوردستان، دوویەم چەپکە گوڵێکی وڵات و نیشتیمان کە لە ناو ئاویان دەنا و سێیەم قووڕئان. چوونکە خەڵکی ئێمە ئایینی بوون و کەم سەواد"

دوکتور ئەییوبیان جیا لە مەسەلەی بەڕێوە بردنی شانۆ و ئاشنا کردنی خەڵک بە بیری نەتەوەیی و دانانی قووتابخانەی کوردی، یەکێکی دیکە لە کارەکانی باشی کۆمەڵەی ژێکاف ی بەم جۆرە دەستنیشان دەکات:

"زەبیحی و چەند کەسی دیکە لە ئەندامانی سەرەکی کۆمەڵە لە شاری تەورێز بە دزی ڕۆژنامەیەکیان بە ناوی "نیشتیمان" چاپ دەکرد. ئەو ڕۆژنامەیە نیزیکەی ٩ ژوومارەی لە تەورێز دەرکرد و ژوومارەی دەیەم لە شاری سلێمانی و دوای کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەرچوو."

ئەییوبیان لە مەڕ ڕادەی ئەندامانی کۆمەڵە دەڵێت:

"ئێمە نەماندەزانی کە چەند ئەندامی هەیە و چ کەسانێک ئەندامن. وەک گووتم کەس کەسی نەدەناسی و کارەکە نهێنی بوو. زۆر کەسی بازاڕی، کاسبکار، عەشیرە، خوێندکار و کەسانی سادە و ئاساییش ئەندام بوون. لە هەموو چین و توێژێکی لە ناو دابوو. بەڵام کۆمەڵە خەریک بوو پەرەی دەستاند و جیا لە مەهاباد و بۆکان و شارەکانی موکریان خەریک بوو لە کرماشان و سنە و گەلێک شاری دیکەش ئەندامی وەردەگرت.

لە مەڕ هۆکاری تێکچوونی کۆمەڵە بەم جۆرە دوا:

"کۆمەڵەی (ژێ - کاف) بە دەستی کوردەکان و بە فەرمانی ڕووسەکان تێک چوو. ئەمن زۆر ڕێزم هەیە بۆ قازی مەحەمەد و خۆشم دەوێت، بە ڕاستی کەسێکی سادق و پاک بوو، بەلام ئەو سوێندی خوارد بوو لە کاتی ئەندام بوونی لە ناو کۆمەڵە دا، نازانم چۆن توانی ئەو سوێندە بشکێنێ و بە بێ ڕەزایەتی ئەندامانی دیکەی کۆمەڵە و بە بێ ئاگاداری ئەوان کۆمەڵەی هەڵوەشاندەوە و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ڕاگەیاند. ئەو حیزبە سەرەتا بە ناوی حیزبی دێمۆکراتی ئازەربایەجان لە لایەن ڕووسەکانەوە بۆ ئازەریەکان ساز کرابوو و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیش بە لاسایی کردنەوە لەوان بە دەست ڕووسەکان ساز کرا. قازی کارێکی کرد کە زەبیحی لە تەورێز بگرن و دواتریش لە مەهاباد زەبیحیان زیندانی کرد. ئێمە بۆمان قەبووڵ نەدەکرا کە زەبیحی زیندانی بکرێت. ئاخر زەبیحی یەکێک بوو لە باشترین کەسایەتییەکانی نیشتیمان پەروەر، ئەو بوو کە زۆر کەسی بە بیری نەتەوەیی و خوێندن و نووسینی کوردی و زانست و عیلمی ناسیۆنالیزم ئاشنا کردبوو. زەبیحی چی کردبوو جیا لە خزمەت؟! ڕۆژنامەی نیشتیمانی لە تەورێز چاپ دەکرد و ئەندامی تازەی لە ناو کۆمەڵەی ژێکاف وەردەگرت و ... هتد. ئایا ئەوە جوابی قازی موحەمەد بوو بۆ زەبیحی؟! خۆ قازی ئەندامێکی سادەش بوو لە ناو کۆمەڵە دا ، زۆر دوای زەبیحی بوو بە ئەندام. ئەدی چۆن دەیتوانی ئاوا ڕەفتار لە گەڵ زەبیحی دا بکات؟! "

ئەییوبیان لە وڵامی پرسی: ئەدی زەبیحی دواتر چی لێ بەسەرهات دەڵێت:

"زەبیحی بە تکا و پاڕانەوەی خەڵک ئازاد کرا. قازی مەحەمەد دواتر حازر بوو ڕەزایەت بدات کە لە زیندان بێتە دەرێ. بەڵام کابرایەکی باسەوادی وەک زەبیحی لە کۆمار دا نە پۆستێکیان دایە و نە پلەیەک و نە ئەرکێکیان پێ سپارد. گۆشەگیریان کرد. زۆر یەک لە ئەندامانی سەرەکی ژێکاف بەم بەڵایە گریفتار بوون. کەسێکی بێ سەوادی وەک "مەناف کەریمی" کە تەنانەت نەیدەزانی کوردی بنووسێت و بخوێنێتەوە لە لایەن قازی مەحەمەد بۆ وەزارەتی فەرهەنگ هەڵبژێردرا و بوو بە وەزیری فەرهەنگ. جا تۆ خووداکەت وەزارەتی فەرهەنگی کوردستان دەدرێ بە کەسێکی بێ سەوادی کوردی نەزان ؟! بەڵام زەبحییان زیندانی دەکرد و هیچ ئەرکێکیان پێ نەدەسپارد ! ئەوان دەبوایە زەبیحیان لە کۆڵ خۆیان کردباوە، بە

تەگەرەیان دەزانی لە پێش خۆیان دا، هەر بۆیەش ناردیانە ناوچەی شکاک و پێیان گووت کە بۆ کاری وەرگرتنی ئەندام و شتی لەم جۆرە بچێتە ورمێ. لە ڕێگە دا بە پیلانێک هێزەکانی ئێرانی گرتیان و دیاریش بوو کە کێ بە ئەوانی گوتبوو کە بیگرن. دەستی ڕووس و بە داخەوە شەخسی قازی مەحەمەدیشی تێدا بوو. زەبیحیان بردە تاران و لەوێ بۆ ماوەی چەندین مانگ زیندانیان کرد."

لە وڵامی پرسی "جیاوازیەکانی حیزبی دیمۆکرات و کۆمەڵەی ژێکاف لە چی دابوو؟!" دوکتورئەییوبیان دەڵێت:

"جیاوازیان زۆر بوو. کۆمەڵەی ژێکاف هەر وەک گووتم ناوەکەی و ناوڕۆکەکەی کوردی بوو. کار و تێکۆشانیان بە دڵ و گیان دەکرد و هەمیشە لە هەوڵی ناسینی باشترین کەسایەتیەکان دا بوون کە بیانکەن بە ئەندام. کۆمەڵە ئەندامەکانی زۆر با سەواد نەبوون، ئەگەر چی کەسانی وەک زەبیحی و کاک حووسێنی فروهەر و کاکی گەورەی من و چەند ئەندامی بەڕێوەبەری بە نیسبەت خەڵکی ئەو سەردەمە زانا و باسەواد بوون. بەڵام بەدەنەی کۆمەڵە لە خەڵکی ئاسایی و کەم سەواد پێک هاتبوو. ئەوەی کە بۆ کۆمەڵە گرینگ بوو هەستی نەتەوەیی بوو. کۆمەڵە بیری کوردستانێکی گەورە و یەکپارچەی هەبوو و شار و عەشیرەت و خێڵ و شتی لەم جۆرەی بە ئەساس نەدەگرت. ئێمە قەت نەماندەگووت کوردستانی ئێران یان تورکیە یان عێڕاق. ئەگەر ویستبامان گوتباما‌ن کوردستانی عێڕاق دەمانگووت "ئەودیو، بەری گەرمێنێ" و ئەگەریش گوتبامان کوردستانی تورکیا دەمانگووت "ئەودیو، بەری کوێستانێ. ژێکاف لە گەڵ جووڵانەوەکانی "خۆی بوون" و "کۆمەڵەی" هێڤی" لە پەیوەندی دا بوون و خەڵکی کورد خۆیان ئەو جووڵانەوانەیان ساز کرد بوو. تەنانەت دانیشتنێکی سێ قۆڵی لە نێوان کۆمەڵەی "خۆی بوون" و "ژێ - کاف" و "هێڤی" دا ساز بوو. ناوی ئەو دانیشتنە "پەیمانی سێ سنوور" بوو. هەر سێ لایەن لە ناوچەی تەرگەوەڕ - مەرگەوڕ (لە نێوان سنووری سێ دەوڵەتان دا) لە یەک کۆ بوونەوە و پەیمانی پشتگیری و کوردایەتیان بە یەکتر دابوو. بەڵام حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و عێڕاق و تورکیا دواتر ساز بوون و تەنانەت باسێکیش لە کۆمەڵەی ژێ - کاف و هێڤی ناکەن و باسەکەشی قەدەغەیە لە لایان."!!!

دوکتور ئەییوبیان لە درێژە دا دەڵێت:

"من ئێستاش لام وایە کە کورد بۆ ئەوەی کە بیهەوێ سەربکەوێ دەبێ بگەڕێتەوە سەر بنەماکان و داخواز و ویستەکانی کۆمەڵەی ژێکاف بۆ ئەوەی بتوانێ ببێتە یەک."

دوکتور ئەییوبیان هەروەها لە وڵامی پرسی "ئایا ڕەوشی هەنووکەیی باشووری کوردستان چۆن دەبینی" دەڵێت:

"من هیوام بەوە هەیە کە باشوری کوردستان سەرکەوتن بە دەست بهێنێت. من خۆم زۆر ئاشقی کەسایەتی مەلا مستەفای بارزانیم و یەکێکم لە کەسانی هەرە نیزیک لەویم و تەنانەت وێنەم لە گەڵی دا هەیە. (هەڵدەستێت و وێنەکەمان نیشان

دەدات - خۆی و مەلا مستەفا بارزانی بە یەكەوە دانیشتوون). هەروەها ڕێزم بۆ كاك مەسعوود بارزانیش هەیە و لە ناو بارزانیەكان دا لە هەموویان بە باشتری دەزانم. تەنانەت جەلال تاڵەبانیش لە گەڵ ئەوەش دا كە زۆر كاری نارەوای كردووە، ئێستا وەك سەرۆك كۆمارێكی كورد ڕێزی لێ دەگرم و بۆ هەموومان لە هەر چوار بەشی ولات جێگەی خۆشحاڵییە كە كورد بتوانێ لە باشوور ببێتە شتێك و شتێك بە شتێك بكات. بەڵام تۆ چاو لێ بكە، ئەوان بە داخەوە زۆر گرینگی بە كوردی بەشەكانی دیكە نادەن. ئەمن كە نیزیكترین كەس بووم لە مەلا مستەفا و بارزانیەكان لە كاتی هاتنیان بۆ مەهاباد لە سەردەمی ساڵەكانی ١٩٤٥ و ٤٦ دا، كاتێك بۆ سەردانێك چومە كوردستانی عێراق، پێشمەرگەیەكی سادەی منداڵی سەر سنووریش بە باشی ڕێزی لێ نەدەگرتم ! كوا وا دەبێ كاكە؟! لە جیاتی ئەوەی كە بە مووی سەری سپییەوە چووم ماشێنم بۆ بگرن و بێنە پێشوازیم، ئەوە خۆم بە پارەی خۆم چووم و بە هەزار زەحمەت توانیم سەردانێك بكەم و بێمەوە. ئێستا ئەوە ئەتۆیەكی لاو هاتوویە ئێرە و لە سەر كۆمەڵەی ژێكاف خەریكی لێكۆڵینەوە دەكەی و پرسیارم لێ دەكەی و بۆت گرینگە كە پەردە لە سەر ڕاستیەكانی مێژوویی لا بدەی. بەڵام لەوێ گەنج و پیریان هیچ گرینگی بەو شتانە و بە كەسانی وەك من نادەن! ئەوە كوا وا دەبێ!"

دوكتور ئەییوبیان هەروەها لە مەڕ هێرشی توركیا بۆ سەر كەمپی گەریلاكانی پ ك ك و گەمارۆی سیاسی و ئابووری قەندیل لە لایەن هێزەكانی باشورەوە بەم جۆرە دوا:

"من چاوەڕوانی ئەوە لە ڕێزدار كاك مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی دەكەم كە نەكەونە داوی ئەو ڕەژیمە فاشیست و دژە كوردانە. ئەوانە سەدان جار كوردیان بە دەست كوردی بە شەڕ و كوشتن داوە و زەرەرەكەشی تەنیا هەر بۆ كوردانە و بەس. بە شەڕمان دەدەن و لە دوورەوەش پێمان پێدەكەنن. هەتا ئێستاش ئەو دەوڵەتە توركە حازر نەبووە بە كوردستانی ئێراق بڵی كوردستان و هەر دەڵێ شومالی عێراق ! جا با شتێكی دیكەشت پێ بڵێم. ئێمە لە كوردستانی ئێران پشتگیریمان لە مەلا مستەفا و كوردەكانی عێراق كردووە و نانمان داونێ و ڕێگەمان پێدان. مننەتی نییە و خاكی خۆیانە. ئێستاش كوردێكی خەڵكی توركیا یان ئێران ئەگەر لە خاكی كوردستانی عێراق دان كە خاكی خۆیانە، دەبێ پشتگیریان لێ بكرێت. وەڵاهی ئەمن لە زیندانیش دا بە بێ دەسهەلاتی و لێقەومانی خۆمەوە پشتیوانیم لە بارزانی دەكرد، جا بارزانی و تاڵەبانی كە ئێستا پادشان و لەو پەڕی دەسهەلات دان چۆن دەبێ پشتیوانی لە كوردەكانی شۆڕشگەری بەشەكانی دیكەی كوردستان نەكەن؟! دەبێ بیكەن.

شتێكی خوێن شیرینانە و جێگەی سەرنجیش ڕای دوكتور ئەیووبیان بوو لە سەر پارتی ژیانی ئازادی كوردستان پژاك و كاتێك پرسیاری ئەو پارتەمان لێ كرد گووتی:

"ئەو حیزبە نێوەکەی خۆی لە کۆمەڵەی ژێکاف واتا ژیانەوەی کورد وەرگرتووە . جەوانی ئازا و وشیاری کورد پەروەر وەرێیان خستووە و چەند ساڵێکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک پ ک ک لە تورکیا چالاکی دەکەن و زۆرم خۆش دەوێن. پێم وایە ئەوانیش ئامانجەکانیان هەر ئامانجەکانی ژێ کافی ئێمەیە...

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست

## کۆمەڵەی ژێکاف، لە دامەزرانەوە تا تێکچوون

لە ساتەوەختێکی مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، کە هەم لە ئاستی جیهان و هەمیش لە ئاستی ئێران و ناوچەکەدا بە گشتی گۆڕانکاریی گەورە لە حاڵی ڕوودان دان، کۆمەڵێک گەنج و ڕۆشنبیری ڕۆژهەلاتی کوردستان لە دەوری یەک کۆدەبنەوە و ڕێکخراویەک دادەمەزرێنن و ناوی دەنێن کۆمەڵەی ژێکاف. ژێکاف کە بە یەکەم ڕێکخراوی مۆدێرنی سیاسیی ڕۆژهەڵات دێتە ئەژمار، هەروەها یەکەم بزووتنەوەی سیاسی - فکریشە کە بیر و هزری ناسیۆنالیستی بە کارەکانیەوە دیارە.

ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ، بۆ ڕوونبوونەوەی هەندێ لایەنی نارِوون و کێشە لەسەری مێژوویی، لە پێوەندی لەگەڵ دامەزران و "هەڵوەشانەوە"ی ئەو ڕێکخراوەدا، لەگەڵ عەلی کەریمی، نووسەری کتێبی "ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی"، ئەم وتووێژەی ئەنجام داوە. عەبدولڕەحمانی زەبیحی لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژێکاف و، وەک لەم وتووێژەشدا ڕوون کراوەتەوە، یەکێک لەو کەسانە بووە کە بە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەکە ڕازی نەبووە.

سازدانی: کەریم مەرەسەنە

کەریم مەرەسەنە: کاک عەلی حەز دەکەی با سەرەتا لەوەوە دەست پێبکەین کە لەسەر مێژووی دروستبوونەکەی هەندێ جیاوازیی بیرورِا هەیە. بۆنموونە پرۆفسۆر عەباس وەلی لە لاپەرە ٢٠ی کتێبی "پەیدابوون و بناخەی ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێران"دا دەڵێ "دامەزران و خۆگرتنی کۆمەڵەی ژێکاف لە ساڵی ١٩٤٢ نیشانەی پەیدابوونی بیر و کردەوەی مۆدێرنی ناسیۆنالیستی لە کوردستانی ئێران بوو". یەک دوو نامە و لێکۆڵینەوەی دیکەش هەن کە ئەم مێژووە (١٩٤٢) بە ساڵی دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف دەزانن، بەڵام پرۆفسۆر ئەمیر حەسەنپوور لە وتارێکدا کە وەک پێشەکی بۆ "ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی" نووسیویەتی، دەڵێ "کۆمەڵەی ژ - ک لە جەنگەی شەڕی دژی فاشیستی لە ١٩٤٣دا دامەزرانی خۆی ڕاگەیاند". ناوبراو بەڵام ئاماژە بەوەش دەکا کە ژێکاف، بە قسەی زەبیحی لە ساڵی ١٩٣٧دا دامەزراوە و لە ساڵی ١٩٤٣دا هەوەڵ بڵاوکراوەی وەردەرکەوتووە.

**وەک دەبینی ئێمە لێرەدا لەگەڵ دوو ـ سێ مێژووی جیاواز بۆ ساتەوەختی دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف ڕووبەڕووین. تۆ کە ژیان و بەسەرهاتی مامۆستا زەبیحیت نووسیوە، بێگومان لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونێکی زۆرت کردووە و وەک بۆخۆشت لە کتێبەکەدا دەڵێی زۆر شتت ساغ کردۆتەوە. سەبارەت بەو مێژووە تۆ چ ئەنجامێکت وەدەست خستووە؟**

**عەلی کەریمی**: هەقیقەت ئەوەیە کە یەکێک لە مێتوودەکانی نووسینەوەی مێژوو کە جیهانی ئەکادیمیکیش زۆر کاری پێدەکا، مێژووی زارەکییە، یانی ئەوەی کە تۆ دەچی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەوانە وتووێژ دەکەی ـ هەر ئەوەی ئێستا جەنابت دەیکەی. ئەوە یەکێک لە شێوازە سەرکەوتووەکانی گێڕانەوەی مێژوویە هەتا لە جیهانی ئەکادیمیکیشدا. ئەو بەشەی مێژوو کە تۆ دەچی بەڵگەی کۆنکرێت و بەردەست پەیدا دەکەی و هەندێ شتی مێژوویی ساغ دەکەیەوە، ئیدی بەڵگە قسەی تێدا ناکرێت ـ بۆ نموونە ئێمە ناتوانین لە سەر ئەو شتانە کە لە "ڕۆژنامەی کوردستان"ی سەردەمی کۆماردا هەیە، یان ئەوەی لە 'گۆڤاری نیشتیمان"دا هەیە، ڕەتیان بکەینەوە و بڵێین، ئەوانە مێژووی بەردەست و کۆنکرێتن. ئەمە ئیتر نە قسەی منە نە قسەی فلان مێژوونووسە و نە قسەی فیسارە موفەسیر(لێکدەرەوە)یە. بەڵام ئەوەی کە من بۆ دەچم و بۆم ساغ بۆتەوە، پێش ئەوەی کە هاوپەیمانانن ئێران داگیر بکەن و ئەو بۆشایی دەستەڵاتە لە ناوچەی موکریان دروست بێت، جووڵەیەک بە نێوی کوردایەتی، بەنێوی ڕەوتێکی تازەی ناسیۆنالیستی، بە تایبەت لەنێو شاری مەهاباد هەبووە. ئەوەی کە ئەمن بەگوێی خۆم لە زیندووەکانی ئەو زەمانیم بیستووە و لە خودی زەبیحیشم بیستووە ئەوە بووە کە کەسێک هەبووە پێیان گوتووە "مەلای حەجۆکێ" کە لەملا و لەولا زۆری ناو هاتووە. پیاوێکی بە تەمەن بووە، حوجرەیەکی هەبووە و زۆر بایەخی داوە بە گەنجان، بە کوردایەتی، بە خیتابی کوردی، بە نووسینی کوردی و ئەوانە. جا کۆمەڵێک خەڵکی وەکوو زەبیحی و ئەوانەی کە دواتر ناویان لەناو دامەزرێنەرانی ژێکافدا هەیە و ئەوانەش "حیزبی ئازادی"یان دامەزراندبوو - ئەو حیزبەی بەناوی "عەزیز ئاڵمانی"یەوە ناوی دەرکردووە ـ ئەمانە لە کۆڕ و کۆبوونەوە و دووکان و حوجرەکەی مەلای حەجۆکێ (عەبدوڵای داوودی)دا هەبوون و بەشدار بوون. زەبیحی یەک لەو گەنجانە بووە کە زۆر چالاک بووە لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەدا. جا ئێمە ئەگەر دامەزرانی حیزبی ئازادی بگەڕێنینەوە سەر ئەوە کە ژێکاف سەرئەنجام لەسەر ئەم ڕەوتە، لەسەر ئەم حیزبە، ئەم بناغە فکرییە دروست بووە، ئەوا شتە هیچ شکو گومانی تێدا نییە. یەک شتی دیکەش کە تا ڕادەیەکی زۆر ڕوون بۆتەوە ئەوەیە کە سەرکردایەتیی ئەم حیزبە یەک دوو بەیانی هەیە کە کاک حەسەنی قازی بە تەواوەتی نووسیویەتەوە، کاک یاسین سەردەشتیش لەسەری نووسیوە، بەو پێیە ئەو کابرایە کەسێک بووە بە نێوی عەزیزی زەندی کە پێیان گوتووە عەزیز ئاڵمانی کە کۆمەڵێک کردەوەی سەیر و عەجایبی کردووە، ئەوە بۆتە هۆی ئەوە کە ئەم تەیفی ناسیۆنالیستی کوردە لە شاری مەهاباد لێی دوور کەوتوونەوە، بەڵام بێگومان پێشتر هێژمۆنییەکی هەبووە. کاتێک ئەم تەیفە (دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژێکاف) دێن لەسەر بناغەیەکی حیزبی و ڕێکخراوەیی، بە مێتۆدێکی نهێنیکاریی تەشکیلاتی کۆمەڵەی ژێکاف دروست دەکەن، ئەم بەکگراوندەیان لەگەڵ خۆیان هێناوە. ئەوەی کە جەماعەتێک دێن دروستبوونی کۆمەڵەی ژێکاف دەگەڕێننەوە بۆ ساڵی ١٩٣٧ـ ٣٨، لەسەر ئەوەیە، ئەمنیش پێموایە ئەوە بێ بنەما نییە. ئێمە بەڵگەی ڕەسمیمان بە دەستەوەیە، گۆڤاری نیشتیمان و پێش گۆڤاری نیشتیمانیش لە "دیاریی کۆمەڵەی ژێکاف بۆ لاوەکان"دا، یەکەم کۆبوونەوەی

گشتی . کە ناوی کۆنگرەیان لێ نەناوە، لە باخێکی تەنیشت مەهاباد گیراوە و بیستوپێنجی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١ واتە ١٦ی ئابی ١٩٤٢ بووە. من وای بۆ دەچم کە ئەم قسەی کاک ئەمیر دەبێ هەڵەی چاپی بێ، چوونکا کاک ئەمیر زۆر باش نووسراوەکانی ژێکافی خوێندۆتەوە.

**کەریم مەرەسەنە**: پرۆفسۆر حەسەنپوور لەو پێشەکییەدا کە دەکەوێتە لاپەڕە ٢١ی ژیان و بەسەرهاتی عەبولڕەحمانی زەبیحی، ئاوا دەڵێ: "کۆمەڵەی ژ.ک لە جەنگەی شەڕی دژی فاشیستی لە ١٩٤٣دا دامەزرانی خۆی ڕاگەیاند. زەبیحی دەورێکی سەرەکیی بوو لە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی "کۆمەڵەی ژ.ک". بە قسەی خۆی ئەو ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٣٧ دامەزراوە بەڵام هەوەڵ بڵاوکراوەی لە ١٩٤٣دا وەدەرکەوت."

**عەلی کەریمی**: من دڵنیام کاک ئەمیر مەبەستی گۆڤاری نیشتیمانە، بەڵام خۆ کاک ئەمیریش دەزانێ کە پێش نیشتیمان دوو نووسراوەی دیکەی ژێکاف هەیە لەگەڵ یەک دوو بەیان، کە بە خۆشییەوە ئەوانیش هەن و چاپ کراون. یەکێک لەو نووسراوانە "دیاریی کۆمەڵەی ژێکاف بۆ لاوەکانی کورد"ە، کە زۆربەی زۆری پەیامەکانی حاجی قادری کۆیی و مەلای گەورەی کۆیە و سەیفولقوزاتی تێدایە، چەند تێکهەڵکێشێکی شێعری و پەیام و ڕێکلامە لەلایەن زەبیحییەوە. ئەوی دیکەشیان "ڕۆژ ئەژمێری تایبەتیی کۆمەڵەی ژ.ک"ە. کۆمەڵەی ژێکاف هاتووە تەقویمی ئێرانیی کوردانەدووە، کردوویانەتە کوردی و ئەو ڕۆژانەی کە بەناوی لەدایکبوونی ڕەزاشا و نازانم چی و چی هەبووە فتیان کردووە و ڕۆژە مێژوویییەکانی کوردیان لە ڕۆژ ئەژمێرەکەدا نووسیوە، وەک شۆڕشی ئاراڕات و شێخ عوبەیدوڵا و ... تێدا نووسیوە. کارێکی دیکەش کە کردوویانە ئەوەیە کە مانگەکانی عەرەبی و فارسی و ئەوانەیان وەلا ناوە و ناوی کوردییان بۆ مانگەکان داناوە کە تا ئێستاش بەکار دەبرێن.

**کەریم مەرەسەنە**: هەڵبەت هەردووکی ئەم بڵاوکراوەیە کە لێرەدا ناویان هات، مێژووی ساڵی ١٣٢٢ - ١٩٤٣ یان پێوەیە. بەڵام ڕۆژ ئەژمێرەکە، کە وەک دەزانین یەکەم ڕۆژ ئەژمێرە مانگی کوردیی بۆ ساڵی هەتاوی تێدابێ، دەبێ پێش ساڵی ١٩٤٣ ئامادە کرابێ چوونکا بۆخۆی ساڵپێوی ١٩٤٣یە و ناکرێ هەر ئەو ساڵە ئامادەش کرابێ و چاپیش کرابێ. کەوابوو ئەمە ئەو بیرۆکەیە دەسەلمێنێ کە ژێکاف ١٩٤٢ دامەزراوە نەک ١٩٤٣. هەڵبەت مام هێمنی موکریانیش لە پێشەکیی "تاریک و ڕوون" دا ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی وەک ڕۆژی دامەزرانی ژێکاف داناوە.

**عەلی کەریمی**: بێگومان، بە ئاشکرا دیارە ئەو تەقویمە ئی چ ساڵێکە، کەوابێ کۆبوونەوەی ڕەسمیی کۆمەڵەی ژێکاف، شک و گومانی تێدا نییە کە لە ساڵی ١٩٤٢دا بووە. نووسراوەکانیش ئەوە نیشان دەدەن، بەڵام وەک دەزانین نیشتیمان ١٩٤٣ دەرچووە. با مەسەلەن چاو لە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان بکەن، دەڵێ لە ساڵی ١٩٧٩ خۆی ئاشکرا کردووە، بەڵام خۆیان دەڵێن ئێمە لە ١٩٦٩ و ١٩٧٠وە هەستەهایەکمان دروست کردووە لە تاران و کاریان کردووە. زۆربەی حیزبەکان وا بووە، خودی کۆمەڵەی مارکسی لینینی باشووری کوردستان ـ یان کۆمەڵەی ڕەنجدەران ـ چاو لێکەن، ئەم کۆمەڵەیە لە



سەرچاوە Serchawe

سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول لە ١٩٧٠ لەلایەن کۆمەڵێک خەڵکی چەپ و مارکسیی وەکوو شەهید شەهاب و خودی مام جەلال و کاک ئەنوەر و شەهید ئارام و ئەوانەوە دامەزرابوو، بەڵام ئەو دامەزرانە لە چوارچێوەی مەحفەلێکی بچووکدا بووە. کۆمەڵەی ژێکافیش بە دڵنیاییەوە لە ١٩٣٨ـەوە ئەگەر بەو ناوەش نەبووبێ هەر هەبووە. ئەگەر سەرنجێک بدەیە ئەو نامەیەی کە زەبیحی بۆ کاربەدەستانی سۆڤیەتی نووسیوە . ئەو نامە تەرجومە کراوەتەوە و لەو کتێبەدا هەیە . دەڵێ ئێمە لە ١٩٣٨ـەوە خەریکی ئەو کارانەین.

**کەریم مەرەسەنە**: کەوابوو بناغەی کۆمەڵەی ژێکاف لە ١٩٣٨ بەملاوە دانراوە و لە ١٩٤٢ بە ڕەسمی بوو بە حیزب و چالاکیی ڕێکخستن و مێدیایی دەست پێکرد. چەند ژمارەیەکی گۆڤاری نیشتیمان کە ئێستا لە بەر دەستدایە، زۆر باس لە پرسە نەتەوایەتییەکان و بردنە سەری ئاستی زانیاریی خەڵک دەکا؛ باسی پەیمانی سیڤەر دەکا و بە ئەرێنیی دەزانێ، پەیمانەکانی لۆزان و سەعداباد بە نەفرەت دەکا. گۆڤارەکە لەناو خەڵکدا دەنگدانەوەیەکی زۆری هەیە و کۆمەڵە بە تەواوەتی ڕیشە دادەکوتێ. بەڵام ڕاست لەو سەروبەندەدا ئەم ڕەوتە لەنگەی تێدەکەوێ بە ئاراستەیەکی دیکەدا دەڕوا. حیزبی دێموکراتی کوردستان دادەمەزرێ کە ئامانجەکەی لەوەی کۆمەڵەی ژێکاف ناچێ.

**عەلی کەریمی**: دەزانی یەکێک لەو شتانەی کە ئێمە بەڵگەی تەواومان پێیە، کۆمەڵەی ژێکاف لە دوای ١٩٤٢ کە یەکەم کۆبوونەوەی گشتی خۆی دەگرێ، ئەندام و بەڕێوەبەرەکانی بڕیارێک دەردەکەن و یەک نەفەر بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە هەڵدەبژێرن کە بچێ جێبەجێی بکا. بڕیارەکەش ئەوەیە کە گۆڤارێک بە ناوی زمانحاڵی کۆمەڵەی ژێکاف دەربچێ. ئەو کەسە بێجگە لە زەبیحی کەسی دیکە نییە، زەبیحی لەلایەن ئەو کۆبوونەوە فراوانەوە، لەلایەن هەموو بەرپرسانی کۆمەڵەوە ئەو بەرپرسیارەتییەی دەدرێتێ کە بچێ زمانحاڵی کۆمەڵەی ژێکاف . کە تا ئەو دەمی هەر پەراکەندە تەقویمی کوردی و ئەو شتانەی دەرکردووە، گۆڤارێکی ڕەسمی دەربکا کە لە کاتی خۆیدا دەربچێ و ... زەبیحی دەچێ یەک ـ دوو هاوکار بۆخۆی پەیدا دەکا و ئەو ئەرکە ڕادەپەڕێنێ. لەو بەینەیدا دەبێ دەوری کەسایەتییەکی وەک کاک محەممەدی شاپەسەند لەبیر نەکرێ کە ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەی ژێکاف بووە و زۆریش لە زەبیحی نزیک بووە. جا لەو گۆڤارە و لە باقیی کار و چالاکییەکانی دیکەی کۆمەڵەشدا، کە وەک ئەتۆش باست کرد، لەسەر پرسە نەتەوایەتییەکان ڕاوەستە دەکرێ و خودی کۆمەڵەش تێکەڵاوییەکی زۆری لەگەڵ دەستەخوشکی خۆی لە باشوور (حیزبی هیوا) کە بە سەرکردایەتیی ڕەفیق حیلمی لە ١٩٣٧ و ٣٨ لە کەرکووک و لە سلێمانی دامەزراوە، پەیوەندییەکی چڕ و ئۆرگانیک و برایانەیان پێکەوە هەیە. کۆمەڵەی ژێکاف سەرکردەکانیان ئەوەندەیان "هیوا" و سەرۆکی هیوا بەلاوە گرینگە کە لە ژمارە یەک و دووی نیشتیمانلدا نووسراوە "بژی سەرۆک و کورد و کوردستان و هیوا"، ئەمە لە ڕاستیدا مەبەستیان ڕەفیق حیلمییە کە ئەوانیش بە سەرۆکی خۆیان داناوە. تا ئەم ڕادەیە کۆمەڵەی هیوا و کۆمەڵەی ژێکاف لێک نزیک بوون، ئەوەی کە لە نیشتیماندا چاپ کراوە نیشان دەدا کە کۆمەڵەی ژێکاف شناختێکی دروستی لەو کۆمەڵگەیە هەبووە کە تێیدا خەبات دەکا. نووسراوەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەوان بە گرتنە پێشی سیاسەتێکی پۆپۆلیستی ئامانجیان ئەوە بووە بچنە ناو قووڵایی دڵی خەڵکەوە، هەتا قسەی ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمی بە پێخۆر، بە شێوەیەک کە لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەوکاتیدا گونجاوە بۆ خەڵک شی بکەنەوە، بۆ

ئەوەی بتوانن بە شێنەیی و بەسیاسەت ئەو سیاسەتە دەرخواردنی خەڵک بدەن. ئەم سیاسەتە بە دانە بە دانەی نووسراوەکانی هێمن، هەژار، زەبیحی و هەموو نووسراوەکانی دیکەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێ کە ئەوان ویستوویانە بە زمانێکی خەڵکی بچنە ناو دڵی خەڵکەوە. باقیی چالاکییەکانی دیکەشیان هەر بەو شێوەیە، بۆ نموونە ئەگەر سەیری سیناریۆی شانۆیی دایکی نیشتیمان بکەی، دەبینی کە زمانێکی سادەی خەڵکی بەکار هاتووە بۆ ئەوەی خەڵک بە زمانی خۆیان فێری بیری نەتەوایەتی بکا. نووسەرانی ئەو دەقە دێن بە زمانی خەڵک، وە بە کەڵکوەرگرتن لە پێوەر و چوارچێوە باوەکان دێ بە خەڵک دەڵێ نیشتیمان دایکە، ئەو دایکە ئەوە خەریکە تەجاوزی پێدەکرێ و ... دەبینی بەو زمانە سادەیە خەریکە خەڵک لە دەردە نەتەوایەتییەکانی تێدەگەیەنێ. گۆڤاری نیشتیمانیش هەر بەو جۆرە کاری کردووە، ئەگەر چاو لە تاریخەکەیان بکەی دەبینی ئەو گۆڤارە دوو ساڵی خایاندووە و لە هەموو ئەو ماوەدا هەر بەو زمانە لەگەڵ خەڵک دەدوێ.

**کەریم مەرەسەنە:** لەگەڵ ئەوەشدا کە کۆمەڵە خەریکە بەو جۆرە ڕیشەییە لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا کار دەکا و ئاگای لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی خەڵک و هەست و عاتیفە دینی و کۆمەڵایەتییەکانیان هەیە، دەبینی لە بەڵگە ڕەسمییەکانی کۆمەڵەدا باس لەوە کراوە کە شێخ و مەلا نابێ ببنە سەرۆکی کۆمەڵە. بەو حاڵەش دەبینی ڕاست کەسایەتییەکی مەزهەبی ـ کۆمەڵایەتیی بە دەسەڵاتی وەک پێشەوا دێتە ناو کۆمەڵەی ژێکاف و دواتر کۆمەڵە هەڵدەوەشێتەوە.

**عەلی کەریمی:** ڕاستییەکەی ئەوەیە تۆ دەبێ بۆ تێگەیشتن لەوە لە ژینگەی کۆمەڵگەی سابلاغی ئەوکاتی بڕوانی و بزانی چۆن بووە. مەهاباد ئەو کاتی چەند بنەماڵەیەکی مەقبووڵ و بە دەسەڵاتی وەک تایفەی ماڵی شافیعی و ئەوانە، بە تایبەت بنەماڵەی قازی هەر لە دێرزەمانەوە، لە قازی فەتاح و قازی عەلییەوە تا قازی محەمەد لەو شارەیدا دەورێکیان هەبووە. ئەوەش بەهۆی چەند شتیانەوە، یەکەم بەهۆی گەورە بوونیان لە بواری ڕێژەییەوە، دووهەم بەهۆی دەسەڵات و سەروەت و سامانی ئابوورییان و سێهەم بەهۆی سەواد و میرزایەتی و ئەهلی کتێب بوونیان دەسەڵاتێکی هەقیقییان هەبووە، لە ناو شاری سابلاغ هێژمۆنییەکیان هەبووە. ئەوەشمان لەبیر بێ کە ئەوانە، هەر بە خانەوادە لە زەمانی حکوومەتەکانی قاجارەوە بگرە تا سەردەمی خودی ڕەزا شاشدا پۆست و مەقامی ئیدارییان لە شارەکەدا هەبووە، خودی قازی محەمەد پێش ئەوەی ببێتە ژێکاف و دوایەش ببێتە سەرکۆمار، پۆستێکی حکوومیی وەکوو مەحکەمە لە مەهاباد هەبووە. ئەوانە هەر لە کۆنەوە مەرکەزێک بوون بۆ بەدواداچوونی شکایەت و شکایەتکاریی خەڵک و کاری سوڵح و مەسڵەحەت و ئەمانە، ئەم شەرعیەتە لە لایەن حکوومەتەکانی ناوەندیشەوە دراوە بەو بنەماڵەیە و لەلایەن خەڵکیشەوە ئەو هێژمۆنییە قبووڵ کراوە. جا وەختێک کەسایەتییەکی وەک قازی محەمەد ـ کە بۆخۆی زۆر لانی خەڵک بووە و لەناو خەڵکدا خۆشەویست و مەقبووڵ بووە ـ دەبیستێت کە بە نهێنییەکی زۆر چڕ و پڕەوە کۆمەڵەیەک هەیە و ناوی هەیە و هەموو کەس حیسابی بۆ دەکا و گۆڤاری نیشتیمان خەڵک بە دەیان قاتی قیمەتی خۆی دەیکڕن و دەیخوێنێتەوە و قسەکانی ژێکاف لە چاپخانە و لە دیوەخان و لە بەر کوورەی مزگەوتێ دەڵێنەوە بۆی دەبێتە پرسیار کە داخوا ئەوانە کێن. کەس شکی ئەوەی نەدەکرد کە کوڕە قوتەکەی سۆفی مینەی کڵاودروو - کە هەمان عەبدولڕەحمانی زەبیحییە - دێ و دەچێ و لە چەند شوێنان کار دەکا و

ژیانێکی بە رواڵەت ئاسایی تێدەپەڕێنێ، هەمان ئەم پیاوەیە کە لە پشت کۆمەڵەیە، کۆمەڵەیەک کە دەنگی هەیە بەڵام ڕەنگی نییە، کەس نازانێ چییە و کێیە... جا قازی محەممەد کە ڕۆژانە پەیامەکانی ژێکاف دەبیستێ حەز و خولیایەکی تێدا پەیدا دەبێ کە خۆی لە ژێکاف نزیک کاتەوە و بەجۆرێک لە جۆرەکان بچێتە ناو ئەم هەڵقەیە. ئەوەیە کە ئەو محاوەلەی خۆی دەکا و هەر لە ساڵی ١٩٤٤ەوە دەیەوێ بێتە ناو کۆمەڵە، بەڵام هەر لە سەرەتاوە یەکێک لە دروشمەکانی ژێکاف ئەوە بووە کە ڕێگە بە دەستەڵاتی خێڵ و عەشیرە و پیاوانی دینی نەدا بێنە ناو سەرکردایەتیی ژێکاف، قازی محەممەدیش هەم مەلا بوو و هەمیش ئاغا بوو، بۆیە لەگەڵ کۆمەڵێک لە دۆستەکانی، کە دەیزانی بە شێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ کۆمەڵەی ژێکاف پەیوەندییان هەیە و دەزانن ژێکاف کێیە و کێ نییە، تەقازای بەشدار بوون لە ژێکافدا لە ڕێگەی ئەوانەوە دەگەیەنێتە دەست ژێکاف بەڵام بێ ئەملاوئەولا ڕەت کرایەوە.

**کەریم مەرەسەنە:** حەز دەکەی با لێرە کەوانەیەک بکەینەوە. بەر لەوەی پێشەوا بێتە ناو کۆمەڵەی ژێکاف، ئێمە باسی ئەوەمان کرد کە کاروباری فەرهەنگیی وەک گۆڤاری نیشتیمان و ئەوانە بووە. ئێمە دەزانین کە پێش هاتنی پێشەوا بۆ ناو ژێکاف، لە مەهاباد قوتابخانەی کوردی هەبووە کە منداڵانی فێری خوێندن و نووسینی کوردی کردووە. ئێوە باسی ئەوەتان کرد کە قازی محەممەد کەسایەتییەکی بە دەستەڵاتی شارەکە بووە و لەلایەن دەوڵەت و خەڵکیشەوە ئەو مەشرووعیەتەی پێدراوە. مەبەستم ئەوەیە کە داخوا ناکرێ ئەمە بەو مانایە بێ کە پیاوە بە دەستەڵاتەکەی ئەو ناوچەیە، بێ ئەوەی هاتبێتە ناو کۆمەڵەی ژێکاف، هەر لە سەرەتاوە ئاگاداری ئەو چالاکییانە بووبێ و ڕۆڵی لە دامەزراندن و وەڕێخستنیشیاندا هەبووبێ؟

**عەلی کەریمی:** ئەمن زۆرم پێ خۆشە ئەو مەوزووعەت ورووژاند. شتێک کە دەمەوێ لەو بارەوە باسی بکەم ئەوەیە کە لە ئەدەبیاتی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، نوختەی دەستپێکردنی ئەو مێژووە دووی ڕێبەندانی ١٩٤٦ دانراوە ـ ئەو تاریخەی کە کۆمار دامەزراوە. بەڵام یەک هەقیقەت هەیە کە حیزبی دێموکرات باسی لێناکا، هەر لە شەهریوەر (خەرمانان)ی ١٣٢٠ەوە، کە کۆمەڵە بە شێوەیەکی نیوە ئاشکرا نیوە نهێنی لە باخی حاجی داود ئەم کۆبوونەوە گشتییە دەکات، بەو ئاکامە گەیشتووە کە دەبێ تا ڕادەیەک خۆی ئاشکرا بکات، نەک بڵێی هەموو سەرکردایەتی و ئەندامانی ئاشکرا بکات، بەڵام بە شێوەیەک لە شێوەکان هێژمۆنیی خۆی تا ڕادەیەک چەسپاندووە. هەر بۆیەشە کە دەتوانن گۆڤار دەرکەن، نووسراوەی کوردی دەرکەن، منداڵان فێری زمانی کوردی بکەن. ئەوکاتی ڕۆژئەژمێری کوردی بە دیواری هەموو ماڵێکیەوە بووە و بە گەورەییش لێی نووسراوە کە ئەمە لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ژێکافە. کەوابێ نە تەنیا مەدرەسەی کوردی و ئەوانە هەبووە، تەنانەت جۆرێک لە خۆبەڕێوەبەریی دیفاکتۆ دروست بووە. بۆ ئەمن زۆر جار گوتوومە کە ئەوە هەڵەی حیزبی دێموکراتە کە دەڵێ تەمەنی کۆمار یازدە مانگ بوو. ئێمە دەبێ ئەو مێژووە لە ١٩٤٢ ڕا حیساب بکەین تا ١٩٤٦ کە کۆمار هەڵدەوەشێ، لە ناوچەی ژێر نفووزی کۆمار و هەتا بەربڵاوتریش جۆرێک لە خۆبەڕێوەبەری هەبووە کە تێیدا کورد حوکمی کردووە، هەر ئەوکاتی سۆڤیەتییەکان بە ڕەسمی هاتوونە مەهاباد، بازرگانەکانیان هاتوون شتیان کڕیوە. ئەوکاتە بۆنێک لە دامودەزگای

حکوومەتیی محەمەد ڕەزا شا - کە ئەوکاتی تازە باوکیان دەرکردبوو و ئەویان لەجێ دانابوو - نەبوو. تەنیا شتێکی سەمبولیک لەناو شاری مەهاباد هەبوو بەناوی شارەبانی مابوو کە هەموو پاسەبانەکانیشی کورد بوون، یەک ئەفسەری عەجەم و فارس و شت نەمابوون، هەمووی هەڵاتبوون، دوای داگیرکردنی ئێران لەلایەن سۆڤیەت لە سەرەوە و ئەمریکا و ئینگلیز لە خوارەوە. ئینگلیز و ئەوانە تا کرماشانیشیان لە دەستدابوو، بەڵام ناوچەی موکریان بۆشاییەکی دەسەڵاتی تێدا هەبوو، کە نە سۆڤیەت زۆری بەلاوە گرینگ بوو نە ئینگلیز و ئەمریکاش گەیشتنە ئەوێ تا پڕی بکەنەوە. ئەم بۆشایی دەسەڵاتە ژێکاف پڕی کردبۆوە، حکوومەتێکی ڕانەگەیەنراو دانرابوو کە قۆڵسووری هەبوو و خەڵک لەژێر هێژمۆنیی ژێکافدا شەوانە پارێزگارییان لە شارەکەیان دەکرد...

**کەریم مەرەسەنە:** ئەو قۆڵسوورانە کێ دایانابوون، ئەگەر شارەبانی لەوێ بووبێ داخوا ناکرێ شارەبانی دایانابن؟

**عەلی کەریمی:** نەخێر نەخێر، ئەوانە خودی ژێکاف دایانابوون، ئەوکات مەهاباد هەڕەشەیەکی لەسەر بوو - کاتێک ئەرتەش نییە، شارەبانی و هیچ شتێکی دیکە نییە، هەڕەشەی ئەوە هەبوو کە عەشایەری تاڵانچیی دەوروبەر بێن شارەکە تاڵان بکەن، چوونکا ئەمە پێشتر لە زەمانی سمایلاغا و میرزا خەلیل و ئەوانەدا ڕوویدابوو. ئەوەبوو کە خەڵک بۆخۆیان، وە بە تایبەت شەخسی پێشەوا قازی محەمەدیش لەم خۆبەڕێوەبەرییەدا بووە، ئەمە بێ ئەوەی هاتبێتە ناو کۆمەڵەی ژێکاف. ئەم خۆبەڕێوەبەرییە بە بەشداریی خەڵک و شەخسی پێشەوا، لەژێر هێژمۆنیی کۆمەڵەی ژێکافدا هەبوو. خۆ ئەگەر لە ساڵی ١٩٧٩ کە شۆڕش کرا لە ئێرانێ و شا ڕۆییشت، ئێمە بۆخۆمان گەنجەکانی سابڵاغێ، بەبێ ئەوەی کەس پێمان بڵێ کێشکمان دەکێشا و شار لە دەست خەڵکدا بوو. جا ئەوکاتیش هەر وا بووە، خەڵک هاتوون قۆڵسووریان داناوە کە ئاگایان لە ملک و ماڵ و دووکان و بازاڕی شارەکە بێ. بە تایبەت بەرەو ناوچەی مەنگوڕان نیگابانیی تەواویان داناوە - هەڵبەت تفەنگ و شتیان یان نەبووە یان زۆر کەم بووە، بەڵام بەو چەکە کەمەی لە دەستیاندا بووە شارەکەیان بەڕێوە بردووە. هەر ئەوە نا، مەدرەسە دانراوە، تەجارەتخانە دانراوە، گومرگ وەرگیراوە، ئەمانە هەموو کورد بۆخۆی کردوویەتی بەڵام ئەوەندەیە کە نێویان لێ نەناوە. هەر عەینی ئەوەی کە ئێمە لە ١٩٩١ەوە لە باشووری کوردستان، دوای ڕاپەڕین و ڕۆیشتنی هێزەکانی سەدام کوردەکان بۆخۆیان حکوومەتێکی خۆجێیان دروست کردووە بەبێ ئەوەی کە ناوی دەوڵەتی لێ بنێن، بەبێ ئەوەی ناوی هەرێمی لێ بنێن. ئێستاش لە ڕۆژئاوا عەینی شت دووبارە بۆتەوە. هەرچەند ئەوەی ئەوێ مۆدێرنترە، حیزبێک هەیە کە هێژمۆنیی خۆی چەسپاندووە و حکوومەتی خۆی دروست کردووە. ئەمە هەقیقەتێکە، بەڵام ئەوەیە کە لە دووی ڕێبەندانی ١٩٤٦دا ئەم بەڕێوەبەرییە خۆجێییە بە ڕەسمی کرا. ئەمە بۆ کرا و چۆن کرا بۆخۆی مەسەلەیەکە...

**کەریم مەرەسەنە:** ئەمن بۆخۆم ئەو ماوەیە زۆر شتم سەرلەنوێ خوێندۆتەوە، چ ئەوانەی کە سەرکردەکانی حیزبی دێموکرات نووسیویانە و چ ئەو کتێبە کە جەنابت سەبارەت بە مامۆستا زەبیحی نووسیوتە و بڕێک شتی دیکەش. بەڵام ئەوەم ئێستاش بۆ ڕوون نەبۆتەوە کە داخوا پڕۆسەی تێکچوونی کۆمەڵەی ژێکاف و دامەزرانی حیزبی دێموکرات و کۆمار چۆنە، چوونکا

چەندین گێرانەوەی جۆربەجۆر هەیە. هەندێ کەس ـ بۆ نموونە جەنابت - دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە دامەزرانی کۆمار زۆر نزیک دەکەیەوە، واتە ئەو تاریخە ڕەت دەکەیەوە کە حیزبی دێموکرات بۆخۆی وەک مێژووی دامەزرانی خۆی ڕایگەیاندووە... ئێمە ئەوانە چۆن ساغ کەینەوە؟ بۆ نموونە کەی کۆمەڵە هەڵوەشا، کەی حیزبی دێموکرات دامەزرا و چۆن چۆنی بوو ئەمە؟

**عەلی کەریمی**: زۆر زۆر سادەیە، ئێمە بەڵگەی حاشاهەڵنەگرمان هەیە، ئەوەی کە من پێشتریش عەرزم کردی کە ئەگەر بتوانی ژمارەکانی ١٤ و ١٥ گۆڤاری گزینگ وەدەست بخەی کە لە ستۆکهۆڵم دەردەچوو، ئەو شتانەم بە وردی باس کردووە. (ـ بەداخەوە ئەوانەمان دەست نەکەوت) بەڵام لە گۆڤاری نیشتیماندا، ئەگەر سەیری بکەی دەبینی یەکەم ژمارەی لە پووشپەڕی ١٣٢٢ کە دەبێتە جولای ١٩٤٣ دەرچووە و دوایەش ژمارەکانی دیکە، هەتا دەگاتە ژمارە شەش لە کاتی خۆیدا و بێ کێشە دەرچووە. بەڵام لەم ژمارە بەدواوە نیشتیمان دوا کەوتووە - وەک دەبینی ژمارەکانی ٨،٧ و ٩ پێکەوە چاپ کراون و دوا کەوتووە. ئەمە بۆچی دواکەوتووە؟ ئەوەی کە ئێمە بیستوومانە و خۆیان باسیان کردووە ئەوەیە کە ئەوان بە تەما بوون ئیتر ئەم هاتوچۆی چاپخانەی ئەرامەنەی تەورێز نەکەن و هاتوونە سەر پێ و دەتوانن لە خودی مەهاباد دەزگایەکی چاپ پەیدا بکەن و نیشتیمان چاپ کەن، ئەوەشیان کردووە ...

**کەریم مەرەسەنە**: مەبەستی من لێرەدا ئەوە بوو کە مێژووی هەڵوەشانەوەی ژێکاف و دامەزرانی حیزبی دێموکرات ساغ کەینەوە...

**عەلی کەریمی**: وەختێک ئەو سێ ژمارە دێتە دەرێ - کە وەک دەبینی مێژووەکەی بەهاری ١٣٢٤ واتە ١٩٤٥ ە - دوای وی ماوەیەکی زۆر نیشتیمان دەرناچێ. ئێمە بەپێی ئەو بەڵگانە کە لە بەر دەستمان دایە (واتە ژیاننامەی سەرلەشکر زەنگەنە و ئەو تاریخانەی دواتر لە ڕۆژنامەی کوردستانی سەردەمی کۆماردا باسیان کراوە بۆمان دەردەکەوێ) دەزانین کە زەبیحی دوای ئەم کۆژمارەیەی نیشتیمان تووشی سەفەرێک دەبێ لەگەڵ مامۆستا هەژار و چەند کەسی دیکە، ئەویش سەفەری ملاقات لەگەڵ کۆمەڵەی هیوایە لە چیای داڵاپەڕ، لەماڵی شێخ عوبەیدوڵای زینوێ. وەختێک زەبیحی لەو سەفەرە دێتەوە دەگیرێ. دڵشاد ڕەسووڵی، قاسمی قازی و زەبیحی دەگیرێن. وەختێک جانتا و کۆڵەپشتییەکانیان دەگەڕێن، دەبینن ئەوانە ئاڵای کوردستانیان پێیە و ئەو هەموو نووسراوە و شتەیان پێیە. ئیدی سەرلەشکر زەنگەنە یەکسەر بە بەلەم دەیانگوازێتەوە و ئەوبەری گۆلی ورمێ و لەوێوە بۆ تەورێز و لەوێشەوە دەیانبەنە تاران. ئەوەی کە حاشای لێ ناکرێ، ئەوەیە کە لەم تاریخەوە کە سەرلەشکر زەنگەنە دەیڵێ ـ کە زۆر دوای چاپی نیشتیمانی حەوت و هەشت و نۆ نییە ـ زەبیحی لە تارانێ بە درێژایی هەشت مانگ و چەند ڕۆژ دەگیرێ. لەو بەینەیدا قازی محەممەد دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف.

**کەریم مەرەسەنە**: واتە پێشەوا تا ئەوکاتی ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف نەبووە...



سەرچاوە Serchawe

**عەلی کەریمی**: نەخێر نەبووە، لە هیچ جێگایەکدا نە ناوی هەیە، نە ناوی نهێنیی هەیە، نیشتیمان کە لیپاولیپە لە ناوی نهێنی بەڵام ناوی ئەوی تێدا نییە. ئەو ناوانە هەمووی ساغ کراونەوە بەڵام هیچ کامیان ناوی پێشەوا نین، تا دواتر کە زەبیحی دەگیرێ و ئەویش دێتە ناو کۆمەڵە و ناوی "بینایی"یان بۆ داناوە، بەڵام لەنێو نیشتیماندا و لەنێو نووسراوەکاندا ئەو ناوە دیار نییە. زەبیحی کە دەگیرێت، ئێمە یەک شتمان زۆر بە ڕوونی بۆ ڕوون دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ژێکاف لە سەر هاتنی پێشەوا بۆ ناو کۆمەڵە یەکدەست نەبووە، جەماعەتێک هەبوون کە پێیان خۆش بووە پێشەوا بێتە ناو کۆمەڵە، گوتوویانە هێژمۆنی و دەستەڵاتی هەیە بێ لەگەڵمان بکەوێ باشە، جەماعەتێکیش گوتوویانە نا با نەیەت، ئێمە پەیڕەو و پرۆگرام و ئایینی ژێکاف ئەوەیە کە ڕێگە بە هاتنی ئاغا و شێخ و مەلا نادات. بەڵام لەوەیدا کە زەبیحی و قاسمی قازی قادری و دڵشادی ڕەسووڵی دەگیرێن، قازی دەبێتە ئەندام. لەو بەینەیدا فیرقەی دێموکرات ئێعلانی حکوومەت دەکات، وە لەو بەینەیدا هەیئەتێک لە مەهابادەوە بۆ جاری دووهەم بۆ باکۆ دەعوەت دەکەن. ئەم کۆبوونەوە بە سەرۆکایەتیی قازی محەمەد بووە، لەوێ باقرۆف پێیان دەڵێ کە ژێکاف بۆ ئەوڕۆ بەکار نایە، ژێکاف باسی کوردستانی گەورە دەکا و ... ئێوە ئەگەر دەتانەوێ شتێک بکەن لە ئێرانێ ئەوە ئێمە فیرقەی دێموکراتمان داناوە ئێوەش، کە هەر سەر بە ئازەربایجانن، لەگەڵ فرقەی دێموکرات بن. لێرەدا پێشەوا بە شەهامەتەوە تووڕە دەبێ و دەڵی ئەگەر ئەتۆ ئەمن هەر دەخەیە ژێر دەستی فیرقەی دێموکراتی تەورێزێ، ئێمە تارانمان پێ باشترە، بەڵام ئەوەی ناکەین. وردەکاریی ئەم سەفەرە بە تاریخ و بە سەعات لە "گزینگ"ی ژمارە ١٤دا ساغ بۆتەوە ـ هەمووی بە بەڵگە ـ کە (سەفەرەکە) دروست سێ مانگ پێش دووی ڕێبەندانی ڕاگەیاندنی ساڵی کۆمارە. کە دێنەوە قازی کۆبوونەوە دەکا و دەڵێ کە بابە ڕووسەکان لێمان قبووڵ ناکەن، ژێکافیان بەدڵ نییە، گوتوویانە ئەگەر هەر بە قسەمان ناکەن و لەگەڵ ئازەربایجان نابن، ئەوان فیرقەی دێموکراتن و ئێوەش حیزبێکی دێموکرات دانێن. ئەوکاتی قەواموسەڵتەنەش لە تارانێ حیزبێکی دێموکراتی دانابوو، باو باوی حیزبە دێموکراتەکان بوو... ئیتر پێشەواش لە جیاتی فیرقەی دێموکراتی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستان دادەنێن - بە شێوەیەکی تەنیا فۆرماڵیتە و بە ئیمزاکردنی تۆمارێک لەلایەن خەڵکی شار و پیاوماقووڵەکان بۆ ئەوەی شەرعیەت بدەن بەوەی کە بە سۆڤیەتییەکان بڵێن ئێمە کۆمەڵەی ژێکافمان هەڵوەشاند و ئەوە حیزبی دێموکراتمان دروست کرد، ئەوەش بەیاننامەکەی.

**کەریم مەرەسەنە**: بەپێی ئەو شتەی جەنابت لە کتێبەکەتدا نووسیوتە، ئەم تاریخە ئۆکتۆبری ١٩٤٥ـە، ئایا ئەمە هاوکات مێژووی نەمانی ڕەسمیی کۆمەڵەی ژێکافیشە؟

**عەلی کەریمی**: بەڵێ وایە، لە ژانوویەی ساڵی دواتریشدا، واتە سێ مانگ دواتر - کە دەکاتە دووی ڕێبەندان ـ کۆمار دروست دەبێ. بەڵام ئەگەر ئەتۆ سەیر بکەی حیزبی دێموکرات یان لە ڕووی نەزانییەوە یانیش بە ئانقەست، ڕۆژی دامەزرانی خۆی دەکاتە بیستوپێنجی گەلاوێژ - کە بە ڕۆژئەژمێری زایینی دەکاتە ١٦ی ئاگوستی ١٩٤٥ - دەنا ٢٥ی گەلاوێژ، بە پشتبەستن بە نووسراوەکانی گۆڤاری نیشتیمان، ڕۆژی دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکافە، هەمان کۆبوونەوەی کە پێشتر باسمان



سەرچاوە
Serchawe

کرد. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە لە ژمارە ٢٤ی ڕۆژنامەی کوردستانی سەردەمی کۆمار، هەژار شێعرێک دەڵێ بەسەر زەبیحیدا کە لە زیندان ئازاد بووە، ئەم شێعرەی هەژار لەم تاریخەدا بۆمان مەعلووم دەکا ـ هەروەها ئەوەش کە لە ژمارەی پێشووتر مزگێنیی ئازادبوونی زەبیحی و هاوڕێیانی دراوە. ئەم ژمارە لە زستانی ١٩٤٥دا چاپ بووە، لە مانگی بەفرانباردا. چوونکا دوو ـ سێ حەفتە پێش دووی ڕێبەندان کە کۆماری تێدا ڕاگەیەنراوە، یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە چاپ دراوە. مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە ڕووسەکان پەیامی ڕوون و کۆنکرێت دەدەن بە وەفدەکەی مەهاباد کە بە سەرکردایەتیی قازی محەمەد چووبووە باکۆ کە ئێمە لە گەڵ ژێکاف هیچ ناکەین. ئەوانیش بیر لەوە دەکەنەوە کە بەبێ پشتیوانیی دەوڵەتێک هیچیان ناکرێت، دەڵێن مادام سۆڤیەتمان لەگەڵە با شتێک بکەین کە ئەوانیش ڕازی بکەین. هەڵبەت بناغەی هاوکاری لەگەڵ سۆڤیەت ژێکاف دایناوە، ئەوە زەبیحییە کە بە نامەی بە شێوەیەکی بەردەوام لەگەڵ کۆنسولی سۆڤیەت لە تەورێز لە پەیوەندیدا بووە، هەتا لەوێدا باسی ئەوەی بۆ کردوون کە حیزبەکەی چەند بەهێز و گەورە بووەتەوە ـ ئەو نامانە هەموو لە کتێبەکەی مندا چاپ کراون و تەرجەمەش کراونەوە. بەڵام کاتێک زەبیحی دەگیرێ، قازی مەجالی بۆ دەڕەخسێ هەم بێتە ناو ژێکاف و یەکسەریش - بەهۆی ئەم دەستەڵات و هێژمۆنییەوە کە هەیەتی لە شارەکە، دەوری سەرکردە دەبینێ. بە تایبەت کە سێ سەرکردەی سەرەکیی ژێکاف لە بەندیخانەن، وە لەنێو ئەو سێ کەسەشدا، ئەوەی کە هەڵسووڕێنەری سەرەکیی ژێکافە (ئەوە قسەی من نییە، دوکتۆر شیرازی و زۆر کەسی دیکەش شایەدی ئەوە دەدەن کە زەبیحی کەسی سەرەکیی کۆمەڵە بووە و تەقریبەن هەموو کارەکانی کۆمەڵە ئەو کردوویەتی) وەختێک ئەوانە لە بەیندا نین پێشەوا قازی دەبێتە هەموو کارەی کۆمەڵە. بۆیەش هەندێ لە کەسوکاری زەبیحی شک و گومانی ئەوە دەکەن کە دەستێک، تەوتەئەیەکی کوردی لە پشت گرتنی زەبیحی هەبووە، دەنا خۆ ئەو دەم هاتوچۆی ورمێ و شێخان و ئەوانە هاسان بووە. خۆ ئەرتەشی شا دەستەڵاتێکی وای نەبووە کە بتوانێ خەڵکی بگرێ.

**کەریم مەرەسەنە:** حەز دەکەی جارێ لەو مەسەلەی "تەوتەئە" و شتە دەگەڕێین. با باسی ئەوە بکەین کە بەشێک لە ئەندامانی ژێکاف نەچوونە ناو حیزبی تازە دامەزراو، بەڵام زەبیحی کە لە زیندان دێتەوە ڕێوڕاست دەچێتە ناو کۆمار و دەست دەکا بە کار. ئەمن وا لە قسەکانی تۆ دەگەم کە دەبێ زەبیحی بە هەڵوەشانەوەی کۆمەڵە و دامەزرانی حیزبی دێموکرات ڕازی نەبووبێ، هەڵبەت تۆ ئەوەت لە کتێبەکەشتدا باس کردووە. بەڵام داخوا چۆنە کە ناوبراو هەر لە زیندان دێتە دەرێ یەکسەر لە ناو کۆماردا دەست بە کارکردن دەکا و وەک دەبینین لە زۆر وێنەشدا لە تەنیشت پێشەوا ڕاوەستاوە و وەک بڵێی هەمیشە لێی نزیک بووە؟

**عەلی کەریمی:** زەبیحی نەهاتۆتە ناو کۆمار، بەڵکوو ئەو بۆ کۆمار و کۆماریش بۆ وی بوونە ئەمری واقیع. هەقیقەت ئەوەیە کە کاتێک زەبیحی (لە زیندان) دێتە دەرێ، وەک کوودەتایەکی لێکرابێ، کۆمەڵە لەسەر ویستی باقرۆف و بە ئیمزای کۆمەڵێک پیاوماقووڵی شاری مەهاباد ـ کە ڕەنگە فرێشیان بەسەر ژێکافەوە نەبووبێ بەڵام قازی بۆ مەشرووعیەتدان بە کارەکەی ئیمزای لێ وەرگرتوون ـ بووە بە حیزبی دێموکرات. زۆر کەس، لەوانە دایکی من، لەبیری مابوو کە تۆمارێکیان

بە گەڕەکاندا گێڕاوە و گوتوویانە ئێمە ئەوە حیزبی دێموکراتمان داناوە و فەرموون ئیمزای بکەن. ئەوەندەی بۆ منیان گێڕاوەتەوە، ئەوانەی ئیمزاکانیان کۆ کردۆتەوە گوتوویانە ئەوە هەر ژێکافەکەیە بەڵام، بۆ ئەوەی ڕووسەکان لێمان ڕازی بن، ناوەکەی وا لێدەکەین. خەڵکیش زۆری بەلاوە گرینگ نەبووە، وایان بیر کردۆتەوە. کە خوابکا ڕووس پشتیوانمان بێ، با ژێکاف نەبێ و دێموکرات بێ. تەنانەت لە سەرەتاوە ناوی حیزبی کۆمەڵەیان لێناوە. یەکەمجار ناوی حیزبی کۆمەڵە لەوە ڕا هات کە پێشەوا لە باکۆ گەڕاوە ـ ئەوکاتی کە زەبیحی لە زیندان بووە. ئەو کارەشی بۆیە کردووە کە بە خەڵکی بڵێ هەر کۆمەڵەکەی جارانە بەڵام حیزبەکەیان پێوە نووساندووە. دواتر وردە وردە کە بەو ئیمزایانە مەشرووعیەتیان پێدا، حیزبی دێموکراتەکەیان ئاشکرا کرد. کە ئەمە کرا، زۆر بەپەلە بە لاساکردنەوەی فیرقەی دێموکرات و بۆ ئەوەی لەوان دوا نەکەون، لە دووی ڕێبەنداندا - ژانوویەی ١٩٤٦ - بە دەعوەتێکی گەورە لە عەشایەری سۆما برادۆست، دێبوکری و بارزان، سێرمۆنییەکیان دروست کرد و جومهوری ئێعلان کرا. لەو سێرمۆنییەدا پێشەوا چووە سەر بەرزاییەک و لەوێوە سوێندی خوارد و خۆی کرد بە سەرکۆمار. خۆ لەنێو خودی ئەو میتینگەشدا، قسە و ناڕەزایەتیی خەڵک ـ وەک سەید عەبدوڵا ئەفەندی و ئەوانە ـ هەبووە. لەنێو خودی ڕۆژنامەی کوردستانیشدا ئەگەر ئەتۆ بە وردی بگەڕێی، نوتقی ئاغای محەمەد ئەمینی موعینی بۆ وەڵامدانەوە بنەماڵەی سەید عەبدوڵا ئەفەندی بە ئاشکرا دیارە. ئاخر ئەو بنەماڵە خۆیان بۆ ئەوە دانابوو کە ئەوان گەورەی کوردان بن، بەڵام بەهەر حاڵ هەموو بێدەنگەیان لێکرد. ئەوەش لە پێناو ئەوەی کە بەڵێ ئێمە شتێکی گەورە دەکەین و ... هەموو لایەک بێدەنگەیان لێکرد. هەڵبەت بەشێکی زۆر لە ژێکاف چووە ژێر سەیتەرەی کۆمارەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی تازە شتەکە لە دەست ئەوان دەرچووبوو. وەک چۆن مەلا قادری مودەڕیسی بە ڕوونی لە وتووێژەکەیدا دەڵێ کە ئیتر شتەکە لەدەست ئێمە دەرچووبوو، خۆ نەماندەتوانین دوژمنایەتیی جومهوری کوردیش بکەین. بەڵام ئەوەش دەڵی ئەوەی کە ئێمە دەمانەویست کوڕە خوێندەوارەکان و ئەوانەی هەژار و دڵسۆزن جڵەوی سەرکردایەتی بە دەستەوە بگرن، ئەوە دیسان لە دەستمان دەرچوو. ئەتۆ ئەگەر دیقەت لە نامەکەی مەلا قادری مودەڕیسی بگری ئەو شتانەت هەموو بۆ دەردەکەوێ. لەلایەکی دیکەوە شتێکی دیکەش لە گۆڕێدا بوو، ئەویش ئەوە بوو کە تۆ کاتێک دەبووی بە ژێکاف، سوێندن دەدرای کە نەبی بە ئەندامی هیچ حیزبێکی دیکە، خیانەت بە کۆمەڵە نەکەی ـ ئەو سوێندانە لە نیشتیماندا هەیە و ئەگەر ویستتان دەتوانن لە کاتی پیادەکردنی ئەم وتووێژەدا نموونەیان لێ بێنیەوە. جا بەهۆی ئەو سوێندەوە و بۆ ئەوەی خیانەتیان لە ژێکاف نەکردبێ، نەچوونە ناو حیزبی دێموکرات، بەڵام دوای ئەمە خزم و کەسی قازی لە کۆمار و لە حیزبەکە کۆبوونەوە ـ هەر لە حەمە حوسێن خانەوە بگرە تا سەدری قازی و هەموو تایفەی قازی دەوری پێشەوایان دا و دوای ئەوانەش ئیدی شێخ و مشایەخ و مەلا و ئاغا لە نزیک بە هەموو شوێنەکانەوە پۆل پۆل هاتنە نێو کۆمار و بوون بە دەستەو دایرەی کۆمار و پێشەوا قازی. لەوش بەولاوە خەڵک هەموو کە دەبینن جومهوری ڕاگەیەنراوە و لە سەر بیناکان ئاڵای کوردستان دەشەکێتەوە شاد و دڵخۆشن و جەوێکی خۆش هەیە لە شارەکە. جا لەو کەشوهەوایەدا زەبیحی دێتەوە. هەڵبەت چۆن دێتەوە ئەویش بۆخۆی داستانێکە، کێ ئازادی کرد و بۆ ئازاد بوو و ئەمانەش بۆخۆیان داستانێکن.



سەرچاوە
Serchawe

لێرەدا شتێک هەیە دەمەوێ باسی بکەم. شێعرێکی مام هەژار هەیە کە لە ڕۆژنامەی کوردستان(ژمارە ١٩، ساڵی یەکەم، دووشەمۆ ٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٤)دا دەڵێ قەل لێی خوێندوون (کوتایو نەکرد بو سەربەرزی گەل - بەلان رووی رەش بی لیی قراندن قەل . قرەی قەل ایوەی خستە زیندانی - ئەوەش انتقام دەردی دەزانی). ئێمە دەبێ لەوەی بکۆڵینەوە، قڕەی قەل یانی چی، قڕەی قەل یانی جاسووسی، قرەی قەل یانی ناوخۆ، خۆ کورد بە دوژمن ناڵێ قەل، ناڵێ جاسووس، ناڵێ ناوخۆ. دوژمنێک کە تۆ بگرێ خۆ ناڵێی جاش و جاسووس گرتمی، بەڵام ئەگەر من بێم وەک برایەک تۆ تەحویل بدەم یان ڕاپۆرت لە تۆ بدەم، ئەوە دەبێتە قڕەی قەل، ئەوە لە ئەدەبیاتی کوردیدا ڕوون و دیارە. هەژار لەو شێعرەیدا بە ئاشکرایی و بە ڕوونی دەڵێ قڕەی قەل. ئەمانە و زۆر شتی دیکە بۆمان دەردەخا کە گرتنی زەبیحی لە ١٩٤٥ موئامەرەیەکی تێدایە...

**کەریم مەرەسەنە:** ئێمە ناتوانین بە دڵنیاییەوە ئەوە پشتڕاست کەینەوە، بەڵام دەکرێ بڵێین کە گومان دەکرێ وا بووبێ...

**عەلی کەریمی:** گومانەکە زۆر زۆر بە قوەتە، ئەوەدەمی وشەی "دەوڵەتخواە" هەبووە، گێڕانەوەکان ئەوە نیشان دەدەن کە هەندێ کەس گوتوویانە "هەتا ئەو هەتیوەی سۆفی مینە بمێنێ، ئەم دەوڵەتی شاهەنشاهییە ئاسوودەیی بەخۆیەوە نابینێ، ئەوی لە شارەکە دوور خەنەوە ئیدی سابڵاغ ئارام دەبێ و نی خۆتانە"، ئاوایان بە ژێنەڕاڵەکان گوتووە، ئاوایان بە ڕابیتەکانی حکوومەتی شا گوتووە.

**کەریم مەرەسەنە:** ئەو شتانە بەچیدا مەعلوومە، ئێمە چۆن بزانین کە ئەم گومانانە دەکرێ ڕاست بن؟ خۆ دێڕێک شێعر بەشی ئەوە ناکا کە بڵێین لە سەدا سەد وایە.

**عەلی کەریمی:** ئەمە لەو وتوویژانەشدا دەرکەوتووە کە من کاتی خۆی لەگەڵ ئەو کەسانەی مابوون کردوومە، بۆ نموونە من وتوویژم لەگەڵ دایکم کردووە، لەگەڵ نەجمەدینی تەوحیدی و مەلا قادری مودەڕیسی و هاشمی شیرازی و ئەوانەی کە لەوێ بوون. بۆ نموونە هاشمی شیرازی ئەکتەرێکی "دایکی نیشتیمان" بووە، ئەو شتانەم لەو وتوویژانەدا بۆ دەرکەوتووە، خۆ لەخۆوە شتێک ناڵێم...

**کەریم مەرەسەنە:** هەڵبەت بە وەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بەشێک لەو کەسانەی دواتر هاتنە ناو کۆمار و پۆست و مەقامی سەربازی و ئەوانەیان وەرگرت و پەیوەندیشیان لەگەڵ مەرکەز هەر نەپساندبوو و دواتریش یەکسەر چوونەوە ناو دەوڵەت، ئەو شتەی جەنابت دەیڵێی ڕێی تێدەچێ.

**عەلی کەریمی:** ئاخر دەنا ئەو شتە (گیرانی زەبیحی)نەدەبوو، ئەو زەمانی سۆڤیەت لە ڕەزایەی دەستەڵاتی یەکەم بوو. لە ئاخرەکەشدا ئەوەی کە ئەمن بیستوومە، خودی سۆڤیەتییەکان لە تاران فشار بۆ مەرکەز دێنن، فشار بۆ قەوام دێنن کە

دەبێ زەبیحی ئازاد بکرێت. یەکێک لە بەڵگە ڕەسمییەکان ئەوەیە کە کاتێک زەبیحی ئازاد دەبێ، یەکسەر دەیبەنە قۆنسولخانەی سۆڤیەت لە تەورێزێ. کاک قسمی قازی قادری کە لە زیندانا زۆر خراپ نەخۆش بووە، یەکسەر لە تارانەوە ڕایدەگوازن بۆ نەخۆشخانەی ڕووسەکان لە تەورێز بۆ ئەوەی کە موعالەجەی بکەن.

جا کە زەبیحی هاتە دەرێ و گەیشتەوە سابڵاغ، دەبینێ هەیهوو. ئەو کەش و هەوای نیشتیمانی ژمارە حەوت و هەشت و نۆی بەجێ هێشتووە، مەهابادی ئەو سەردەمی بەجێ هێشتووە، کەچی کە دێتەوە دەبینێ دایرە هەیە و مەحکەمە هەیە و مقەڕی سەرکۆمار هەیە و ژێنراڵ بارزانی هەیە و حەمە حوسێن خان هەیە و حەمە ڕەشید خانی بانە هەیە و عومەرخان هەیە و جومهورییەک هەیە و ئیدارەیەک هەیە و... تۆ بی لە جیاتی زەبیحی چی دەکەی؟ بە تاقی تەنیا، هەشت نۆ مانگە لە زیندانی و ئاگات لە هیچ نییە، هاتوویەوە بەسەر ئەو وەزعەدا کەوتووی.

ئەمن ئێستا زۆر دژی ماڵی بارزانیم، هەموو کەس ئەوەی دەزانێ، لە نووسین و قسە کردن و هەموو شتێکمدا ئەوە دیارە، بەڵام سبەینێ ماڵی بارزانی جومهوریەتی کوردی دروست کەن کوا من دەتوانم دژایەتیی جومهوریەتەکە بکەم؟ ناتوانم، چوونکا ئەمە شتێکی گەورەیە. بۆیەش دەبینی زەبیحی دژایەتیی کۆماری نەکردووە، بەڵام لەناو دڵی خۆیدا چەندی پێ هەڵە بووە و چەندی حەسرەت پێ خواردووە، ئەمە مەوزووعێکی دیکەیە.

**کەریم مەرەسەنە**: کاک ئەمیری حەسەنپوور نیشانەیەک لەو نارەزایەتییەی لە قامووسەکەی مامۆستا زەبیحیدا دۆزیوەتەوە. بە گوێرەی پرۆفسۆر حەسەنپوور زەبیحی ڕەخنەی خۆی لە پێشەوا، لە شیکردنەوەی وشەی "بەیعەت"ەوە پێچاوە، دە لابەلای وشەکانی هاویشتووە. بەڵام بەو حاڵەش، هەر وەک لەو وتووێژانەدا دەردەکەوێ کە تۆ کردووتن، زەبیحی کە لە زیندان دێتەوە جێگایەکی هەیە، ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێ و هەتا لە ئەدەبیاتی زارەکیشدا بە "وەزیری خاریجە" باسی دەکرێ...

**عەلی کەریمی**: ئەوە هەقیقەتێکە، ئەوە یەک شتمان بۆ دەردەخا، ئەویش ئەوەیە کاتێک زەبیحی دێتەوە، ئەگەر قازی پێی خۆش بووبێ یان پێی ناخۆش بووبێ، شەخسیەت و کاراکتەر و کاریزمای زەبیحی شتێک نەبووە کە حاشای لێبکرێ. هەرچەند کاتێک زەبیحی دێتەوە لەمێژە کابینە دانراوە و وەزارەتەکان هەموو دابەش کراون، بەڵام تۆ دەبینی ناتوانن زەبیحی فەرامۆش بکەن، ناتوانن حیسابی بۆ نەکەن. نە تەنیا ئەوە، بە قسەی خودی د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ کە ماوەی دووساڵ لەگەڵ زەبیحی لە سووریا لە ماڵێکدا ژیاوە، دەڵێ نەتەنیا حیسابی وەزیریان زیاتر بۆ کردووە، بەڵکوو زۆر زۆر لە زۆربەی وەزیرەکان بۆ کار و بۆ قسە و شتی ڕۆژانە لەپێشتر بووە. مەسەلەن مەلایەک کە هەجووی سەرکردەکانی کردووە، لە جێگایەک دەڵێ "زەبیحی زار زل وەزیری خاریج"، لە وێنەکانیشدا دەردەکەوێ زەبیحی لە تەنیشت قازی ڕاوەستاوە، لە نێو وێنەکانی کابینەی وەزیراندا دەبینی کە زەبیحی لە هەموویاندا هەیە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئەگەر جومهوریەت دوو ڕێبەندان دانراوە و زەبیحی سێ مانگ دوای ئەوە - بە شاهیدی ڕۆژنامەی کوردستان ـ ئازاد بووە، هیچ

پۆستێکی وەزارەت و ئەوانەی بەر نەکەوتووە، بەڵام کە هاتۆتەوە ئەمری واقیع بووە. هەم بۆ کۆمار ئەمری واقیع بووە کە زەبیحی کەسێکە لەبیر ناچێ و نابێ لەبیر بکرێ، هەمیش بۆ زەبیحی ئەمری واقیع بووە - چوونکا پەیوەندییەکانی سۆڤیەت بەشی زۆری بە دەستی زەبیحی بووە، لەناو توێژی ڕۆشنبیر و خوێندەواریشدا پێگەی هەبووە. پەیوەندییەکانیش لەگەڵ سەرکردەکانی کوردی باشوور، ئەوانەی پێشتر لە حیزبی هیوادا بوون، پەیوەندییەکانیان هەر لەگەڵ زەبیحی بووە. زەبیحی بۆ قازی و بۆ کۆمار ئەمری واقیع بووە و کۆمار و قازیش بۆ زەبیحی. چوونکا کاتێک هاتۆتەوە و بەسەر ئەو وەزعە نوێیەدا کەوتووە، ناچار بووە دان بە جەرگی خۆیدا بنێ و بڵێ دەی ئەمن کار دەکەم، با لە دڵی خۆشمدا ئیمانم پێ نەبن، بەڵام وا دەکەین ببێتێ، وا دەکەین عەمری درێژ بێتەوە... ئیدی دەستی کردووە بە کار و چالاکی، چووتە جەبهەکان، پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەملا و ئەولا ڕێک خستووە و چالاک بووە. بە شایەدیی خودی خوشکەکانی و دایکیشی، زەبیحی شەو ڕۆژ لەماڵ نەبووە، هەر لە بینای جومهوریەت بووە کاری کردووە. هەتا لە ئاخریدا کە کۆمار هەڵدەوەشێ ئەویش دەڕوا.

**کەریم مەرەسەنە**: هەرچەند دۆسیەکەی ئێمە سەبارەت بە ژێکافە بەڵام لێرەدا بە ناچاری دەبوو ئەو شتانە باس بکرێن کە بە جۆرێک پەیوەندییان بە ژێکافەوە هەر هەیە و دوای کۆماریش هێندێک بابەت هەیە کە دیسان پەیوەندییان بە ژێکافەوە هەیە. بۆ نموونە ساڵێک دوای ڕووخانی کۆمار، گۆڤارێک دەردەچێ بە ناوی ڕێگا کە لەسەری نووسراوە "ئۆرگانی کۆمەڵەی ژیانی کورد"، بەڵام دێڕێک خوارتر نووسراوە "علت تشکیل حزب (ژیان کورد)". ئەم گۆڤارە لە چل ساڵ خەباتی د. قاسملووشدا ناوی هاتووە، بەڵام ئەو ئەوە وەک هەوڵێک بۆ ڕێکخستنەوەی حیزبی دێموکرات ناوی لێ دێنێ - دیارە باسی ئەوەش دەکا کە ئەو لاوانەی گۆڤارەکەیان دەرکردووە، کەسی سەرکردایەتیی پێشووی حیزبیان تێدا نەبووە و لە حیزبی توودە نزیک بوون و ... پرسیارەکە ئەوەیە کە داخوا ئەم گۆڤارە نیشانەیەکە لەوەی کە کۆمەڵەی ژێکاف هەڵوەشانەوەی خۆی نەسەلماندووە یان وەک د. قاسملوو دەڵێ بۆ ڕێکخستنەوەی حیزبی دێموکرات بووە؟

**عەلی کەریمی**: ئەو گۆڤارە "تیۆری"یەکەی من بە قووەت دەکا کە لە کتێبی ژیان و بەسەرهاتی زەبیحیدا هێناومەتە گۆڕێ (نارەزایەتیی زەبیحی لە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە). لێرەدا یەک شتی دیکەش ساغ دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو گۆڤارە ئەو پرسیارانەش وەڵام دەداتەوە کە سەبارەت بە ناوی ژێکاف هەبووە. ئەرێ ژیانی کوردە، ژیانەوەی کوردە یان چییە؟ ئەو گۆڤارە قسەکەی من و ئەو ناوەش ساغ دەکاتەوە. ئەوەی کە ئەمن بیستوومە لە دۆستە نزیکەکانی زەبیحی، ئەوەیە کە وەختێک کۆمار دەڕووخێ و زەبیحی دەگاتە باشووری کوردستان و ماڵی شێخ مەحموودی نەمر - چوونکا لەگەڵ کوڕەکەی شێخی نەمر، واتە لەگەڵ شێخ لەتیف زۆر نزیک دەبێ و دۆستایەتیی، ئەوەندە نزیک بوون کە زەبیحی هاموشۆی ناو ماڵ و منداڵیانی کردووە و وەک کوڕی ماڵێ چاویان لێکردووە . بە هاوکاریی کاک حەسەنی قزڵجی و محەممەدی شاپەسەند، کە بە درێژایی عومری . زیاتر لە سی ساڵ هەر لەگەڵ زەبیحی بووە و پێکەوە کاریان کردووە، دەست دەکەن بە کار بۆ چاپکردنی ژمارەی نوێی "نیشتیمان". شاپەسەند خۆشبەختانە هەم لە بیرەوەرییەکانی نووسی کە بنکەی ژین بۆی چاپکرد، هەمیش یەک دوو وتاری کە لە گۆڤاری هاوار و لە گزینگدا بڵاو بۆوە چاکمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. زەبیحی کە دێتە سیتەک یەکسەر، دوای

کۆمار، دەست بە چالاکی دەکاتەوە. حەسەنی قزڵجی و حەمەی شاپەسەند و خەڵکانێکی دیکەی وەک کاک سدیقی حەیدەری و ئەوانەش کە لە دەوری کۆ دەبنەوە، یەکسەر گۆڤاری نیشتیمانی ژمارە ۱۰ دەردەکا. دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ دەڵێ ئەمن نیشتیمانی ژمارە دەم دیوە (ـ مام هێمنیش لە پێشەکیی تاریک و ڕووندا هەر وا دەڵێ). بەڵێ، دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ دەڵێ دەشزانم بابەتەکانی چی بوون. دەڵێ یەکێک لە بابەتەکانی ئەوە بوو کە لەسەر بابەتێکی ئەوکاتی، بە توندی ڕەخنەی لە پارتی دێموکراتی کوردستان و شەخسی هەمزە عەبدوڵا گرتووە و ئەوەش دەڵێ کە دواتر، ڕۆژنامەکەی پارتی هەر ئەو سەردەمی مەقالەیەکی تێدایە کە دەڵێ "نیشتیمان لە دەوری دوویدا زمانی ئاژاوە".

**کەریم مەرەسەنە:** ئەم ڕۆژنامەیەی پارتی لە دەستدا هەیە کە ئەو شتەی دەڵێ؟

**عەلی کەریمی:** بەڵێ بەڵێ، ئەویش هەیە ـ هەڵبەت ئێستا لە بەردەست نییە ـ بەڵام نیشتیمانی ژمارە دەم تا ئێستا دەست نەکەوتوتەوە. دیارە یەک دوو لاپەرە بووە کە بە چاپێکی زۆر سەرەتایی چاپکراوە، دەزگایەک کە خودی زەبیحی بە هاوکاریی هێندێک کەسی دیکە لەلای ئاسنگەر دروستی کردووە. حەمەی شاپەسەند (لە بیرەوەرییەکانیدا) هەتا ناوی ئەو ئاسنگەرەش دێنێ کە لە سلێمانی یارمەتیی داون بۆ دروستکردنی پیتەکان. ئیتر ئەمان بەو دەزگای چاپە لە "سیتەک" نیشتیمانی ژمارە دە دەردەکەن. گومانی تێدا نییە ئەم هەوڵەی زەبیحی ئەوە نیشان دەدا کە هەڵوەشانەوەی ژێکافی بەدڵ نەبووە و تەنانەت ژیانی چل ساڵەی زەبیحی لە دوای ژێکاف و کۆماریش هەر ئەوەمان پێدەڵێ کە ناوبراو ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵ ئەوە نەبووە ژێکاف هەڵوەشێتەوە و حیزبی دێموکرات دروست بێ؛ ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵ ئەوە نەبووە کە ببێتە ئەندامی حیزبی دێموکرات.

**کەریم مەرەسەنە:** ئاخر مەسەلەی گۆڤاری "ڕێگا"ش هەیە، کە بە پێی هێندێک بەڵگە دەبێ لەگەڵ نیشتیمانی ژمارە دە تەقریبەن هاوکات دەرچووبن!

**عەلی کەریمی:** با ئەمن مەسەلەی گۆڤاری ڕێگات بۆ حەل کەم. کاتێک نیشتیمان چاپ دەبێ و ژمارەیەکی کەمی هەر لە باشووری کوردستان بڵاو دەکەنەوە، بەو ئەندازەیە کە بە دەستی هەمزە عەبدوڵاش بگا. جا ئەو گەنجانەی کە د. قاسملوو باسیان دەکا، کەس نییە بە غەیری کاک غەنی بلووریان. ناوبراو کە لە زەمانی کۆماردا دەینێرن بۆ باکۆیە بۆ خوێندن، یەکێک لەوانەیە کە دوای ڕووخانی کۆمار دەگەڕێتەوە بۆ مەهاباد - زۆریان نەگەڕانەوە، وەک ئەوانەی ماڵی ئەیوبیان و دوکتۆر ئاسۆ و ئەوانە، بەڵام یەک لەوانەی کە دوای ڕووخانی کۆمار و شەهید بوونی پێشەوا و ئەوان دەگەڕێتەوە، مامە غەنی بلووریانە. ئەو کە دێتەوە یەکسەر دەچێ بۆ سیتەک، چوونکا دەزانێ سەرکردەی ژێکاف لە سیتەکە، دەچی لەوێ حەمەی شاپەسەند و زەبیحی و قزڵجی دەبینێتەوە. غەنی هاتووە بۆ خەبەر و باس چەند دانەیەک لە گۆڤاری نیشتیمانی ژمارە ۱۰ی دەدەنێ کە بیباتەوە و لە ڕێگاوە بڵاوی بکاتەوە ـ من ئەوەم لە خودی زمانی محەمەدی شاپەسەند بیستووە، بۆخۆشی ئەوەی نووسیوە.

**کەریم مەرەسەنە:** بەڵام مامە غەنی لە نامەیەکدا بۆ تۆ دەڵێ ئەو شتەی داویانە بە من گۆڤاری نیشتیمان نەبووە ...

**عەلی کەریمی:** جا ئەلێرە دایە کە بە قسەکەی محەممەدی شاپەسەند، د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ و وەک تۆش باست کرد مام هێمنیش، ئەو گۆڤارە بێجگە لە نیشتیمانی ژمارە دە هیچ شتێکی دیکە نەبووە. تەنانەت ئەوەش ڕوونە کە ١٠٠ دانەیان پێداوە کە بیباتەوە و لە ناوچەی موکریان بڵاوی بکاتەوە. بەڵام مامە غەنی ـ چوونکا مەیل و بیر و باوەڕی بەرەو حیزبی توودە بووە، وە ڕەنگە هەر حیزبی توودەش ناردبێتیە لای زەبیحی و ئەوان یان بیروباوەڕی ئەو حیزبە ئەوی کێشابێتە باشووری کوردستان بۆ دۆزینەوەی زەبیحی و ئەوان بۆ ئەوەی بزانێ چی دەکەن ـ ئەو ١٠٠ ژمارەیەی نیشتیمان بڵاو ناکاتەوە، هەقیقەتەکە ئەوەیە کە ئەوانە دەبێ تەحویلی سەرانی حیزبی توودە درابن، یان هەر ئەو حیزبە کۆمۆنیستەی کە د. قاسملوو باسی دەکا کە ئەو کاتی خەریک بووە دامەزرێ. من وای بۆ دەچم کە ئەوانە هاتبن نیشتیمانەکەیان وەلانابێ و یەک لاپەرەیان کە نووسینی کاک حەسەنی قزڵجییە، هێنابێ و نووسینێکی خۆشیان لەگەڵ تێکەڵ کردبێ و بە ناوی "ڕێگا" بڵاویان کردبێتەوە. هەر ئەو ژمارەیەشی لێ دەرچووە کە وەک گوتم دوو لاپەڕەیە.

**کەریم مەرەسەنە:** یانی مەبەستت ئەوەیە کە ئەم ڕێگایەی کە لە پاشکۆی کتێبەکەی تۆشدا چاپ کراوەتەوە هەر گۆڤاری نیشتیمانە بەڵام دەستی لێدراوە.

**عەلی کەریمی:** بەڵێ، من وای بۆ دەچم کە مەقالەکەی کاک حەسەنی قزڵجی کە لەوێدایە تەواو بێت ـ چوونکا عیزەدین مستەفا ڕەسووڵیش دەڵێ کە حەسەنی قزڵجیش لە نیشتیمانی ژمارە ١٠ نووسینێکی هەبووە. ئەمن پێموایە ئەم ڕێگایە تێکهەڵکێشێک بێ لەو وتارەی کاک حەسەنی قزڵجی و نووسراوێکی توودەییەکان. کەوابوو د. قاسملوو باشی نووسیوە کە ئەو سەردەمە گەنجەکانی دوای کۆمار لە ژێر کاریگەریی حیزبی توودەدا بوون و ویستوویانە حیزبێکی کۆمۆنیستی دامەزرێنن کە باڵی حیزبی توودە بێ.

هەر ئەوەش کە نیشتیمانی ژمارە ١٠ کە دراوە بە مامە غەنی و دوایە لە هیچ شوێنێک سەر و سۆراغی نامێنێ، بۆخۆی ئەو شتە پشتڕاست دەکاتەوە. هیوادارم چۆن ڕۆژێک لاپەرە ١٠ی نیشتیمانی ژمارە ٧ و ٨ و ٩مان دەست کەوتەوە لەو ئاخریانەدا، خودی نیشتیمانی ژمارە ١٠شمان دەست کەوێتەوە. ئەودەم زۆر شتی تاریخیمان بۆ دەسەلمێنێ و لەکۆڵمان دەبێتەوە. چوونکا ئەگەر ئێوە لە بیرتان بێ ماوەیەکی زۆر لە هەموو کۆپییەکانی ژمارە حەوت و هەشت و نۆدا لاپەڕەی ١٠ ونە، بەڵام لەم چاپە تازەدا کە من ساڵی ٢٠٠٨ چاپم کردۆتەوە، ئەو لاپەرەیەشمان دۆزیوەتەوە و هاتووەتەوە جێی خۆی.

**کەریم مەرەسەنە:** ئەو لاپەڕەیە چیی تێدایە کە وا ون بووە و ئێوە ئێستا دۆزیوتانەتەوە و خستووتانەتەوە جێی خۆی؟



سەرچاوە
Serchawe

**عەلی کەریمی**: ئەو لاپەڕەیە زۆر موهیمە، ئەوە لێرەدا دەبینی (لاپەڕە ١٦٣ی ئەو کتێبەمان نیشان دەدا کە ساڵی ٢٠٠٨، هەموو ژمارەکانی گۆڤاری نیشتیمانی تێدا چاپ کراوەتەوە) کە لاپەڕەی ١٠ چییە. ئەو لاپەڕەیە کە لە کۆپییەکانی پێشوودا نییە - چ لە لەندەن و چ ئەوانەش کە لەلای کاک ئەمیری حەسەنپوور هەن و چ ئەوانەش کە لە کۆنگرێسی ئەمریکا هەبوون، ئەو لاپەڕەیان تێدا نییە. تا ئەم ئاخریانە کە ئێمە دۆزیومانەتەوە. ناوەڕۆکەکەشی هەواڵێکە سەبارەت بە دیدارێک کە هەمان "پەیمانی سێ سنوورە"، هەر ئەو پەیمانەی کە ئەو هەموو تیۆرییەی بۆ داتاشراوە کە لە چوار پارچەی کوردستانەوە خەڵکی تێدا بەشدار بووە و لە چیای داڵاهۆ بووە و ئەنواعی داستانی دیکەیان بۆ نووسیوە. دەبینی کە ئەو شتانە ئەسڵ و ئەساسی نییە، چوونکا پەیمانی سێ سنوور پەیمانێک بووە کە بە نووسینی خودی "نیشتیمان" کۆبوونەوەیەک بووە لە نێوان "هیوا" و "ژێکاف". ئەوە ئاخیر کۆبوونەوەیان بووە، دوای ئەوە هیوا هەڵدەوەشێ. ناوی هەموو ئەندامە بەشدارەکانیشی تێدایە کە مام هەژار و زەبیحی و قاسمی قازی قادری بوونە. ئەمانە ئەو ئەندامانەن کە لەگەڵ نوێنەرانی کۆمەڵەی هیوا واتە سەید عەزیزی شەمزینی سەید عەبدوڵای زوینوێ کۆبوونەوە. ئەوان دەگەڕێنەوە و ئەو شتە لە نیشتیماندا چاپ دەبێ.

**کەریم مەرەسەنە**: یەک شت هەیە، ئەتۆ لە کتێبەکەتدا نووسیوتە کە زەبیحی لە گەڕانەوە لەم کۆبوونەوەیەدا دەگیرێ، بەڵام ئەگەر ڕاپۆرتی کۆبوونەوەکە لە نیشتیماندا هاتبێ و زەبیحیش ڕێکخەر و دەرکەری نیشتیمان بووبێ، ئەو شتە نابێ بەو جۆرە بێ. لەوانەیە زەبیحی لە سەفەرێکی دیکەدا گیرابێ، ڕەنگە قسەی ئەو کابرا سەرلەشکرەی ئێرانی ڕاست بێ کە زەبیحی لە نۆڤامبری ١٩٤٥دا گیرابێ...

**عەلی کەریمی**: وێدەچێ بەو جۆرە بێ، هەڵبەت ئێمە ئەو کاتی کە ئەو کتێبەمان نووسی، ئەو لاپەڕەیەی گۆڤاری نیشتیمانمان لە دەستدا نەبوو تا بەو پێیە تاریخەکان لێک دەینەوە، هەرچەند دەمانزانی لاپەڕەیەکی کەمە بەڵام نەماندەزانی ناوەڕۆکەکەی چییە. ئێستا کە بەڵگەی زیاترمان لە دەستدایە، مەعلوومە کە زەبیحی دوای سەفەری سێ سنوور و دەرچوونی دوا ژمارەی ئەوکاتی نیشتیمان گیراوە. ئەو فریا کەوتووە کە نیشتیمانی ٧ و ٨ و ٩ دەربکا (کە تایبەتە بە خاکەلێوە، بانەمەڕ و جۆزەردانی ١٣٢٤ کە دەکاتە مارس، ئاوریل و مەی ١٩٤٥). بە قسەی سەرلەشکر زەنگەنە دەبێ زەبیحی و هاوڕێیانی لە خەزەڵوەر، واتە نۆڤامبری ١٩٤٥ گیرابن. ئەمن ئەو شتانەم لە گزینگی ژمارە ١٤دا ڕوون کردۆتەوە کە ئێستا وردەکارییەکانم بە باشی لەبیر نەماوە بەڵام لەسەر گیرانی زەبیحی و ئەوان هیچ گومانێک نییە، دەنا مەعقوول نییە نیشتیمان دەرنەچێ. شاپەسەندیش دەڵێ کە زەبیحی و ئەوان گیران، ئەو چاپخانەی کڕیبوومان هێنابوومانەوە سابڵاغێ. شاپەسەند ئەوکاتی کە زەبیحی لە زیندانە، دەچێ گۆڤارێک دەردەکا بە ناوی ئاوات کە ئەویشمان دەست کەوتووە. بەڵام دوای نیشتیمانی ٧ و ٨ و ٩ هیچ ژمارەی دیکەی لەو سەردەمیدا لێ دەرنەچووە ـ ئەو بۆچوونەی تۆ ڕاستە، دەبێ زەبیحی لە

گەڕانەوەی ئەو سەفەرەدا نەگیرابێ بەڵكوو دواتـر گیرابـێ. لە سەفەری دالاْمپەڕدا هەژار تێـدا بـووە كە نەگیـراوە، دڵشـادی ڕەسووڵی لە سەفەرەكەدا نەبووە بەڵام گیراوە، لە سەفەری دووهەمدا كە داخوا بۆ سەفەرێكی دیكە چووەتە تەورێزێ ...

**كەریم مەرەسەنە**: بەپێی قسەی ئەو كابرایە بێ وێدەچێ پێشەوا بەر لە گیرانی زەبیحی . كە وەک گوتمان دەڵـێ نۆڤامبری ١٩٤٥ـە ـ هـاتبێتە نـاو ژێكـاف، چوونكـا ئەو دەڵـێ "هەیئەتێكـی تەبلیغـاتی لەلایەن قـازی محەمەد و حیزبـی كـۆمەڵەی مەهاباد"ەوە بەڕێوە بوون. ئەوە ڕەنگە ئەو بیرۆكەی پێشووتر هەڵوەشێنێتەوە كە دەڵێ قـازی محەمەد پێش گیرانی زەبیحـێ نا، دوای گیرانی زەبیحێ هاتووەتە ناو ژێكاف!

**عەلی كەریمی**: خۆ ئەوە نابێتە بەڵگە كە ئەگەر زەبیحی نامەیەكی پێشەوای بردبێت بـۆ ڕەزایەی ئەوا پێشـەوا لە ژێكافـدا بووە. ئەسڵەن ئەوە نابێتە بەڵگە، چوونكـا خـۆ قـازی بۆخـۆی لە مەهابـادێ شت بـووە، قـازی حـاكمی مەهابـاد بـووە. بـۆیە زەبیحیش ئیحتیڕامی بۆ داناوە و خەڵكی دیكەش. ئەو شتە كـاری بەوەی نەبـووە كە قـازی لەنـاو ژێكافـدایە یـان نـا. قـازی، ئەودەمی كە هێژمۆنیی ژێكاف لە مەهابادێ هەبووە و كاروبـاری ڕێكخستنی خۆیان كردووە، حاكمی شەرعیی شارەكە بووە.

**كەریم مەرەسەنە**: ڕەنگە ئەوە بەو مانایەش بێ كە پێشەوا زەبیحیی وەک كەسایەتییەكی سیاسیی بە دموپەل قبـووڵ كردبـێ كە ئەركێكی وای پێ سپاردووە...

**عەلی كەریمی**: بێگومـان، پێشـەوا كەسـایەتییەكی بە دەسـتەڵات بـووە لە شـارەكە، بەڵام پەیوەنـدیی لەگەڵ دونیـای دەرەوە نەبـووە، ئەوە زەبیحـی بـووە كە ئەو پەیوەنـدییانەی دروسـت كـردووە و هەر بـۆیەش دەبینـی بەر لە دامەزرانـی كـۆمـار و دروستبوونی حیزبی دێموكرات و ئەوانە، ئەوە زەبیحییە كە پەیوەندیی كورد و ڕووسەكان گرێ دەدا. دەبـێ پێشـەوا زانیبێتـی كە زەبیحی هاموشۆی قۆنسولخانەی سۆڤیەت دەكا و نامە و نامەكارییـان دەگەڵ دەكـا، بـۆیەش لە ڕێگـای ویـیەوە پەیوەنـدیی دەگەڵ ڕووسـەكان دروسـت كـردووە. واتە پێشـەوا ئەوەی لـێ شـاراوە نەبـووە كە زەبیحـی یەكێـک لەو كەسـانەیە كە لەگەڵ ڕووسەكان پەیوەندیی هەیە.

**كەریم مەرەسەنە**: یەک شتی دیكە بۆ من بووەتە پرسیار. لە كاتێكدا بۆخۆی لە دەرێیە و ئەو ژمارەی نیشتیمان چاپ دەبـێ بەڵام لاپەرەیەكی ون بووە. دەڵێم داخوا ناكرێ ژمارەی دواتریشی دەرچووبێ و ون بووبێ. ئـاخر لە دەرچـوونی نیشـتیمانی ٧ و ٨ و ٩ هەتـا گیرانی زەبیحی چەند مانگ دەكەوێتە بەینێ.

**عەلی كەریمی**: ناكرێ، چوونكا ئەو مەجالە نەبووە كە ژمـارە ١٠ دەركەن، ئەو ژمـارەیە پـاش سـاڵێک لە سیتەک دەركراوە. ئێمە كە لە ئـازادكرنی زەبیحییەوە هەشت مانگ بگەڕێینەوە دواوە، تـاریخەكانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. لێرەدا كێشە ئەوە نییە داخوا سەرلەشكر زەنگە لەسەر گرتنی زەبیحی ڕاست دەكا یان نا.

**کەریم مەرەسەنە**: مەبەستی من زیاتر ئەوەیە کە تاریخی دەقیقی نەمانی ژێکاف و دامەزرانی حیزبی دێموکراتم بۆ ڕوون بێتەوە. چوونکا گێرانەوەی حیزبی دێموکرات شتێک دەڵێ و ئەو لێکۆڵینەوانەی ئێوە شتێکی دیکە!

**عەلی کەریمی**: شک و گومان لەوەدا نییە کە دوای وەستانی نیشتیمان لە ژمارە نۆدا، لەوەشدا کە تاقە کەسێک کە توانای دەرکردنی نیشتیمانی هەبووە ـ بە شاهیدی هەموو ژمارەکانی نیشتیمان ـ زەبیحیێ بووە. ئەو ڕاوەستانە نیشانەی ئەوەیە کە زەبیحی لە گۆڕیدا نەماوە، جا چ تاریخێکە ـ دە شەو ئەملا، پازدە ئەولا ئەوە زۆر گرینگ نییە. بەڵام ئێمە، ئەگەر لە سەداسەدیش باوەڕ بە سەرلەشکر زەنگەنە نەکەین، لانیکەم تاریخی تەقریبیی گیرانی زەبیحیمان هەیە، تاریخی ئازادبوونەکەش هەر وا کە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بە تاریخی ڕۆژ و مانگ تۆمار کراوە. جا لەو تاریخەوە هەشت مانگ بگەڕێوە دوایە، دەبینی تا دەرچوونی دوا ژمارەی ئەوکاتی نیشتیمان شتێکی وا نامێنێتەوە کە بڵێی ژمارە دەی تێدا دەرکرابێ. بەڵام هێندێک شتی دیکەش بۆ ئێمە ڕوونە، ئەویش ئەوەیە کە باقرۆف لە دیداری خەرمانانی ١٣٢٤ - واتە سێپتامبری ١٩٤٥دا لەگەڵ پێشەوا و پیاوماقووڵانی کوردستان، داوایان لێدەکا کۆمەڵەی ژێکاف تێکدەن و حیزبی دێموکراتی لەجێ دامەزرێنن ـ ئەوەمان پێشتر باسکرد کە ئەو داوایە چۆن بووە و کوردەکان چییان گوتووە و ئەوانە. ئێمە ئەوەش دەزانین کە لەو تاریخەدا زەبیحی لە زینداندێ بووە و پێشەواش، دوای گیرانی وی، هاتۆتە ناو کۆمەڵە. قازی، لەبەر ئەوەی پیاوێکی بە دەستەڵاتی شارەکە بووە، کە دێتە ناو کۆمەڵە ئیتر بە کردەوە دەبێتە سەرۆک، دوای ئەمە دەست دەکا بە جێگۆڕکێی بەرپرسانی پێشوو و کەس نەبووە دەستی وەبەر دەستی نێ. ئیدی ئەو دواتر توانیویەتی ئیمزا لە ناو خەڵک و عەشایەری ئەوێدا کۆبکاتەوە و کۆمەڵەی پێ تێکدا و حیزبی دێموکراتی لەجێ دروست کا. بەو جۆرە ئاغاوەت و سەرداری عەشایرەکانیش بێنێتە ناو حیزبەکە وخوێندەوار و شۆڕشگێڕەکانیشی لێ دوور خاتەوە. تاریخی ئەم ڕووداوە خەزەڵوەری ١٣٢٤، واتە ئۆکتۆبری ١٩٤٥ە، ئەمە بە بەڵگە سەلمێنراوە. (گزینگی ژمارە ١٤، لاپەڕە ٢٣ ـ ٢٧)

**کەریم مەرەسەنە**: دوای دەرچوونی ژمارە ١٠ی نیشتیمان، زەبیحی هەرچەند گەلێک دەرفەتی دیکەشی بۆ خوڵقاوە بەڵام ئیدی هیچ ژمارەی دیکەی لێ دەرناکا و وەک دەزانین وەدوای هێندێک کاری فەرهەنگی و سیاسیی دیکە دەکەوێ. ئەوە دەبێ بەو مانایە بێ کە ئەو ئیدی لە ژێکاف هیوابڕاو بووە. دوای ئەو ماوەیە چی دەکا و چی بەسەر دێ؟

**عەلی کەریمی**: زەبیحی کە دەپەڕێتەوە باشوور ماوەیەک دەچێتە سیتەک، بەهۆی شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی نەمر و محەممەدی شاپەسەندی و یەک دوانێکی دیکە لە سەرانی ژێکاف کە پەڕیوەی شوێنەکانی دیکەی باشوور بوون ئەو ژمارەی نیشتیمان دەردەکا، بۆی دەردەکەوێ کە وەک ژێکاف تازە هیچی بۆ ناکرێ. ئیتر ماوەیەک تووشی هەڵوەدایی دەبێت، دەڕواتەوە بەغدا و لەوێ دەست دەکاتەوە بە کاری سادی وەک ڕێستوران و ئەو شتانە هەتا پەنجاکان کە ئیدی بە ڕەسمی دەچێتە ناو کاری سیاسی لەگەڵ کوردەکانی باشوور. لە کێشە و بەزمی برایم ئەحمەد و هەمزە عەبدوڵا و پارتی و ئەوانەدا

دەبێ بەڵام زۆرتر لە برایم ئەحمەد و مام جەلال و ئەوانە نزیک دەبێ. دواتریش لە ١٩٥٦دا لە ژێر فشاری حکوومەتی عێراقیدا هەڵدێ و پەنا دەباتە بەر سووریا و لەوێش بەهۆی سابیقەی لەمێژینەی لە ژێکاف و دۆستایەتی لەگەڵ تایفەی بەدرخان و ئەو تەیفە یارمەتییەکی زۆری دەکەن . بە تایبەت کاک حاجۆی توربەسپی کە پیاوێکی گەورەی یادگاری شۆڕشی ئارارات بووە، یارمەتیی زەبیحی دەکات و دەینێرێ بۆ شام و لەوێش لەگەڵ هەژار یەک دەگرنەوە لەگەڵ ماڵی بەدەرخان و ئەوانە تێکەڵی شۆڕش و کاری فەرهەنگی دەبێ و حیزبێکیش دروست دەکەن ـ مام جەلال و کەماڵ فوئاد کۆمەڵێک بیرەوەرییان لەو بارەوە هەیە کە لە کتێبەکەی منیشدا هەیە، ئەوان باسی ئەوە دەکەن کە زەبیحی کار دەکا بۆ ئەوەی بچێتە قاهیرە بۆ کۆنگرەی گەلانی ئاسیا و لەوێ حەولێکی زۆر دەدا بۆ دروستبوونی ڕادیۆی قاهیرە، لەو سەفەرەیدا کە لە بیرەوەرییەکانی ئەو کەسانەدا هەیە کە باسم کردن، بە تەنیا دەچێ و بە نێوی نوێنەری کورد دەچێتە ئەوێ و لە کۆنگرەی گەلانی ئاسیا وەژوور دەکەوێ ـ هەرچەند قبووڵی ناکەن، بەڵام هەر دەچێتە ناو کۆنگرەکەی. دوایە تەقەلایەک دەست پێدەکا کە بتوانێ لە ڕێگەی ئەنوەر ساداتەوە ڕادیۆ دامەزرێنێ، داشی دەمەزرێنێ و فوئاد مەعسووم و زۆر کوردی دیکەش لەوێدا کاریان کردووە.

لەوە بەدواوە کە عەبدولکەریم قاسم نیزامی مەلیکی لە عێراقێ دەڕووخێنێ، زەبیحی بەنێوی عیسا عەرەفات یان عیسا زەبیحی و بە نێوی کوردی سووریا دێتە بەغدا، لەوێ لەگەڵ مام جەلال و ئەواندا وێنەیەکیان هەیە ئەو کاتی گرتوویانە. زەبیحی دەچێ لەوێ لە بەرامبەر قاسمدا وتار دەدا و ئەوی بە دڵ دەبێ چوونکا قاسم وەک یەکەم سەرکۆماری عێراق دەڵێ کورد و عارەب لە عێراقدا شەریکن و وڵاتی هەردووکانە. ئەمە هەر بە دڵی زەبیحی نا، بەڵکوو بە دڵی برایم ئەحمەد و هەموو ئەوانی دیکەش دەبێ. زەبیحی لەو کاتەوە لە عێراق دەمێنێتەوە تا دەگەینە ئەوەی کە مەلا مستەفای بارزانی دێتەوە و لە قەسرێکی نووری سەعید جێگیر دەبێ. زەبیحی لەو سەروبەندیدا بە شێوەیەکی ڕۆژانە هامۆشۆی بارزانی کردووە و زەبیحی لە حیزبەکەشدا چالاک بووە و هەمزە عەبدوڵاش کە زەبیحی هێندە دژی بووە و گوتوویەتی پارتی بەلای شیوعیەتدا دەبا، لە پارتی دەرکراوە و جیناحی باریم ئەحمەد و مام جەلال و زەبیحی لە کۆنگرەدا سەرکەوتوو دەبن بەسەر باڵی هەمزە عەبدوڵادا. ئیتر زەبیحی لەگەڵ پارتی دەست دەکا بە کار و بەرپرسی لیژنەی ماڵیی پارتی دەبێ کە ئەوکاتی بە ئاشکرا کار و خەباتی کردووە، دواتر بەرپرسی لقی بەغدای پارتی دەبێ و دوایەش ئی لقی کەرکووک. ...

**کەریم مەرەسەنە:** لەو سەروبەندەدا لە ئێرانیش بگیر بگیر پەیدا دەبێ و بەشێکی دیکە لە چالاکانی سیاسیی ڕۆژهەڵات، ئەوانەی بە ناوی حیزبی دێموکرات کار دەکەن، هاتوونە باشوور بەڵام زەبیحی لێیان نزیک نابێتەوە...

**عەلی کەریمی:** ئەوانە ئێستا نەگەیشتوونە بەغدا، ئەمە ساڵی ١٩٥٨ و ٥٩یە. ئەوەی کە شۆڕشگێرانی ڕۆژهەڵات دێن بۆ باشووری کوردستان، لە شۆڕشی ئەیلوولەوەیە.



سەرچاوە Serchawe

**کەریم مەرەسەنە:** هەڵبەت عەبدوڵا حەسەنزادە لە "نیوسەدە تێکۆشان"دا دەڵێ بەشێک لە ڕێبەرایەتیی ئەوکاتی حیزب لەو سەروبەندەدا هاتوونە باشوور و هەتا ئەوەش دەڵێ کە لەو باڵ باڵێنەی حیزبەکانی باشووردا تووشی کێشەی ناوخۆیی و لێک دوورکەوتنەوە بوون...

**عەلی کەریمی:** شۆڕشگێرانی ڕۆژهەلات زیاتر دوای شۆڕشی ئەیلوول هاتوون بۆ باشووری کوردستان، وەک دەزانین کە کوردەکان، دوای دوو ـ سێ ساڵ لە حکوومەتی قاسم، شۆڕشێکیان وەڕێ خست. قاسم ویستی شۆڕشی زەویوزار بکا، وەک ئەوەی کە شا کردی ـ کە ئینقیلابی سپی پێدەڵێن. ئیتر کۆمەڵێک ئاغاوەت و زەوینداری باشوور موخالیفی ئەو چاکسازییە بوون و ئیتر کۆمەڵێک سەرهەڵدان و پشێوی دروست بوو کە دواتر مام جەلال و جەماعەتی پارتی جڵەوی کارەکەیان گرت و چوون داواشیان لە بارزانی کرد کە بێ سەرۆکایەتیی شۆڕش بگرێتە دەست ـ بۆ شایەدی مێژوو با ئەوەش بڵێم کە بارزانی موافقی ئەو شۆڕشە نەبوو بەڵام دوای ئەوەی تەیارەکانی بەغدایە چەند بۆمبێکیان بە بارزان و ئەوانە دادا، ئەویش تێکەوت. ئەمە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوولی پێدەڵێن کە لە ١٩٦٢وەوە دەستی پێکرد.

**کەریم مەرەسەنە:** لەو کاتانەدا سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات لە باشوورە و تەنانەت هەندێکیان لە بەغداش هەن، بەو حاڵەش پەیوەندیی ئەوان و مامۆستا زەبیحی دروست نابێ.

**عەلی کەریمی:** مامۆستا برایم ئەحمەد دەڵێ کە لە ساڵانی ١٩٥٧ ـ ٥٨دا دوکتۆر قاسملووی لە کەرکووک دیوە ـ کە بەخۆی دەگوت ئەنوەری. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ویدەچی ئەوان هەر بۆ سەفەرێک یان بۆ سەروگوێ ئاودانێک هاتبووبێتن. هەڵبەت ئەوەش دەگوترێ کە ئەو هاتووە بەنێوی شاخەیەکی حیزبی توودە سازماندەهیی کوردەکانی ئێران بکاتەوە. چوونکا بۆخۆت دەزانی حیزبی توودە هەر لە هەوەڵەوە ویستوویەتی حیزبی دێموکرات شاخەی کوردستانی ئەوان بێ. حیزبی دێموکرات هەتا هاتنی ئەحمەد تۆفیق و ئەوان ناوێکی لە باشوور و لە عێراق نییە، بەڵام کە ئەو پەیدا دەبێ و جڵەوی حیزبی دێموکرات دەکەوێتە دەستی وی، ئیدی ناوی حیزبی دێموکراتیش دێت.

**کەریم مەرەسەنە:** ئیتر د. قاسملوو سەفەری دەرەوەی وڵات دەکا ...

**عەلی کەریمی:** دەری دەکەن. هەتا ئەحمەد تۆفیق داوا لە مەلا مستەفا دەکا ـ کە مەلا مستەفا زۆری خۆش ویستووە ـ کە داوا لە وەزارەتی داخیلەی عێراقێ بکا کە ئەنوەری، هەمان قاسملوو لە عێراقێ دەربکرێ و هەر دەریشی دەکەن. ئاخر مەلا مستەفا دەستی دەڕۆیی لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمیدا. ئەوە لە بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامیشدا هەیە.

**کەریم مەرەسەنە:** ئێمە لەوان دەگەڕێین، مەبەستمان پەیوەندیی مامۆستا زەبیحی و حیزبی دیموکراتە. ئێمە کاتێک باس لە ژێکاف دەکەین ناکرێ باس لە زەبیحی نەکەین کە لە دامەزرێنەرانی ژێکاف بووە و هەرواش ناکرێ باسێکیش لە حیزبی دیموکرات نەکەین کە خۆی بە درێژەدەری ژێکاف دەزانێ ـ ئەم باسە بەو هۆیەوە کێشاویەتە ئێرە، دەنا مەبەستی ئەم وتووێژە گێڕانەوە یان بڵێین ساغکردنەوەی مێژووی حیزبی دیموکرات نییە. ئێمە لێرەوە دێینە ساڵی ١٩٧٩ کە زەبیحی دێتەوە بۆ ڕۆژهەڵات و هەندێ پەیوەندی دروست دەکا لەگەڵ مامۆستا شێخ عیزەدین و ئەوانە، بەڵام لە حیزبی دیموکرات و ئەو دەستەڵاتە هەرێمییە کە حیزبەکە هەیەتی نزیک نابێتەوە. هۆی ئەوە چییە کە زەبیحی ناچێتەوە ناو حیزبێک کە ئێستا تەقریبەن وەک سەردەمی کۆماری لێ هاتۆتەوە و لە ناوچەکە دەستەڵاتی هەیە؟

**عەلی کەریمی:** ئەمن ئەو پرسیارەم لە مام جەلای کردووە، لە مامۆستا برایم ئەحمەدیم کردووە، لە مەلا ماتۆڕ (مەلاعەبدوڵا ئیسماعیل)یش پرسیوە، لە بابەکراغا، لە شێخ ستار ... وەک تۆ پرسیومە کە شۆڕشگێڕەکانی ڕۆژهەڵات لە باشوور و لە شاخ و لە بەغدا و ئەوانە چالاکییان هەبووە، لە زەمانی ئەحمەد تۆفیق و کاک سولەیمان موعینییەوە تا دەگاتە سەردەمەکانی دواتر ئەو خەڵکە هەر لەو ناوچەیە بووە، ئەدی چۆنە زەبیحی تێکەڵی ئەوانە نەدەبوو؟ ئەوان هەر هەموویان بە یەک قسەی سادە وەڵامی منیان داوەتەوە، هەموو دەڵێن زەبیحی دوای ئەوەی لە سیتەک ڕۆیشت و زانی لەناو کوردی ئێرانێ هیچی بۆ ناکرێ و کۆمەڵەی ژێکافی بۆ زیندوو نابێتەوە، دەرگای ئەو بەشەی لە خۆی داخست و تێکەڵی خەباتی ئێمە بوو. ئەو گوتوویەتی کە ئێمە یەک نەتەوە و یەک خاک و یەک وڵاتین، ئیدی فەرق ناکا لە کامە لای نیشتیمان کار بکەین. خۆ کە چۆتە سووریاش لەوێ بەناوی کوردی ئەوێوە کار و خەباتی کردووە، لەگەڵ حەمید دەروێش و عوسمان سەبری و جگەرخوێن و ماڵی بەدرخانەکان و ئەوانە کاری کردووە و حیزبی بۆ کوردەکانی سووریا دروست کردووە، ئەوانەی ماون لە کارەکانی ئەوکاتی وی ئاگادارن. کە هاتووەتەوە عێراقیش دیسان جارێکی دیکە چووەتەوە ناو شۆڕش و ئەوجار لە ناو پارتی دێموکراتدا خەباتی کردووە.

**کەریم مەرەسەنە:** بەڵام دیسانیش ئەو پرسیارە هەر دەمێنێ کە داخوا زەبیحی بۆچی لەگەڵ کوردی ڕۆژهەڵات، لانیکەم دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، دەست ناکاتەوە بە تێکۆشان و نایەتەوە ناو شۆڕش؟

**عەلی کەریمی:** لەکاتی شۆڕشی گەلانی ئێرانێدا ئەوکاتی زەبیحی لە عێراق بوو، بەڵام لەژێر فشاری دۆستانیدا کە دەڵێن ئیدی ئەتۆ چەندین ساڵە ئاوارەی و ئێستا وڵاتەکەی خۆت ئازاد بووە و هەستە بڕۆوە. زەبیحیش ئەوەی پێ ناخۆش نابێ و وابوو هاتەوە. هاتەوە ماڵێ، وەک کەسێکی کە سی ـ چل ساڵ بوو ئاوارە بوو ئیدی بەردەوام لە هاتوچۆی ماڵە کەسوکار و ئەوانەدا بوو و دۆستانیشی سەردانیان دەکرد ـ مام هێمن دەهات، حەمەدەمینی سیراجی و کاک یووسف ڕیزوانی و ئەوانە دەهاتنە لای. هەتا مام جەلال هاتە لای و شەو و ڕۆژێک پێکەوە بوون و سەردانی ئەملاو ئەولایان کرد و تا سەرئەنجام مام جەلال زەبیحیی ڕازی کرد بەوەی کە بێکار دانەنیشێ. مام جەلال پێی گوتبوو کوردی ئێران جووڵاوە و حیزبی دێموکرات



سەرچاوە Serchawe

تـاقە حیزبە و حیزبـی دیـکە لە گۆڕێـدا نییە ـ ئـاخر ئەودەم کۆمەڵە ئێـستا خۆی ئاشکرا نەکردبوو ـ ئەتـۆ پیـاوێکی لە سیاسەتدا بووی و کاری دیپلۆماسی و ئەوانە دەزانـی و دەتـوانن لەگەڵ مامۆسـتا شێخ عیـزەدین پێکەوە کارێـک بکەن... مـام جەلال ئەو نەسیحەتانەی زەبیحیی کردبـوو ـ هەڵبەت پەیوەنـدیی زەبیحی و مـام جەلال زۆر بـاش بـوو و زۆر دۆست بـوون، ئەمن بۆخۆم دیتوومە کە ئەوان لەو سەفەری مام جەلالدا شەو ورۆژێک هەر خەریکی سرت و خـورت و پێکەنـین و قسـەوبـاس بوون... ڕاستییەکەی ئەوەیە کە مـام جەلال زەبیحیـی ڕازی کـرد کە حیزبـی دێمـوکرات بـۆ تـۆ نـابێ و تـۆش نـاچییە نـاو ئەو حیزبە، بەڵام ئێستا کەسایەتییەکی وەک مامۆستا شێخ عیزەدین هەیە کە هێژمۆنیی هەیە لە کوردستان، هەموو کورد ئەوی بە ڕێبەر قبـووڵ دەکەن، کەوابـوو دەتـوانین کەڵـک لەو هێژمـۆنییە وەربگـرین ـ بەڵام وەک دەبینـی مامۆسـتا کەسـی نییە، سیاسەتمەداری نییە، دەبینی هەموو ئەوانەی لە دەوروبەرین هەموو خوێنـدکار و شتن کە ئەزموونی کـاری سیاسییان نییە، مامۆستاش بۆخۆی سادەیە، بەڵام کاریزمایە، خولاسە زەبیحیـی ڕازی کرد کە لەگەڵ شێخ عیزەدینـی کـار بکـا و ئەو کـارەش کرا. مام جەلال وای بیر لە شتەکە کردبۆوە کە حەرەکەتەکە شتێکی وەک یەکیەتیـی نیشـتیمانی بـێ، واتە هەمـوو بـاڵەکـانی چەپ و ناسیۆنالیست و سوونەتی و ئەوانەی تێدا کۆبێتەوە و زەبیحـی سیاسـەتمەدارەکەی بـێ و شـێخ عیـزەدینیش سـەرۆک ـ هەتا مام جەلال وای دانابوو کە ئەم ڕێکخراوە دواتـر حیزبـی دێمـوکرات و دواتـر کـۆمەڵە و چریـک و ئەوانەشـی بێـتە نـاو. ئیتر زەبیحیش ئەوەی قبووڵ کرد، من کە زەبیحیم لە بۆکانەوە لە لای مام جەلالەوە هێنایەوە، بردم بۆ ماڵی شێخ عیـزەدین ـ شێخ تـا ئەوکاتی زەبیحیی نەدیبوو، هەرچەند زەبیحی یەک ـ دوو مانـگ بـوو هـاتبۆوە سابلاغێ بەڵام یەکتریـان نەدیبـوو، ئەوکاتی شێخ عیزەدین شێخ عیزەدین بـوو، دەستەڵاتی هەبـوو، هێژمۆنیی هەبـوو. خولاسە ئەوان پێکەوە دانیشـتن و من وا تێگەیشتم کە ئەوان پێکەوە سازان و ساغ بوونەوە لەسەر ئەوەی شتێک بکەنەوە بەنێوی دەفتەری مامۆستا و زەبیحی لەوێدا کار بکا. لەوێدا گەڵاڵەی حیزبێکیان دروست کرد، بەڵام چوونکـا دەوروبەری مامۆستای هەموو برادەرانـی کـۆمەڵە و سەلاحی موهتەدی و عەبدوڵای موهتەدی و ئەوانە بوون، نەیانهێشت حیزبەکە سەربگرێ. ئیتر لەوەیدا زەبیحی دووبارە نائومێد بۆوە.

**کەریم مەرەسەنە:** ئیتر لەو بەینەشدا خومەینی هێرشی کرد و ئێمەش چووینە ناوزەنگ و دەفـتەری مامۆسـتاش لەوێ بنکەی کردەوە، دوایە چووینە بێژوێ لەوێش بنکەیان کردەوە و ئەو کـارانە درێژەیـان هەبـوو هەتـا "هەئیەتـی نمایەنـدەگیی ئێـران" هات و خومەینی لە شەڕەکە پەشیمان بۆوە و پەیامێکی دەرکرد کە دەست بە موزاکەرات دەکەیـن. زەبیحـی لەو هـاتوهووتەدا لە مامۆستا تووڕە بـوو و پێـی گـوت ئەتـۆ بە قسەی منداڵەوردکان دەکەی، گـوتی مەڕۆوە شـاری، بـا موزاکەرە بکرێت بەڵام ئێمە هەر لە شاخ دەبین و شەڕیش هەر دەکەین. مامۆستا ئەوەی پێ خۆش نەبوو، گوتی ئەمن شەڕم ناوێ و خومەینی ئێستا هـاتووەتە پێشـێ و پەشیمان بـووەتەوە و ئەوانە... بەڵام زەبیحی ئەوەی بە دروست نەدەزانی و ئیتـر لە شێخ عیـزەدینیش کشایەوە و دیسان چووە بۆ عێراقێ. ئەوجارەیـان شێخ جەلالـی بـرد لەگەڵ خـۆی و بەنێـوی ئۆپۆزیسیۆنی کـوردی ئێـران، لە ڕێگەی دیپلۆماسی و ئەوانەوە چەک و تەقەمەنییەکی زۆری بۆ شێخ جەلال وەرگرت، بۆ حامید بەگی جوانڕۆشی وەرگرت. ئەو لە حەولی ئەوەدا بوو کە بەبێ مامۆستاش بووبێ شتێک هەر دروست بکات، ئیتر لەو بەینەدا کە زەبیحی دەهـاتە ناوزەنـگ و دەچوو بۆ باشوور و عێراق و ئەوانە و مەسەلەی چەکەکانی جێبەجێ دەکرد، لە سەفەرێک لەو سەفەرانەدا تێداچوو.

ـ کەس نەیزانی چۆن تێداچووە؟

**عەلی کەریمی**: ئەوەی کە ئەمن بیستوومە دەڵێن بەعس کوشتی. ئاخر ئەو چەکانەی کە بەنێوی شێخ عیزەدین و شێخ جەلال و ئەوانەوە وەری دەگرت، ئەگەر دە بەش بوایە، دوو بەشی دەدا بەوان و باقییەکەی دەدا بە مام جەلالی. جا من وای بۆ دەچم بەعس بەو شتەی زانیبێ و هەر بۆیەش کوشتبێتی. زەبیحی چووە بەنێوی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و بە دژی خومەینی چەک و چۆڵ وەردەگرێ بەڵام لە ژێرەوە دەیدا بە مام جەلالی کە لەگەڵ بەعس لە شەڕ دایە.

**کەریم مەرەسەنە**: بە ئەمانی زەبیحی ئیتر خەونی دامەزرانەوەی ژێکاف یان لانیکەم شتێک کە فکر و ڕامانەکەی وەک کۆمەڵەی ژێکاف بچێ، کۆتایی پێدێ...

**عەلی کەریمی**: کاک سەلاح لەملا و لەولا باس لەوە دەکا کە من کاتی خۆی کۆمەڵەی ڕزگاریم دروست کردووە هەر لەسەر نێوی کۆمەڵەکەی بابم (کۆمەڵەی ژێکاف کە باوکی کاک سەلاحیش ئەندامی بووە) و ئەو عەتف و خۆشەویستییە لە دڵی ئێمەدا هەر هەبووە و ئەوانە، من نازانم ئەمانە چەندەی ڕاستە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ڕەنگە جۆرێک ئیشتیاق، نەوعێک عەتف لەلایەن ئەوانەی کۆمەڵەیان دروست کرد ـ کە زۆربەشیان موهتەدین یان هێژمۆنیی ئەوانی بەسەرەوە بوو ـ بۆ کۆمەڵەی ژێکاف هەبووبێ. ڕەنگە وشەی کۆمەڵە، هەم ئەو کۆمەڵەی ڕزگارییە کە کاک سەلاح ـ دوای ئەوەی ئەحمەد تۆفیق دەری کردووە ـ دروستی کردووە و هەمیش کۆمەڵەی دوایی کە برا بچووکەکەی کاک سەلاح لەگەڵ کۆمەڵێک دانشجوو لە تاران مەحفەلەکەیان دروست کردووە و دواتر بووەتە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ، هەر لەسەر بنەمای ئەو عەتفە بووبێ کە بۆ کۆمەڵەی ژێکاف لەو بنەماڵەیەدا هەبووە.

**تێبینی**: ئەم وتووێژە بڕیار بوو لە گۆڤاری ڕێنێسانسدا بڵاو بکرێتەوە، بەڵام بەهۆی ئامادە نەبوونی گۆڤارەکە لە کاتی خۆیدا، ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ بڵاوی کردۆتەوە.


سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ - ڕێکەوتی: ١٢ی جانێویری ٢٠١٧

--------------------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

## كومەلەی ژیانی كورد



نووسینی: ڕەحمان حەلەوی

وەرگێڕان لە فارسییەوە: حەسەن قازی





سەرچاوە
Serchawe

... هاوین تێپەڕی و ساڵی خوێندن لە سەر ڕا دەستی پێکردەوە. نا ئارامی هەر وا بەردەوام بوو.ناوچە خاوەنی نەبوو. لە یەکێک لە دوای نیوەڕۆیەکانی مانگی ڕەزبەر لە دەبیرستانەوە دەهاتمەوە ماڵێ. غەرقی فکر و خەیاڵات بووم لە پڕ یەکێک سڵاوی لێکردم دەبینم ئەوە ئاغای حوسێن فرووهەر ە. پێم سەیر بوو چونکە هیچ ئاشنایییەکی ئەوتۆمان نەبوو. ئاغای فرووهەر دوای چاکوچۆنی گوتی: کارێکی پێویستم بە ئێوە هەیە. هەڵبەت برێک نیگەران بووم بەڵام ئەو زوو ترسەکەی ڕەواندمەوە و گوتی ئەمشەو لە ماڵی ئێمە مەجلیسێکمان هەیە هێندێک لە دۆستان سەربڵێندمان دەکەن دیارە بڕیار وایە لە سەر کارێکی گرینگ بیر و ڕا ئاڵوگۆڕ کەین . ئاغای مەلا قادر مودەڕیسی تەشریف دێنن . ئەمن بە بیستنی ناوی وی بە تەواوی نیگەرانییەکەم ڕەوییەوە چونکە دەمزانی ئەو قەت لە کاری نالەبار دا بەشداری ناکا. بڕیارمان دا سەعات ٨ی ئێوارە بچمە ماڵیان بەڵام نەمدەتوانی لە مێشکم دا لێکی دەمەوە ئەو بیروڕا ئاڵوگۆڕ کردنەکە لە سەرچی دەبێ.

لەو سەعاتەی دا کە دامانناببوو لە دەرگای ماڵی ئاغای فرووهەرم دا.فرووهەر بۆ خۆی دەرگای لێ کردمەوە و بردمییە ژووریٚ ئەوانەی لە مەجلیسەکە دا ئامادە بوون بریتی بوون لە ئاغایانی: مەلا قادر مودەریسی، سەدیق حەیدەری، عەبدولڕەحمان ئیمامی، محەمەد یاهوو، ڕەحمان زەبیحی و فرووهەر بۆ خۆی. جگە لە ئاغایانی مودەریسی و زەبیحی نەبێ لەگەڵ ئەوانیدی ئاشنایییەکی ئەوتۆم نەبوو و لە ناویان دا لە هەموان جەوانتەر من بووم. هێندەی پێ نەچوو ئاغای مودەریسی دەستی کرد بە قسان . دوای شرۆڤە کردنی بارودۆخی ناوچە گوتی: ئێستا دەرفەتێکی بە قیمەت بۆ نەتەوەی ئێمە بۆ وەدەست خستنی مافی خۆی پێک هاتووە. ئەرکی نەتەوەیی ئێمە لێمان دەخوازێ لەو کات و ساتە دا لە هیچ تێکۆشانێک تەنەخی نەکەین. بەو ئیمان و باوەڕییەوە بڕیارمان داوە بە بەشداری و هاوکاری یەکتری تەشیلاتێک دامەزرێنین بۆ ئەوەی ئەو ڕیسالەتە مێژوویییەوە بە ئەستووە بگرێ. بەو بۆنەیەوە (ڕووی لە من کرد) ئێوەش بانگ کراون بۆ ئەوەی لەو کارە گرینگە دا هاوڕێمان بی و هەموان لەگەڵ بوون بۆ ئەو بانگەوازییە. هەڵبەت ئەگەر ئەو ویستە قەبووڵ نەکەی بۆخۆت دەزانی بەڵام بەو باوەڕییەی کە بەتۆمان هەیە دەزانین ئەگەر لەگەڵ ئێمەش نەبی لەدڵت دا لە دۆستان و هاوپەیمانانی ئێمەی و لە بەر ئەوەی ئەو تەشکیلاتە بە ناوی "کۆمەڵەی ژیانی کورد" ئێستا بە نهێنی کار دەکا دڵنیاین ئەوەش نادرکێنێ. ئەگەر قەولێشی لە سەر بکێشی ئەوە برا و دۆستی خۆشەویستی ئێمەی.



دوای ماوەیەک بێدەنگی گوتم هەر چەند بۆ ئەو کارە ئامادەییم نەبوو و پێم وا نییە لاییقی ئەوە بم لە نێو ئێوە دابم بەڵام لە قووڵایی دڵەوە و بە نیازی پاک ئەوە قەبووڵ دەکەم و گەورەترین شانازییە بۆ من، بوونی من ئی نەتەوەی کوردە و تا ڕۆژی مردن لەگەڵ ئێوە دەبم. ئاغای مودەریسی هەستا و لە باوەشی وەرێنام.دوایە ڕێورەسمی سوێند خواردن بە ڕێوە چوو. ئاغای فڕووهەر لە گۆشەی وەتاغەکە پەردەیەکی لا دا، لە شوێنێک کە وەک میحراب وا بوو مێزێکی پچووک داندرابوو و خەنجەر و قورئانی پیرۆزی لە سەر بوو. ئەمن سوێندم خوارد و لەو دەمییەوە یەک لە ئەندامانی کۆمەڵەی ژ.ک بووم هەموومان یەکتریمان لە باوەش کرد و دوایە یەک یەک ماڵی ئاغای فڕووهەرمان بەجێ هێشت.

ئەمن گەڕامەوە ماڵێ بەڵام ئەو شەوە تا نزیک بەیانی خەوم لێ نەکەوت. زیاتر بیرم لەو شتانە دەکردەوە کە سوێندم پێ خوارد بوون. وەفا داری بە کۆمەڵەی ژ.ک و فیداکاری بۆ وەدەستخستنی مافی دیاریکردنی چارەنووس کارێکی پێویست بوو بەڵام بەرعۆدە بوون و سوێند خواردن بە ئەوەی کە هەموو پیاوانی کورد بە برا و هەموو ژنانی کورد بە خوشکی خۆم بزانم شتێکی نامەنتقی و نە پێویست بوو هەرچەند کە ئەو بابەتە ڕیشەی مەزەبی هەبوو بەڵام هێنانی بۆ ناو بیرو باوەڕ و مەڕامی سیاسی پێویست نەبوو و یان سوێند خواردن بەوەی کە تا ئاخری عومر ئەندامی حیزبی کۆمەڵەی ژ - ک بم ئەگەر چی لە جێدا گرفتێک نەبوو بەڵام ئەوە بە پێچەوانەی ئازادییەکانی تاک بوو چونکە هەموو ئینسانێک دەکرێ لە درێژایی ژیانی خۆیدا بە هۆ و لە سۆنگەی جۆر بەجۆر بیر و ڕای بگۆڕێ و ڕێگایەکی دی وەبەر بگرێ و یان ڕێبازی هەنووکەیی و شێوەیی هەیی بۆ گەیشتن بە ئامانج پێ هەو نەبێ. بەو پێیە ناچار کردنی کەسێک کە تا دوایی ژیانی لە سەر یەک بیر وڕا و باوەڕی بمێنێتەوە جۆرێک دیکتاتۆری و داسەپاندنی بیروڕای سیاسی یە. نوختەیەک کە حەتمەن پێویستە لێرە دا سەرنجی بۆ سەر ڕابکێشم ئەوەیە کە ئەمن لە ئەندامانی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژیانی کورد نەبووم چونکە لە هێندێک کتێب دا ناوی ئەمنیشان خستووەتە ناو لیستەی دامەزرێنەران. هەڵبەت لەوە دا هیچ گومان نییە ئەو کاتەی من چوومە ناو کۆمەڵە کەسی هەرە کەم تەمەنی ئەو گرووپە بووم. ئەمن لە سەر ئەو باوەڕە بووم و ئێستاش هەر وام کە قەبووڵ کردنی مەڕام و مەسلەک و بەشداری لە گرووپێک دا بۆ من بە مانای ئەوە نییە لە فکری پلەو پایە دا بم. چ جیاوازی نییە بۆ من لە سەرەوە بم یان خوارەوە، سەردەست بم یان ژێردەست، مەرجی سەرەکی خزمەت کردنە. بە بۆچوونی من ئەو کەسانەی کە دەکرێ وەکوو ئەندامانی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژ.ک ناویان ببردرێ بریتین لە ئاغایان:

محەمەد نانەوا زادە

حوسێن فرووهەر

عەبدولڕەحمان ئیمامی

ڕەحمان زەبیحی

قاسم قادری

مەلا عەبدوڵا داودی



سەرچاوە
Serchawe

محەمەد یاهوو

مەلا قادر مودەریسی

سەدیق حەیدەری

عەبدولڕحمان كەیانی.

بەڵام نابێ حەق نەگوترێ كە گشت ئەو تەشكیلاتە و دامەزراندنی كۆمەڵە بیری میرحاجی عێراقی پێكی هێنا و گەورەترین دەوری سەرەكی بە ملەوە بوو و هەر ئەویش بوو كە توانی بانگەوازی ئەوانە بكا لە پێناو ئەو كارە گەورەیە دا هەنگاو هەڵێننەوە.

نوختەیەكی دیكەی كە یەكجار جێی داخ و لە لایەنە لاوازەكانی ئەو تەشكیلاتە وەحیساب دەهات نەبوونی مەرامنامە و ئەساسنامە ئەویش بە نووسراو بوو و لە ڕاستیدا ئەندامان تەنێ شتێكی گشتیان دەزانی سەبارەت بە ئامانج و مەرامی ئەو ڕێكخستنە. لە سەرەتاوە حەول دەدرا كەسانێك وەك ئەندام ڕابكێشرێن كە سەلاحییەتیان تاقی كرابێتەوە و لە دووی درابێ، كەسانی فیداكار بن و باوەڕییان هەبێ بە ئامانج و مەرام بەڵام بەرە بەرە كە ئەو كۆمەڵەیە لە حاڵەتی نهێنی هاتە دەرێ و خۆی ئاشكرا كرد و لە لایەكی دیكە بە وەرگرتنی ئەندام بە بێ پێڕاگەیشتن بە سەلاحییەت و كەسایەتی ئەوان كۆمەڵە بوو بە سیایی لەشكر و لە ماوەیەكی كورت دا لە هەموو كوردستان دا پەرەی سەند. لەوەش دەرچێ بە هاتنی ژمارەیەك لە سەرۆك عەشیرەتەكان و دەوڵەمەند و خاوەنموڵك و شێخەكانی ناوچە بۆ ناو كۆمەڵە دەستەڵات لە دەست هەیئەتی دامەزرێنەر و هۆگرانی ڕاستە قینە هاتە دەرێ. تا ئەو جێگایەی كە تەنانەت ناوی كۆمەڵەیان لە كۆمەڵەی ژ - ك وە گۆڕی و كردیان بە حیزبی دێمۆكراتی كوردستان و ئەوەش تەواو بە پێچەوانەی ئەو سوێندەی بوو پێشتر خواردبوویان.

هەڵبەت ئەو ناو گۆڕینە بە پێی ئامۆژگاری و فەرمانی كاربەدەستانی شووڕەوی ئەنجام درا و هۆی ڕاستەقینەی ئەوەش ئەوە بوو لەبەر ئەوەی دەوڵەتی شووڕەوی بە تایبەتی حكوومەتی ئازەربایجانی شووڕەوی كە هەڵسووڕێنەری سەرەكی هەموو جۆرە چالاكی سیاسی بوو لە بەشی ڕۆژئاوای ئێران پێی وا بوو دانەر و دامەزرێنەری ئەو كۆمەڵەیە میرحاجی عێراقی بووە و ئیحتیمالی هەیە یەكێك بێ لە دەستنێژانی ئینگلیس ، جا بۆیە پێویست بوو لە سەرەتاوە ناو و عینوانی حیزب بگۆڕدرێ دوایە بە بانگهێشتنی سەركردە و تاكوتەرای بە نفووز بۆشووڕەوی دەیەویست بە تەواوی چالاكی حیزب بخاتە دەست خۆی.

لە لایەكیشەوە جێگای داخ بوو كە تاكوتەرای سیاسەتمەدار و خوێندەوار و باشمان نەبوو. تەنێ عەقیدە و ئیمان و فیداكاری بۆ گەیشتن بە ئامانجێكی گەورە بەس نییە، دیرایەت و سیاسەت زۆر جار دەتوانێ لە هێزی عەسكەری و شەڕ زیاتر كاریگەر بێ. هەر وەك لە ڕەوتی سیاسی و ڕووداوەكانی دواتر دا دیتمان چلۆن قەواموسەلتەنە بە مانۆڕێكی سیاسی ئەڕتەشی دەوڵەتی شووڕەوی لە ئێران دەرپەڕاند و لە ئاكامی ئەو مانۆڕە سیاسییە دا هەموو چالاكە سیاسی و

نەتەوەییەکانی ئازەربایجان و کوردستانی پووچەڵ کردەوە .هەڵبەت ئەو بابەتانە پێویستە بە دوورو درێژی قسەیان لێوە بکرێ کە هەڵیان دەگرین بۆ کات و دەرفەتێکی دیکە. لەگەڵ گشت ئەوانە بە حەقیقەت و بە دڵنیاییەوە دەبێ بگوترێ کۆمەڵەی ژ.ک بناخە و بنچینە و دایکی خەباتی نەتەوەیی لەو ناوچەیە دا بوو . بە جێیە سلاو بنێرین بۆ گشت ئەو کەسانەی لەو ڕێبازە دا گیانیان لە دەست دا یان تووشی دەربەدەری ، زیندان و ئاوارەیی هاتن و ئێستا سەریان ناوەتەوە. روحیان شاد بێ و بیرەوەرییان هەمیشە پیرۆز بێ.

* خودا لێ خۆشبوو نانەوازادە کە لە جەنگەی خەباتی نەتەوەیی دا پلەی سەرهەنگی درابوویە لە کەوتنی فرۆکە لە بەرەی سەقز گیانی لە دەست دا و ناوی وی بۆ هەمیشە لە کاروانی تێکۆشەرانی نەتەوەیی کورد دا ئاستە کرا.

تێبینی وەرگێر: ئەو بابەتەی نەمر ڕەحمان حەلەوی لە تۆڕی کۆمەلی فەیس بووک دا بە زمانی فارسی بڵاو کراوەتەوە. دوکتور حەلەوی بەر لە ڕاگەیاندنی کۆمار بە وەرگرتنی بوورسی خوێندن چووە ئازەربایجانی شووڕەوی.دوای ڕووخانی جمهووری کوردستان بە بێ ویستی خۆی ناردراوە ئێران.دیسان چووەوە شووڕەوی لەوێ تووشی ناخۆشی و زیندان هات. دوا جار گەڕاوە ئێران و لە بەشی حقووق لە زانکۆی تاران دوکتورای وەرگرت و کاری پارێزەری دەکرد. نەمر حەلەوی لە ٢- ئۆکتۆبری ٢٠١٠ لە تەمەنی ٨٩ ساڵی دا کۆچی دوایی کردووە و لە مەهاباد نێژراوە. ئەو ڕیوایەتە کورتە لە مەڕ "کۆمەڵەی ژیانی کورد" زنجیرەی ١٢ هەمی بیرەوەرییەکانێتی کە لە تۆڕی کۆمەڵی فەیس بووک دا بە زمانی فارسی لە لاپەڕەی "رحمان حلوی" دا بڵاو بووەتەوە. وێنەکانی ڕەحمەتی دوکتور حەلەوی ش بە سپاسەوە هەر لەو لاپەڕەیە وەرگیراون.

سەرچاوە: وێبلانووسی روانگە - ڕێکەوتی: ٣ی فێبریوێری ٢٠١٧

---------------------------------------------------

## بەڵگەیەکی مێژوویی کۆمەڵەی ژ - ک کە بۆ جاری یەکەم بە زمانی کوردی بڵاو دەبێتەوە.



تێبینی: ڕەحیم قازی لە کتێبەکەیدا "بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کورد و قازی محەمەد ۱۹٤۱ - ۱۹٤۷(چاپی یەکەم ۲۰۱۲، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی ئاراس)، لە پەراوێزی لاپەرەی ۱۲٥ دا دەنووسێ: "ڕوونووسێکی زۆری بەڵگە و سەنەدەکانی مەربووت بە مێژووی کۆمەڵەی ژ - ک کە هەمووی دەستنووسن و لە کاتی خۆیدا بۆ نوێنەری سۆڤیەت ناردراون لە لای نووسەرە و بۆ نووسینی مێژووی بەسەرهاتەکانی لەمەڕ کۆمەڵەی ژ - ک لەم دەستنووسانە سوود وەرگیراوە. بەشی زۆری ئەم بەڵگانە لە لایەن ڕەحمانی زەبیحییەوە نووسراون کە ئەو حەلە نوێنەری کۆمەڵە بووە بۆ پێوەند ڕاگرتن لەگەڵ نوێنەرانی سۆڤیەت."

ڕەحیم قازی کۆپی ئەو بەڵگانەی داوە بە چەند پەنابەری کورد لە باکۆ و هێندێک لەوان لە چەند کتێبباندا بڵاو بوونەتەوە.

*حەسەن قازی - ۳۰ مەی ۲۰۱۸*

**لە سەر کاغەزی ڕەسمی کۆمەڵەی ژ - ک **** بژی کورد و کوردستانی گەورە**

کۆنسوولی گشتی یەکەتیی شووڕەوی مەزن - لە شاری تەورێز

بە حورمەتەوە لە پەیوەستی ئەم نامەیە دا ئەو زانیاریانەی لە سەر کۆمەڵەکەمان داواتان کرد بوو پێشکێش دەکرێ لەلایەن ئیدارەی ناوەندی کۆمەلەی "ژ - ک" ەوە.

## کورتە مێژووی تەشکیلاتی کۆمەڵەی ئێمە

بناغەی تەشکیلاتی ئێمە لە مانگی ئەیلوون (سێپتامبر)ی ساڵی ۱۹۳۸ داندراوە، بەڵام لەبەر چاوەدێری حکوومەتی ئێران زۆر کەم چالاکی دەکرا و ئەگەر متمانەیەکی زۆر بە کەسێک نەبوو بایە پێشنیاری ئەندامەتی بە هیچ کەس نەدەکرا. لە مانگی مەی ۱۹۳۹ کوردەکانی عێراق پێوەندییان بە ئێمەوە کرد و لە هەمان مانگ دا کەسێک لە ئەندامانی ئێمە چووە سنووری عێراق - ئێران و لەوێ چاوی کەوت بە دوو ئەفسەری کوردی عێراقی و لەوێ بڕیار درا بۆ پەرە پێدانی چالاکییەکان. لەو کۆبوونەوەیە دا دوو کوردی مەدەنیش بەشدار بوون. لە ئاکامی خیانەتی یەک لەو ئەفسەرانە (فایق ئەمین)، حکوومەتی عێراق بە ناوەرۆکی قسەکانی ئەو کۆبوونەوەیەی زانی و لە چوارچێوەی پەیمانی سەعدئاباد دا ئەو زانیارییەی دا بە حکوومەتی ئێران و لە بەشی کوردستانی ئێران حکوومەتی ئێران دەستی کرد بە هەنگاوی ئیحتیاتی و فەرمانی دا لە بەشی ئیستیخبارات و شوێنە گرینگەکان دا کار نەدرێ بە سەربازە کوردەکان و بە دوای ئەو هەنگاوانە دا گشت ئەو کەسانەی گومانیان لێ دەکرا کە لە هەموو بەشی کوردستانی ئێرانەوە چووبن بۆ ووڵاتی عێراق دوور خرانەوە بۆ شوێنی دووردەست و لە ناو ئەو پاتراوانە دا ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حیزبی ئێمە هەبوون، ئەو هەنگاو و کردەوە ناڕەوایەی حکوومەت

گورزێکی سەخت بوو لە حیزبی ئێمە درا و بووە هۆی بەرفراوان کردنی تەبلیغاتی ئێمە بەدژی حکوومەت. لە جێدا گەل لە حکوومەت بێزار بوو و دەرفەتی ئەوە ساز بوو بۆ وەرێکەوتنی هەموو جۆرە حەرەکەتێک.



ژمارەیەک لە هەڵسووڕاوانی کۆمەڵەی ژ - ک، ئەو وێنەیە لە تەورێز گیراوە. لە ڕاستەوە دانیشتووان: نەجمەدین تەوحیدی، قاسم ئێلخانیزادە، عەبدولڕەحمان ئیمامی. ڕاوەستاوان لە ڕاستەوە: مەحموود وەلیزادە، سمایل خان فەڕوخی، عەبدولڕەحمان زەبیحی، وەهاب بلووریان

لە ساڵی ١٩٣٩ دەنگۆی ئەوە ساز بوو کە یەکەکانی ئەرتەشی شوورەوی لە سەر سنووره باکوورییەکانی ئێران کۆبوونەتەوە و پلانی هاتنە ناو ئێرانیان هەیە، تەگبیرە عەسکەرییەکانی حکوومەتی ئێرانیش لە دووی ئەو دەنگۆیەیان دەدا و ئەوە مزگێنییەکی گەورە بوو بۆ کۆمەڵەی ئێمە بەڵام وەدی نەهات.

کەسێکی کە لە ئیدارەی ماڵییە کاری دەکرد وخاونی بیری بەرز بوو سەبارەت بە حکوومەتی یەکێتیی شووڕەوی زانیاری باش و بەربڵاوی هەبوو و لە کاتێکدا ئەو زانیارییانەی لە بەر دەست ئێمە دەنا متمانەی ئێمەی بەرەوخۆی ڕاکێشابوو - ئەو هێندێک جار باسی ئەوەی دەکرد دەتوانێ پێوەندی نێوان ئێمە و ئەو مەئموورە سیاسییانەی شووڕەوی کە لە ئێران کاریان دەکرد پێک بێنێ، بەڵام حکوومەت لێی کەوتە گومانەوە و لە ناوچەی مەهاباد دووریان خستەوە.

لەو ناوە دا وەزارەتی جەنگ و وەزارەتی ناوخۆی ئێران بۆ دۆزینەوەی تەشکیلاتی کۆمەڵەی ئێمە دەستیان کرد بە حەول دان. لە مەهاباد ئەرتەشی ئێران بە ڕێگای سەرۆکی بانکی میللی لە مەهاباد (دوو ووشە ناخوێندرێتەوە) بە کەسێکی خەڵکی مەهابادیان پێشنیار کردبوو پارەی بدەنێ بۆ دۆزینەوەی تەشکیلاتەکەمان . ئەو کەسە ئەندامی کۆمەڵەی ئێمە بوو خەبەری بە ئێمە دا و لەوەی دواوە ئێمە ئیحتیاتی پێویستمان ڕەچاو کرد و ئەگەر هەوا خۆش بایە لە شاخەکان و لە مزگەوتەکان کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەکەمان ئەنجام دەدا.



سەرچاوە
Serchawe

حکوومەت بۆ واق ورمانی ئێمە و پووچەڵ کردنەوەی تەگبیر و ئیحتیاتەکانمان لە مانگی مەی ساڵی ١٩٤١ - لە ٧ی مانگی مەی ساڵی ١٩٤١ - بە ڕێگای ئیدارەی شارەبانی (پۆلیس) مەهابادەوە ٧ کەسی گرت کە لە ناو ئەواندا ئەندامانی کۆمەڵەکەی ئێمەش هەبوون، لە کاتی گەڕانی ماڵەکانیان حکوومەت بەڵگەیەکی وەدەست هێنا بوو.

ئەندامەکانی ئێمە تا هاتنی ئەرتەشی سوور لە زیندانی شارەکانی ورمێ و مەهاباد دا مانەوە. بە هاتنی ئەرتەشی سووری قارەمان ئەو کەسانەی دە زیندان دا بوون بەر دران و ئازاد بوون.

کۆمەڵەکەمان بە بۆنەی هاتنی ئەرتەشی سوور بۆ مەهاباد بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە لەو بەیاننامەیە دا هاتبوو کە هاتنی ئەرتەشی سوور بە مانای ئازادیی گەلی گوردە و هەر وەک دەزاندرێ دوای هاتنی ئەرتەشی سوور بۆ ئێران پێشرەوی ئەو ڕێکخستنانەی کە بە دژی فاشیستەکان خەبات دەکەن کۆمەڵەی ئێمەیە.
دوای هاتنی ئەرتەشی سوور بۆ ئێران حکوومەتی ئێران کە دژی کۆمەڵەکەمان بوو لاواز بوو و دژی ئێمە چی لە دەست نەدەهات بەڵام سەرۆک عەشیرەتەکان و ئاغاکان و دەستوپێوەندەکانی ئەو حکوومەتە هەڵبەتە دەرفەتیان بۆ ڕەخساند - حکوومەتی ئێران بە هەست کردن بە تەماع و چلێسی ئاغاکان پووڵ و قەندی دانێ و ئەوانی بە دژی ئێمە وروژاند. لە ساڵی ١٩٤٣ لە مانگی سێپتامبر دا ٣ کەس لە ئەندامانی کۆمەڵەکەمان بە دەست ئاغاکان لە مەهاباد زیندانی کران و لە ئاکامی حەولدانی کۆمەڵەکەمان دوای سەعاتێک ئازادیان کردن - لە دژی ئەو ئاغایانە و بۆ پێشگرتن لە کروکاش و هەنگاوەکانیان بە کەلک وەرگرتن لە ڕستەی "دژە میکرۆب لە ناو خۆی دایە" دەستمان کرد بە ڕاکێشانی لاوانی عەشیرەتەکان بەرەو کۆمەڵەکەمان و دوای جێ بە جێ کرانی ئەو فەرمانە هەتا دەهات ئاغاکان لاوازتر دەبوون و ئێستا ئاغاکان زۆر کەم دەتوانن بە دژی ئێمە بجووڵێنەوە، ناوی ئەوانیش لە پەیوەست بەم نامەیەدا پێشکێش دەکەین.

بەرنامەی ئێمە - بەرنامەی بە ووردەریشاڵمان پێشتر پێشکێش کردوون لێرە دا دەمانەوێ کورتەی ئەوەتان بە عەرز بگەیێنین "بەرنامەی ئێمەبریتی یە لە یەکخستەوەی هەموو پارچەکانی کوردستان، ئازاد کردنی گەلی کورد لە یەخسیری بێگانان و خزمەت بە دنیای شارستانی و گەلان".



## سێ هەڵسووڕاوی کۆمەڵەی ژ - کاف لە سەردەمی کۆمار دا

### لە ڕاستەوە دڵشاد ڕەسووڵی، قاسم قادری قازی و حوسێن زێرینگەران (فرووهەر)

فرووهەر بە دەستی خۆی تاریخی گیرانی وێنەکەی لە پشت وێنەکە نووسیوە، بە زایینی دەبێتە ٢٤ مەی ١٩٤٦ لقەکانی حیزبەکەمان - لقەکانی حیزبەکەمان لە کوردستانی ئێران و لە کوردستانی عێڕاق هەن. لە عێڕاق لە شارەکانی "هەولێر" و "سلێمانی" و لە ئێران لە شارەکانی شنۆ، نەغەدە، بۆکان، سەردەشت و کرماشان ئیدارەی ناوچەیی مان هەیە - ئەو ئیدارە ناوچەییانە لە شوێنەکانی ژێر ئیدارەی خۆیاندا بۆیان هەیە ئیدارەی فەرعی ساز کەن - بە پێی ئەو نامەیەی لە ئیدارەی کۆمەڵەکەمان لە کرماشانەوە بە دەستمان گەیشتووە، بۆ ناوچەی "لورستان" مەئمووریان دیاری کردووە بە دوای ئەوە دا جگە لە پارچەکانی کوردستانی ئێران و کوردستانی عێڕاق لە زۆر شاراندا، یەک بە یەک بەشێوەی پەڕاکەندە زۆر ئەندامان هەیە. مەئموورمان ناردووە بۆ ناوچەی ورمێ و لە ئیدارەی ناوچەیی شنۆ سەرنجی زۆر دراوەتە سەر کارەکانمان و زۆر هەڵسووڕاوی بۆ نێردراوە.

پێوەندیمان لە گەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان جگە لە ئێران - لە عێراقێ جگە لە ئیدارەکانی تەشکیلاتەکانی ئێمە تەشکیلاتی پارتییەکی دیکە هەیە بە ناوی "هیوا" کە بۆ بەرژەوەندی گەلی کورد خەبات دەکا. چەند لە ئەندامانی ئەو پارتییە سەر بەئێمەن و لەو چەند مانگەی دواییدا ئەو پێوەندییە نارەسمیانە لە ئەساسنامە دا لە لایەن ئەوانەوە ڕەسمییەتی پەیدا کردووە. لە بەرنامەی ئەوانیشدا مادە ئەساسییەکانی وەک بەرنامەی ئێمە وایە، جیاوازییەکەمان لە شەرتومەرجی ئەندامەتی و لە سیستمی تەشکیلاتی دایە.

لە "هەولێر" ێ بە پێی نامەی ئیدارەی محەلیمان بەو دواییانە لاوانی کوردی عێراق تەشکیلاتێکی کۆمۆنیستییان دامەزراندووە و دەیانەوێ لەگەڵ ئێمە پێوەندی بگرن و بۆ ئەو مەبەستە دەیانەوێ نوێنەری خۆیان بنێرنە لامان. بە پێی ئەو زانیاریانەی لە عێڕاقەوە بە دەستمان گەیشتووە هەم لە لایەن ئیدارەی تەشکیلاتەکەمان لەوێ و هەم لە لایەن "هیوا" کە پێوەندی لەگەڵ ئێمە هەیە تەشکیلاتی گەلی کورد لە سووریا داوای کردووە کە پێوەندییە نارەسمییەکانی ئێستامان شێوەی ڕەسمی بەخۆیەوە بگرێ



سەرچاوە Serchawe

ژمارەی ئەندامانی حیزبەکەمان


بە لەبەر چاوگرتنی سیستمی خێزانی لە کوردستان ئەگەر مەزنی خێزانەکە بەشدار بێ، هەموو ئەندامانی خێزانەکەش بەشداری دەکەن بە کەلک وەرگرتن (......) (چەندین ووشە ناخوێندرێتەوە)

## فۆرماسیۆنی حیزبەکەمان

ئەندامانی تازەی کۆمەڵەکەمان لە لایەن ئەندامانی کۆنەوە دەناسێندرێن، ئەندامی کۆن لەهەموو ڕوویەکەوە ئەندامی نوێ دەستەبەر دەکا.ئەندامی تازە دەبێ خاوەن ڕابردوویەکی خاوێن بێ،(...) بە پەسند کردنی پرۆگرام ڕێز لە بریارەکانی کۆمەڵە بگرێ - سەر بە هیچ تەشکیلاتی سیاسی دیکە نەبێ (ئەگەر بێتوو سەر بە حیزبێکی دیکە بێ لەوە کۆمەڵە ئاگادار دەکا ئەگەر پێویست بێ پێوەندی خۆی دەپچڕێنی یان درێژەی پێ دەدا). بۆ ئەوەی کەسێک ببێ بە ئەندام دەبێ بە قورئان سوێند بخوا نیسبەت بە کۆمەڵە وەفادار دەبێ و نهێنییەکانی کۆمەڵە لای هیچ کەس نادرکێنێ (تەنانەت لای باوک و دایکیشی)، و بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵە هەموو دەرفەتێک بەکار دەهێنێ و ئەو فەرمانانەی پێی دەدرێ بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە جێ بە جێیان دەکا، بە بێ ئیزنی کۆمەڵە لەگەڵ حیزبەکانی دیکە یان کەسانی سیاسی دی پێوەندی ناکا و بەرعودە دەبێ بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵە و ئەندامانی کۆمەڵە ڕەچاو بکا.

هەیئەتی ناوەندی و ئیدارەی ناوەندی کۆمەڵە لە شاری مەهابادە - لە لایەن کۆمەڵەوە لە هەموو ناوچەیەکی کوردستان ئیدارەی محەلی دادەمەزرێندرێ. ئەندامانی کۆمەڵە لەو ناوچانە دا بۆ کاروبارەکانیان سەر لەو ئیدارە محەلییانە دەدەن - هەر ناوچەیەی سەر بەو ئیدارە محەلییانەن و بۆ هەر کوتلەیەک کە لە ٥٥ ئەندام پێک بێ ئیدارەی فەرعی دەکرێتەوە. هەر ئیدارەیەکی فەرعی بە پێنج بەش دابەش دەکرێ، بەو شێوەیە بەشەکان، ئیدارە فەرعییەکان، ئیدارە ناوچەییەکان و ئیدارەی ناوەندی کۆمەڵە. تەشکیلاتەکان وەک یەک وان، هەر کامێکیان ڕێداکتۆر، سکرتێر، سەدری هەیئەتی ئیستیشاری، خەزێنەدار و هەیئەتی ئیستیشارە یان دەبێ. هەموو کارەکان بە ڕاوێژ ڕادەپەڕێندرێن.

کاروباری ناوخۆیی کۆمەڵە و کێشە و خیلافی ناوخۆیی ئەندامان هەیئەتی ئیستیشارە یەکلایان دەکاتەوە.



حوسێن فرووهەر (حوسێنی زێڕینگەران) ئەندامی ژمارە ١ی كۆمەڵەی ژ - ك

لە كاتی تەبعید كرانی بۆ شیراز. فرووهەر بە دەستخەتی خۆی لە پشت ئەو وێنەیە بە فارسی ئاوای نووسیوە:

مهاباد نوربچشمان عزیزم آقای ابراهیم فروهر

اینک محض یادبود عکس خود را در تاریخ ١٩ فروردین ماه سال ١٣٢٠ که بشیراز تبعید نموده بودند یادگاری فرزند عزیز و ارجمندم آقای ابراهیم زردشت فروهر بوسیلهء پست توسط مادرم بانو رعنای فروهر ارسال گردید و سلامتی شما را با عموم خانواده و عموزادگان آقایان زرگری و امامی از خداوند متعال خواستارم.

امضاء حسین فروهر

٢١ - ١ - ٢٠

وەرگێڕانی كوردی

نووری چاوانی خۆشەویستم ئاغای برایمی فرووهەر

ئێستا بۆ بیرەوەری وێنەی خۆم كە لە بەرواری ١٩ی مانگی خاكەلێوەی ساڵی ١٣٢٠ كە دوور خرابوومەوە بۆ شیراز وەكوو یادگاری بۆ ڕۆڵەی خۆشەویست و بەڕێزم ئاغای برایمی زەردەشت فڕووهەر بە پۆست لە ڕێگای دایكمەوە یای ڕەعنای فڕووهەر نارد و لەشساغی ئێوە و گشت بنەماڵە و ئامۆزاكان ئاغایانی زەرگەری و ئیمامی لە خولای بەرز داوا دەكەم.

ئیمزا: حوسێن فرووهەر


٢١ - ١ - ٢٠



سەرچاوە Serchawe

لە ساڵرۆژی دامەزرانی کۆمەڵە دا ئیدارە محەلییەکان لە ناوچەکانی خۆیان کۆنفرانس پێک دەهێنن و نوێنەرانی ئەوان لە ناوەندی کۆمەڵەکەماندا مەجلیسی بەرزی ئیستیشارە یان دەبێ. لەو کۆنفرانسانە دا کاروبارەکانی ساڵی پێشوو هەڵدەسەنگێندرێن و بەرنامەی کار بۆ ساڵی دادێ دیاری دەکرێ.

بێ لە بەچاوگرتنی ئیمتیاز و باڵادەستی ئەندامانی کۆمەڵەکەمان لە دەرەوەی کۆمەڵە، لە ناوخۆی کۆمەڵە دا ئەندامان بە ڕێگای کاروتێکۆشانیان ڕا دەکرێ یەک لە یەک باڵاتر و هەڵکەوتە تر بن.



یەک لە دوایین وێنەکانی عەبدولڕەحمان زەبیحی (ع - بیژەن ٢)، گەڕێنەندەی نیشتمان و ئیدیئۆلۆگی کۆمەڵەی ژ - ک

ئەندامانی کۆمەڵە دەبێ هەموو مانگێک ١٠ ڕیاڵ دراو بدەن بە خەزێنەی کۆمەڵە جگەلەوە ئەو ئەندامانەی وەزعی ماڵییان باشە بە پێی توانای خۆیان کۆمەڵە باربوو دەکەن. بۆ هەر دراوێکی کە وەردگیرێ قەبزی ڕەسمی دەدرێ.

### داوخوازەکانی کۆمەڵەکەمان لە حکوومەتی یەکەتیی شووڕەوی مەزن

- بەپێی مادەی ١٢٩هەمی قانوونی بنچینەیی حکوومەتی یەکەتیی شووڕەوی ئێمە ئەم داخوازانەی خوارەوەمان هەیە.

١- ناسینی کۆمەڵەکەمان بە شێوەی ڕەسمی

٢- یارمەتی کردن بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵەکەمان

٣- پێشگرتن لە هاتنەوەی ئەرتەشی ئێران بۆ سەربازخانەی مەهاباد

٤- لەلایەن فەرماندەرانی ئەرتەشی سوور بەعەشیرەتەکان و ئاغاوەت بگوترێ بە گوێی ئێمە بکەن یان ئەوەی لە هەرێمی جێی نفووزی ئێمە دا بێدەنگ دانیشن و دەست لەکاروبار وەرنەدەن

٥- دابین کردنی پێداویستییەکانی ئێمە لە ڕووی ئامرازی فەنییەوە

٦- دوای پەرەسەندی کافی کۆمەڵەکەمان ناوچە کوردەکانی سەردەشت، بۆکان، میاندواو، مەهاباد، نەغەدە، شنۆ و ورمێ لە تەشکیلاتی ئیداری حکوومەتی ئێران پاک کردنەوە و بۆ ئەو مەبەستە دانی یارمەتی پێویست.

٧- ئەو هەرێمە ناوی بنرێ کوردستانی ئازاد و لە ئێران و عێراق و سووریا و لە کوردەکانی دیکەی عالەم کابینەیەکی حکوومەتی کاتی پێک بهێندرێ و لەو ناوچانەی لە سەرەوە ناو بردران کار بکرێ بۆ بەڕێوەچوونی پرێنسیپەکانی ئیداری و ئابووری ئەو حکوومەتە تازەیە

٨- بە پێی بەندی "پێ" ی مادەی ١٤ هەمی قانوونی بنچینەیی حکوومەتی یەکەتیی شووڕەوی مەزن ئەگەر ئەو حکوومەتە کاتییە دامەزرا دەناو یەکەتیی کۆمارەکانی شووڕەوی مەزن دا جێی بکرێتەوە و ئەندامەتییەکەی پەسند بکرێ

٩- بۆ ئازاد کردنی پارچەکان و لایەکانی دیکەی کوردستان حکوومەتی شووڕەوی مەزن ئەو گەلالەیە پەرە پێ بدا

١٠- بۆ وەدیهێنانی گشت ئەو کاروبارانە لە لایەن حکوومەتی شووڕەوی مەزنەوە دوو یان سێ کەس ڕاوێژکار بدرێ بە ئێمەبە ناوی ئینسانییەت و شارستانییەت تکا دەکەین لە حکوومەتی یەکەتیی شووڕەوی مەزن و هیواداریین کە وەک نەتەوە لاوازەکانی دیکە گەلی کوردیش لە عەداڵەت و فەیزی ئەو حکوومەتە مەزنە بێ بەش نەبێ.

بژی لایەنگری نەتەوە لاوازەکان حکوومەتی یەکەتیی شووڕەوی مەزن
بژی سەرکردە مێهرەوان و بەدەری نەتەوە لاوازەکان مارشاڵ ستالینی ئازیز
بژی برایەتی گەلی کورد و یەکەتیی کۆمارەکانی شووڕەوی

لە لایەن ئیدارەی ناوەندی کۆمەڵەی "ژ - ک" وە

لە ١٢ی مانگی مەی ١٩٤٣ دا کۆمەڵەکەمان سەبارەت بە حکوومەتێکی بێگانە لە شاخێک بە ناوی "قەڵای سارم" کۆبوونەوەیەکی ڕێک خست بە بەشداری ٢٥ ئەندام. لەو کۆبوونەوەیە دا بەرنامەی کۆمەڵەکەمان لەگەڵ قانوونی بنچینەیی حکوومەتی یەکەتیی شووڕەوی مەزن بەراوەرد کرد و بڕیار درا. بە پێی ئەو بڕیارە کۆمەڵەکەمان دەبێ لەگەڵ حکوومەتی شووڕەوی پێوەندی دامەزرێنێ و بۆ گەیشتن بەو مەبەستە پێداگری کرا لە سەر ملە و خەباتی ئەندامان. لە دوای ئەو بەرواره ژمارەی یەکەمی گۆوارەکەمان "نیشتمان" دەرکەوت. لەو ژمارەیەدا و لەوی دواوە کۆمەڵەکەمان بۆ وەدیهێنانی

ئەو بڕیارە تا دەکرێ ئەوپەڕی حەولی خۆی دەدا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی حکوومەتی یەکەتیی شووڕەوی مەزن و بە سەداقەتەوە ئەوە ئەنجام دەدا.

٢٣ - ١٢ - ١٩٤٤ - ١٣٢٣

کۆنسوولی گشتی یەکەتیی شووڕەوی مەزن لە تەوریز

داواتان کرد بوو چەند کەس لە ئەندامانی چالاکی کۆمەڵەکەمانتان پێ بناسێنم کە لە ڕێگای بیروباوەر دا تێ دەکۆشن.

لە خوارەوە ناوەکانتان پێشکێش دەکەم:

| | | |
|---|---|---|
| ١- قاسم قادری قازی | لە مەهابادە | پیرە |
| ٢- عەلی ڕیحانی | لە مەهابادە | پیرە |
| ٣- عەبدولرەحمان کەیانی | لە مەهابادە | گەنجە |
| ٤- مەناف کەریمی | لە مەهابادە | گەنجە |
| ٥- محەمەد یاهوو | لە مەهابادە | گەنجە |
| ٦- محەمەد دڵشاد(ڕەسووڵی) | لە مەهابادە | گەنجە |
| ٧- سەدیق حەیدەری | لە مەهابادە | گەنجە |
| ٨- محەمەدئەمین شەرەفی | لە مەهابادە | گەنجە |
| ٩- ڕەحمان ئێلخانیزادە | لە بۆکانە | گەنجە |
| ١٠- عەبباس حەقیقی | لە بۆکانە | گەنجە |
| ١١- ڕەحمان شەرەفکەندی | لە بۆکانە | گەنجە |
| ١٢- مامەند قادری | لە نەغەدەیە | پیرە |
| ١٣- مەجید خوسرەوی | لە نەغەدەیە | گەنجە |
| ١٤- محەمەد قادری | لە شنۆیە | گەنجە |
| ١٥- نافع | لە سەقزە | گەنجە |
| ١٦- محەمەد سەعید حافدی | لە کرماشانە | گەنجە |
| ١٧- تاهیر هاشمی | لە کرماشانە | گەنجە |
| ١٨- عوسمان دانش | لە سلێمانی یە لە عێراق | گەنجە |



سەرچاوە Serchawe

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩- قادر دەباغی | لە سلێمانیە لە عێراق | گەنجە | خەڵكی سەقزە |
| ٢٠- محەمەد سەعید مەلا عەلی | لە هەولێرە | گەنجە | |
| ٢١- فەتتاح غانمی | لە سەردەشتە | گەنجە | |
| ٢٢- محەمەدئەمین شێخولئیسلامی | لە مەهابادە | گەنجە | |

بەڕێوەبەری چاپەكانی كۆمەڵەی "ژ - ك"

وەرگێڕان لە زمانی توركی ئازەربایجانییەوە: حەسەن قازی

سەرچاوە: حامید گەوهەری، كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردستان، ستۆكهۆڵم ١٩٩٩، لاپەڕەكانی ٢٢٧، ٢٢٨، ٢٢٩، ٢٣٠، ٢٣١،

سەرچاوە: وێبنووسی ڕوانگە - ڕێكەوتی: ٢ی جوونی ٢٠١٨

---

## دامەزرانی كۆمەڵەی ژێكاف



ڕەحیم ڕەشیدی

### بزووتنەوەكانی پێشووی كورد و بەستەرێك بۆ هەنگاوی نوێتر

گەر بمانەوی زۆر لە ڕۆژی دامەزرانی حیزب دوور نەكەوینەوە و مێژووی كورد لە دەوروبەری ئەو مێژوویە بخەینە بەر سەرنج، دەبینین كە ویستی نەتەوەیی كورد لە كوردستانی خۆرهەڵات، لەگەڵ ئەوەی كە زانستیانە و ئەمڕۆییانە - تا پێش دامەزرانی حیزبی دێموكرات - هیچ ئۆرگان و ڕێكخراوێكی بۆ پێكنەهاتووە، بەڵام بە ڕێبەرایەتیی ڕێبەری نەتەوەیی كورد سمكۆی شكاك و لە بەرانبەر نیزامی ڕەزاشادا كە پاش كودتایەكی سەربازی بە یارمەتیی دەوڵەتی بریتانیا هاتبووە سەر

کار، بەرخۆدانی هەبووە. ئەمە جگە لەوەیکە بڵێسەی بیری نەتەوەیی هەر لەسەردەمی جەنگی چاڵدۆران و پاش رێککەوتنی ١٦٣٩( رێککەوتنی زەهاو)ی نێوان شای سەفەوی و سوڵتانی عوسمانی کە بە فەرمی بۆ یەکەمجار کوردستانی دابەش کرد، لە هەموو دەڤەرێکی کوردستان سەریهەڵدابوو و هەرجارە و لە جێیەکی کوردستان بە رێبەرایەتیی شێخێک، سەرۆک هۆزێک، قارەمانێک یان زانایەکی ئایینی، خۆی نیشان داوە.

## مەهاباد پێگەیەک بۆ جوڵەیەکی نەتەوەیی و رێکخراوەیی

ناوچەی موکریان وەک ناوچەیەک کە لەودا، بەربەرەکانێ لە دژ داگیرکارانی کوردستان تێیدا هاتبووە کایە و زۆر رووداوی مێژوویی، سەربازی و سیاسیی - تا پێش دامەزرانی کۆمەڵەی "ژ- ک" ی بە خۆیەوە دیتبوو، هەمدیسان لە قۆناغی پاش جەنگی جیهانیی دووەم، بە گوێرەی هەڵکەوتوویی سیاسی و جوغرافیایی ئەوکاتی و لەباربوونی بۆ جووڵەیەکی نوێی نەتەوەیی، دیسان مەکۆیەکی گرنگ بووە بۆ وەرچەرخانێکی گرنگی سیاسی - نەتەوەیی.

خۆنزیککردنەوەی رەزاشا لە ئاڵمانی نازی و هیتلێر لە سەردەمی جەنگی جیهانیی دووەم، بووە هۆی ئەوەیکە پاش دۆڕانی نازیسم، بەرەیەکی گەورە لە وڵاتە بەهێزەکانی ئەوسەمی وەک یەکیەتیی سۆڤیەت، بریتانیا و ئامریکا، لە دوو لاوە، واتە لە باکوور و باشوورەوە هێزەکانیان ئێران داگیر بکەن. خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاوی ئەرتەشی سووری یەکیەتی سۆڤیەت لە باکوورەوە و ئامریکا و ئینگلیس لە باشوورەوە هاتنە نێو خاکی ئێران و رەزاشا نەیتوانی چووکەترین دژکردەوە لەدژیان نیشان بدات. پاش دوورخستنەوەی رەزاشا، دەرفەتێکی باش بۆ پەرەسەندنی بیری دێموکراتیک و ئازاد دەرەخسێ و دەرگەیەک دەکرێتەوە بۆ ئەوەی گەلانی ئێران، خەڵکی ئازادیخواز و لایەنی سیاسیی جیاجیا بتوانن بە بێ ترس دەست بکەن بە کاروچالاکی و هێنانەئارای ویستە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیان.

ئەرتەشی سوور تا شاری ورمێی خستبووە ژێر چنگی خۆی و بەشی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستانیش کەوتبووە ژێر دەستی بریتانیا.

لەو نێوەدا ناوچەی مەهاباد مەڵبەندێک بووە کە نە ئەرتەشی سوور و نە هێزەکانی ئینگلیس دەسەڵاتیان بە سەریدا نەبووە و بۆشاییەک دروست بووە کە خەڵکی ئەو ناوچەیە وەک دەرفەتێک ئەیقۆزنەوە و بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان وەدەست دەگرن.

ئالێرەدایە کە بەستێن رەخساوە بۆ ئەوەی بۆ یەکەمجار رێکخراوێکی رامیاریی کوردی بە ناوی کۆمەڵەی "ژێ کاف" یان ژیانەوەی کورد، لە دایک ببێ.

"ژێ کاف"

کۆمەڵەی "ژێ کاف" کە کۆمەڵەیەکی تەواو نەتەوەیی بووە، ڕێکەوتی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاوی لە لایەن ١١ کەسی ئەو شارەوە کە بریتی بوون لە: حوسەین فروهەر، عەبدولڕەحمان زەبیحی، عەبدولڕەحمان ئیمامی، عەبدولقادر مودەڕسی، نەجمەدین تەوحیدی، موحەممەد نانەوازادە، عەلی موحەممەدی، موحەممەد ئەسحابی، عەبدولڕەحمان کیانی، سدیق حەیدەری و قاسم قادری، بە فەرمی پێکدێ( چل ساڵ خەبات، ل ٢٨).

لە پەرتووکی ئاڵەکۆک، لاپەڕەی ٣٢، لە نووسینی غەنی بلوریان، هاتووە کە جگە لەو ١١ کەسە چوار کەسی دیکەش هەن کە لە دامەزرێنەرانی ژێکافن و بریتین لە: مەلا عەبدوڵای داودی، موحەممەدی یاهوو، ئەحمەدی عیلمی، عەزیزی زەند (عەزیز ئاڵمانی)

هەر لەم خاڵەوە، واتە دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف، خاڵێکی وەرچەرخانی سەرەکی لە نێو کۆمەڵگەی سیاسیی کوردیدا دەست پێدەکات و ئەم هەنگاوە خۆی لە خۆیدا وەک یەکەم رچەشکێنی لە مێژووی گەلەکەماندا، بەئەژمار دێ. لەبەر ئەوەیکە ئەوە بۆ یەکەمجار بووە وەها ڕێکخراوێک لەلایەن کەسانی ئاسایی کۆمەڵگەوە کە خاوەن پشتێنە یان پێشینەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی نین، پێکدێ. ئەو کەسانە لە چین وتوێژە مامناوەندییەکانی کۆمەڵگە بوون و بەو کارەیان ڕێبەریی بزوتنەوەیان نەدایە دەستی سەرۆک هۆز، ئاغا، دەرەبەگ، شێخ یان کەسایەتییەکی ئایینی و چوارچێوەیەکی وایان پێکهێنا کە ڕێبەریی بزووتنەوە بە شێوەی شۆرایی و لە قەوارەی ئۆرگاندا بکرێت و هەرکەس کە دەبووە ئەندامی ژێکاف، دەبوو سوێندی خواردبا خیانەت بە کورد و کوردستان و بە ژێکاف نەکات و نهێنییەکانی بپارێزێ و پابەند بێ بە بڕیار و یاساکانی ڕێکخراوەکە. بەم هەنگاوە لە ڕاستیدا دەبینین کە یەکەم بنەماکانی پێکهاتنی ئۆرگان بە شێوەی زانستییەکەی، لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، دروست دەبێ و ئەندام یان تاک پابەندیی خۆی بە کۆمەڵگەیەکی نوێتر نیشان دەدا کە ئۆرگانەکەیەتی نەک بە هۆز یان ئاغا، دەرەبەگ یان شێخ یان کەسایەتییەکی تایبەت.

گەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەردەمە، دەتوانین بڵێین پێکهێنەرانی کۆمەڵەی ژێکاف - بە هەموو کەموکوڕییەکانیانەوە - خوێندنەوەیەکی زانستیانەتریان لە جووڵانەوەکانی پێش خۆیان هەبووە بۆ دۆزی کورد و لەدایکبوونی "ژ - ک" یەکەم خاڵی وەرچەرخانە بۆ بەئۆرگانیزەکردنی کورد و هەوڵدان بۆ دانی پێناسەیەکی زانستی بە بزووتنەوە.

دامەزرێنەرانی ژێکاف، ئاگاداری کایە نوێ نێودەوڵەتییەکان بوونە و ویستوویانە لە هاتنی ئەو شەپۆلەدا کە باس لە مافی



سەرچاوە
Serchawe

گەلان کراوە، جێگەیەک بۆ کورد وەدەست بێنن. هەڵبەت نکۆڵی لەوە ناکرێ کە ژێکاف لە هەندێک لە خوێندنەوەکانیدا بۆ ڕووداوە سیاسییەکان و ئەو جەمسەربەندییەی کە هەبووە، خوێندنەوەی هەڵەیان هەبووە. هاوکات ژێکاف ڕێکخراوێکی تەنیا کوردی بووە و لە بواری تکنیکییەوە ئەگەری ئەوە هەبووە کە لە داهاتوودا لە پرۆسەی کاریی خۆیدا تووشی کێشە بێ و نەتوانێ لەگەڵ هاونیشتمانییانی ناکوردی نیشتەجێی کوردستان بیروباوەڕەکانی خۆی بگونجێنێ کە ئەمەش دەتوانێ کاریگەرییەکی زۆری هەبووبێ لەسەر گۆڕینی ناوی "ژ - ک" بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان.

دوکتور قاسملوو لە پەرتووکی چل ساڵ خەبات، ل ٢٩دا دەڵێ: لە مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٣٢٢، واتە نزیک بە نۆ مانگ پاش یەکەم دامەزرانی کە یازدە تا پازدە کەس تێیدا بەشدار بوون، ئەمجار لە کۆبوونەوەیەکی بەرینی نزیک سەد کەسیدا کە زیاتر بە کۆنگرە دەچوو، بڕیار درا ژێکاف بۆچوونەکانی خۆی لە بڵاوکراوەیەکدا بڵاو بکاتەوە. لێرەدایە کە یەکەم گۆڤار بە ناوی نیشتمان دەبێتە زمانحاڵی کۆمەڵەی ژێکاف.

ئەم هەنگاوەی ژێکاف نیشان لەوەیە کە ئەم چینە لە ڕێبەریی ژێکاف، بە هەموو کەموکوڕییەکانیانەوە کە هەیانبووە، وەک ناشارەزابوون لە بارودۆخی دروستی سیاسیی لە جیهان و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، ویستوویانە شێوەی کاری ئۆرگانی بخەنە سەر ڕەیلێکی پێشکەوتووانە و وردە وردە هەوڵبدەن ڕای گشتیی کوردی دروست بکەن و سەکۆیەک پێکبێنن بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوە بۆ خەڵک و باسە گرنگەکانی تایبەت بە پرسی نەتەوەیی، مێژووی کورد و هەروەها ڕابردووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە هەموو بەشەکاندا بخەنە بەر باس.

### ژ.ک و پێوەندیی نەتەوەیی

کۆمەڵەی "ژ - ک" وەک ڕێکخراوێکی نەتەوەیی مەیدانێکی گەورەی کردەوە لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵات. هاوکات لە هەوڵدا بووە بۆ ئەوەیکە بتوانن لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستاندا پێوەندی بگرن و نوێنەر بنێرن بۆ دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ ئەو بەشانە. بۆ نموونە هەر لە کۆبوونەوەی بانەمەڕی ساڵی ١٣٢٢ لە باخی حاجی داودی، بڕیار دەدەن قاسم قادری بتوانێ نوێنەری کوردەکانی ڕۆژهەڵات بێ بۆ پێوەندیگرتن بە کوردی بەشەکانی دیکە و هاوپەیمانییەک پێکبهێنن.

دەتوانین بڵێین کە لەگەڵ ئەوەی هێزەکانی ئامریکا و ئینگلیس باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان داگیر کردبوو و دەرەتانی ئەوە نەبووە کە ڕێکخستنەکانی ژێکاف لەو ناوچانە بەخێرایی ڕەگ داکوتن، ئەو ڕێکخراوە توانیویەتی هەم لە ناوچەی موکریان و هەم لەو دیو سنوورەکانی ڕۆژهەڵات واتە لە باشوور و باکووری کوردستاندا بە دوای ڕیشە هاویشتن و هاوپەیمانەتیدا بگەڕێ.

دوکتور قاسملوو لە چل ساڵ خەبات، لە لاپەڕەی ٢٨ دا ئاماژە بەوە دەدا کە هەر لە سەرەتای دامەزرانی ژێکاف، کوردی باشووری کوردستان لە دامەزرانیدا رۆڵیان هەبووە. بۆ نموونە میرحاج ئەحمەد کە ئەفسەرێکی ئەرتەشی عێراق بووە، لەلایەن حیزبی هیواوە کە ساڵی ١٩٣٩ پێکهاتبوو، لە یەکەم کۆبوونەوەی ژێکافدا بەشدار بووە.

ئەم هەنگاوە وایکردووە کە ژێکاف تەنیا لە قەوارەی رۆژانی یەکەمی دامەزرانی و چالاکبوونی لە نێو خەڵک، نەمێنێتەوە و لە بازنەیەکی گەورەتردا و وەک یەکەم هەنگاوی خۆی دەست بکات بە کاری پێوەندی و دیپلۆماسی.

### هاتنی پێشەوا قازی موحەممەد بۆ نێو "ژێکاف"

هەروەک لە سەرەتادا ئاماژەمان پێداوە، دامەزرانی رێکخراوێکی وەک کۆمەڵەی ژ - ک لەگەڵ ئەوەی پێویستییەکی مێژوویی بووە و لە خاڵێکەوە پێویست بووە دەستپێبکات، هاوکات گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانیشی و وەرگرتنی لە لایەن چینی دەسترۆیشتووی کۆمەڵگەوە زۆر بەسانایی نەبووە.

بۆ ئەوەیکە ریشە بخاتە نێو کۆمەڵگە و خەڵک گوێڕایەڵی سیاسەتەکانی بن و پێڕەوەیی لێبکەن، بوونی کەسایەتییەکی وەک پێشەوا قازی موحەممەد گرنگییەکی تایبەتی هەبووە بۆ ئەو رێکخراوەیە.

ساڵی ١٣٢٣ قازی موحەممەد کە ئەودەم مرۆڤێکی جێی متمانەی خەڵک و پیاوماقوڵان و کەسانی خاوەن کاریگەریی شار و ناوچەی موکریان ئەبێ و هاوکات خۆشی کەسایەتییەکی زانا و لێهاتوو بووە و تا ئەودەم بەرپرسایەتی لە چەند ئۆرگان و دادگە و جێی جوداجودا لە شار و لە نێو کۆمەڵگەکەی خۆی هەبوو و جگە لەوەش لە کاتێکدا کە بۆشایی بەڕێوبەری لە ناوچەی مەهابادا پێکهاتبوو، یەک لەوانە بووە کە ئیدارەی شاریان کردووە و وەک بەرپرسی ئەو بەڕێوەبەرییەی کە شاریان ئیدارە کردووە، دیاری کراوە.

قازی کەسێکی تێگەیشتوو و زانا بووە کە چەند زمانی زانیوە و شارەزایەکی زۆری لە سەر مێژووی کورد هەبووە و هاوکات لە بنەماڵەیەکی قسەرۆیشتوو و کاریگەری ناوچەکەش بووە و جێگەی رێزیش بووە لە لایەن رووسەکان.

هاتنی قازی موحەممەد بۆ نێو ژ - ک هێزێکی بەرینتر بەو رێکخراوەیە دەدات و زیاتر دەبێتە جێی متمانەی خەڵک. لە لایەکی دیکەوە بگرە و بەردە و کایە سیاسییە نوێکان کە کورد و ژ.ک نەیاندەتوانی خۆی لێوە دوور بگرن، وردەوردە بەرەو ئەوە دەهات کە دەبوو کورد روبەڕوویان ببێتەوە.

## پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان

٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکدێ. ئەمەش وا دەکات کە کۆمەڵەی ژێکاف لە قەوارەیەکی بەرتەسک و داخراوەوە، ئاڵوگۆر بەسەر خۆیدا بێنێ و بتوانێ خۆی بکاتە رێبەرو پێشەنگی خەباتی رزگاریخوازانە لە کوردستان و بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی دروستی سیاسیی ئێران و نێونەتەوەیی، هەوڵ بدات بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی کورد، بەشێوەیەک کە بتوانێ دۆست و لایەنگر بۆ کوردستان بدۆزێتەوە و لەو رێگەیەوە دۆزی کورد و کوردستان بکاتە دۆزێکی نێونەتەوەیی.

ئەمە نیشان دەدا کە پێشەوا قازی کەسێکی دووربین، شارەزا، وردبین و ئاشنا بە سیاسەتەکانی رۆژ بووە و لە هەوڵدا بووە کە لەهەر دەرفەتێک کەڵک وەرگرێ بۆ ئەوەی کورد بچێتە نێو کایە نێودەوڵەتییەکان. هەروەها دەرخەری ئەوەیە کە پێشەوا لایەنگری رامیارییەک نەبووە کە خەباتی کورد لە چوارچێوەی خەباتێکی "یان هیچ یان سەد" دا بێ. ئەم شێوە بیرکردنەوەیەی قازی موحەممەد، دواتر لە کەسایەتییەکی وەک دوکتور قاسملوودا بەدی دەکەین کە بە گوێرەی توانای بزووتنەوە و بارودۆخی نێودەوڵەتی هەوڵی دەدا دۆزی کورد لە هەموو پارچەکان و بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بە جیهان بناسێنێ و دۆستی بۆ بدۆزێتەوە.
بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کورد ئەبێ بە خاوەن یەکەم حیزبی مودێرن و زانستی و ئەو حیزبە لە قەوارەی بەرنامەیەکی روونی ویستەکانی کورد لە بەرنامەیەکی هەشت بەندیدا دەگونجێنێ و دەست دەکات بە رێکخستنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە دەوری خۆی.

جگە لەوەش بە هۆی دامەزرانی وەها حیزبێکی دێموکرات لە کوردستان، زۆر حیزبی ئازادیخواز و دێموکراتی دیکە، کە لە بەشەکانی دیکەی ئێراندا پێکهاتبوون، دەبنە دۆستی حیزب و بناغەی دۆستایەتی دادەنێن. جگە لەوەش لە ئاستی نێودەوڵەتیدا حیزب دەتوانێ سەرنجی وڵات و هێزە دژەفاشیزمەکان بۆ لای خۆی راکێشێ، بە تایبەت هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت.

کەواتە لەم قۆناغەدا دەبینین کە ژێربینیی رێبەرایەتیی حیزب و بە تایبەت پێشەوا قازی، وادەکات کە لە لایەک پێوەندییە نەتەوەییە کوردستانییەکان هەر لەسەر جێی خۆیان بن و هاوتەریب لەگەڵ ئەوەش سەرنجی ئازایخوازان و وڵاتانی دژ بە فاشیزم بەرەو لای دۆزی کورد راکێشرێ. ئەوە بەو مانایەیە کە گۆڕانی ناوی حیزب لە "ژ - ک" ەوە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان، تاکتیک بووە لە ستراتیژیی دۆزی نەتەوەییدا و هیچ لە ویستە جەوهەرییەکانی "ژ - ک" واتە

ویستی کورد بۆ بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆی کەم نەکردۆتەوە کە ئەمەش دواتر زۆر بە روونی لە دامەزرانی کۆماری کوردستاندا خۆی نیشان ئەدا.

تێبینی: تەنیا بەشی کۆمەڵە ژ - ک لە بابەتی: (حیزبی دێموکراتی کوردستان، دیاردەیەک لە دەسپێک و راسانێک لە پرۆسەی رزگاریی نەتەوەییدا. لە نووسینی رەحیم رەشیدی) کەلک وەرگیراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٣ی گەلاوێژی ٢٧١٨

-----------------------------------------------

## یادی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان

### ژێکاف - ١٦ - ٨ - ١٩٤٢

٧٦ ساڵ لەمەوبەر و لە رۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا ١٦ - ٨ - ١٩٤٢ی ز، چەند کەسایەتییەکی رۆشنبیر و نیشتمانپەروەری شاری مەهاباد لە باخی حاجی داود لە دەرەوەی شاری مەهاباد کۆبوونەیەکیان سازکرد و تیایدا کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ژێکاف (ژ - ک) دامەزراند.

**بارودۆخی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان:**

**یەکەم: بارودۆخی دەرەکی:**

١- وڵاتی ئێران لە هاوینی ساڵی ١٩٤١ز دا لە لایەن هێزەکانی یەکێتی سۆڤێت، کە ناوچەکانی باکوری ئێران و باکوری رۆژهەڵاتی کوردستان و هێزەکانی بەریتانیا و ئەمریکاش، کە ناوچەکانی باشوری ئێرانیان داگرکرد و رەزا شای ئێرانیان ناچارکرد بۆ وازهێنان لە دەسەڵات و ناردنی بۆ ئەفریقای باشوور تا مردنی لە ساڵی ١٩٤٤ز لە تاراوگە، وە دانانی محەمەد رەزای کوڕی وەکو شی ئێران لە جێگەکەی، ئەمەش دوای ئەوەی سووپای نازی ئەڵمانیا لە درێژەی شەڕەکانی جەنگی جیهانی دووەم - ١٩٣٩ - ١٩٤٥ز دا پەلاماری وڵاتی یەکێتی سۆڤێتی دا، چونکە دەیووست لە رێگای خاکی یەکێتی سۆڤێتەوە بگاتە سنوورەکانی وڵاتی ئێران، کە هاوپەیمانی هیتلەر بوو و لەوێشەوە دەست بگرێت بەسەر گێڵگە نەوتییەکانی کەنداودا، وە کاردانەوەی هەر یەکە لە وڵاتانی هاوپەیمانی یەکێتی سۆڤێت لە بەریتیانیا و ئەمریکا بە داگیرکردنی خاکی ئێران هەتا



سەرچاوە
Serchawe

بتوانن هاوکاری سەربازی وڵاتی یەکێتی سۆڤێتی هاوپەیمانیان بکەن لە دژی سووپای ئەڵمانیای نازی لە ڕێگای خاکی ئێرانەوە.

٢- ناوچەکانی باکور و موکریانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتبووە ژێر هەژموونی دەسەڵاتی سۆڤێت و هێزەکانی بەریتانیاش تا شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتبوو، هەرچی دەسەڵاتی وڵاتی ئێرانیشە تەنها لە شاری تارانی پایتەخت و ناوەندی ئێران دا باڵا دەست بوو.

**دووەم: بارودۆخی ناوخۆیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و ناوچەی موکریان بە تایبەتی:**

١- لەباری بارودۆخی ڕۆشنبیری و خەمڵینی وشیاری نەتەوەیی لە ناوچەی موکریانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
٢- دامەزراندنی چەنین کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی لە پێش دامەزراندنی کۆمەڵەی ژێکاف دا، لەوانە: کۆمەڵەی زەردەشتی و پارتی ئازادی کوردستان - ١٩٣٨ز.
٣- هەبوونی کەسانی نیشتمانپەروەری وەکو عەبدولڕەحمانی زەبیحی و پێشەوا قازی محەمەد و مامۆتس هەژار و مامۆستا هێمن و چەندانی تر لە ناوچەی موکریاندا.
٤- کاریگەری خەباتە سیاسی و ڕێکخراوییەکانی باشوور کوردستان بە گشتی و شاری سلێمانی بە تایبەتی، کە پارتی هیوا لەو سەردەمەدا لە چالاکیدابوو.
کۆمەڵەی ژێکاف لە ڕووی چالاکی سیاسییەوە کۆمەڵەیەکی نهێنی بوو، ئاماجی سیاسی بریتی بوو لە خەباتکردن لە پێناوی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا.

**دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ - ک لە کۆبوونەوەکەی ڕۆژی ١٦ - ٨ - ١٩٤٢ی ز باخی حاجی داوددا بریتی بوون لە:**

١- عەبدولرەحمان زەبیحی
٢- حوسێن فرووهەر
٣- عەبدولرەحمان ئیمامی
٤- قادر مودەررەسی
٥- نەجمەدین توحیدی
٦- محەممەد نانەوازادە
٧- عەلی مەحموودی
٨- محەممەدئەسحابی

٩- عەبدولرەحمان كیانی

١٠- سەدیق حەیدەری

١١- قاسم قادری.

هەروەها میرحاج ئەحمەد و مستەفا خۆشناو وەک نوێنەری حیزبی هیوا لەوێدا بەشدار بوون لەو كۆبوونەوەیەدا.

پاشان ئەو ئایدۆلۆژییەی كە سەرانی كۆمەڵە بناغەی كۆ َمەڵەیان لە سەر دامەزراند، لە بەندێكی مەڕام نامەی كۆمەڵەش دەردەكەوێ، كە دەڵێ:

"كۆمەڵەی ژ - ك لەسەر چوار كۆڵەكەی ئیسلامەتی، كوردایەتی، مەدەنییەت، سوڵح و ئاشتی دانراوە و هەموو یاسا و ڕێسایەكی لە پێشدا لەگەڵ شەرعی ئیسلام هاوتا دەكرێ دواتر دەخرێتە كارەوە."

كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردستان ڕێگەی بە شێخ، مەلا، ئاغا و دەرەبەگ نەدەدا بێنە پێشەوە و سەركردایەتی كۆمەڵە بكەن لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ساڵی ١٩٤٤ز، بەڵام لەو ساڵەدا بە هاتنی قازی محەمەد بۆ ناو كۆمەڵەی ژێكاف ئەم بنەمای وەرگرتنەی پێشووتر وەلاوەنرا، جونكە قازی محەمەد خۆی پیاوێكی ئاینی بوو.
كۆمەڵەی ژێكاف بڵاوكراوەیەكی تایبەت بە خۆی بە ناوی گۆڤاری نیشتمان دەركردووە، ئەمە سەرەڕای چەندین نامیلكەی نەتەوەی و هۆنراوەی شاعیرانی كورد.

كۆمەڵەی ژ - ك چەندین بەیاننامەی دەربارەی مافەكانی كورد و داخوازییە نەتەوەییەكانی بڵاوكردۆتەوە و داویەتە دەسەڵاتدارانی ئێران و وڵاتانی بیانی.

## پەیوەندییە سیاسییەكانی كۆمەڵەی ژێكاف:

### ١- ناوخۆ:

كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردستان پەیوەندی بە پارت و كۆمەڵەكانی تری ناو ئێران و پارچەكانی تری كوردستانی گەورەوە هەبووە، لەوانە پارتی هیوا لە باشووری كوردستان و پارتی خۆیبوون لە ڕۆژئاوا و باكووری كوردستان و هەروەها شۆڕشی دووەمی بارزان بە ڕێبەرایەتی مستەفا بارزانی لە باشوور و كردنەوەی لقێكی كۆمەڵەكە لە ساڵی ١٩٤٤ز بە سەرپەرشتی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە شاری سلێمانی.

٢- دەرەكی:

كۆمەڵەی ژێكاف پەیوەندی رۆشنبیری و بازرگانیشی لەگەڵ یەكێتی سۆڤێت دا هەبووە.

كۆمەڵەی ژێكاف لە دوای سەردانی دووەمی وەفدی كورد بۆ باكۆ لە ساڵی ١٩٤٥ز و لە دوای گەڕانەوەیان شێوازی رێكخستنی (كۆمەڵەی ژێكاف)یان گۆڕی و شێوازی خەباتیان لە نهێنییەوە كردە ئاشكرا و جۆری رێكخستنی (كۆمەڵەی ژێكاف)یشیان گەورەتركرد و لە ژێر ناوی پارتی دیموكراتی كوردستانی ئێران دا دامەزراندەوە.

ئەوەی شایانی باسە وەكو سەرچاوە مێژووییەكان ئاماژەی پێدەكەن هیچ بەڵگەیەك لە بەردەستدا نیە باس لە هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردستان بكات و ئەوەی كراوە تەنیا گۆڕینی ناوەكەی بووە لە كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردستان-ژێكاف بۆ پارتی دیموكراتی كوردستانی ئێران و هەر بۆ ئەم مەبەستەش هەمان بەرواری دامەزراندنی كۆمەڵەی ژێكاف كراوەتە بەرواری دامەزراندنی پارتی دیموكراتی كوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٤٥ز دا.

سەرچاوەكان:


- د.یاسین سەردەشتی: كوردستانی ئێران ١٩٣٩ - ١٩٧٩ز.
- حامید گەوهەری: كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردستان.
- هیوا عەزیز: خۆیبوون، هیوا، ژێكاف.
- عەبدولڕەحمان قاسملو: چل ساڵ خەبات.
- بیرەوەرییەكانی محەممەدی شاپەسەندی: سدیق ساڵح.
- ولیەم ئیگڵتن: حكومەتی میللی كوردستان، و: محەممەدی شاپەسەندی.
- مامۆستا هەژار: چێشتی مجێور.


سەرچاوە: فەیس بووك - رێكەوتی: ١٦ی ئاگۆستی ٢٠١٨

-----------------------------------------------

# زەبیحی و كۆمەڵەی ژێ - كاف




## پەیسەر پرێس

عەبدولڕەحمانی زەبیحی كودێكی تەرابووی نیشتیمان و هەڵوەدای سەربەخۆییەكانی گەلی كورد، پێدەچێت هۆكارەكەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە نەسنووری دەستكردی دەناسی و نە پارچەكانی كوردستانی لەیەك جیادەكردەوە، لە هەر قوژبنێكی ئەو كوردستانە كە بۆی هەڵكەوت خەبات و كوردایەتی دەكرد، وەك عەلی كەریمی دەڵێت: فەرقی بەوە نەدەكرد كە ئەندامی كام حیزب و كام بەشی كوردستانە، سەردەمێك لە ڕیزی پێشەوەی كۆمەڵەی (ژ - ك) و سەردەمێك لەناو پارتی دیموكراتی لە باشووری كوردستان سەردەمێكیش لەناو پارتی كوردی سوریا لە رۆژئاوا... ئەو هەتا مردیش یەك رۆژی ژیانی خۆی سەرفی ژن و منداڵ، كەس و كار، پارەو ماڵی دونیا نەكرد و هەمووی بۆ كوردایەتی تەرخان كرد، ئەو بە هەمووانی سەلماند كە كوردستان بە هەر چوار قوژبنیەوە موڵكی ئەو كەسەیە كە خەباتی بۆ دەكات و بەس.

### سەرەتاكانی ژیانی زەبیحی:

لە ساڵی ١٩٢٠لە شاری ساباڵغ - مەهاباد-ی ناوچەی موكریانی رۆژهەڵاتی كوردستان لەدایكبووە، منداڵی یەكەمی پیاوێكی بانگبێژو قورئانخوێنی هەژار بوو بەناوی سۆفی مینە، پیشەی ڕاستەقینەی سۆفی مینە (كڵاودورین بوو) بۆیە لەناوخەڵكدا بە سۆفی مینەی كڵاودروو بەناوبانگ بوو، بە هۆی مردنی باوكی لەسەرەتای منداڵییەوە، سەرەڕای هەژاری بنەماڵەكەیان، زەبیحی كەوتە ناو ژیانێكی پڕ لە ناڕەحەتی و كوێرەوەریی، لەبەر ئەوەی دەبوو بەرپرسی یەكەم بێت لە سەرپەرشتی دایك و براو خوشكەكانی.

### بایەخی خوێندن:

هەرچەندە لەپاش مەرگی ناوادەی سۆفی مینەی باوكی باری گرانی ژیان و گوزەرانیان زۆر سەخت بوو بەڵام خوێندنی فەرامۆش نەكرد، وەك هەندێك سەرچاوە باسی دەكەن پۆل هەبووە بە دووساڵ بڕیویەتی و هێشتا هەر كۆڵی نەداوە،

هەرچۆنێک بووە ساڵی ١٩٣٨ لە ورمێ بڕوانامەی سێیەمی ناوەندی بەدەست هێناوە لەبەر ئەوەی لەو ساڵانەدا لە سابڵاخ خوێندنی ئەو پۆلانەی لێنەبوو، دوای ئەوەش لە خوێندن کۆڵی نەداوەو لای چەندین مەلا بابەتەکانی زمانی عەرەبی و جەبری خوێندووە، دەگوترێت مەلا قادری مودەڕەسی کە وانەکانی جەبری پێگوتوەتەوە (هەستی نەتەوایەتی تێدا چاندووە)، زمانەکانی تورکی، عەرەبی، ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەرمەنی بەباشی زانیوە، بەگەنجی تێکەڵاوی جوڵانەوەی کوردایەتی بووە، یەکێ بوو لە دامەزرێنەرانی (ژ.ک - ژیانەوەی کورد) و تا هەڵوەشانەوەی ئەو ڕێکخراوە زەبیحی سکرتێری بووە.

هەژار موکریانی لە لاپەڕە ١٨ و ١٩ی کتێبی (چێشتی مجیور)دا لەبارەی ئەو قۆناغەی زەبیحی دەنوسێت: ڕۆژێک وەک بەڵای ناگەهانی منداڵێکیان هێنا حوجرە کە بە تەمەن لە من باوخۆشتر و بەباڵا لە من کورتەباڵاتر بوو. یێکی سوری چاوزیت لێم بوو بە عیزرائیل. دەبوایە ئەویش گولستان بخوێنێ، هەتیو ئەوەندە زیرەک بوو کە نەبێتەوە. من بە هەزار گێرە و نێرە دو خەتم ڕەوان دەکرد، ئەو پەڕ و دو پەڕی تێ دەپەڕاند. وەک ئاگری قودرەتێ وابوو. جا وەرە زلـە و چەپۆک بخۆ، کە بۆ ئەو هێندە و هێندەی ڕەوان کردووە و تۆ هەر منجە منجت دێ؟! هەر لەبەر خۆمەوە لە خوا دەپاڕامەوە ئەو بەدفەڕە بمرێ و لە کۆڵ دنیا بێتەوە. ناوی ئەویش "عەبدوڕەحمان" کوڕی "سۆفی مینە" بوو، کە لە دوا ڕۆژدا بەناوی "زەبیحی" ناسرا. زەبیحی وەک من فەقێی دایمی و ڕەسمی نەبوو، دەرسی دەخوێند و دەگەڕاوە ماڵە خۆی. وردە وردە پێکەوە بووینە ئاشنا و لە دەرسی گولستان یاریدەی دەدام و ئەو ئاشنایەتییە پتر لە پەنجا ساڵ دەوامی کرد.

### زەبیحی و کۆمەڵەی ژێ - کاف

بەهاتنی هێزەکانی سۆڤییەت و بریتانیا بۆ ئێران دەوڵەتی ناوەندیی لاواز بوو و دوای هاتنەسەرکاری محەممەد ڕەزای کوڕی ڕەزا شا، هەلومەرجێکی لەبارپێکهات بۆ بووژانەوەی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان.

لەم هەلومەرجەدا ئەفسەرێکی باشووری کوردستان بەناوی میرحاج ئەحمەد بە نوێنەرایەتی لە لایەن حیزبی هیوا دەچێتە مەهاباد و پێوەندی دەگرێت بە عەبدولرەحمان زەبیحی و بەمشێوازە بە بەشداری نوێنەری حیزبی هیوا و بەدەستی کۆمەڵێک بژاردەی شاری مەهاباد بەنهێنی کۆمەڵەی ژێ - کاف وەک یەکەمین حیزبی سیاسی کوردی بە هەڵگرتنی دروشمی کوردستانی گەورە و بە ئامانجی ڕزگاری نەتەوەیی لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٩٤٢ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراوە بە پێی بۆچوونەکانی دکتۆر عوبەیدوڵای ئەیوبیان کە یەکێکە لە شایەتحاڵەکانی دامەزراندنی (ژ - ک) ئەوانە پازدە - بیست کەس دەبوون، ڕێک کەوتبوون و کۆمەڵەی(ژێکاف)یان دروست کرد.دیارە لە سەرەتاوە حەوت(٧) کەس بوون.

ئەندامی ژمارە یەک ئەو میرزا حوسێن فرۆهێر بوو، ئەندامی ژمارە دوو، عە بدولڕەحمان زەبیحی، ئەندامی ژمارە سێ (میر حاج) بوو کە ئەوکات ئەندامی کۆمەڵەی هیوا(لە کوردستانی عێراق)بووە و هاتۆتە سابڵاغ، ئەندامی ژمارە چوارعەبدوڵڵا نەهری بوو، ئەندامی ژمارە پێنج (محەمەد یاهوو) بوو کە ئەفسەری هێزی نیزامی ڕەزاشای پەهلەوی بوو و دەستی لە کاری نیزامی کێشاوەو تێکەلاوی کۆمەلەی ژ - ک بووە، ئەندامی ژمارە شەش(هەمزە عەبدوڵڵای)، ئەندامی ژمارە حەوت(مستەفا خۆشناو).

یەکەم کۆبوونەوەی (ژێکاف) ئەو حەوت کەسە بوون و لە ماڵی میرزا حوسێن بووە. میر حاج، پێوەندی نێوان کۆمەڵەی هیوا و کۆمەڵەی (ژێکاف) بووە و وا پێدەچێ میرحاج، لە دروستکردنی(کۆمەڵەی هیوا) شدا ڕۆڵی هەبووبێ.

بەڵام بەپێی بۆچوونەکانی پێگەی (کورد پیدیا) بێت دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ژ - ک، لە شاری مەهابادی خۆرهەڵاتی کوردستان، دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە لە ئەنجامی کۆبوونەوەیەکدا هاتە دی کە لە باخی حاجی داود نزیک چەمی سابڵاخدا بەسترا و دەستەی دامەزرێنەر ئەمانە بوون: حەسەنی زەرکری، عەبدولڕەحمانی زەبیحی، عەبدولڕەحمانی ئیمامی، عەبدولقادری مودەریسی، نەجمەدینی تەوحیدی، محەممەدی نانەوازادە، عەلی مەحمودی، محەممەدی ئەسحابی، عەبدولڕەحمانی کەیانی، سدیقی حەیدەری، قاسم قادری و هەروەها میر حاجی ئەحمەدی خەڵکی باشووریشیان لەگەڵدا بوو.




ڕێکخستنەکانی (ژ - ک):

زەبیحی و چەند هاوەڵێکی هەمیشە پێکەوە بوون، خەڵک وایدەزانی ئەمانە تەنها هاوڕێی ئاساین و خەریکی سەیران و گەڕانن و هیچی دیکە. بەڵام ئەوان سەرەڕای هاوڕێیەتی سەرقاڵی دروستکردنی کۆمەڵەیەک بوون کە دواتر لە ژیانی کورد - ژ - ک - خۆی بینیوە، کاری ئەندامانی کۆمەڵە بە شێوەیەکی نهێنی و تاکە کەسی بەڕێوە دەبرا، هەموو ئەندامێکی کۆمەڵە

تەنها ٣ کەسی دەناسی، خۆی و کەسی سەرووی خۆی و کەسی دوای خۆی، ئیتر کەسی تری نەدەناسی، ئەوەش ببوە هۆی ئەوەی کۆمەڵەکە لەئاستێکی نهێنی گەورەدا بمێنێتەوەو ئەوانەش کە دەبوونە ئەندام دەبوو باوەڕی تەواوی بە بیری نەتەوایەتی هەبێت و سوێندبخوات کە خیانەت بە خاک و نیشتیمان نەکات و سوێند بە (کوردستان، شمشێر، قورئان، قەڵەم، زمان و شەرەف) دەخورا، نە بە ئیشارەت، نەبە نوسین نەبە زار خیانەت لە کۆمەڵەو لە نەتەوەی کورد نەکات. هەرچەندە ئەم نهێنی کارکردنە دواتر بوو جێگەی ڕەخنەو پێیان بگوترێت تەریک و دوورە پەرێز.

**بنەماسەرەکیەکانی (ژ - ک):**


بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێت زەبیحی چۆن بیری کردوەتەوەو دەبێت لە ڕوانگەی کۆمەڵەکەیەوە تێی بڕوانین، بە پێی وتەکانی مەلاقادری مودەرەسی، کە خۆی یەکێک بوو لە دەمەزرێنەرانی کۆمەڵە، مەبەستە سەرەکیەکانی کۆمەڵە لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

١- لە ڕووی ئەزموونی ڕوداوە مێژووییەکانەوە بۆ ئەندامانی کۆمەڵە دەرکەوتووە کە دەست بردن بۆ چەک جگە لە چارەڕەشی و ماڵوێرانی و بەدبەختی بۆ گەلی کورد هیچ بەرهەمێکی دیکەی نابێت، بۆیە بە هەموو شێوەیەک لە چەکداریی دوور دەکەوینەوە.

٢- بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی تا ئەو ڕادەیەی لە ئاستی بەدەست هێنانی مافەکانی خوێدا بێت. چوون پێیان وابوو نەتەوەی کورد لە ئاستی وەرگرتنی ئەو بەرپرسیارێتیە گەورەیەدا نیە کە ببێتە خاوەنی دەوڵەت.

٣- ئاینی ئیسلام وەک بەشێک لە کەلتووری کورد دادەنرێت و کێشەی ئاینیان لەگەڵی نیە. ئەوانەی کە دەبوونە ئەندام دەبوو سوێند بە قورئان بخۆن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی کە لە ئاینێکی دیکە بوون سوێند خواردنیات بە کتێبی پیرۆزی خۆیان دەبێت.

٤- ئەو کەسانەی کە دەیانتوانی ببنە ئەندامی ژێکاف، بەڵام هەرگیز نەیاندەتوانی ببنە سەرۆک بریتی بوون لە (ئاغا، شێخ، مەلا و سەید)، ئەوەش لەبەر ئەوەی وەک ئەزموون دەرکەوتبوو کە ئەو جۆرە کەسانە دەسەڵاتیان هەبێت دەبنە دیکتاتۆر! و ئەوانیش نایانەوێت دەسەڵات بەدەست دیکتاتۆرەکانەوە بێت.




**گۆڕینی ناو و ناوەرۆک:**

**ڕوناکبیران و چالاکانی سیاسیی کورد لە ناوچەی موکریان لە نەبوونی ئەرتەش و دامودەزگاکانی حکوومەتی ناوەندی کەڵکیان وەرگرت بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسی و نەتەوایەتی بە ناوی کۆمەڵەی ژێکاف.**


**کۆمەڵەی ژێکاف لە سەر بنەمای شوناسخوازی و بەدەستهێنانی مافی ڕەوای دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد دامەزرا. ئەندامانی ژێکاف بۆ خۆ گونجاندن لە گەڵ دۆخی پاش کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی و خەباتی ئاشکرا، بڕیاریان دا کە حیزبیکی مۆدێرن دامەزرێنن. هەر بۆیە «حیزبی دێموکراتی کوردستان»یان لە سەر بناغەی تەشکیلاتی کۆمەڵەی ژێکاف لە شاری مەهاباد دامەزراند و لە هەمان ساڵدا بە بەشداریی ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف و دەیان کەسایەتیی ناسراوی کوردستان، یەکەمین کونگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هات و مەرامنامەی حیزبی دێموکرات لە ٨ مادەدا بڵاو کرایەوە.**

**هەروەها پاش هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، قازی محەممەد وەک پێشەوا و سەرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا. دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر بناغەی تەشکیلاتی «کۆمەڵەی ژێکاف» و بە دوای ئەویشدا دامەزرانی کۆماری کورستان بەرهەمی تێکۆشانی چەندین ساڵەی ئەندامانی دامەزرێنەری «ژێکاف» و پاشان حیزبی دێموکرات و بەشداریی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بووە. هەر بۆیە کۆماری کوردستان بەرهەمی خوڵقاندنی دەرفەتێک بوو کە پێشتر لە هزر و ئەندێشەی ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکافدا ئامادەکاریی بۆ دەکرا و دواتر لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەستێن سازیی بۆ کرا. زەبیحی لەو ڕێکخستنەوە نوێیەدا بوو بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی دیموکراتی کوردستان.**



سەرچاوە Serchawe

ئەمیری حەسەن پوور لە پێشەکی کتێبی (ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی - مامۆستا عولەما - عەلی کەریمی) دا دەنوسێت: دمەزراندنی (حدک) تەنیا گۆڕینی ناوو قەوارەی کۆمەڵەی (ژ - ک) نەبوو، لەوە پتر، حدک ولاتانی پرۆژەی گەورەی کوردستانی گەورە و سەربەخۆی دەوڵەتی کوردی گەلاڵە کردبوو، حدک، کوردستانی گەورەی کۆمەڵەی (ژ - ک) ی بەقەدەر موکریان تەسک کردەوە و سەربەخۆیی لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی ترجاند، گیران و دەست بەسەر بوونی زەبیحی (بۆ ماوەیەک لە زەمانی کۆمار)دا هەتا گیران و کوژرانی بەڵگەیەکی زۆر سەبارەت بە کێشەی کۆمەڵەی (ژ - ک) و (حدک) دەهێنێتە گۆڕێ.



**کاریگەریی دەرەکی:**

بە پێی وتەی مەلاقادر مودەرەسی لە لایەن ڕووسەکانەوە بەتایبەت(جەعفەر باقرۆف) و (جەعفەری پیشەوەریی) کاریگەرییان لەسەر کەسە دیارەکانی (ژ - ک)دانابوو کە ناوو ناوەڕۆکی کۆمەڵەکە بگۆڕن، لە شێوەی نهێنی بێتە دەرەوەو خۆی ئاشکرا بکات، نازناوی دیموکراتی بخەنە شوێن ناوی حیزب.

**بۆچی زەبیحی قسەی نەکرد؟**

ڕەخنەکانی زەبیحی لە خودی پێشەواو لە شێوازی کارکردن و بنەماکانی کۆمار زۆر بوون، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو بەڵگانە نەچنە بەردەستی دوژمنان و نەیقۆزنەوە بۆ لاوازکردنی کۆمار نەیدەدرکاندن، یان ڕاستتر لەناو زۆرینەدا باسی نەدەکردن، یەکێک لەوانە بابەتی تێکەڵکردنی ڕێوڕەسمە ئاینیەکانی ناو کۆمار بوو، لەوانەش بەیعەت وەرگرتن و بەیعەت پێدانی گشتی کە ئەم کارە لەڕێوڕەسمی حکومەت و دەوڵەتداری نوێدا جێگەی نابێتەوەو شێوەیەکی تەواو ئایندارییە، ئەمیری حەسەن پوور لە هەمان سەرچاوەی پێشوودا دەچێتەوە سەر ئەو بابەتەو دەڵێت: ئاشکرایە کەمەبەستی زەبیحی دژایەتی کردنی دینی ئیسلام نەبووەو خۆشی دەیزانی کە زۆربەی بەڕێوەبەرانی کۆمار، لە ژیانی ڕۆژانەیاندا عەلمانی بوون، لەگەڵ ئەوەشدا دەستەوداوێنی ئایین بوون لە بڵاوکروەکانی کۆمەڵەی (ژ - ک)دا بەدی دەکرێت، وادیارە کە دەوڵەتی کورد لە

دونیای فیکری زەبیحی دا: ڕژێمێکی سیاسی، ئیداری، قەزایی، قانوونی نائایینی و سیکۆلار بووە. هەر لەدرێژەی ئەو بابەتەدا ڕەخنە لە خودی زەبیحیش دەگرێت و دەڵێت: لەلایەک زگی بەجوتیار و کرێکار دەسوتێ و جاڕی شۆڕشی سوور لە دژی دەرەبەگایەتی دەداو لە لایەکی ترەوە بۆ درێژەدان بە خەباتی نەتەوەیی پەنا دەباتە بەر ئاغاوەت و پارێزگەی گوندەکان. زەبیحی نەتوانی کوردایەت و دەرەبەگایەتی پێکبێنی و نە خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی لێکبدات، ڕزگاری گەلی کورد لە کراوەیی گوندەکان و لەبەرزایی چیاکاندا، فیدای بەرژەوەندی عەشیرەییی دەرەبەگی کرا.

### نوسین و فەرهەنگسازیی:

هەرچەندە ئەوڕێگەیەی زەبیحی دەستی دابوویەوە پێویستی بە خەباتی چەکداریی هەبوو، بەڵام ئەو هەمیشە لە چەمەندانەکەیدا کتێب، یان فەرهەنگە تەواو نەکراوەکەی هەبوو، زەبیحی بەپێی تواناو جوڵانەوە کەسیەکانی خۆی توانی ببێتە دامەزرێنەری گۆڤاری نیشتمان، کە بڵاوکراوەیەکی نهێنی (ژ - ک) بوو. هەروەها گەلێ وتار و نووسینی لەرۆژنامەی کوردستاندا بڵاوکردۆتەوە کە ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستان بوو. لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا توانایەکی لە ڕادەبەدەری هەبوو، بۆ ئەو مەبەستە خۆی چووەتە تەوریز و لەڕێگەی چاپخانەیەکی - ئەرمەنی - یەوە بەناوی - ئەرامنە - شەوانە خەریکی پیتچنین و ڕۆژانەش لەناو ئوتێلەکاندا خۆی دەشاریەوە تا لە ساڵی ١٩٤٣ یەکەم بەرهەمی نوسراوی کۆمەڵەی (ژ - ک) کەوتە بەردەستی خوێنەواران بەناوی (دیاری کۆمەڵەی ژ - ک بۆ لاوەکانی کورد) ئەو بابەتە لەناو خەڵکدا وەک بۆمب تەقییەوە. ئەوەندە بایەخی هەبوو نرخی یەک دانەی گەشتە ٢٠٠ تمەنی ئەو سەردەمە!

زەبیحی سەرنووسەری گۆڤاری نیشتیمان بوو، ئەو زۆر ماندوو دەبوو پێوەی لەناو ئەو گۆڤارەشدا تەنها خۆی نوسەرەکانی دەناسی و کەسی دیکە نەیاندەزانی بابەتەکان لە لایەن کێوە دەنوسرێن. بەڵام ئەو بابەتانەی کە زەبیحی خۆی بینوسیاییە لە کۆتاییەکەیدا دەینووسی (بیژەن)، کەواتە ناوی نهێنی و شاراوەی زەبیحی بیژەن بووە.

### دوو پرۆژەی تەواو نەکراو:

دوو پرۆژەی گەورەی ژیانی زەبیحی کە بریتی بوون لە (کۆمەڵەی ژێکاف و قامووسی زمانی کوردی) گەرچی هەردوکیان وەک ڕچەشکێن بەرچاو دەکەوتن، بەڵام هەردوکیان نیوە ناچڵ مانەوە، گرنگی (ژ - ک)لەوەدا بوو کە کاری بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردان بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان دەکردو سنورەکان بە فەرمی نەدەناسی و دووەمیش بۆ ئەوە بوو کەزمان کورد لەئاستی زمانەکانی دونیا شانی کز نەبێت و لە پێشکەوتن و ڕەوتی ئەواندا لارەمل نەبێت، ئەمە جگە لەوەی کە زمان بەیەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی نەتەوە دێتە ئەژمار.

### زەبیحی و مانگە کوردیەکان:



سەرچاوە Serchawe

ناوی مانگەکانی ساڵ بە کوردی لە لایەن عەبدولڕەحمانی زەبیحییەوە دانراوەو بە پێی بۆچوونەکانی خۆی توانیویەتی وشەی نزیک لە ناوەڕۆکی مانگەکانەوە دابنێت لە نموونەکانی: (خاکەلێوە، بانەمەڕ، جۆزەردان، پووشپەڕ، گەلاوێژ، خەرمانان، ڕەزبەر، خەزەڵوەر، سەرماوەز، بەفرانبار، ڕێبەندان و ڕەشەمە)، بۆ ئەوەی ئەو ناوانە جێگەی ناوە عەرەبی و فارسیەکانی ئەو سەردەمە بگرنەوە لەسەر بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە بەو مانگانە دەنوسران.

### هەڵەیەک کە بۆی ڕاست نەکرایەوە:

لە هەمان کاتدا زەبیحی خۆی خۆی باس لەوە دەکات کە هەڵەیەکی گەورەی کردووە لە بابەتی دانانی وشەی (بەروار) لە بریی (ڕێکەوت) یان (مێژوو)، وەک خۆی باسی دەکات کاتێک ئەو وشەیەی داناوە نەیزانیوە لە باشووری کوردستان ناوچەیەک بەناوی - بەروار - هەیە، و دواتر بە هەڵە بەکاردەهێنرێت، ئەو جگە لەوەش دان بەوەدا دەنێت کە هەڵەی کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر بە خێرایی بڵاو بوویەوە نەیتوانیوە ڕاستی بکاتەوە.

### زەبیحی لە باشووری کوردستان:

پاش ڕووخانی حکومەتەکەی مەهاباد و لە سێدارەدانی قازی و هاوڕێکانی، بەنهێنی خۆی ئەگەیەنێتە عێراق و دوای ئەوەی کە لە عێراقیش ئاشکرا دەبێت ڕوودەکاتە سوریا و لەوێش بەشدارییەکی کاریگەری کرد بۆ هاندانی دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کورد).

پاشان گەڕایەوە عێراق و لەناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا کەوتە کارکردن. ماوەیەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی بوو. لە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلولیشدا لێپرسراوی لقی کەرکوکی پارتی و دواتر لێپرسراوی لقی بەغدادی ئەو حیزبە بوو.

ئەمەش لە ڕوانگەی ئە باوەڕەی خۆیەوە سەرچاوەی دەگرت کە کورد کەوتە هەر پارچەیەکی کوردستان بوو پێویستە خزمەتی ئەو پارچەیە بکات.

دوای ئەوەی زەبیحی ئاوارەی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان دەبێت، لەپاش کۆتایی هاتنی ڕژێمی شاهەنشاهی و هاتنی خومەینی ۱۹۷۹ دەگەڕێتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام جارێکی دیکە ئاوارە دەبێتەوەو دەچێتەوە باشووری کوردستان، بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا پڕۆژە ڕۆشنبیرییەکەی تەواوبکات و تەنیا دوو بەرگی لە فەرهەنگە کوردی بەکوردییەکەی



سەرچاوە
Serchawe

بڵاوکراونەتەوە و ئەو تێکۆشەرە خۆنەویستە لەکاتی گەڕانەوەی بەرەو کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ساڵی ١٩٨٠ هەلومەرجێکی ئاڵۆزداو لە ناوچەیەکی سنووری نێوان عێراق - ئێران دا بێسەرو شوێن بوو، هەرچەندە قسەی زۆر لەو بارەیەوە دەکرێت بەڵام هیچیان پشتڕاست نەکراوەن، ئەوەی هەیە کوردێک لەسەر ئەو سنوورە دەستکردەی خۆی کاری بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەکرد کوژراو گۆڕ غەریب بوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی (پەیسەرپرێس) - ڕێکەوتی: ٣١ی ئاگۆستی ٢٠١٩

-----------------------------------------------------------

## کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان

### ویکیپیدیاوە

کومەڵەی ژیانەوەی کورد یان بە کورتی کومەڵەی ژ - ک "شێوەی خوێندنەوەی: ژێ کاف" یەکەم ڕێکخراوی بەهێزی سیاسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە لە ساڵی ١٩٤٢ لە مەهاباد پێکهات و لە ساڵی ١٩٤٥ بە دامەزرانی حیزبێکی نوێ کۆتایی بە ژیانی هات.

### مێژووی کورتی ناوچە

لە ماوەی شەری یەکەمی جیهانیدا کوردستان بوو بە مەیدانی شەڕ لە نێوان لەشکرەکانی بەشدار لەم شەڕە، بەتایبەتی لەشکری عوسمانی و لەشکری ڕووس. دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرجار تووشی تاڵان و کوشتاری لەشکرەکانی عوسمانی و ڕووس بوون. پاش ئەو شەڕە، وڵاتێکی وێرانکراو، خەڵکێکی دەربەدەر، ماندوو و هەژار کە تووشی قاتی و نەخۆشی ببو.

### دیکتاتوریی ڕەزاخان

لە ساڵی ١٩٢١دا پاش کودیتایەکی نیزامی کە بە یارمەتی بەریتانیا هاتە دی، ڕەزا شا هاتە سەرکار و ساڵی ١٩٢٣ لە تاران خۆی بە شا و دامەزرێنەری سلسلەی پەهلەوی ناساند. هەر لە دەستپێکدا هەوڵی خنکاندی هەموو ئەو بزووتنەوانەی دا کە دەبوونە هۆی بچووکترین دڵەڕاوکە بۆی؛ وەک جووڵانەوەی سمکۆ (سماییل ئاغا شکاک)، ڕاپەڕینی جافر سوڵتان و حەمە ڕەشی خانی بانە. ڕووکاری ئاوەڵای سیاسی لە تەواوی وڵاتی ئێراندا کاتی بەسەرچوو. دەسەڵاتی ناوەندی ئێران لە

تاران هێزی گرت و هەناسەی هەموانی چاند. لە سەردەمی دیکتاتۆریی بیست ساڵەی ڕەزاشادا زۆرداریی نەتەوەیی گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. شۆوینیزمی ئێرانی بوو بە سیاسەتی فەرمی ڕێژیمی پەهلەوی و گەلانی غەیرە فارسی ئێران خرانە ژێر توندوتیژترین ستەمی نەتەوەیی.

بۆ لە نێوبردنی شوێنەواری نەتەوەیی و مێژوو و کولتوری ئەم گەلانە پلانێکی داڕێژراو و درێژخایەن بەڕێوە دەچوو کە مەبەستی تواندنەوەی گەلانی غەیری فارس بوو. دەستتێوەردانی مێژووی کۆن و نوێ، گۆڕینی ناوی شار و گوندەکان، قەدەغە کردنی ڕێوڕەسمە نەتەوەییەکان و لەبەرکردنی جلی نەتەوەیی... هەموو بۆ ئەوەی نیشان بدرێ، لە ئێراندا تاقە نەتەوەیەک هەیە، ئەوەش فارسە. بەڵام هەستی کوردایەتی لە کوردستان و لە دڵی هەموو کوردێکدا ئەوەندە بەهێز بوو کە سیاسەتی ڕەزاشا بۆ تواندنەوەی نەتەوەی کورد وەک هی مستەفا کەمال لە تورکیا بە تەواوی پووچەڵ بوو. بەرامبەر بەو هەموو زوڵم و زۆرە لە هێندێک ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ڕاپەڕینی عەشیرەتەکان سازبوو. وەک ڕاپەڕینی مەحموودخانی کانیسانان لە ناوچەی مەریوان، عەشیرەتی مەنگوڕ لە دەوروبەری مەهاباد، ڕاپەڕینی عەشیرەتەکانی جەلالی کە هەموویان دڕندانە سەرکوت کران.

## ناکامی شەڕ

کە شەری دووهەمی جیهانی دەستی پێکرد، ڕەزاشا لایەنگری خۆی لە ئاڵمانی نازی، ڕاگەیاند. بۆیە کاتێ شەر کەوتە نێوان یەکیەتی سۆڤیەت و ئەڵمانیا، ولاتانی هاوپەیمان، ئێرانیان داگیرکرد؛ وەک هاوپەیمانی ئەڵمانیا و هەم بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئێرانەوە یارمەتی بگەیێننە سۆڤییەت. بەریتانیا لە باشوور و ئەرتەشی سووری سۆڤیەت لە باکوورەوە، خاکی ئێرانیان داگیر کرد. ڕەزاشا لە ئاستی ئەواندا نەیتوانی بچووکترین جووڵە بکات و دیکتاتۆرییەکەی رووخا و پاش ٢٠ساڵ ئێران ڕووی ئازادی دیموکراتی بە خۆیەوە دی و حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان بووژانەوە.

## هەل و مەرجی دامەزران

هێزەکانی داگیرکەر لە باشوورەوە تاکوو ئیلام و لە باکوور تا ورمێ هاتبوون. بەڵام مەهاباد دوور بوو لەو دۆخە. لە لایەکی دیکەوە مەهاباد و ناوچەکانی دەور و پشتی مێژووی درێژیان هەبوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی، هەربۆیە بار و دۆخەکە ڕێکەوت بۆ ئەوەی یەکەم ڕێکخراوی بەهێزی سیاسیی کوردی بە ناوی کومەڵەی ژیانەوەی کورد یان بە کورتی کومەڵەی ژ - ک پێک بێت. دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە یازدە کەس بوون(١) کە لە رۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٩٤٢ لە مەهاباد کۆبوونەوە و کۆمەڵەی ژ - ک یان پێکهێنا کە ئامانجەکەی ڕزگاری نەتەوەی کورد بوو.



سەرچاوە
Serchawe

کۆمەڵە ڕێکخراوێکی نهێنی بوو و هەر لە سەرەتای دامەزراندنەوە کوردانی باشوور تێیدا بەشدار بوون و نوێنەرانی ئەوان «میرحاج ئەحمەد» لە لایەن حیزبی هیواوە لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمەڵەی ژ - ک ئامادە بووە.

لە مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٩٤٣دا، کۆبوونەوەیەک وەک کۆنگرەی کۆمەڵە پێکهات. لەم کۆنگرەیەدا کە لە شاخی خوداپەرەست بە ئەنجام گەیشت، نزیکەی سەد کەس بەشداربوون؛ بڕیار درا کە کۆمەڵە بیروڕای خۆی لە گۆڤارێکدا بڵاو کاتەوە. لەبەر ئەوەی کۆمەڵە ئەگەرچی ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستی و نیشتمانپەروەر بوو و دەبوا لەگەڵ توێژەکانی خەڵکی بێت، بەڵام لەبەر نهێنی بوونی، کەمتر بەوە دەگەی. ئەوە بوو کە دەست کرا بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری «نیشتمان». لە ماوەی چەن ساڵدا، بە بڵاو بوونەوەی بیر و ڕاکانی کۆمەڵە لە ناو چین و توێژەکانی جەماوەری خەڵکی کوردستان، هیوا بە داهاتوو هێزی گرت. زانیاریی سەبارەت بە بار و دۆخ پێشکەوت و ژ - ک تا ڕادەیەک بوو بە هێزێکی سیاسی.

بەڵام گۆڕانکارییەکان یەکجار زۆر بوون. دنیا گۆڕدرابوو، هەروا کوردستان. شۆڕشی گەلانی دونیا دژ بە فاشیزم و دیکتاتۆری پەرەی سەندبوو. وڵاتی ئێران ئەزموونی گۆڕانی بەسەر دەهات و لە لایەکی دیکەوە لەو بار و دۆخە گرینگەدا کۆمەڵە نەیدەتوانی چالاکییەکان بە ڕێکوپێکی بەرەو پێش بەرێت. پێویست بوو بە ڕێکخراوێ نوێ، یەکگرتوو، خاوەن پیلان بۆ بەرەو پێش ڕۆشتن. بەڕێوبەرانی کۆمەڵە لەوە ئاگادار بوون، بۆیە هەوڵێکی نوێیان دا بۆ بنیاتنانی حیزبێک.

لە ڕێکەوتی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٤٥ لە شاری مەهاباد دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاگەیێندرا. ئەگەرچی ئەو حیزبە نوێیە لە ئەزموونەکانی کۆمەڵە سوودی وەر دەگرت، بەڵام لە پیلان و چالاکییەکانیاندا بە تەواوی جیاواز بوون.

**پەراویزەکان:**

١- دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ - ک ئەم یازدە کەسە بوون: حوسەینی فرووهەر، عەبدولڕەحمان زەبیحی، عەبدولڕەحمان ئیمامی، عەبدولقادر مودەریسی، نەجمەدین تەوحیدی، محەمەد نانەوازادە، عەلی مەحموودی، محەمەد ئەسحابی، عەبدولڕەحمان کیانی، سدیق حەیدەری، قاسم قادری.

**سەرچاوەکان:**

بەشی تایبەت بە مێژوو لە ماڵپەڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سەرچاوە: ماڵپەڕی: ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە

---------------------------------------------

## جمعیت احیای کرد

### ویکی‌پدیا

جمعیت احیای کرد (کومەلەی ژیانەوەی کرد) با نام مخفف (ک - ژ - ک) نام سازمان سیاسی مخفی است که در بیست و پنجم شهریور ۱۳۲۱ خورشیدی توسط گروهی از مردان برخاسته از گروه‌های میانی شهر مهاباد، تشکیل شد، هدف سیاسی آن احیای وحدت کردستان بزرگ بود. (ک - ژ - ک) گرچه به صورت مخفی و محدود فعالیت می‌کرد اما در مدت نسبتا کوتاهی توانسته بود بسیاری از سر کردگان قبایل و مردم پاره‌ای شهرها را جذب کند.

سال‌های جنگ جهانی دوم برای ایران همراه است با اشغال ایران توسط قوای آمریکا، انگلیس و شوروی، سقوط حکومت رضا شاه، و آغاز دوره‌ای از آزادی‌های سیاسی، فعالیت احزاب و مبارزات پارلمانی. ارتش بریتانیا در جنوب و ارتش سرخ در شمال، آذربایجان و بخش‌هایی از کردستان حضور دارند.

پس از شهریور بیست و ورود قوای متفقین به ایران و منطقه مکریان افسری با نام (میر حاج) از سوی جمعیت هیوا از کردستان عراق به مهاباد آمده و با عبدالرحمان ذبیحی تماس می‌گیرد. ذبیحی هم «حسینی» را به افسر معرفی و در ادامه قرار گذاشته می‌شود که جمعی یازده نفره در باغ «سیسه» مهاباد با این افسر که «میر حاج» نام دارد ملاقات و تبادل نظر کنند. با پیشنهاد میرحاج، حزب ژ. ک تأسیس، سوگند نامه آن را تدوین و برنامه حزب هیوا با تغییراتی چند به عنوان برنامه «ژ. ک» انتخاب می‌شود. «حسین فروهر»، «ذبیحی»، «توحید ملانجمه»، «امامی»، «محمد نانوا»، «رحمان حلوی»، «قادر مدرسی»، «محمد یاهو»، «شاپسندی»، «محمد سلیمی»، «قاسم قادری» و «خالو ملا داوودی»، بنیان‌گذاران ژ. ک بودند. هنگامی که «ذبیحی» هژار را برای ادای سوگند بدانجا برد هژار عضو بیستم با شماره شناسایی بیست بود. «ذبیحی» عضو شماره دو و حسین فروهر رهبر جمعیت ژ - ک بود.

(ک - ژ - ک) شعار کردستان بزرگ را اعلام می‌کند، با کردهای عراق پیمان همکاری می‌بندد موسوم به پیمان سه مرزی، و با شوروی ارتباط می‌گیرد و درخواست پشتیبانی می‌کند.

حزب هیوا (از کردستان عراق) در آن مقطع، مصلحت ندانسته بود که هیچ نامی از شوروی و ایران و ترکیه به میان آورده شود. نمایندگان هیوا «شیخ عبیدا...» زینوی، «سیدعزیز شمزینی» (که افسر ارتش عراق بود) و شخصی به نام «سعید کانی مارانی» بودند. «عبدالرحمن ذبیحی و هه‌ژار و میرزا قاسم از ایران و شیخ عبیدا... و سیدعزیز از عراق و قاضی



سەرچاوە Serchawe

خدر (یا قاضی ملاخالد یا قاضی عبدالوهاب) به نمایندگی از کردهای ساکن ترکیه، پیمان «سی سنوور» (پیمان سەمرز) را منعقد کرده‌اند.

چون منطقه‌ای که در آن، جلسه تشکیل داده شد در منطقه «دالانپر»، مرز میان ترکیه و ایران و عراق بود، نشست خود را «پەیمانی سیسنوور» (پیمان سەمرز) نام نهاده و مقرر کردند هر یک از طرفین به نوبه خود بیانیه‌ای صادر و منتشر کرد.

شوروی در مناطق اشغالی و برای تأمین نیازهای خود به آذوقه و محصولات کشاورزی و نیز تأمین امنیت مناطق، با برخی روسای عشایر و متنفذین و مالکین محلی در ارتباط بودند هنوز شش ماه از اشغال ایران نگذشته بود که گروهی از فئودال‌های کرد به شوروی دعوت شدند.

عبدالرحمان قاسملو در اینباره در کتاب «چهل سال مبارزه در راه آزادی» پس از بحث درباره سفر ۳۰ تن از مالکین و رۆسای عشایر کرد به باکو بنا به دعوت دولت شوروی چنین می‌نویسد:

اگرچه من در آن زمان یازده ساله بودم، لیکن مانند بسیاری از کودکان آن دوره سیاست توجه مرا به خود جلب کرده بود. پدرم یکی از اعضای آن هیئت بود. بیاد دارم موقعی که از سفر باکو برگشت، چند عدل قند و یک تفنگ تەپر شکاری خوب همراه آورده بود. چنین می‌نمود که شوروی‌ها قند و تفنگ و وسایل دیگر را به عنوان هدیه به همه اعضای هیئت داده بودند. به ویژه قند خیلی با ارزش بود. چون آن زمان (قند) در ایران کمیاب و گران بود. این کار به‌نظر من بسیار عجیب می‌نمود. زیرا در خانواده ما برادران و عموزاده‌هایم که از من بزرگتر بودند، از این سخن به میان می‌آوردند که پدرم همراه چند نفر دیگر به باکو رفته‌اند تا حقوق و آزادی کردها را طلب نمایند! به همین علت رک و صریح از پدرم پرسیدم: پس حقوق کردها چه شد؟ (چهل سال مبارزه در راه آزادی. چاپ دوم کردی ۱۳٦۷ صفحات ٦۲ - ٦۱)

قاضی محمد شخصیت مطرح مهابادی در سال ۱۳۲۳ به جمعیت (ک - ژ - ک) پیوست و بزودی به فرد اصلی این جریان بدل گشت.

در سپتامبر ۱۹٤٥ قاضی محمد و عده‌ای دیگر از کردها به شوروی دعوت شدند و با جعفر باقراف نخست وزیر جمهوری آذربایجان شوروی دیدار کردند. کردها خواهان دولت خودمختار کرد (جمهوری مهاباد) بودند و امیدوار دریافت کمک از اتحاد شوروی بودند. در بازگشت از این سفر قاضی محمد نتایج گفتگوها را با سران (ک - ژ - ک) در میان گذاشت و (ک - ژ - ک) به عبارتی منحل گردید. در واقع به حزب دموکرات کردستان تغییر نام داد.

منابع:

هه ژار. چیشتی مجیور. بهزاد خوشحالی.

خوشحالی، بهزاد. قاضی محمد و جمهوری در آینه اسناد. چاپ ۳۸۰ همدان.

عبدالرحمان قاسملو. چهل سال مبارزه در راه آزادی. چاپ دوم کردی ۱۳٦۷ صفحات ٦۱ - ٦۱

منبع: ویکی‌پدیا، دانشنامه آزاد

-----------------------------------------------------

## جمعیت احیای کرد (کومه‌له ژیانه وه ی کورد) ژکاف.

### تاسیس،اهداف، فعالیت ها و شرایط عضویت

نویسنده: نوشیروان مصطفی امین - ترجمه: سمایل بختیاری

### سابقه تاریخی

کردستان ایران تا مدت‌ها فاقد زمینه‌های لازم برای تشکیل سازمان‌های سیاسی یا نهادهای روشنفکری کردی بود قبل از جنگ جهانی اول، «جمعیت جهانی» با اقدام عبدالرزاق بگ بدرخان و همکاری سمکو و تعدادی از رجال کرد در خوی و ماکو تأسیس شده بود، ولی این جمعیت ملی به شهرهای دیگر کردستان سرایت نکرد و خیلی زود هم افول کرد و هیچ تأثیر سیاسی، اجتماعی و فرهنگی را در کردستان از خود به جای نگذاشت. بعد از آن هم در اواخر جنگ که «جمعیت استخلاص کردستان» از طرف سید طه شمزینی با همکاری سمکو و تعدادی از شخصیت‌های دیگر کرد در منطقه ارومیه ایجاد شد، از آن هم اثری به جا نماند.

اقتدار دیکتاتوری رضاشاه و حکومت مرکزی وی در کردستان، هر گونه فعالیت سیاسی را قطع کرد. یاغیگری عشایر مسلح محمودخان دزلی و محمود خان کانی‌سانان در منطقه مریوان و جافرسان در اورامان و ملاخلیل در سردشت به شکست انجامیدند. بیشتر سران عشایر و مردان سرشناس کرد دستگیر و از کردستان تبعید شدند، در تهران و نقاط دوردست یا زندانی شدند و یا تحت نظر قرار گرفتند، در کردستان حاکمیت پلیسی مقتدر و خوفناک برقرار شده بود. این وضع تا سقوط رضاشاه طول کشید با سقوط رضاشاه بود که اقوام ایران از جمله کردها نفس راحتی کشیدند.



سەرچاوە
Serchawe

جمعیت «خویبون» بعد از تأسیس در لبنان (۱۹۲۷) و گسترش آن به میان کردهای فراری ترکیه در سوریه و بعدا تسری به کردستان ترکیه، جهت ایجاد طرح قیام سراسری در آنجا، توانست با تعدادی از کردهای ایران بویژه تعدادی از مردان سرشناس خانواده قاضی‌ها ارتباط برقرار کند حتی یکی از روشنفکران این خانواده که در ترکیه بود، به همان منظور به سابلاغ برگشت، این ارتباط در حدی معینی بود و بیش از چند نفری را شامل نشد و به سازمان تبدیل نگشت.

تعدادی از منابع معتقدند که در اوایل دهه چهل (۴۰ - ۱۹۳۰) «حزب آزادیخواهان کردستان» ایجاد شده و تنها فعالیتی که این حزب نشان داده است، صدور یک بیانیه ویژه درباره «خوش‌آمد گویی ارتش سرخ شوروی به ایران» بوده و هیچ اطلاع دیگری و یا هیچ سند دیگری از آن به جای نمانده است. (۱)

## بخش دوم

## کومەلە (جمعیت) ژ - ک.

## چهارچوب کلی

### زمینه تأسیس

د.قاسملو درباره فراهم شدن زمینه ایجاد جمعیت ژ - ک. نوشته است:

«با وقوع جنگ دوم جهانی، رضاشاه بتدریج خود را به آلمان نازی نزدیک کرد و وضعی آنچنان بوجود آورد که ایران به میدان رفت و آمد و نفوذ جاسوس‌ها و افراد آلمان هیتلری تبدیل شد، بعد از این که آلمان در تابستان ۱۹۴۱ به اتحاد شوروی هجوم برد، در عمل جبهه‌ای بزرگ از ابرقدرتهای شوروی، آمریکا و انگلستان علیه آلمان، ایتالیا و ژاپن که دول محور بودند به وجود آمد، بعد از مذاکره سه دولت متفق، ایران را بدین علت انتخاب کردند تا هم نفوذ آلمان نازی را در آن ریشه کن کنند و هم اینکه از آنجا بتوانند کمک و به ویژه سلاح و مهمات را به شوروی ارسال دارند. لذا قرار گذاشتند که در روز ۳ شهریور ۱۳۲۰ ارتش سرخ از شمال و ارتش آمریکا و انگلیس از جنوب ایران را اشغال کنند، رژیم دیکتاتوری رضاشاه نتوانست در برابر ورود ارتش متفقین کوچکترین مقابله‌ای بکند و درهم شکسته شد.

کنترل جنوب کشور به دست انگلیس و آمریکا و کنترل شمال به دست اتحاد شوروی افتاد، با سقوط دیکتاتوری رضاشاه اندکی آزادی و دمکراسی به ایران راه یافت و احزاب و سازمان‌های سیاسی دوباره رشد و توسعه یافتند، بعد از بیست سال دیکتاتوری، ایران آزادی را بازیافت.



سەرچاوە Serchawe

در حالى كه بخش جنوبى كردستان ايران از طرف لشكر آمريكا و انگليس اشغال شده بود، در بخش شمالى تا شهر اروميه ارتش سرخ مستقر شد.

منطقه مهاباد از اين وضع(اشغال) به دور بود، يعنى ارتش‌هاى غرب و ارتش سرخ در آنجا حضور نداشتند. به اين ترتيب وضع ويژه‌اى در منطقه مهاباد بوجود آمده بود، از طرف ديگر مهاباد و حومه‌اش چون به لحاظ تاريخى جنبش ملى كردى در آن منطقه سابقه داشت اين بود كه نخستين سازمان نيرومند سياسى كردها به نام جمعيت ژ - ك. يا جمعيت تجديد حيات كرد در منطقه مهاباد به وجود آمد»(٢)

بنيانگذاران ژ - ك.

در نقل اسامى بنيانگذاران جمعيت، اندك همانندى وجود دارد ذبيحى كه دبيركل جمعيت بود و هم چنين د.قاسملو كه فرد مطلعى از رويدادهاى كردستان ايران بود، اسامى آنان را به اين ترتيب ذكر مى‌كنند.

«حسين فروهر، عبدالرحمن ذبيحى، عبدالرحمن امامى، عبدالقادر مدرسى، نجم الدين توحيدى، محمد نانوازاده، على محمودى، محمد اصحابى، عبدالرحمان كيانى، صديق حيدرى، قاسم قادرى».

ملاقادر مدرسى كه خود يكى از بنيانگذاران ژ - ك. بود در يک گفتگوى ويژه مى‌گويد:

«بنيانگذاران افراد زير بودند:

محمد نانوازاده، رحمان ذبيحى، حسين فروهر، عبدالرحمن امامى، قاسم قادرى، ملاعبدالله داودى، محمد ياهو، عبدالقادر مدرسى، صديق حيدرى، عبدالرحمن كيانى، ميرحاج، به گفته ملاقادر، مدت دو سال حسين فروهر (حسين زرگريان) دبير جمعيت بود»

ايگلتون، اسامى تعدادى از اينان را ذكر نمى‌كند، ولى به جاى آنان اسامى ديگرى را نام مى‌برد:

«رحمن حلوى، محمدامين شرفى، محمدنانوازاده، رحمن ذبيحى، حسين فروهر (زرگرى)، عبدالرحمن امامى، قاسم قادرى، ملاعبدالله داودى، قادر مدرسى، احمد علمى، عزيز زندى، محمد ياهو، ميرحاج از عراق»

شاید تعدادی از اینان جزو بنیانگذاران جمعیت نباشند، ولی می‌باید همگی در رشد و تقویت آن سهیم بوده باشند.

## عضویت

به گفته ملاقادر مدرسی:

«فردی که عضو ژ - ک. می‌شد، نخست به حمام می‌رفت و به لحاظ شرعی مطهر می‌شد، سپس در حضور ۳نفر هفت مرتبه به قرآن، جهت موارد زیر سوگند یاد می‌کرد:

* به ملت کرد خیانت نکند.
* برای خودمختاری کردها تلاش کند.
* اسرار سازمان را، نه با زبان، نه با قلم و نه با اشاره فاش نسازد.
* تا آخر عمر عضو باشد.
* تمامی مردان کرد را برادر خود و تمامی زنان کرد را خواهر خود بداند.
* بدون اجازه جمعیت ژ - ک. عضو هیچ سازمان و گروه دیگری نشود.

و به غیر از این سه فرد، فرد دیگری را نمی‌شناخت.»

جمعیت، بعد از عضو شدن فرد، از وی می‌خواست که پیرو دستورات و اوامر شاخه‌های کوچک باشد.

جمعیت ژ - ک. همچون یک سازمان سیاسی به صورت مخفیانه اقدام به فعالیت سیاسی کرد. طولی نکشید که صدها نفر را در مکریان سازمان داد و به اکثر نقاط کردستان بال گسترد.

## اهداف ژ - ک.

جمعیت ژ - ک. یک سازمان مخفی بود و گزارش مستندی در دسترس نیست که اهدافش را به وضوح بیان کند. شناخت افکار جمعیت ژ - ک. را باید از دو متن یادداشتی که برای حکومت ایران و مقالاتی که در ۹ شماره مجله «نیشتمان» ناشر افکار جمعیت ژ - ک. و از اینها واضح‌تر در نامه ویژه‌ای که به ملامصطفی بارزانی نوشته است، جستجو کرد.

در نخستین شماره «نیشتمان» ناشر افکار جمعیت ژ.ک. تحت عنوان «اهداف ما» نوشته شده است:

«برادر عزیز کرد!

جمعیت ژ - ک. با وجود تمامی مواضع و موانع و دشواری‌هایی چون دشمن خودی، رقابت و دشمنی ملی، پول پرستی و بیگانه‌دوستی که در راه ترقی و پیروزی کرد هست، با تمام نیرو و توان خود تلاش خواهد کرد تا زنجیر مصیبت و اسارت و فرمانبرداری را از یوغ ملت کرد بردارد و از این کردستان لتوپار شده کنونی، کردستانی بزرگ و منظم بوجود آورد، تا هر کردی آزادانه در آن زندگی کند.

بسیاری معتقدند که ملت کرد باید با زور و نیروی اسلحه از اسارت رها یابد ولی آنان همگی در اشتباهند و راه راست را گم کرده‌اند، چون سلاح و مهمات جنگی که در دست کرد است در مقابل سلاح و مهمات اینانی که مانع آزادی ما هستند مؤثر نیست، باید کرد بداند، امروز تفنگ در مقابل مسلسل و توپ و تانک و هواپیما و... چون ترقه‌ای بیش نیست، تنها راهی که کرد را به سوی آزادی می‌برد، راه تمدن است، این راه مستقیما به آزادی و استقلال می‌رسد.

جمعیت ژ - ک. تعهد نموده جهت تنویر افکار ملی کرد و یافتن علت مصیبت و عقب‌ماندگی این ملت بیچاره و زبون از هیچ فداکاری دریغ نورزد، و بر اساس تصمیم هیأت مرکزی، این مجله منتشر می‌شود تا کم‌کم هر گونه کج‌اندیشی و غیرمقبولیتی که در زندگی کرد وجود دارد را شناسایی کرده و راهنمای ملت کرد به سوی آزادی و استقلال باشد».

در شماره پنجم نوشته:

«در پاسخ عده‌ای نفهم و ناآگاه بندی از مرامنامه جمعیت را می‌نویسیم:

جمعیت ژ - ک. بر چهار بنیان اسلامیت، کرد بودن، مدنیت، آشتی و صلح‌طلبی، پایه‌ریزی شده و کلیه قوانین و نظامنامه‌هایش با شریعت مقدس اسلام تطبیق داده خواهد شد و آنگاه پیاده خواهد شد».

در شماره ششم نوشته:

«بندهایی از مرامنامه جمعیت:

۷- به علت متدين بودن بخش عظيمى از ملت كرد به دين اسلام، جمعيت در كردستان تنها دين مقدس اسلام را به رسميت شناخته، و براى ترويج شريعت پاک اسلام و انجام همه اصول اسلامى تلاش، و با منافقان به شدت برخورد خواهد كرد.

۸- مرام جمعيت، دمكراتيک است و در اين راه جهت رفاه زندگى بشريت تلاش خواهد كرد.

۱۱- جمعيت، همه قبايل و عشاير كرد را به يک ديد نگريسته و جهت اخوت همگى تلاش خواهد كرد. ايراد و انتقاد جمعيت از اعمال آنان تنها از روى دلسوزى كرد بودن است و خواهان محو اعمال و رفتار ناشايست در ميان كردهاست.»

به نقل از مجله «روژى نوى» برنامه جمعيت ژ - ک. مى‌بايد اين چنين بوده باشد:

«در سال ۱۹٤٤ كه جنگ جهانى در شرف اتمام بود، كميته مركزى جمعيت ژ - ک. نشستى جهت برنامه‌ريزى آينده كردها تشكيل داد. در اين نشست دبيركل كميته مركزى گزارش مهمى ارائه كرد، و بعد از بحث و تحليلى دقيق، كميته مركزى اين منشور تاريخى را اعلام داشت:

⁕ بعد از خاتمه جنگ بلافاصله دولت كردستان اعلام شود.
⁕ وسعت اين دولت از داخل عراق شروع مى‌شود تا بانه، آنگاه سقز و همه نواحى مرز شرقى عراق تا كوه‌هاى دالانپر در سرحد تركيه و جنوب مرز اين كشور را دربرمى‌گيرد، و از غرب ماكو به كناره غربى درياچه اروميه به طرف جنوب به ناحيه افشار منتهى مى‌گردد.
⁕ نوع حكومت جمهورى خواهد بود.
⁕ جهت حفاظت دولت، جمعيت ژ.ک. يک ارتش دفاعى بوجود خواهد آورد كه «ميليشيا» خوانده خواهد شد.
⁕ لازم است كه «جمعيت» بخش‌هاى ديگر كردستان را نجات بخشد و نواحيى كه جمعيت مى‌بايست در تلاش رهاسازى آن باشد، همگى تعيين و جزو وعده‌هاى داده شده بود.»

باز به نقل از مجله «روژى نوى» مى‌بايد جمعيت ژ.ک. يادداشتى به صورت زير به حكومت ايران تسليم كرده باشد:

«...حكومت تهران، خليل فهيمى «فهيم الملک» را كه وزير مشاور در امور كردستان بود، اعزام داشت. زمانى كه اين وزير به مهاباد رسيد، «جمعيت ژ - ک.» يادداشتى را تقديم كه خلاصه آن يادداشت چنين است:

«۱- از طرف حکومت ایران، زبان کردی برای تمامی نقاط کردستان که آمار ساکنین آن بیش از ۳ میلیون نفر است به «رسمیت» شناخته شود.

۲- زبان کردی، زبان خواندن و نوشتن و ادارات و دادگاه‌های کردستان شود.

۳- کارمندان در تمامی کردستان، کرد باشند.

٤- درآمد و مالیاتی که از کردستان حاصل می‌شود باید در کردستان جهت تأسیس بیمارستان و مدرسه و آبادانی صرف شود نه اینکه صرف تزئین تهران.

٥- باید این خواسته‌ها در مجلس مطرح شود و به صورت قانون درآید تا ملت کرد اطمینان حاصل نماید.

٦- این خواسته‌های فعلی ماست، ولی جمعیت ژ - ک. با اعتقاد کامل به اینکه «حق تعیین سرنوشت» حقی اساسی و طبیعی برای هر ملتی است، لذا لازم است که بعد از خاتمه جنگ جهانی دوم در این مورد گفتگو شود، و بی‌شک ملت کرد، خود آینده را تعیین خواهد کرد.

۷- جمعیت این یادداشت را اعلام، و ملت کرد چنانچه «حق تعیین سرنوشت» خود را تعیین کرد، آنگاه حکومت ایران را همسایه‌ای خوب و همطراز خواهد دانست.»

### فعالیت فرهنگی ژ - ک.

در قرن گذشته تا قبل از آغاز جنگ جهانی اول، چندین شاعر بزرگ همچون وفایی ادب (۱۸۵۹ - ۱۹۱۲)، حریق(۱۸۵۱ - ۱۹۰۷) در کردستان ایران به ویژه در مکریان ظهور کرده‌اند که به تقلید از مکتب بابان شعر سروده و در میدان ادب و هنر به رقابت شاعران کردستان جنوبی پرداخته‌اند. ظهور رضاشاه به قدرت، همچنانکه یک فاجعه‌ای سیاسی و اقتصادی برای کردستان شده بود، فاجعه‌ای بزرگ برای زبان و ادب و فرهنگ کُرد هم شد که در دهه بیست و سی قرن بیستم آن را سرکوب کرده بود.

با وجودیکه در کردستان عراق، از سال ۱۹۱۹ بی‌وقفه روزنامه و مجله و نشریات کردی چون: "بانگی کورد، تیگەیشتنی راستی، پیشکەوتن، بانگی کوردستان، روژی کوردستان، امید استقلال، بانگ حق، ژیانەوە، ژیان، زبان، ژین، دیاری کوردستان، زاری کرمانجی، روناکی، دیاری لاوان، یادگاری لاوان، پەیژە، گلاویژ و..." یکی بعد از دیگری در بغداد، سلیمانیه، رواندز و اربیل منتشر می‌شدند و زبان و ادب و فرهنگ و تاریخ کرد را اشاعه می‌دادند، در کردستان ایران بعد از چند شماره اندک روزنامه «کرد» سمکو دیگر هیچ روزنامه، مجله و نشریه کردی انتشار نیافته است. رعب و وحشت رضاشاه باعث شده بود که ادبیات کردی در هیچ زمینه‌ای رشد نیابد. زمامداران ایرانی برنامه محو ملت کرد را در بطن ملت ایران، مدنظر داشتند.



سەرچاوە Serchawe

در دهه‌های بیست و سی، شاعر و نویسنده برجسته‌ای نبوده که اثری به زبان و ادبیات کردی داشته باشد. ابوالحسن سیف القضاه (۱۲۵۵ - ۱۳۲۳)، ملامعروف کوکه‌ای (۱۲۵٤ - ۱۳۲٤)، علی بگ حیدری «سالار سعید»(۱۲۵۱ - ۱۳۳۵)، اینان اگر اثری ادبی هم داشته و یا شعر کردی سروده باشند، به علت نبود آزادی نشر و چاپ کردی، آثارشان به صورت دستنوشته مانده و یا اگر انتشار هم یافته باشد از محدوده‌ای کم و کوچک فراتر نرفته است.

ورود نیروهای متفقین به ایران و سقوط دستگاه دیکتاتوری رضاشاه، فرصتی برای ساکنین ایران پدید آورد تا نفسی آزادی بکشند، آزادی نوشتن و چاپ و فعالیت فرهنگی و سیاسی تا اندازه‌ای پیدا شد. بخشی از مکریان که از سیطره نفوذ روس و انگلیس مصون مانده بود، به منطقه ایجاد و ترویج جمعیت ژ - ک. و همچنین منطقه فعالیت سیاسی و فرهنگی و ادبی کردها تبدیل شد.

تأسیس ژ - ک. متأثر از رویدادهای جنگ جهانی دوم بود. انگلیس و هم‌پیمانانش خواهان آن بودند که کردها - که بزرگترین ملت تحت ستم «بدون دولت» در خاورمیانه بودند - در دوران جنگ آرام و بدون عکس‌العمل باشند، آشوب به پا نسازند و موجب دردسر نشوند.

در عراق علاوه بر اینکه همیشه وزیر کرد در کابینه این کشور وجود داشته، در پارلمان هم کردها نائب مجلس بوده‌اند و نیز دارای نشریه فرهنگی ویژه خود بودند و مدتها در سلیمانیه، هفته‌نامه «ژین» متعلق به "پیره‌میرد" شاعر نامی کُرد انتشار می‌یافت. ماهنامه «گلاویژ» در اواخر ۱۹۳۹ یعنی مصادف با آغاز جنگ بطور منظم منتشر می‌یافت و بعد از آن هم «ده‌نگی گیتی تازه» جهت پخش اخبار جنگ و تبلیغات متفقین، از سوی سفارت بریتانیا در بغداد انتشار می‌یافت. در سوریه و لبنان همزمان با کردستان عراق نوادگان بدرخان به فعالیت شدیدی پرداختند. نشریات «هاوار»، «روژانو»، «ستیر» با همکاری فرانسوی‌یان در بیروت و دمشق انتشار می‌یافت.

گرچه در کردستان ایران رضاشاه خیلی زود سقوط کرد ولی وی فرهنگ کردی را آنچنان ساقط کرده بود که مدت زمانی طولانی لازم بود تا در آنجا فعالیت‌های روشنفکری به سطح شهرهایی همچون بغداد، سلیمانیه، شام و بیروت برسد. در تهران، سنندج، کرمانشاه و ارومیه همان فرصت برای روشنفکران کرد پدید آمد. ولی رضاشاه چنان رمقی از آنان هم گرفته بود که حتی آن تعداد روشنفکر توانا هم از خوف او نتوانستند کاری از پیش ببرند.

در آن زمان تمامی نشریات کردستان عراق، همچنین نشریات شام و بیروت هم، از طریق پست و راه کاروان‌های تجاری به دست مردم می‌رسید. در کردستان ایران چندین نویسنده و شاعر ظهور کرده بودند که نوشته‌های خود را روانه مجلات و روزنامه‌های کردستان عراق می‌کردند، از جمله اینان، سیدطاهر هاشمی، صدیق حیدری، ابراهیم نادری، دلشاد رسولی،

هژار و هیمن بودند که نوشته و اشعارشان منتشر می‌شد و هیچکدام مورد اذیت و آزار قرار نمی‌گرفتند. در حقیقت هنوز در کردستان ایران زمینه چاپ مجله و روزنامه کردی وجود نداشت و اگر هم بود، نه کسانی بودند که این ظیفه را به عهده گیرند، و نه این که در کردستان چاپخانه وجود داشت.

منبع: حکومت کردستان (کردها در بازی سیاسی شوروی) - تألیف: نوشیروان مصطفی امین - ترجمه: سمایل بختیاری

١- علاءالدین سجادی، شورشه کانی کورد و کوماری عراق، بغداد، ١٩٥٩، ص ٣٧٦

٢- عبدالرحمن قاسملو، «چل سال خەبات لە پیناوی ئازادی» ج ٨، صص ٣٦ - ٣٧

منبع: سایت: نوگرا - تاریخ: ١٥ی جوولای ٢٠١٧

----------------------------------------

## Komeley Jiyanewey Kurdistan

**Komeleya Vejiyana Kurdistan an jî Komeley Jiyanewey Kurdistan di nava Şerê cîhanî yê duyem de wek encam ji layê elît, rewşenbîr û siyasetmedarên kurd ve, di 16 gelawêja 1942yê de ev rêxistin bi awayek nepenî hate ava kirin. Serokê vê rêxistinê Ebdurehman Zebîhî bû.**

**Di avakirina vê rêxistinê de alîkarî ji Hîwa (rêxistin) hate xwestin. Avakerê Hîwayê Mîrhacê Zaxoyî alîkarî kir [1]**

**Endambijartina komeleyê jî gelek balkêş bû. Ji ber ku tenê kesên ji dayik û bavên wan kurd dikarin bibin endamê komeleyê. Lêbelê tenha îstîsnayek hebû ku dîya wan Asûrî be, ew jî dikarin bibin endam. Ev tişt wê nîşan dide ku têkiliyên kurd û asûrîyan gelek baş bûn [2]**

**Di sala 1941ê de İngilîzan li başûrê Îranê, Sovyetan jî li bakurê Îranê dest bi dagirkirina welatê Îranê kirin. Hêzên Şah Reza bi bêçaretiyeke mezin ji her derê vekişiyan. Hêzên Îranê li çi deran berxwedana welatê xwe nekirin û belav bûn. Helbestvanê kurd ê hêja Hejar di vê babetê da wiha dibêje: Bi weşandina du per agahî, Belav bû artêşa Şehînşahî**



سەرچاوە
Serchawe

**Piştî belavbûna artêşa Şah Reza, givaşa li ser gel jî nema, gelek kes hatin azad kirin ji zindanan, givaş û sansûra li ser medyayê rabû. Gelek serokeşîrên Kurd û rewşenbîrên Kurd hatin azad kirin. Piştî van bûyerên azadîxwazî, li Mehabadê Komeley Jiyanewey Kurdistan hate ava kirin. Ev sazî bi dûçûna makezagona Îranê îllegal bû û yek ji mercên endamtiyê ew bû ku bi dizî be. Sonda komeleya li ser Quranê bû [3]. Qazî Mihemed dema avakirinê de endamê vê komeleyê nebû, encax piştî salek din avakirina komeleyê de bû endam. Piştî endamtiya Qazî Mihemed li herêma Mukriyan, zêdebûn û popûlerbûna vê komeleyê zêdetir bû û mezin bû.**

**Vê rêxistinê 3 salan xebatên veşartî û girîng kirin. Piştî sê salan ev rêxistin wek partiyeke modern hate ava kirin. Partiya ku bi li ser vê bingehê ava bûyî Partiya Demokratîk a Kurdistana Îranêye[4]. Bi dûçûna Abbas Valî ev komel jî ji Komeley Azadixwazî Kurdistan çêbûye. Piştî belavbûna Komeley Jiyanewey Kurdistanê şûna wê Partiya Demokratîk a Kurdistana Îranê ava bû. Hêjayî gotinê ye ku Partiya Demokratîk a Azerbaycanê li îlona 1945ê de bi alikariya Rusiyan ava bû. Partiya Demokratîk ya Kurdistana Îranê jî mehek piştî vê partiyê di cotmeha 1945ê de ava dibe.**

**Endam û kesayetên girêdayî vê komeleyê bi giştî azadîxwaz û welatparêz bûn, peyrewên ramanê komûnîzmê nebûn.,**

**Damezrînerên Komeleyê**

**Ebdurehman Zebîhî**
**Huseyn Zêringeran**
**Mele Qadir Desbêj**
**Ebdurehman Îmamî**
**Mihemed Yahû**
**Rehman Helewî**
**Mihemed Emîn Şerefî**
**Qasim Qadirî Qazî**
**Mele Ebdullah Dawûdî**
**Mihemed Selîmî**
**Ehmed Elemî**
**Mihemed Nanewazade**
**Ezîz Zendî [5].**

**Çavkanî**



سەرچاوە Serchawe

1. Tarih Boyunca Kürtlerde Dîplomasî, Faik Bulut, Evrensel Basım Yayın, 2015 , r: 219
2. Kürt Miliyetçiliğinin Kökeni, Tarihi ve Gelişimi, Wadie Jwaideh, r: 478
3. Jiyan û Têkoşîna Pêşewa Qazî Muhamed. Seîd Hûmayûn, r: 40
4. http://pdki.org/english/
5. Jiyan û Têkoşîna Pêşewa Qazî Muhamed. Seîd Hûmayûn, r: 41

سەرچاوە: ماڵپەڕی: ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە



کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕێبەندانی ٢٧٢٠ی کوردی = فیبریوێری ٢٠٢١ی زایینی


عەبدولرەحمان زەبیحی
قاسمی قادریی قازی
حوسێن زێرینگەران (فروهەر)
محەممەد دڵشاد رەسووڵی
مەلا عەبدوڵڵا حەجۆکێ داودی
کاف
J.K
ژی
محەممەد نانەوازادە
سەدیق حەیدەری فاروقی
مەلا قادری مودەرەسی
عەبدولرەحمان ئیمامی ئەقدەم
محەممەد یاهوو
دامەزرینەرانی کۆمەڵەی (ژ - ک)
نەجمەدین تەوحیدی